حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زمان
بەشی زمانی کوردی

# مۆرفۆسینتاکس و دروستەکانی لە شێوەزاری خانەقیدا

## ( توێژینەوەیەکی کارەکییە )

نامەیەکە

ئومێد بەرزان برزۆ

پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە بەشێکە
لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت:

پ.ی.د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد

٢٧١٠ی کوردی ٢٠١٠ی زاینی

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من لـە زانکۆی سلێمانی ئامادەکـراوەو بـەشێکە لـە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لـە زمـانی کوردیدا.

ناو: پ.ی.د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد
ڕێکەوت: ١٧ / ٦ / ٢٠١٠

بە پێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د. دڵشاد علی
سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا
ڕێکەوت: ١٧ / ٦ / ٢٠١٠

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی وتوێژو هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (                ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د. یوسف شریف سعید
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ٢٥ / ٩ / ٢٠١٠

ناو: پ.ی.د. هۆگر محمود فرج
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٥ / ٩ / ٢٠١٠

ناو: پ.ی.د. محمد عبدالفتاح حمەسعید
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٥ / ٩ / ٢٠١٠

ناو: پ.ی.د. ابوبکر عمر قادر
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٥ / ٩ / ٢٠١٠

ناو: پ.ی.د. بکر عمر علی
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٥ / ٩ / ٢٠١٠

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: پ.ی.د. طاهر محمد علی
ڕاگری کۆلێجی زمان
ڕێکەوت: ٣٠ / ٩ / ٢٠١٠

# پێشکەشــە بە:

- گیانی پــاکی (پ.د. محەمەد مەعروف فەتـاح، پ.د. ئەورەحمانی حاجی مارف، پ.ی.د. ئیحسان فوئاد، د.هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران ، ......).
- گیانی هەمیشە زیندووی باوکم.
- دایکی خۆشەویستم.
- برای بەڕێزو خوشکی ئازیزم.
- دییە و لاوێن خان.
- سەرجەم خزمو هاوڕێکانم.

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس و ڕێزی بێپایانم بۆ:**

**- سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتی کۆلێجی زمان و لیژنەی خوێندنی باڵاو بەشی زمانی کوردی، کە هەمیشە پشتیوانیی خوێندنی باڵا دەکەن و بە پەرۆشەوە هەوڵی بەرەو پێشچوونی دەدەن.**

**- پ.ی.د. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆو ئازادییەکی تەواوی پێبەخشیم.**

**- هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزو خۆشەویستانەی لە قۆناغی بەکالۆریۆس و ماجستێرو دکتۆرادا وانەیان پێوتومەتەوە.**

**- پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح، کە هەمیشە وەڵامی پرسیارەکانمی داوەتەوەو تێبینیی وردو زانستی پێشکەشکردوم.**

**- هەموو ئەو بەڕێزانەی، کە لە بەدەستخستنی کەرەستەکانی ئاخاوتنی شێوەزاری خانەقی و تاقیکردنەوەی نموونەکاندا یارمەتییانداوم.**

**- م.ی. ئەیاد سابر، م.ی. دلێر حەبیب، سنوور ئیسماعیل، کە بە وەرگێڕان هاوکارییان کردوم.**

**- هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ئامادەکردنی ئەم نامەیەدا پشتگیرییان کردوم و یارمەتییانداوم.**

# هێما و کورتکراوەکان

/ : یان

Ø : مۆرفیمی سفر

⟵ : بریتییە لە/ دەبێت بە

* : نارێزمانی

ڕ : ڕستە

ف.ن : فرێزی ناوی

ف.ك : فرێزی کرداری

ف.ج : فرێزی جێناوی

ف.ئا : فرێزی ئاوەڵناوی

ف.ڕا : فرێزی ڕادە

ف.پ.ن : فرێزی پێشناوی

ف.ئا.ك: فرێزی ئاوەڵکرداری

م.خ : مۆرفیمی خستنە پاڵ

و.ن : وشەی نیشانە

ن : ناو

ج : جێناو

ك : کردار

ڕا : ڕادە

ئا : ئاوەڵناو

ئا.ك: ئاوەڵکردار

پ.ن : پێشناو

پا.ن: پاشناو

# لیستی زاراوەکان

ئـ

| | |
|---|---|
| Function | ئەرك |
| Interpersonal level | ئاستی ناوەکی/خودی |
| Representational level | ئاستی نواندن |
| Grammatical Function | ئەرکی ڕێزمانی |

بـ

| | |
|---|---|
| Objectivity | بابەتێتی |
| Pronominalization | بەجێناوکردن |
| Obligatory | بەخورتی |
| Object | بەرکار |
| Generative | بەرهەمهێنان |
| Cliticization | بەنووسەککردن |
| Topicalization | بەلوتکەکردن |
| Subject | بکەر |
| Subject deletion | بکەرلادان |
| Simple subject | بکەری سادە |
| Complete subject | بکەری فراوان |

پـ

| | |
|---|---|
| Word class | پۆلی وشە |
| Postposition | پاشناو |
| Syntactic relation | پەیوەندیی سینتاکسی |
| Constituent | پێکهێن/پێکهاتە |

**ت**

| | |
|---|---|
| Complement | تەواوکەر |
| Theta theory | تیۆری سیتا |

**ج**

| | |
|---|---|
| Argument | جێکەوتە |

**د**

| | |
|---|---|
| Case | دۆخ |
| Tree diagram of constituent structures | درەختی دروستەی پێکهێنەکان |
| Tree diagram phrase structure | درەختی دروستەی فرێز |
| Structure | دروستە |
| Syntactic Structures | دروستە سینتاکسییەکان |
| Morphosyntactic Structures | دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان |
| Sentence Structure | دروستەی ڕستە |
| Surface Structure | دروستەی ڕووکەش/سیما |
| Phrase Structure | دروستەی فرێز |
| Deep Structure | دروستەی قووڵ/بنج |
| Coordinate structure | دروستەی هاوپێوەند |
| Word structure | دروستەی وشە |
| Modifier | دیارخەری پاش سەرە |
| Specifier | دیارخەری پێش سەرە |
| Modified | دیارخراو |
| Determiner | دیاریکەر |

ڕ

| | |
|---|---|
| Thematic role | ڕۆڵی بابەتانە |
| Quantifier | ڕادە |
| Element | ڕەگەز |
| Mood | ڕێژە |
| Functional discourse grammar | ڕێزمانی ئاخاوتنی ئەرکی |
| Transformation Generative Grammar | ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە |
| Concord/Agreement | ڕێککەوتن |

ز

| | |
|---|---|
| Semantic information | زانیاریی سیمانتیکی |
| Minor information | زانیاریی لاوەکی |
| Typological Linguistics | زمانەوانی تایپۆلۆجی |

س

| | |
|---|---|
| Adjunct | سەربار |
| Head | سەرە |
| Lexical head | سەرەی فەرهەنگی |
| Optional | سەرپشکی/ بەئارەزوو |

ف

| | |
|---|---|
| Adverb phrase | فریزی ئاوەڵکرداری |
| Adjective phrase | فریزی ئاوەڵناوی |
| Prepositional phrase | فریزی پێشناوی |
| pronoun phrase | فریزی جێناوی |

| | |
|---|---|
| Quantifier phrase | فرێزی ڕادە |
| Verb phrase | فرێزی کرداری |
| Noun phrase | فرێزی ناوی |

**ق**

| | |
|---|---|
| Basic sentence pattern | قاڵبە بنجییەکانی ڕستە |

**ك**

| | |
|---|---|
| Tense | کات |
| Quantifier category | کەتیگۆری ڕادە |
| Functional categories | کەتیگۆرییە ئەرکییەکان |
| Grammatical categories | کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکان |
| Syntactic categories | کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان |
| Lexical categories | کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان |
| Morphosyntactic categories | کەتیگۆرییە مۆرفۆسینتاکسییەکان |

**گ**

| | |
|---|---|
| Predicate | بەشەکردار |
| Simple predicate | بەشەکرداری سادە |
| Complete predicate | بەشەکرداری فراوان |
| Grammatical affix | گیرەگی ڕێزمانی |

**ل**

| | |
|---|---|
| Ambiguity | لێڵی/تەمومژی |
| Transformational ambiguity | لێڵی گوێزانەوە |

**م**

| | |
|---|---|
| Zero morpheme | مۆرفیمی سفر |
| Empty morpheme | مۆرفیمی بەتاڵ |

### ن

| | |
|---|---|
| Ungrammatical | ناڕێزمانی |
| Content | ناوەڕۆك |
| Lexical content | ناوەڕۆکی فەرهەنگی |
| Clitic | نووسەك |
| Grammatical features | نیشانە ڕێزمانییەکان |

### ی

| | |
|---|---|
| phrase structure rules | یاساکانی دروستەی فرێز |
| Transformation rules | یاساکانی گوێزانەوە |
| Grammatical units | یەکە ڕێزمانییەکان |

# نـــاوەرۆك


| | بـابــەت | لا پـەڕە |
|---|---|---|
| | پێشەكی | ١ |
| | بەشی یەكەم// دەروازە | ٣ |
| | تـەوەری یـەكـەم | ٣ |
| ١/١ | پـۆلینكردنی زمانــەكانی جیهــان بــە پێی بنــەمای مۆرفۆلۆجی | ٣ |
| ١/١ ـ ١ | سەرەتا | ٣ |
| ١/١ ـ ٢ | تایبەتییەكانی پۆلە زمانەكان | ٤ |
| ١/١ ـ ٢ ـ ١ | زمانە دابڕاوەكان | ٤ |
| ١/١ ـ ٢ ـ ٢ | زمانە نووساوەكان | ٦ |
| ١/١ ـ ٢ ـ ٣ | زمانە تواوەكان | ٨ |
| ١/١ ـ ٢ ـ ٤ | زمانە تێكچڕژاوەكان | ٩ |
| ١/١ ـ ٢ ـ ٥ | زمانە ناوگرییەكان | ١٠ |
| | تـەوەری دووەم | ١٤ |
| ٢/١ | ئاستەكانی زمان و مۆرفۆسینتاكس | ١٤ |
| ٢/١ ـ ١ | سەرەتا | ١٤ |
| ٢/١ ـ ٢ | ئاستەكانی زمان | ١٥ |
| ٢/١ ـ ٢ ـ ١ | زمانەوانیی مێژوویی | ١٥ |
| ٢/١ ـ ٢ ـ ٢ | زمانەوانیی بەراوردی | ١٦ |
| ٢/١ ـ ٢ ـ ٣ | زمانەوانیی نوێ | ١٧ |
| ٢/١ ـ ٣ | پلەی ئاستەكانی زمان | ٢١ |
| ٢/١ ـ ٤ | پەیوەندی و تێكچڕژانی ئاستەكانی زمان | ٢٣ |
| ٢/١ ـ ٥ | مۆرفۆسینتاكس | ٢٥ |
| | بەشی دووەم// دروستە سینتاكسییەكان | ٢٩ |
| | تـەوەری یـەكـەم | ٢٩ |
| ١/٢ | دروستەی فرێز | ٢٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢/١ ـ ١ | دروستــه | ٢٩ |
| ٢/١ ـ ٢ | ســه‌ره‌تـايه‌ك ده‌ربـاره‌ى دروسـته‌ى فـــريـــز | ٢٩ |
| ٢/١ ـ ٣ | جۆره‌كانى دروسته‌ى فريز | ٣٣ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ١ | فريزى ناوى | ٣٣ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ١ ـ ١ | دروسـته‌ى فريزى ناوى | ٣٣ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ١ ـ ١ ـ ١ | فريزى ناويى ساده | ٣٣ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ١ ـ ١ ـ ٢ | فريزى ناويى فراوان | ٣٤ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ١ | دروسته‌ى ناوه‌وه‌ى فريزى ناوى | ٣٤ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٢ | دروسته‌ى ده‌ره‌وه‌ى فريزى ناوى | ٣٥ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٢ ـ ١ | ديارخه‌ره‌كانى پيش سه‌ره | ٣٥ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٢ ـ ٢ | ديارخه‌ره‌كانى پاش سـه‌ره | ٣٩ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٢ | فريزى جيناوى | ٤٤ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١ | دروسته‌ى فريزى جيناوى | ٤٥ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١ ـ ١ | دروسته‌ى ناوه‌وه‌ى فريزى جيناوى | ٤٦ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١ ـ ٢ | دروسته‌ى ده‌وه‌وه‌ى فريزى جيناوى | ٤٦ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١ ـ ٢ ـ ١ | ديارخه‌ره‌كانى پيش سه‌ره | ٤٦ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١ ـ ٢ ـ ٢ | ديارخه‌ره‌كانى پاش سه‌ره | ٤٧ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٣ | به‌راوردێك له نێوان دروسته‌ى فريزى ناوى‌و فريزى جيناوى | ٤٩ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٤ | فريزى ئاوه‌ڵناوى | ٥١ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٤ ـ ١ | دروسـته‌ى فريزى ئاوه‌ڵناوى | ٥٢ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٤ ـ ١ ـ ١ | فريزى ئاوه‌ڵناويى ساده | ٥٢ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٤ ـ ١ ـ ٢ | فريزى ئاوه‌ڵناويى فراوان | ٥٢ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٤ ـ ١ ـ ٢ ـ ١ | دروسته‌ى ناوه‌وه‌ى فريزى ئاوه‌ڵناوى | ٥٢ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٤ ـ ١ ـ ٢ ـ ٢ | دروسته‌ى ده‌ره‌وه‌ى فريزى ئاوه‌ڵناوى | ٥٣ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٤ ـ ١ ـ ٢ ـ ٢ ـ ١ | ديارخه‌ره‌كانى پيش سه‌ره | ٥٣ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٤ ـ ١ ـ ٢ ـ ٢ ـ ٢ | ديارخه‌ره‌كانى پاش سه‌ره | ٥٥ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٥ | فريزى ئاوه‌ڵكردارى | ٥٦ |
| ٢/١ ـ ٣ ـ ٥ ـ ١ | دروسته‌ى فريزى ئاوه‌ڵكردارى | ٥٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٩ | فریزی پێشناوی | ٢/١ ـ ٣ ـ ٦ |
| ٥٩ | دروستەی فریزی پێشناوی | ٢/١ ـ ٣ ـ ٦ ـ ١ |
| ٦١ | جۆری پێشناوەکان | ٢/١ ـ ٣ ـ ٦ ـ ٢ |
| ٦٢ | پێشناوو پاشناوە سادەکان ( بنجییەکان ) | ٢/١ ـ ٣ ـ ٦ ـ ٢ ـ ١ |
| ٦٣ | پێشناوە ناسادەکان ( جووتە پێشناوەکان ) | ٢/١ ـ ٣ ـ ٦ ـ ٢ ـ ٢ |
| ٦٤ | تەواوکەرەکانی فریزی پێشناوی | ٢/١ ـ ٣ ـ ٦ ـ ٣ |
| ٦٥ | فراوانکردنی فریزی پێشناوی | ٢/١ ـ ٣ ـ ٦ ـ ٤ |
| ٦٥ | دیارخەرەکانی پێش فریزی پێشناوی | ٢/١ ـ ٣ ـ ٦ ـ ٤ ـ ١ |
| ٦٦ | دیارخەرەکانی پاش فریزی پێشناوی | ٢/١ ـ ٣ ـ ٦ ـ ٤ ـ ٢ |
| ٦٦ | فریزی ڕادە | ٢/١ ـ ٣ ـ ٧ |
| ٦٧ | دروستەی فریزی ڕادە | ٢/١ ـ ٣ ـ ٧ ـ ١ |
| ٧٠ | فراوانکردنی فریزی ڕادە | ٢/١ ـ ٣ ـ ٧ ـ ٢ |
| ٧٠ | فریزی کرداری | ٢/١ ـ ٣ ـ ٨ |
| ٧١ | دروستەی فریزی کرداری | ٢/١ ـ ٣ ـ ٨ ـ ١ |
| ٧١ | دروستەی ناوەوەی فریزی کرداری | ٢/١ ـ ٣ ـ ٨ ـ ١ ـ ١ |
| ٧٣ | دروستەی دەرەوەی فریزی کرداری | ٢/١ ـ ٣ ـ ٨ ـ ١ ـ ٢ |
| ٧٦ | تەوەری دووەم | |
| ٧٦ | دروستەی ڕستە | ٢/٢ |
| ٧٦ | سەرەتا | ٢/٢ ـ ١ |
| ٧٩ | ئەرکە سینتاکسییەکان<br>( کەتیگۆرییە ئەرکییەکان ) | ٢/٢ ـ ٢ |
| ٨٠ | جێکەوتە بەخورتییەکان | ٢/٢ ـ ٢ ـ ١ |
| ٨١ | بکەر | ٢/٢ ـ ٢ ـ ١ ـ ١ |
| ٨٢ | بەرکار | ٢/٢ ـ ٢ ـ ١ ـ ٢ |
| ٨٣ | تەواوکەر | ٢/٢ ـ ٢ ـ ١ ـ ٣ |
| ٨٤ | تەواوکەری کرداری تەواو | ٢/٢ ـ ٢ ـ ١ ـ ٣ ـ ١ |
| ٨٥ | تەواوکەری کرداری ناتەواو | ٢/٢ ـ ٢ ـ ١ ـ ٣ ـ ٢ |
| ٨٦ | کردار | ٢/٢ ـ ٢ ـ ١ ـ ٤ |
| ٨٦ | جێکەوتە سەرپشکییەکان ( سەربار ) | ٢/٢ ـ ٢ ـ ٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢/٢ ـ ٣ | پەیوەندییە سینتاکسییەکان | ٨٧ |
| ٢/٢ ـ ٣ ـ ١ | پەیوەندیی نێوان کەرتەکانی فرێز | ٨٨ |
| ٢/٢ ـ ٣ ـ ٢ | پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکانی ڕستە | ٨٨ |
| ٢/٢ ـ ٤ | ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەدا | ٩٠ |
| ٢/٢ ـ ٤ ـ ١ | دروستەی ڕستەی تەواو<br>( دروستەی ڕستەی سینتاکسی ) | ٩٠ |
| ٢/٢ ـ ٤ ـ ٢ | دروستەی ڕستەی ناوکی<br>( دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی ) | ٩١ |
| ٢/٢ ـ ٥ | قاڵبە بنجییەکانی ڕیزبوونی کەرەستەکان<br>لە دروستەی ڕستەی تەواودا | ٩١ |
| ٢/٢ ـ ٦ | جۆری ڕیزبوونی کەرەستەکان<br>لە دروستەی ڕستەی تەواودا | ٩٤ |
| ٢/٢ ـ ٦ ـ ١ | ڕیزبوونی چەسپاو | ٩٤ |
| ٢/٢ ـ ٦ ـ ٢ | ڕیزبوونی ئازاد | ٩٦ |
| | بەشی سێیەم// دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان | ٩٧ |
| | تەوەری یەکەم | ٩٨ |
| ١/٣ | مۆرفۆسینتاکسەکانی دروستەی فرێز | ٩٨ |
| ١/٣ ـ ١ | سەرەتا | ٩٨ |
| ١/٣ ـ ٢ | مۆرفۆسینتاکسەکانی فرێزی ناوی | ٩٩ |
| ١/٣ ـ ٢ ـ ١ | مۆرفیمەکانی ناسراوی | ٩٩ |
| ١/٣ ـ ٢ ـ ١ ـ ١ | مۆرفیمی ناسراوی ( ـ ەگە ) | ١٠٠ |
| ١/٣ ـ ٢ ـ ١ ـ ٢ | مۆرفیمی ناسراوی ( ـ ە ) | ١٠٢ |
| ١/٣ ـ ٢ ـ ٢ | مۆرفیمی نەناسراوی ( ـ یگ ) | ١٠٣ |
| ١/٣ ـ ٢ ـ ٣ | مۆرفیمەکانی کۆ | ١٠٤ |
| ١/٣ ـ ٢ ـ ٣ ـ ١ | مۆرفیمی کۆی ( ـ ان ) | ١٠٤ |
| ١/٣ ـ ٢ ـ ٣ ـ ٢ | مۆرفیمی کۆی ( ـ ەیل ) | ١٠٥ |
| ١/٣ ـ ٢ ـ ٣ ـ ٣ | مۆرفیمی کۆی ( ـ ات ) | ١٠٧ |
| ١/٣ ـ ٢ ـ ٤ | مۆرفیمەکانی خستنە پاڵ | ١٠٨ |
| ١/٣ ـ ٢ ـ ٤ ـ ١ | مۆرفیمی ( ـ ی ) | ١٠٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣/١ ـ ٢ ـ ٤ ـ ٢ | مۆرفیمی ( - ە ) | ١٠٩ |
| ٣/١ ـ ٢ ـ ٥ | مۆرفیمەکانی خاوەنێتی | ١١٠ |
| ٣/١ ـ ٢ ـ ٦ | مۆرفیمەکانی بانگکردن | ١١١ |
| ٣/١ ـ ٣ | مۆرفۆسینتاکسەکانی فریزی جێناوی | ١١٢ |
| ٣/١ ـ ٤ | مۆرفۆسینتاکسەکانی فریزی ئاوەڵناوی | ١١٣ |
| ٣/١ ـ ٥ | مۆرفۆسینتاکسەکانی فریزی پێشناوی | ١١٤ |
| ٣/١ ـ ٦ | مۆرفۆسینتاکسەکانی فریزی کرداری | ١١٥ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ١ | کات ( تێنس ) | ١١٥ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ١ ـ ١ | مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردوو | ١١٦ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ١ ـ ٢ | مۆرفیمەکانی کاتی ڕانەبردوو | ١١٧ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٢ | ئەسپێکت | ١١٨ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٢ ـ ١ | ئەسپێکتی ( - یا ) | ١١٨ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٢ ـ ٢ | ئەسپێکتی ( - یە/- ە/- س ) | ١١٨ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٢ ـ ٣ | ئەسپێکتی ( - بی ) | ١١٩ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٢ ـ ٤ | ئەسپێکتی ( بـ ....ا / بـ ....اتا ) | ١١٩ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٢ ـ ٥ | ئەسپێکتی ( - بیا ) | ١٢٠ |
| ٣/١ـ٦ ـ ٢ ـ ٦ | ئەسپێکتی ( بـ - ) | ١٢٠ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٢ ـ ٧ | ئەسپێکتی ( - ە /- س ) | ١٢٠ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٢ ـ ٨ | ئەسپێکتی ( - ەو ) | ١٢١ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٣ | ڕێژە ( موود ) | ١٢١ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٣ ـ ١ | کردەی کردن | ١٢١ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٣ ـ ١ ـ ١ | ڕێژەی هەواڵی | ١٢١ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٣ ـ ١ ـ ٢ | ڕێژەی مەرج و خۆزگە و دانانی | ١٢٢ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٣ ـ ١ ـ ٣ | ڕێژەی فەرمان ( داخوازی ) | ١٢٣ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٣ ـ ٢ | کردەی نەکردن | ١٢٤ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١ | ( نە - ) | ١٢٤ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٢ | ( نێ - ) | ١٢٥ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٣ | ( نی - ) | ١٢٦ |
| ٣/١ ـ ٦ ـ ٤ | کەس و ژمارە | ١٢٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ١/٣ ـ ٦ ـ ٥ | مۆرفیمەكانی گۆڕینی توانای كردار | ١٢٧ |
| ١/٣ ـ ٦ ـ ٥ ـ ١ | مۆرفیمی تێپەڕاندن ( - ان ) | ١٢٧ |
| ١/٣ ـ ٦ ـ ٥ ـ ٢ | مۆرفیمی نادیاری ( - ری ) | ١٢٨ |
| | تەوەری دووەم | ١٣٠ |
| ٢/٣ | دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاكسی | ١٣٠ |
| ٢/٣ ـ ١ | سەرەتا | ١٣٠ |
| ٢/٣ ـ ٢ | نووسەك ( كلیتیك )و تایبەتییەكانی | ١٣٢ |
| ٢/٣ ـ ٢ ـ ١ | كلیتیكی بكەری | ١٣٥ |
| ٢/٣ ـ ٢ ـ ٢ | كلیتیكی بەركاری | ١٣٦ |
| ٢/٣ ـ ٢ ـ ٣ | كلیتیكی خاوەنێتی | ١٣٧ |
| ٢/٣ ـ ٢ ـ ٤ | كلیتیكی پێشناوی | ١٣٨ |
| ٢/٣ ـ ٣ | سەرەوڕیزبوون و دابەشبوونی كلیتیكەكان لە ڕستەی مۆرفۆسینتاكسیدا | ١٤٠ |
| ٢/٣ ـ ٤ | ڕستەی مۆرفۆسینتاكسی و لێڵی | ١٤٦ |
| ٢/٣ ـ ٥ | ڕستەی مۆرفۆسینتاكسی و ڕستەی باسمەند | ١٤٩ |
| | ئەنجامەكان | ١٥٤ |
| | پاشكۆ | ١٥٧ |
| | سەرچاوەكان | ١٥٨ |
| | الخلاصة | ١٦٦ |
| | Abstract | ١٦٧ |

# پێشەكی

## ناونیشان و بواری توێژینەوەكە :

ناونیشانی توێژینەوەكە (**مۆرفۆسینتاكس و دروستەكانی لە شێوەزاری خانەقیدا**) یە، مەبەستی سەرەكیی ئەم توێژینەوەیە بۆ دەستنیشانكردن و شیكردنەوەو لێكدانەوەی كەتیگۆرییە سینتاكسی و مۆرفۆسینتاكسییەكانی هەریەكە لە دروستەی ڕستەو فرێزەكان لە شێوەزاری خانەقیدا تەرخانكراوە.

## هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەكە :

تا ئێستا توێژینەوە لە سەر دروستە سینتاكسی و مۆرفۆسینتاكسییەكانی ئەم شێوەزارە نەكراوە، بۆیە بەپێویستمان زانی، ئەم بابەتە هەڵبژێرین و توێژینەوەی لە سەر بكەین، بە مەبەستی خستنەڕووی كەرەستەكان و چۆنێتی سەرەوڕیزبوون و دابەشبوون و ڕێكخستنی پەیوەندیی نێوان كەرەستەكانی فرێز لە دروستەی ڕستەی سادەدا.

## كەرەستەو سنووری توێژینەوەكە :

كەرەستەو نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە زاری كرمانجیی خواروو ـ شێوەزاری خانەقییەو لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێكەرانی ئێستای خەڵكی شێوەزارەكەوە وەرگیراوەو زارەكەش زاری ئاخاوتنی خۆمە. توێژینەوەكەش لە سنووری شێوەزاری خانەقیدایە.

## ڕێبازی توێژینەوەكە :

توێژینەوەكە لە چوارچێوەی ڕێبازی شیكردنەوەی پەسنكەرانە بەجێهێنراوە، پاش كۆكردنەوەی كەرەستەكان بە شێوەیەكی بابەتییانە شیكراونەتەوەو لەگەڵ پەسنكردنیاندا یاساو تایبەتییەكانیان نیشاندراوە، لە لایەكی تریشەوە لە چوارچێوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا، ئەم بابەتە لە سنووری فرێز و ڕستەدا شیكراوەتەوە.

## بەشەكانی توێژینەوەكە :

توێژینەوەكە لە پێشەكی و سێ بەش و ئەنجام پێكهاتوە:

### بەشی یەكەم ( دەروازە ) :

**لە تەوەری یەكەمدا** زمانەكانی جیهان بەپێی بنەمای مۆرفۆلۆجی پۆلینكراون و تایبەتمەندییەكانی هەریەكە لە زمانەكان خراونەتەڕوو، هەروەها ڕای زمانەوانە بیانی و كوردەكان

سەبارەت بە بوونی تایبەتمەندیی ئەم جۆرە زمانانە بە گشتیو لە زمانی کوردیدا بە تایبەتیو بە نموونەوە خراوەتەڕوو.

**لە تەوەری دووەمدا** باس لە ئاستەکانی زمانو مۆرفۆسینتاکس کراوە، کە تیایدا بەکورتی باس لە زمانو ئاستەکانی زمانو یەکە زمانییەکان بەپێی قوتابخانەکانو پلەی ئاستەکانی زمانو پەیوەندیو تێکچڕژانی نێوان ئاستەکانی زمانو مۆرفۆسینتاکس کراوە.

## بەشی دووەم ( دروستە سینتاکسییەکان ):

**لە تەوەری یەکەمدا** باس لە دروستەی فرێز کراوە، کە تیایدا هێڵکاری درەختی دروستەی فرێزو یاساکانی دروستەی فرێز ڕوونکراوەتەوە، بەمەش حەوت کەتیگۆریی سینتاکسی دروستەی فرێزو چۆنێتی سەرەوڕیزکردنو لێکدانو فراوانکردنیان دەستنیشانکراوە.

**لە تەوەری دووەمدا** باس لە دروستەی ڕستە کراوە، بەوەی سادەترین دروستەی ڕستە بۆ دوو کەتیگۆریی ئەرکی یان زیاتر دابەشدەبێت، هەریەکە لەم جێکەوتانەش بە جۆرێك یان زیاتر لە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان پڕدەکرێنەوە، پاشان پەیوەندیی سینتاکسی نێوان کەرەستەکانو ڕیزبوونی کەرەستەکانو قاڵبە بنجییەکانی ڕیزبوونی کەرەستەکانو جۆری ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەی سینتاکسیدا خراوەتەڕوو.

## بەشی سێیەم ( دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان ):

**تەوەری یەکەم** بۆ کەتیگۆرییە مۆرفۆسینتاکسییەکانی دروستەی فرێزەکان تەرخانکراوە، بەوەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان کە فۆرمی مۆرفۆلۆجییان هەیە، پەیوەندیی نێوان کەرەستەکانی ڕستە دەنوێننو بەشداری لە پێکهاتنی دروستەی مۆرفۆسینتاکسیدا دەکەنو چۆنێتی سەرەوڕیزبوونو دابەشبوونیان نیشاندراوە.

**تەوەری دووەم** بۆ دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی تەرخانکراوە، کە تیایدا کلیتیکی بکەریو بەرکاریو خاوەنێتیو پێشناوی، هەروەها سەرەوڕیزبوونو دابەشبوونی کلیتیکەکانو لێڵی مۆرفۆسینتاکسیو پەیوەندیی ڕستەی سینتاکسی لەگەڵ ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیو ڕستەی باسمەنددا نیشاندراوە.

لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانەی کە پێیان گەیشتوین، خراونەتەڕوو.

## ١/١ پۆلینكردنی زمانەكانی جیهان بەپێی بنەمای مۆرفۆلۆجی:

### ١/١ـ ١ سەرەتا:

زانستی زمان لێكۆڵینەوەی زانستییانەی زمانە. واتە ئەو بەشەی زانستە، كە هەوڵئەدات، بزانێت زمان چییەو چۆن كارئەكات. ئەم زانستە وەسفی خودو پێكهاتەی زمان دەكات، هەروەها لەو زانینە مەعریفییە دەكۆڵێتەوە، كە هەر ئاخێوەرێك لەبارەی زمانەكەیەوە هەیەتی[١].

زانستی زمانیش وەك هەر لقێكی تری زانست چوار لقی سەرەكیی لێدەبێتەوە، ئەمانەن:

١- زانستی زمانی شیتەڵی (وەسفی) Descriptive Linguistics

٢- زانستی زمانی بەراوردی Comparative Linguistics

٣- زانستی زمانی مێژوویی Historical Linguistics

٤- نەژادی زمان The origin of Language[٢].

زمانەوانانی بەراوردكاری لە بواری زمانەوانیدا ڕۆڵێكی بەرچاویان هەبووە. ئەویش لە ئەنجامی توێژینەوەی بەراوردكاریو هێنانەكایەی پۆلینكردنی زمانەكانی جیهان بوو، كە بە شاكاری زمانەوانی بەراوردكاری دادەنرێت، جگە لە دیاریكردنی پۆلینی وەچەیی، بەراودكارەكان پۆلینێكی تریشیان هێنایەكایەوە، كە پێی دەگوترێت پۆلینی تۆپۆلۆژییانە، واتە پۆلین بەپێی جۆری مۆرفیمەكان لە پێكهاتەی وشەكانی ڕستەدا[٣]. بۆیە لە زانستی زمانی بەراوردیدا یا دوو یا چەند زمانێ یا شێوەیێ یا هەمان زمان یا شێوە لە دوو قۆناغی جیاواز لە یەك یان چەند ڕوویەكەوە بەراورددەكرێن[٤]. زانستی زمانی بەراودیش دوو لقە:

ا- بەراوردكردن لە سەر بناغەی پەیوەندیی مێژوویی لە نێوان دوو یان كۆمەڵێك زماندا بۆ دۆزینەوەی ڕادەی مێژووییو خزمایەتی نێوان ئەم زمانەو دووریو نزیكییان لە یەكو دۆزینەوەی ئەو زمانانەی سەر بە یەك بنەماڵەن (Genetic Classification).

ب- بەراوردكردنی دوو یا چەند زمانێ بۆ پیشاندانی لایەنە جیاوازو لەیەكچووەكانیان، بێ ئەوەی گرنگی بدرێت بە پەیوەندیی مێژوویی نێوانیان، مەبەست لەم جۆرە بەراوردكردنە دۆزینەوەی ئەو كەرەستەو یاسایانەیە، كە كۆمەڵە زمانێ تیایا بەشدارن، ئەم جۆرە دابەشكردنە بە (Typological Classification) ناوئەبرێت[٥].

ئەوەی مەبەستمانە پۆلینكردنی زمانەكانە بەپێی بنەمای مۆرفۆلۆجیای زمانەكان، كە بە زمانەوانی تایپۆلۆجی (Typological Linguistics) ناودەبرێت. كە لقێكە لە زانستی زمان،

---

(١) سەلام ناوخۆش (٢٠٠٥: ٤).

(٢) وریا عومەر ئەمین، ژ(٥)، (٢٠٠٧: ٣٠).

(٣) ئەبوبەكر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٥).

(٤) وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ١٥٧).

(٥) سەرچاوەی پێشوو (١٥٨).

له لێکچوونی دروستەیی نێوان زمانەکان دەکۆڵێتەوە، بێ ئەوەی بایەخ بە مێژووی زمانەکان بدات[٦]. پۆلینکردنی زمانەکانی جیهان لە سەر دەستی ولیەم ڤۆن هامبۆڵت (١٧٢٦-١٨٣٥ز) بوو، ئەم پۆلینکردنەش لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریدا پێی دەوترێت (پۆلینکردنی چۆنیەتی Typology)، لە سەر ئەم بنەمایە، زمانەوانەکان زمانەکانی جیهانیان بەپێی فۆرمی مۆرفۆلۆجیی مۆرفیمەکانو پەیوەندیی نێوانیان لە ناو قاڵبی وشەدا بە سەر سێ جۆرە زماندا دابەشکردون[٧]:

١- زمانە سەربەخۆکان.
٢- زمانە نووساوەکان.
٣- زمانە تواوەکان.

پاشان زمانەوانی هاوچەرخ لە ڕوانگەی ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیی زمانەکاندا هاتوە بۆ پۆلینکردنی زمانەکانی جیهان، بنەمای نوێیان خستۆتە بەردەست، لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی ئەو بنەما نوێیەدا، زمانەکانی جیهانیان بەپێی فۆرمسازیی وشە بۆ پێنج جۆر زمان دابەشکردوە[٨]. بۆیە پۆلینکردنی زمانەکان بەپێی سیفەتە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانەکانە، ئەمەش لەلایەن زمانەوانە بەراوردکارییەکانەوە بۆ یەکەم جار هاتەکایەوە[٩]. ئەمانەن:

١- زمانە دابڕاوەکان (سەربەخۆکان).
٢- زمانە نووساوەکان (لکاوەکان).
٣- زمانە تواوەکان (شکاوەکان).
٤- زمانە تێکچڕژاوەکان (تێکئاخنراوەکان).
٥- زمانە ناوگرییەکان (نێوانگرەکان).

### ١/١ ـ ٢ تایبەتییەکانی پۆلە زمانەکان:

لێرەدا تایبەتمەندیی هەریەکە لەم زمانانە دەخەینەڕوو، تا بزانین زمانەکانی جیهان بە گشتیو زمانی کوردی بە تایبەتی بەر کام لەم پۆلە زمانانە دەکەوێت:

### ١/١ ـ ٢ ـ ١ زمانە دابڕاوەکان (Analytic or Isolating Languages):

لەم چەشنە زمانەدا پەیوەندییە سینتاکسییەکان بە هۆی وشە ئەرکییەکانو ڕیزبوونیان لە ڕستەدا دەردەبڕێت، نەك بە هۆی پێشگرو پاشگرەکانەوە[١٠]. بۆیە زمانێکە پێکهاتەی تایبەتی خۆی

---

(6) Crystal (1992: 399).

(٧) علي عبدالواحد وافي (١٩٧١: ١١٥).

(٨) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٥).

(٩) محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٨٨).

(١٠) محمد علي الخولي (١٩٨٢: ١٥).

هەیە، بڕگە لەم جۆرە زمانانەدا بنەمایە، هەر بڕگەیەك یەك مۆرفێمە، واتە هەر مۆرفێمێك لە یەك بڕگە پێكهاتوەو بڕگە هەموو كاتێك جێگیرە (نەجوولاوە)و شێوەیان بە هۆی دەوری جیاوازی گۆڕانی دەستورییەوە ناگۆڕێت، بەڵكو تەنها لە ڕیزكردنی هاونشینیی مۆرفێمەكانەوە لە سەر زنجیرەی قسەكردن ئەتوانرێت پەی بە جۆری گەردانی ئەوان ببرێ[11]. وەكو: زمانی چینی، ژاپۆنی، بۆرمیّ، تایلەندی، ڤێتنامی، تبتی، سیامی، مالایی، پۆلینزیایی، .....تاد.

گرنگترین تایبەتییەكانی ئەم جۆرە زمانە:

١- وشـەكانی نەگـۆڕنو پەیوەندییە سینتاكسییەكان بە هۆی ڕێكخستنی وشەكانەوە دەردەكەون[12].

٢- ئەم چەشنە زمانە لە سەر سیستەمێكی ڕەگی بەندە، كە تیایدا وشەكان لە یەكتر جیادەبنەوە[13]. بـەمەش ژمارەی وشـەكان بەرانبەر بـە مۆرفێمـەكان دەوەسـتن، واتـە هـەر وشەیەك لـە تاكە مـۆرفێمێك پێكهاتوە[14]. بە واتای ئەوەی زۆربەی مۆرفێمەكانی لە شێوەی وشەی سەربەخۆو دابڕاودان[15]. بۆیە مۆرفێمی بەندی شێوە سەربەخۆن، واتە هەر وشەیەك خاوەنی فۆرمێكی سەربەخۆیەو لە یەكتری دابڕاون[16].

٣- وشەكان گیرەكی ڕێزمانییان نییە[17].

٤- زمانەكانی ئەم پۆلە لە ڕووی داپچڕاوییەوە جیاوازییان هەیە، واتە هەیانە داپچڕاوی تەواوەو هەیانە نیوەداپچڕاوە، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی دابڕاوی تەواونییە، چونكە لە نێوان زمانی داپچڕاوو زمانی تەسریفیدایە[18].

٥- لەم جۆرە زمانانەدا دۆخەكان (كێسەكان) نەماون، یان بەرەو كزبوون دەڕۆنو بەپێی شوێنو تۆن پەیوەندییە سینتاكسییەكان دەگۆڕێن[19].

٦- ئەم زمانانە لە مۆرفێمی جیاجیا پێكدێنو هەر مۆرفێمێك واتایەك یان ئەركێكی ڕێزمانی دەبینێتو بۆ كۆ، كەس، خۆیەتی، پرسیار.....تاد، مۆرفێمی سەربەخۆیان هەیە[20]. بەمەش پەیوەندیی ڕێزمانی نێوان وشەكانی ئەم جۆرە زمانە بە هۆی مۆرفیمە ئەركییەكانو ڕیزبوونیان لە دەربڕیندا دەبێت[21].

---

(١١) ڕەفیق شوانی (٢٠٠٨: ٩٣).

(12) Crystal (1992: 399).

(١٣) حلیمی خلیل (١٩٨٩: ١٢٦).

(14) Lyons (1968: 187).

(١٥) محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٨٨).

(١٦) یارا قادر حمد (٢٠٠٨: ٧).

(17) Katamba (1993: 57).

(١٨) محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٨٨).

(١٩) سەرچاوەی پێشوو (٨٩).

(٢٠) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠: ١٧٧).

(٢١) یارا قادر حمد (٢٠٠٨: ٧).

نموونەی وشەی ئەم جۆرە زمانە لە زمانی کوردیدا هەیە، وەك: (بەڵام، چونکە، تا، بۆ، ئەگەر، ......تاد). بەڵام زمانی کوردی بەوە جیادەکرێتەوە، کە بۆ دەربڕینی ئەرکە ڕێزمانییەکان وەکو کەس/ تاك، کۆ ..... مۆرفیمی ئازاد بەکارناهێنێت[٢٢]. واتە هەموو تایبەتییەکانی ئەم جۆرە زمانە لەخۆناگرێت. لە هەمان کاتدا کوردی لەم کۆمەڵە دەچێت، چونکە گۆڕینی شوێنی وشە ئەرك دەگۆڕێت، بۆ نموونە:

پیاوەکە سەگەکەی هەڵبڕی

جیاوازە لە:

سەگەکە پیاوەکەی هەڵبڕی[٢٣].

## ١/١ ـ ٢ ـ ٢ زمانە نووساوەکان (Agglutinating Languages):

لەم چەشنە زمانانەدا هەر وشەیەك بەزۆری لە چەند مۆرفێك پێکدێتو هەر مۆرفێکیش مۆرفیمێك دەنوێنێت[٢٤]. هەروەها وشە هەمیشە بابەتی بنەڕەتی زمانەو واتای دووەمی کە بۆی زیاددەکرێت بەهۆی گیرەکەکانەوە، نابێتە هۆی گۆڕانی شێوەی بنەڕەتی وشە[٢٥]. بۆیە ئەم چەشنە زمانە پێشگرو پاشگر بەکاردەهێنێتو دەخرێتە سەر ڕەگو واتا دەگۆڕێت[٢٦]. وەکو: زمانی تورکی، باسك، مەنگۆلی، مەنشوری، ژاپۆنی، سواهیلی، لۆگەندی، ....تاد.

گرنگترین تایبەتییەکانی ئەم جۆرە زمانە:

١- لەم چەشنە زمانەدا مۆرفو مۆرفیمەکان کەم یان زۆر بەرامبەر بە یەك دەوەستن[٢٧]. بۆیە هەر مۆرفێك مۆرفیمێك دەنوێنێت[٢٨]. واتە وشەکان بەو ئاراستەیە کاردەکەن، کە ژمارەی مۆرفیم بۆ مۆرفەکان لە هەمان وشەدا یەکساندەبن[٢٩].

٢- پەیوەندییە سینتاکسییەکان لە شێوەی ڕەگەزە زمانییە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، کە بە تاکە وشە جیاجیاکانەوە پەیوەستدەبێت، ئەمانەش کۆمەڵە ڕەگەزێکن، کە بوونی سەربەخۆو جیاوازیان هەیە[٣٠].

---

(٢٢) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠: ١٧٩).

(٢٣) سەرچاوەی پێشوو (١٧٩).

(٢٤) محمد علي الخولي (١٩٨٢: ٩).

(٢٥) ڕەفیق شوانی (٢٠٠٨: ٩٢).

(٢٦) محمد علي الخولي (١٩٨٢: ٩).

(27) Katamba (1993: 57).

(28) Lyons (1968: 188).

(٢٩) محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٨٩).

(٣٠) حلیمی خلیل (١٩٨٩: ١٢٦).

٣- پەیوەندیی ڕێزمانی بە هۆی گیرەکەوە پێکدێت[٣١].

٤- وشەکان لە زیاتر لە مۆرفیمێك پێکدێن، مۆرفیمەکانی بە ڕیز پێکەوە دەلکێن‌و قاڵبی هەریەکەیان بەئاسانی دەستنیشاندەکرێن‌و لێکجیادەکرێنەوە[٣٢]. بەمەش مۆرفیمەکان سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن، بۆیە بەئاسانی دەناسرێنەوە[٣٣].

٥- لە زمانە لکاوەکاندا گیرەك هیچ گۆڕانێك لە سەر ڕەگی وشە لە ڕووی گۆڕانی حاڵەت‌و گەردانییەوە دروستناکات[٣٤]. واتە کە مۆرفیمەکان دەخرێنە سەریەك، کاریگەریی ئەوتۆیان بە سەر ڕەگەوە نابێت‌و سەربەخۆیی فۆنەتیکی خۆیان دەپارێزن[٣٥].

٦- مۆرفیمەکانی ئەم جۆرە زمانە بە بەندی یان ئازادی بە دوای یەکتردا دێن، بێ ئەوەی گۆڕانیان بە سەردا بێت، بە واتایەکی تر هەموو مۆرفیمەکان ڕۆنانی دەنگیی خۆیان دەپارێزن‌و دەنگیان لێناقرتێت‌و زیادناکەن[٣٦].

هەرچەندە هەندێ لەم تایبەتییانە لە زمانی کوردیدا هەن، لەوانە:

١- ئەو وشانەی لە زیاتر لە مۆرفیمێك پێکدێن، دەتوانین قاڵبی مۆرفیمەکانیان دەستنیشانبکەین‌و لێکیان جیابکەینەوە[٣٧]، بۆ نموونە:

دارەکە/ دار ـ ەکە

دەیانبینم/ دە ـ یان ـ بین ـ م

٢- کاتێ مۆرفیمەکان دەخرێنە سەر ڕەگ، سەربەخۆیی فۆنەتیکیی خۆیان دەپارێزن[٣٨]، بۆ نموونە:

ڕۆ یشـتن

ڕەگەو شێوەی ئەسڵی خۆی دەپارێزێ

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو تایبەتییەکانی ئەم پۆلە لەخۆناگرێت، چونکە:

١- لە زمانی کوردیدا وشەو ئامرازی (ئەگەر، تا، چونکە، هێشتا، ....تاد) وشەی زمانە سەربەخۆکانن، ئەم وشانە هیچ مۆرفیمێکی تر ناگرنە خۆیان[٣٩].

---

(٣١) یارا قادر حمد (٢٠٠٨: ٦).

(٣٢) وریا عومەر ئەمین، ژ(٦)، (٢٠٠٧: ٣١٤).

(٣٣) یارا قادر حمد (٢٠٠٨: ٦).

(٣٤) ڕەفیق شوانی (٢٠٠٨: ٩٢-٩٣).

(٣٥) محەمەد مەعروف فەتاح‌و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٩٠).

(٣٦) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠: ١٧٧).

(٣٧) وریا عومەر ئەمین، ژ(٦)، (٢٠٠٧: ٣١٤).

(٣٨) محەمەد مەعروف فەتاح‌و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٩٠).

(٣٩) ڕەفیق شوانی (٢٠٠٨: ٩٢).

٢- كاتێ كە مۆرفێمەكانی دەچنە سەر یەك، هەموو كاتێك سەربەخۆیی خۆیان ناپارێزن، هەندێ جار دەنگ وندەكەن، هەندێ جار دەنگی زیاد دێتە ناوەوە، هەندێ جاریش لە لێكدانی دوو دەنگ دەنگێكی جیاواز دێتەكایەوە(٤٠)، بۆ نموونە:

دەنگ زیادبوون:

بیڵێ + ەوە = بیڵێرەوە

بیخۆ + ەوە = بیخۆرەوە

دەنگ ونكردن:

منداڵ + ەكە + ان = منداڵەكان

بخۆ + ە = بخۆ

دەنگی جیاواز:

خانوو + ەكە = خانۆكە

قاپی + ەكە = قاپێكە

## ١/١ ـ ٢ ـ ٣ زمانە تواوەكان (Inflecting,Synthetic or Fusional Languages):

ئەو زمانانەن وشەكانیان بە ڕێگایەكی نەچەسپاوو لەخۆوە دابەشدەبن بۆ مۆرفێمەكان(٤١). هەروەها هەندێك وشە لەم جۆرە زمانانەدا بۆ گەیاندنی واتای لابەلاییو لاوەكی شێوەیان دەگۆڕێت(٤٢). وەك: زمانی یۆنانی، لاتینی، سانسكریتی، .....تاد.

گرنگترین تایبەتییەكانی ئەم جۆرە زمانانە:

١- لەم زمانانەدا ژمارەیەكی زۆر پێشگرو پاشگر بەكاردێن بۆ ئەركە ڕێزمانییەكان، وەكو كەسو خۆیەتی، تاكو كۆ، .....تاد(٤٣). بۆیە بەزۆری گیرەكی ڕێزمانی (ئەركی) وەردەگرن بۆ دەربڕینی دۆخی ڕێزمانی(٤٤).

٢- وشەكان زیاتر لە مۆرفێمێك پێكدێن، بەڵام هیچ یەكسانییەكی تەواو لە نێوان ئەم مۆرفێمانەو لە نێوان دروستەی هێڵی وشەكاندا نییە(٤٥)، واتە وشەكان بە شێوەیەكی نایاسایی‌و ناجێگیر بە سەر مۆرفێمدا دابەشدەبن(٤٦).

---

(٤٠) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠: ١٧٨).

(٤١) یارا قادر حمد (٢٠٠٨: ٦).

(٤٢) ڕەفیق شوانی (٢٠٠٨: ٩٤).

(٤٣) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠: ١٧٧).

(٤٤) ڕەفیق شوانی (٢٠٠٨: ٩٤).

(45) Crystal (1992: 399).

(٤٦) محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٩١).

٣- پەیوەندیی سینتاکسی نێوان وشەکانی ڕستە بەپێی دۆخەکان دەردەکەون[٤٧].

٤- وشە ئاسایی لە چەند مۆرفیمێك پێکهاتوە، بەڵام زۆر بەدەگمەن مۆرفو مۆرفیمەکان بەرامبەر بەیەك دەوەستن، بە پێچەوانەوە تاکە مۆرفێك لە یەك کاتدا چەند مۆرفیمێك دەنوێنێت[٤٨]. واتە مۆرفیمەکانی لە ناو یەکتردا تواونەتەوەو قاڵبەکانیان دەستنیشان ناکرێنو لێکجیاناکرێنەوە[٤٩].

٥- ئەم جۆرە زمانانە پەنا دەبەنە بەر سیفەتەکانی وشە، واتە وشە پەیوەندییە گراماتیکییەکانی مۆرفۆلۆجی جێبەجێ دەکات[٥٠].

بوونی تایبەتییەکانی ئەم پۆلە زمانە لە زمانی کوردیدا، (د. محەمەد مەعروف فەتاح) ئاماژەی بەوە داوە، تا ڕادەیەکی زۆر زمانی کوردی لەم کۆمەڵەیەیە، چونکە بۆ دەربڕینی ئەرکە ڕێزمانییەکانی پشتێکی تەواو بە پاشگر دەبەستێت، لە هەمان کاتدا بە تەواویش لەم کۆمەڵە نییە، چونکە گۆڕینی شوێنی وشەکان ڕۆڵی تایبەتی هەیە لە واتادا[٥١].

### ١/١-٢-٤ زمانە تێکچڕژاوەکان (Incorporating or polySynthetic Languages):

لەم جۆرە زمانانەدا وشەی وای تیایە، کە ژمارەی مۆرفیمەکانی زۆرنو دەشێت ڕستەیەکی تەواو لە قاڵبی وشەیەکدا دابڕێژرێت[٥٢]. واتە وشەکانی وەکو ڕستەیەکی تەواو کاردەکەن[٥٣]. وەك: زمانی ئەسکیمۆی گریندلاندی، .... تاد. هەروەها زۆر لە زمانە دایکەکانی ئەمریکاو زمانە ناڕەسەنەکانی ئوستراليا لەم جۆرە زمانەیە[٥٤].

**گرنگترین تایبەتییەکانی ئەم جۆرە زمانە:**

١- لەم زمانانەدا ڕستەی ئاسایی نییەو لە شوێنی ڕستە وشەی گەورەکراوە بەکاردێنن[٥٥]. بۆیە وشەکانی بە فۆرمی درێژو ئاڵۆز دەناسرێن[٥٦].

٢- پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان کەرەسەکانی ڕستە لە ڕێی تێکچڕژانی مۆرفیمە بەندەکانو تێکەڵبوونیان وشەیەك دادەڕێژێت، کە واتای ڕستە دەگەیەنێت[٥٧].

٣- ئەم جۆرە زمانانە چەند سیمایەکی زمانی نووساوو تواوەیان تێدایە[٥٨].

---

(٤٧) محمد علي الخولي (١٩٨٢: ١٣١).

(48) Katamba (1993: 58).

(٤٩) وريا عومەر ئەمین، ژ(٦)، (٢٠٠٧: ٣١٤).

(٥٠) محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٩٠).

(٥١) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠: ١٧٩).

(٥٢) وريا عومەر ئەمین، ژ(٦)، (٢٠٠٧: ٣١٦).

(53) Crystal (1992: 400).

(54) Katamba (1993: 59).

(٥٥) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠: ١٧٧).

(56) Crystal (1992: 400).

(٥٧) محمد علي الخولي (١٩٨٢: ١٢٨).

٤- وشەكانی بریتین لە كردار یان ڕەگی كردار لەگەڵ تەواوكەری كردار[٥٩].

٥- لەم جۆرە زمانانەدا پەیوەندی نێوان وشەسازیو ڕستەسازی پەیوەندییەكی لێڵو نادیارە[٦٠]. بۆیە لێكۆڵینەوە نوێیەكان تیشك دەخەنە سەر ئەم جۆرە زمانانە، چونكە كۆمەڵێ پرسیاری گرنگ لەبارەی بوونی پەیوەندیی نێوان مۆرفۆلۆجیو سینتاكس[٦١] دەخەنەڕوو[٦٢].

بە شیكردنەوەی زمانی كوردی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیداو لەبەر تیشكی ئەم پێوانانەی سەرەوەدا دەردەكەوێت، كە كوردی زمانێكی پۆلۆسینسیتیكە، بە تایبەتی لە مۆرفۆسینتاكسییەكاندا، كە تیایاندا ڕستەیەكی تەواو لە قاڵبی وشەیەكدا دادەڕێژرێت[٦٣]. نموونەی ئەم جۆرە پێكهاتانە لە زمانی كوردیدا زۆرن، بۆ نموونە:

بردمانن

پێتان هێنام

هەرچەندە لە زمانی كوردیدا كەسو تاكو خۆیەتی شێوەی مۆرفێمی بەند وەردەگرن، بەڵام بۆ ئەم كۆمەڵەیە ناگەڕێنەوە، چونكە ئاوەڵناوو پارتیكڵ هەرگیز نابن بە مۆرفێمی بەندو بەناویەكدا ناچن[٦٤].

## ١/١ - ٢ - ٥ زمانە ناوگرییەكان (Infixing Languages):

ئەو چەشنە زمانانەن، كە گیرەكی ناوگری ڕەگی وشەكانیان دەسمێتو وشەی نوێیان لێدادەڕێژرێتو گیرەك پەیوەندییە ڕێزمانییەكانیان دیاریدەكات[٦٥]. واتە ڕەگی وشەكان بە هۆی ناوگرەوە شەقدەكرێن[٦٦]. بۆیە مۆرفێمەكان دەچنە ناویەكو ڕەگی یەكتر دەسمن، قاڵبی هەریەكە لە مۆرفێمەكان بەڕوونی دەستنیشاندەكرێن[٦٧]. وەك: زمانی عەرەبی، عیبری، لاتینی، گریكی، .....تاد. نموونەی ئەم جۆرە پێكهاتانە لە زمانی عەرەبیدا زۆرن:

كَتَبَ ، كاتب ، كتاب

عَمَلَ ، عامل ، عُمال

---

(58) Crystal (1992: 400).

(٥٩) محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٩٠).

(٦٠) ئەبوبەكر عومەر قادر (٢٠٠٨: ٦).

(٦١) لە تەوەری دووەمی ئەم بەشەدا لە پەیوەندیو تێكچڕژانی ئاستی مۆرفۆلۆجیو سینتاكس دەدوێین.

(62) Katamba (1993: 59).

(٦٣) وریا عومەر ئەمین، ژ(٦)، (٢٠٠٧: ٣١٦).

(٦٤) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠: ١٧٨).

(٦٥) علي عبدالواحد وافي (١٩٧١: ٢٤٨).

(٦٦) محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٩١).

(٦٧) وریا عومەر ئەمین، ژ (٦)، (٢٠٠٧: ٣١٦).

**گرنگترین تایبەتییەکانی ئەم جۆرە زمانانە:**

**١- ئەم جۆرە زمانە ناوگرییان زۆرە.**

**٢- وشەکانیان سادەو درێژن: (تدَحرَجَ)**

**٣- حەرەکات = ناوگرەکان[٦٨].**

**٤- مۆرفێمەکانی ئەم جۆرە زمانانە بەهۆی ناوگرەوە ئەرکە ڕێزمانییەکانیان دەبینن[٦٩]. واتە ئەرکە ڕێزمانییەکانی کۆ، ناسیاوی‌و نەناسیاوی، ڕابردوو و ڕانەبردوو، تێپەڕو تێنەپەڕ بە هۆی ناوگرەوە دەردەبڕدرێن[٧٠].**

**٥- پێکهاتەی وشەکانیان دەنگی کۆنسونانت‌و ڤاوڵەکان دەئاخنرێنە نێوان کۆنسونانتەکانەوە[٧١]. واتە ڕەگ لە شێوەی چەند کۆنسونانتێك دەبێت‌و ڕەگی وشەکە پێکدێنن[٧٢].**

**سەبارەت بە بوونی تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە زمانە لە زمانی کوردیدا، زمانەوانانی کورد دوو ڕای جیاوازیان خستۆتەڕوو:**

**ڕای یەکەم/ مەسعود محەمەدو ئەوڕەحمانی حاجی مارف‌و ........ ڕایان وایە، کە ناوگر لە زمانی کوردیدا هەیەو چەند نموونەیەکیان هێناوەتەوە[٧٣].**

**بەڵام ڕای دووەم/ محەمەد مەعروف فەتاح‌و سەباح ڕەشیدو وریا عومەر ئەمین‌و ئەبوبەکر عومەر قادرو ڕەفیق شوانی‌و یارا قادر حمدو .....تاد، لە خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە زمانە، هیچ نموونەیەکی زمانی کوردییان نەهێناوەتەوە، چونکە بە ڕای ئەمان نموونەی ئەم تایبەتمەندییانە لە زمانی کوردیدا نین، بۆیە دەڵێن ناوگر لە زمانی کوردیدا نییە. لە کاتێکیشدا محەمەد مەعروف‌و سەباح ڕەشید کۆمەڵێك تێبینییان خستۆتەڕوو و بۆ ئەوە دەچن، کە ناوگر لە کوردیی ناوەڕاستدا نییە[٧٤].**

---

**(٦٨) محەمەد مەعروف فەتاح‌و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٩١).**

**(٦٩) یارا قادر حمد (٢٠٠٨: ٨).**

**(٧٠) محەمەد مەعروف فەتاح‌و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٩١).**

**(٧١) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٦).**

**(٧٢) محەمەد مەعروف فەتاح‌و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٩١).**

**(٧٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:**

١- مەسعود محەمەد (١٩٧٦: ٧٧-٨٤).

٢- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧: ٤٣-٤٦).

**(٧٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:**

١- محەمەد مەعروف فەتاح‌و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٣٧-٣٩).

٢- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٦).

٣- وریا عومەر ئەمین، ژ (٦)، (٢٠٠٧: ٣١٦).

٤- یارا قادر حمد (٢٠٠٨: ٨).

٥- ڕەفیق شوانی (٢٠٠٨: ٩٥-٩٦).

له ئەنجامی خستنەڕووی تایبەتییەکانی هەریەکە لەو جۆرە زمانانە، دەردەکەوێت. کە هیچ زمانێك بەتەواوی ناچێتە سیستەمی مۆرفۆلۆجیی یەکێك لە زمانە دابڕاوەکان یان نووساوەکان یان تواوەکان یان تێکچڕژاوەکان یان ناوگرییەکانەوە، بەڵکو هەموو ئەو هەولأنەی کە بۆ پۆلینکردنی زمانەکان کراون، ئەوە پیشاندەدەن، کە هەر زمانێك چەند جۆرێکی دیاریکراو لەم پەیڕەوانەی تێدایە[٧٥]. بۆیە پێویستە ئەوە بزانین، لە ڕێگەی پۆلینکردنی زمانەکانەوە بەپێی ڕێژەی وشەکانی هەر زمانێك دەردەکەوێت، کە هەر زمانێك بەر چەند جۆرێك لەو پەیڕەوانە دەکەوێتو هیچ زمانێك بەتەواوی بەر جۆرێکی دیاریکراو ناکەوێت[٧٦]. بۆ نموونە زمانی تورکی کە بە نموونەی زمانە نووساوەکان بەناوبانگە، کەچی نموونەی زمانە تواوەکانیشی تێدایە، لە هەمان کاتدا زمانی لاتینی کە زمانێکی تواوەیە، کەچی نموونەی زمانە نووساوەکانیشی تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو زمانەکە بەشێکی کەم لە نموونەی زمانە دابڕاوەکانیان تێدایە[٧٧]. هەروەها زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی فراوان نموونەی زمانە دابڕاوەکانە، چونکە ژمارەیەکی زۆری وشەی یەك مۆرفیمی تێدایە، وەك (man,book,go,good .....تاد)، بەلأم بەتەواوی بەر زمانە دابڕاوەکان ناکەوێت، بۆ نموونە هەریەکە لە وشەکانی (year-s,hav-ing,no-thing,tall-er,water-y .....تاد) لە دوو مۆرف پێکهاتوەو دوو مۆرفێمی جیاواز دەنوێنن، ئەم وشانەش نموونەی زمانە نووساوەکانن، لەگەڵ ئەوەشدا چەند وشەیەکی تر هەن، کە لە تاکە مۆرفێك پێکهاتونو چەند مۆرفێمێك دەنوێنن، وەك (my) کە (کەسی یەکەم، تاك، جێناوی خاوەنێتی) یان (I) کە (کەسی یەکەم، تاك، جێناوی بکەری) دەنوێنن، هەروەها لە چەند وشەیەکی زمانی ئینگلیزیدا ناوگر هەیە، کە بەکەمی بەرچاودەکەوێت، وەك (succumb,incumbent and decumbent) کە (-m-) ئاخێنراوەتە ناو ڕەگی (-cub-)[٧٨].

بە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی دەردەکەوێت، هیچ زمانێك لە جیهاندا نییە، کە بەتەواوی بەر یەکێك لەم جۆرانە بکەوێت، بەڵکو لە هەموو زمانێکدا چەند جۆرێك وشە دەستنیشاندەکرێت، بەلأم دەشێت جۆرێکیان لەوانی تر زیاتر بەکاربێت، بۆیە بەپێی بنەمای مۆرفۆلۆجیی پۆلینکردنی زمانەکانی جیهانو لەبەر ڕۆشنایی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە هەریەکە لەو جۆرە زمانانەدا هەن، دەتوانین بڵێین زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی بەر هەر یەکە لە زمانە دابڕاوەکانو نووساوەکانو تواوەکانو تێکچڕژاوەکان دەکەوێت، بەلأم بە شێوەیەکی دیاریکراو لە لایەن زمانەوانەکانمانەوە ڕای جیاوازی لەسەرە، لەوانە:

---

(75) Katamba (1993: 60).
(76) Lyons (1968: 191).
(77) Ibid (192).
(78) Katamba (1993: 60).

١- محەمەد مەعروف فتاح ڕای وایە، کە زمانی کوردی وەك زۆر زمانی تر لە ڕیزکردنی مۆرفێمەکانیدا ڕێگەیەکی تایبەتی ناگرێتو ڕەوشتی مۆرفێمەکانی کوردی تا ڕادەیەك لە ڕەوشتی مۆرفێمەکانی زمانە دابڕاوو تواوەکان دەچێت، بەلاّم بەتەواوی ناچێتەوە سەر هیچیان، بە واتایەکی تر کوردی پاشگر زۆر بەکاردێنێتو پاشگرەکان دەتوانن بە یەکەوە بلکێن، تا ژمارەیان دەگاتە چوار، بەلاّم بەرەڵلاّیی تەواو لە ڕیزکردنی وشە بۆ دروستکردنی ڕستە نییە[٧٩].

٢- محەمەدی مەحویی دەڵێت: زمانی کوردی نیشانەکانی گروپی زمانە لکاوەکان نیشاندەدات، چونکە کلیتیکەکان جیا یان بە لکاوی لەگەڵ کەرەستەکانی دیکەدا، کە ڕستە دروستدەکەن، بۆ ڕوونکردنەوەی دروستەی ڕستە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن[٨٠].

٣- وریا عومەر ئەمین ڕای وایە، بە شیکردنەوەی زمانی کوردی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا لە ژێر تیشکی ئەم پێوانانەی سەرەوە دەرئەکەوێت، کە کوردی زمانێکی پۆلۆسینسیتیکە، بە تایبەتی لە وشە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا، کە تیایاندا ڕستەیەکی تەواو لە قاڵبی وشەیەکدا دادەڕێژرێت[٨١]. هەر بەو پێیەش ئەبوبەکر عومەر پێی وایە، کە زمانی کوردی نموونەی ئەم جۆرە ڕستەیەی زۆرە[٨٢].

٤- محەمەد مەعروفو سەباح ڕەشید ڕایان وایە، کە وشە سادەکانی زمانی کوردی نموونەی زمانە دابڕاوەکانن، بەلاّم زیاتر تایبەتمەندی زمانی نووساوو تێکچڕژاو هەڵدەگرێت[٨٣].

٥- ڕەفیق شوانی لەم بارەیەوە ڕای وایە، زمانی کوردی نموونەی هەر چوار جۆری زمانە سەربەخۆو تواوەو نووساوو تێکچڕژاوەکانی هەیە[٨٤].

بەپێی بنەمای مۆفۆلۆجیی پۆلینکردنی زمانەکانی جیهانو لەبەر ڕۆشنایی ئەو تایبەتییانەی، کە هەریەکە لە زمانە (دابڕاوەکان، نووساوەکان، تواوەکان، تێکچڕژاوەکان، ناوگرییەکان) هەیانە، دەردەکەوێت، کە هیچ زمانێك بەتەواوی ناچێتە سیستەمی مۆرفۆلۆجی جۆرێك لەو زمانانەوە، بۆیە هەر زمانێك چەند جۆرێکی دیاریکراوی لەم زمانانەی تێدایە، بۆ نموونە زمانی کوردی تایبەتمەندیو نموونەی هەر چوار جۆری زمانە (دابڕاوەکان، نووساوەکان، تواوەکان، تێکچڕژاوەکان)ی تێدایە.

---

(٧٩) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠: ١٧٦-١٧٩).

(٨٠) محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣٣٧).

(٨١) وریا عومەر ئەمین، ژ(٦)، (٢٠٠٧: ٣١٦).

(٨٢) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٥-٧).

(٨٣) محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٨٨-٩٠).

(٨٤) ڕەفیق شوانی (٢٠٠٨: ٩٢-٩٥).

## ٢/١ ئاستەكانی زمانو مۆرفۆسینتاكس:

### ٢/١ ـ ١ سەرەتا:

زمان لە ڕەسەنترین دیاردە شارستانییەتەكانی مرۆڤایەتییە، ڕەچەڵەكی شارستانییەتو دروستكردنی بەرزیو پێشكەوتنیشە، زمان سنوورێكی جیاكەرەوەیە لە نێوان گەلێكو گەلێكی تر، لە نێوان نەتەوەو نەتەوەیەكی تردا، لە نێوان شارستانییەتێكو شارستانییەتێكی تریشدا، چونكە ئەو تاكانەی كە بە یەك زمان دەدوێن، تەنها بەسادەییو بەئاسانی لە یەكتر تێناگەن، بەڵكو ئەوان دەتوانن كۆمەڵگایەكی مرۆیی یەكگرتوو و گونجاو پێكبهێنن، چونكە زمان بنەمای ژیانێكی گیانیو بیریو مادییە، مرۆڤ بە هۆی زمانەوە پەیوەندییەكانی بەو كۆمەڵگایەوە بەهێزتردەكات، كە تیایدا لەدایكبووەو دەژێت، بەمەش زمان لە تاكەكانی كۆمەڵگاوە نەتەوەیەكی یەكگرتووی ڕەچەڵەك پەیوەست پێكدەهێنێت[٨٥]. بۆیە زمان ئەركێكە تایبەتە بە ڕەگەزی مرۆییەوەو خۆی لە توانستی زگماكەوە بۆ تێگەیشتنو بەردەوامبوون دەنوێنێت[٨٦]. هەروەها كۆمەڵ بەبێ بەكارهێنانی زمان بەرێوەناچێتو زمانیش گرنگترین ئامێری پێوەندیی بەستنو لەیەكترگەیشتنی ئادەمیزادە، هیچ چالاكییەكی مرۆیی نییە، كە لە دەربڕینی بیرو مەبەست، هەستو نەست، پێشكەوتنو گەشەكردنیدا زمان بەشداریی تێدانەبێت[٨٧].

لێكۆڵینەوە لە زمانو لێكۆڵینەوەی زمانەوانی بە شێوە گشتییەكەی مێژوویەكی كۆنی هەیە، بەڵام بێگومان ئەو لێكۆڵینەوەو توێژینەوانەی لەو ماوەدا نووسراون، ئەدگارو خەسڵەتی تایبەت بە خۆیان هەیە[٨٨]. بۆ نموونە پێناسەی دیاردەیەكی وەكو زمان كارێكی ئاسان نییە، بە تایبەتی لەبەرئەوەی دیاردەكە لە زۆر ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە سەیردەكرێتو هەر شارەزایەك لە چوارچێوەی بابەتەكانی خۆیەوە لێی دەكۆڵێتەوە، بێگومان پێناسەی زانایانی دەروونو زانایانی كۆزمانەوانیو زمانەوانو ئەندازیاری دەنگو فەیلەسوفەكان ناشێت وەك یەك بن، لەبەرئەوە زمان دەیان پێناسەی جیاوازی بۆ كراوە[٨٩]. هەروەها لەو كاتەوە كە زمان پەیدابووەو تا بە ئەمڕۆ دەگات، گومانی تێدانییە، بە چەندین قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوەو كۆمەڵێ گریمانە هاتوەتە كایەوەو هەریەكە هەوڵدەدات، سەرەتای پەیدابوونی زمان بۆ گریمانەكەی خۆی كێشبكات[٩٠]. وەكو

---

(٨٥) حلیمی خلیل (١٩٨٩: ٥).

(٨٦) روبیر مارتان (٢٠٠٧: ٢٠٨).

(٨٧) ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٢: ٣).

(٨٨) سەلام ناوخۆش (٢٠٠٤: ٤).

(٨٩) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

١- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠: ٥).

٢- حلیمی خلیل (١٩٨٩: ٦٢-٦٥).

٣- جون لوینز (٢٠٠٩: ١٩-٢٦).

(٩٠) سەلام ناوخۆشو نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩: ١٧٣).

گریمانەکانی (دەنگە سروشتییەکان، بانگوڤیژەی هەست دەربڕ، بزاوتن، مۆسیقا، پەیوەندی، کردەی خوایی، ڕێککەوتن، غەریزەی تایبەتی، کۆمەڵایەتی، ......تاد)(٩١). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زمان دیاردەیەکی یەکجار ئاڵۆزو چووە ناویەکە، بۆیە شیکردنەوەی ئاسان نییە، بەمەش زانایانی زمان بۆ ئەوەی بەرگێکی زانستی بکەنە بەر زمانەوانی، زمانیان دابەشکردوەتە سەر چەند ئاستێك(٩٢).

## ٢/١ ـ ٢ ئـاسـتـەكـانـی زمـان:

پەسنکردنی زمان پێویستی بە خستنەڕووی ئاستەکان هەیە بۆ شیکردنەوەی زمان لە چوارچێوەیاندا(٩٣). گومانی تێدانییە، کە پشتبەستن بەم ئاستانە، یارمەتیمان دەدات، بۆ ئەوەی وەسفێکی وردو ڕوونی زمان بکرێت، بۆیە زانایان‌و زمانەوانان هەر لە کۆنەوە لە زمان‌و یەکەکانی زمانیان کۆڵیوەتەوە، دیارە هەریەکەیان لێکۆڵینەوەو بۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەیەو لە چەند کەرەستەیەکی زمانیان کۆڵیوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانیوە ئاستەکانی زمان‌و یەکەکانیان دەستنیشانبکەن، بەڵام یەکێ لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی زمانەوانیی نوێ دەستنیشانکردنی ئاستەکانی زمان‌و ڕیزکردنی یەکەکانی زمانە. ژمارەی ئاستەکانیش پشت بەو مۆدێلە زمانییانە دەبەستێت، کە بەکارهێنراون(٩٤). هەرچەندە ژمارەی ئاستەکان لای زمانەوانە نوێیەکان جیاوازییان هەیە، بەڵام زۆربەیان پشت بەم سێ ئاستە دەبەستن:

١. ئاستی دەنگسازی.
٢. ئاستی ڕێزمان.
٣. ئاستی واتاسازی(٩٥).

لێرەدا بەکورتی لە ئاست‌و یەکەکانی زمان بەپێی قوتابخانە زمانییەکان (زمانەوانیی کۆن‌و نوێ) دەدوێین.

## ٢/١ ـ ٢ ـ ١ زمـانـەوانیـی مـێژوویـی:

یۆنانییەکان وەکو (گۆرگیاس، سوقرات، ئەفلاتۆن، ئەرستۆ، .....تاد) گرنگیان بە (ڕستە، پۆلینکردنی هەندێ لە بەشەکانی ئاخاوتن، فۆنۆلۆجی) داوە، ئەمانە بە جودا لێکۆڵینەوەی زمان‌و

---

(٩١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

١. محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠: ٩-١٣).

٢. سەلام ناوخۆش‌و نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩: ١٧٣-١٧٦).

(٩١) وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٢٣).

(٩٣) میشال زکریا (١٩٨٠: ٢٠٨).

(94) Finich (2000: 22).

(٩٥) میشال زکریا (١٩٨٠: ٢٠٨).

ڕێزمانیان نەکردوە، بە واتایەکی تر ئەمانە زماناس‌و ڕێزماننووس نەبوون، بەڵکو لە ڕێگای فەلسەفەو لۆجیکەوە ئاماژەیان بە هەندێ بابەتی زمان‌و ڕێزمان داوە. قوتابخانەی ستۆیکی کە (زینۆ) دایمەزراندوە، باسی دەنگ، ڕێژە، کات، دۆخ (case، tense، mood، voice)ی کردوەو دەنگسازی وشەکانیان داهێناوە. هەروەها قوتابخانەی ئەسکەندەریە لە ڕستەو بەشەکانی ئاخاوتن‌و فۆنۆلۆجییان کۆڵیوەتەوە. وەکو دەردەکەوێت، یۆنانییەکان لە بزاڤی زمانەوانیدا بە شێوەیەکی سەرەکی جەختیان لە سەر سێ بابەت کردوە: وشەناسی (لێکۆڵینەوەی ڕەسەنی وشەو قۆناغەکانی پەرەسەندنی وشە)، دەنگسازی‌و ڕێزمان.

هەروەها هیندییەکان بە تایبەتی پانینی (٤٠٠ پ.ز) کتێبێکی گرنگی لەبارەی زمانی سانسکریتی نووسیوە، کە ناوی هەشتینە (المثمن) بووە، واتە لە هەشت کتێب پێکهاتوە، تیایدا لە ڕێزمانی سانسکریتی‌و لایەنی مۆرفۆلۆجی‌و فۆنەتیکی کۆڵیوەتەوە. پاشان موسڵمانەکان لە سەدەی هەشتەمی زاینیدا لە ڕێگای دیراسەکردنی قورئانەوە لە زمانی عەرەبییان کۆڵیوەتەوە، ئەمەش لە سەر دەستی خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی‌و خوێندکارەکەی سیبەوەی بنەمای خۆی داکوتا، بەمەش ڕێزمانی عەرەبییان دانا.

ئەم لێکۆڵینەوانەش بە فیلۆلۆژی ناودەبرێن، کە بریتییە لەو زاراوەی کە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی زمان بەکاردەهات، ئەو زاراوەیە دەکرێت، هەموو ئەو هەوڵە زمانەوانییانە بگرێتەوە، کە یۆنانی‌و ڕۆمەکان‌و هیندییەکان لە پێش زاین دابوویان، هەروەها ئەو هەوڵەی موسڵمانەکانی سەدەی هەشتی زاینی بەرەو سەرەوە بگرێتەوە(٩٦). کەواتە زمانەوانیی مێژوویی لێکۆڵینەوەکانیان لە سەر ئاستی دەنگسازی‌و ڕێزمان بووە.

## ٢/١ ـ ٢ ـ ٢ زمانەوانیی بەراوردی:

لە کۆتایی سەدەی هەژدەی زاینی لە ئەورووپادا سەری هەڵداوە، کاتێ سێر ویلیام جۆنز لە ساڵی (١٧٨٦) زاینی سەرەتایەکی زانستیی لە مێژووی فیلۆلۆجیی بەراوردکاری بەرپاکرد، بۆیە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە چەندین زمانەوانی وەك (فریدریك ڤۆن شلێگل، راسك، فرانز بۆپ، یاکۆب گریم، فریدریك ماکس مۆلەر، ئۆگست شلێخەر، ......تاد) کەوتنە خۆیان بۆ زیاتر لێکۆڵینەوەی زمانی سانسکریتی‌و دۆزینەوەی خاڵە لەیەکچووەکانی لەگەڵ زمانە ئەوروپاییەکاندا، هەروەها بۆ دیاریکردنی زمانی ڕەسەنی، یان دایکی ئەو هەموو زمانانەی ئەورووپا(٩٧). بۆیە بنەمای بەراوردکردنی زمانەکانیان لە سەر ئاستی دەنگسازی‌و ڕێزمان بووە.

---

(٩٦) بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: {سەلام ناوخۆش (٢٠٠٥: ١١-١٥)}.

(٩٧) سەرچاوەی پێشوو (١٧-١٩).

### ٢/١ ـ ٢ ـ ٣ زمانەوانیی نوێ:

دەستنیشانکردنو دۆزینەوەی ئاستەکانی زمان خۆی دەستکەوتێکی گرنگی زانستی زمانە، چەند بیروباوەڕێکی جیا هەن دەربارەی ئاستەکانی زمانو هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکیش دابەشکردنی تایبەتی خۆی هەیە[٩٨]. چونکە زمانەوانەکان لە سەر ئاستەکانی زمانو ژمارەیان ڕێکناکەون: هەندێکیان ئاستی سەرەکی (ڕستەسازی، وشەسازی، فۆنۆلۆجی)و ئاستی لاوەکی (فۆنەتیك، واتاسازی) جیادەکەنەوە، بەڵام هەندێك زمانەوان ئاستی سەرەکیو ناسەرەکی جیاناکەنەوەو ڕایان وایە، کە زمان لە سێ ئاست پێکدێت: ئاستی دەنگ (لە ڕووی ئەرکەوە ـ فۆنۆلۆجی)و ئاستی ڕستەو ئاستی واتا، دیسانەوە زمانەوانەکان لە ڕوویەکی تریشەوە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ڕێکناکەون: هەندێکیان لە سەرەوە (ئاستی ڕستەسازی) بۆ خوارەوە (ئاستی فۆنۆلۆجی) دەڕۆن، هەندێکی تریان بە پێچەوانەوە لە خوارەوە بۆ سەرەوە[٩٩].

زمان لای بونیادگەرە ڕۆنانکارەکان لە چەند ئاستێکی تێکچڕژاو پێکهاتوە، کە هەندێکیان سەرەکیینو ئەوانی تر لاوەکین، سێ ئاستە سەرەکییەکان ئەمانەن:

١- ئاستی دەنگسازی (فۆنۆلۆجی)
٢- ئاستی وشەسازی
٣- ئاستی ڕستەسازی

بەم سێ ئاستە دەوترێت سەرەکی، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ (مەبەست)دا هەیە، نەك لەگەڵ چوارچێوەی قسەکردندا، دوو ئاستە لاوەکییەکەش ئەمانەن:

١- ئاستی دەنگسازی (فۆنەتیك): ئەرکی ئەم سیستەمە گۆڕینەوەی مۆرفیمی وشەکانە بۆ دەنگ بە هۆی جوڵانەوەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە.

٢- ئاستی واتاسازی: ئەرکی ئەم پێڕەوەش بەندکردنی وشەو مۆرفیمە بە دەوروبەری مرۆڤەوە.

ئەم ئاستە لاوەکییانە بەوە لە سەرەکییەکان جیادەکرێنەوە، کە کار لە دوو شت دەکەن:

١- چوارچێوەی قسەکردن (بارودۆخی دەوروبەر).
٢- ئاستە سەرەکییەکان.

ئاستی واتاسازی بۆ نموونە لە لایەکەوە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئەو جیهانە کۆمەڵایەتیو فیزیکییەی کە تێدادەژینو لە لایەکی تریشەوە کاردەکاتە سەر ئاستی ڕستەسازی زمانەکە. هەروەها ئاستی فۆنەتیکی لە لایەکەوە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئەو شەپۆلە دەنگانە، کە قسەی تێداپێچڕاوەتەوەو لە لایەکی تریشەوە کاردەکاتە سەر ئاستی فۆنمێکی زمانەکە[١٠٠].

---

(٩٨) وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٢٣).

(٩٩) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠: ٥١).

(١٠٠) سەرچاوەی پێشوو (١٩٩٠: ٥٠-٥١).

لەگەڵ ئەوەشدا فۆنەتیك‌و واتاسازی لە دەرەوەی زمان دادەنێن، چونکە فۆنەتیك ناهۆشەکی‌و فیزیکییە لە زماندا، هەروەها لەبەرئەوەی کە واتا فەلسەفەیەو دەرەوەی زمانە، ناچێتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەوە[١٠١]. بەلاَم زیاد لە پێویست گرنگییان بە دیوی ناوەوەی پێکهاتەی زمان دەداو لە توێژینەوەکانیاندا زیاتر گرنگییان بە فۆرمی زمان دەدا، چونکە هەریەك لە فۆنۆلۆجی‌و مۆرفۆلۆجی دوو بابەتی بەرجەستەن، بۆیە جێگەی گرنگی ئەوان بوون، هەرچی واتا بوو، ئەوە لە دەرەوەی گرنگی ئەواندا بوو، لەم بارەیەوە بلومفیڵد دەنووسێت: (واتاسازی هەر پەیوەست نییە بە زمانناسییەوە، بەڵکو لە هەموو زانستەکانی تردا هەیە، بۆیە دەکرێت لە دەرەوەی زمانناسیدا بێت)[١٠٢]. چونکە لە شیکردنەوەی ئاستەکانی زانستی زماندا کاتێ گەیشتنە لێکۆڵینەوەی واتا، بینییان، کە زۆر ئەستەمە بتوانن بابەتێتی (objectivity) بە سەر ئاستی واتادا جێبەجێ بکەن، بۆیە نەیانتوانی بە بابەتێتییەوە لە زماندا پابەندبن، وەکو چۆن لە زانستەکانی تردا توانییان لێکۆڵینەوە لە واتا بکەن[١٠٣]. بۆیە لە شیکردنەوەی زماندا لایەنی واتایان پشتگوێ خستوەو زیاتر گرنگیان بە فۆرم‌و ئەرکەکانی زمان داوە[١٠٤]. هەروەها ڕۆنانکارە ئەمریکاییەکان ئەو ڕاستییەیان سەلماند، کە وشە کەرت دەکرێت بۆ پارچەی وردتر، پارچەی وەها کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت، بەم جۆرە ڕۆنانکارەکان مۆرفۆلۆجییان کرد بە بەشێك لە زمانەوانی‌و ئەرکی لێکدانەوەو ڕێکخستنی مۆرفێمیان لە ناو چوارچێوەی وشەدا پێ سپارد[١٠٥]. هەرچەندە لە تێڕوانینی بونیادگەرەکانەوە ڕێزمان لقێکی زمانناسییە، ڕێزمان لە چۆنیەتی ڕێکخستنی دانە مۆرفێمییەکان لە پێکهاتەیەکی گەورەتر لە وشە دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر چەمکی ڕێزمان ڕوون بکەنەوە، چەندەها ئامرازی ڕستەسازییان بەکارهێناوە[١٠٦].

کەواتە بونیادگەرەکان لێقڵەکانی زمان بەم جۆرەی خوارەوە دەستنیشاندەکەن[١٠٧]:

---

(١٠١) بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٩/١٠/٨: چاوپێکەوتن).

(١٠٢) سەلام ناوخۆش (٢٠٠٥: ٣٩).

(١٠٣) حلیمی خلیل (١٩٨٩: ٥٨).

(١٠٤) تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨: ٦).

(١٠٥) محەمەد مەعروف فتاح‌و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٧).

(١٠٦) سەلام ناوخۆش (٢٠٠٥: ٤٥).

(١٠٧) وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٢١١).

| | | |
|---|---|---|
| دەنگ | فۆنەتیك | بێ مانا |
| فۆنیم | فۆنۆلۆجی | |
| بڕگە | | |
| مۆرفیم | مۆرفۆلۆجی | بـەمانا |
| وشە | | |
| فریز | سینتاکس | |
| ڕستە | | |

**خشتەی ژمارە (١)**

بـەلاّم قوتابخانـەی بەرهـەمهێنان و گوێزانـەوەی چۆمسکی پێـنج ئاسـتی زمانیـان دەستنیشانکردوە. ئەویش بەپێی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە (GB) ئەم داڕشتەیە دەخەنەڕوو[١٠٨]:




ئەم ڕێبازە هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە قۆناغێکی نوێی هێنایە ناو لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانییەوە، کە توانی بە شێوەیەکی ڕوون پەیوەندیی لایەنی واتایی بە سینتاکسەوە دەستنیشان بکات، هەروەها لە ڕووی واتاوە ڕستەکانی زمان لێکبداتەوە، ئەم کارەش بووە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر لێکۆڵینەوەی واتا (واتای وشەو واتای ڕستە) ببوژێتەوە، لە هەمان کاتدا بە یەکێك لە سێ پێکهێنەرەکانی زمان (پێکهێنەری فۆنۆلۆجیو سینتاکسیو واتایی) دابنرێت[١٠٩]. لەم بارەیەوە

(١٠٨) محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٨).

(١٠٩) تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨: ٢٥).

چۆمسکی دەڵێت: (قسەکردن لە شیکردنەوەی زمانەوانیدا بەبێ ئاماژەکردن بۆ واتا، وەك وەسفکردنی ڕێگەی دروستکردنی کەشتییەك وایە، بەبێ ئاماژەکردن بۆ دەریا)، بۆیە شیکردنەوەی زمانەوانی لای چۆمسکیو لایەنگرەکانی تەنها وەسفی دروستەی فۆرمی ئاخاوتن نییە، بەڵکو وەسفێکی گشتگیرە بۆ زمان، کە هاوکات دەنگسازیو وشەسازیو ڕستەسازیو واتاسازییە[110]. بۆیە لایەنی واتاسازی بەبێ سینتاکس نابێت، واتە واتاسازی لە ناو سینتاکسدا هەیە، بەمەش سینتاکس واتاسازی دەهێنێتە ناوەوەی زمانو دروستی دەکاتو لە دەرەوەی سینتاکسدا دروست نابێت[111]. چونکە ئەمان لە چەمکی بابەتێتی تێگەیشتن، هەر بۆیە ڕاستەوخۆ واتایان هێنایە ناو لێکۆڵینەوەی زمانەوەو بە یەکێك لە بنەماکانی بابەتێتی لە توێژینەوەی زماندا دادەنێن، لەبەرئەوە پشتگوێخستنی واتا، کە بەشێکی بنەڕەتییە لە زماندا، خۆی لە خۆیدا کارێکی نابابەتێتییە، بەمەش وای لێهات، کە چەمکی بابەتێتی لە زانستی زماندا جیاوازبێت، لەو چەمکەی کە لە زانستە سروشتییەکانی تردا هەیە[112]. هەروەها لە ساڵی (١٩٣٨) زاینیدا فەیلەسوفی زمانەوان (چارلس مۆریس) بۆ یەکەمجار زاراوەی (پراگماتیك ـ pragmatics)ی بەکارهێنا، مۆریس ئەو کاتە گرنگی بە هێڵە گشتییەکانی زانستی هێما یان نیشانەکان (semiotics) دەدات، کە لە چوارچێوەی ئاماژەدا مۆریس هەستا بە جوداکرنەوەی سێ لقی جودا، کە ئەمانەن:

١- سینتاکس: کە توێژینەوەی پەیوەندییە ڕواڵەتییەکانی نێوان هەر هێمایەکە بەوی ترەوە.

٢- سیمانتیك: توێژینەوەی پەیوەندیی هێماکانە بەو شتانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن.

٣- پراگماتیك: توێژینەوەی پەیوەندیی هێماکانە بە شرۆڤەکارانی خودی ئەم هێمایانەوە[113].

پراگماتیکس بەشێکە لە زمانەوانیو لە ڕۆڵی دەوروبەر لە دیاریکردنی واتای ئاخاوتن دەکۆڵێتەوە، ئەم بەشەی زمانەوانی تا سییەکانی سەدەی بیستەم وەك بابەتێکی زمانەوانی دیراسە نەدەکرا، لە پاشاندا بە هۆی گرنگیی زمانی ئاخاوتن، گرنگییەکی زۆر بە پراگماتیکس درا[114].

ئەمەش ئاستو لقە سەرەکییەکانی بواری لێکۆڵینەوەی شیتەڵییە، هەریەکە لەمانە لقی تری لێدەبێتەوە، ئەم لقانەش لقۆکەی تریان لێدەبێتەوە، بەم جۆرە[115]:

---

(١١٠) حلیمی خلیل (١٩٨٩: ٥٩).

(١١١) بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٩/١٠/٨: چاوپێکەوتن).

(١١٢) حلیمی خلیل (١٩٨٩: ٥٩).

(١١٣) عەبدولقادر جەلیلو ئەحمەد شەفیق (٢٠٠٨: ٧٨-٧٩).

(١١٤) سەلام ناوخۆش (٢٠٠٤: ٤٨).

(١١٥) وریا عومەر ئەمین، ژ(٥)، (٢٠٠٧: ٣٢-٣٦).

| | ئاست | ئامانج |
|---|---|---|
| بێ واتا | فۆنەتیك | دروستكردن |
| | | گواستنەوە |
| | | وەرگرتن |
| | فۆنۆلۆجی | فۆنیمەكان |
| | | بڕگە |
| | | كارلێككردن |
| | | ناكەرتییەكان |
| واتـــادار | مۆرفۆلۆجی | مۆرفیم |
| | | وشە |
| | | مۆرفۆفۆنیم |
| | سینتاكس | فرێز |
| | | ڕستە |
| | واتاسازی | سیمانتیك |
| | | هێماسازی |
| | | پراگماتیك |

**خشتەی ژمارە ( ٢ )**

هاوكات ڕێزمانی ئاخاوتنی ئەركی (Functional Discourse Grammar) چوار ئاستی جیاوازی ئاخاوتن دەستنیشان دەكات[١١٦]:

١- پراگماتیگ.

٢- سیمانتیك.

٣- مۆرفۆسینتاكتیك.

٤- فۆنۆلۆجی.

## ٢/١ ـ ٣ پلەی ئاستەكانی زمان:

زۆربەی زمانەوانەكان لە سەر ئەوە ڕێككەوتون، كە دەبێت ئاستەكانی زمان و یەكەكانیان بەپێی پلەكانیان ڕێزبكرێن[١١٧]. سادەترین كەرەستە لە هەموو زمانێكی مرۆڤدا ئەو تاكە دەنگانەن، كە بە هۆی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروستدەكرێن و ئاڵۆزترین دانەی زمانیش ڕستەیە، پەیوەندیی نێوان

(116) Honorary (2007:241).

(١١٧) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠: ٥٢).

ئەم سادەترین‌و ئاڵۆزترین پێکهاتانە لە سەر پێڕەوێکی تەپۆڵکەیی (هەرەمی) دامەزراوە، بەم جۆرە[118]:

ڕستە

فریز فریز

وشە وشە وشە وشە

مۆرفێم مۆرفێم مۆرفێم مۆرفێم مۆرفێم

فۆنێم فۆنێم فۆنێم فۆنێم فۆنێم فۆنێم فۆنێم فۆنێم فۆنێم فۆنێم

دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ

زمانەوانان لە باسکردنی ڕیزبوونی کەرەستەکان ناکۆکن، بە تایبەتی لە دیاریکردنی کەرەستەی گەورەو بچووکی نێو ڕستەدا، لەوانە (دی سوسێر) لە سەر ئەو باوەڕەیە، کە دەبێت لە بچووکترین دانەی زمانەوە دەست پێبکرێت، واتە: لە دەنگەوە بەرەو فۆنێم، لە فۆنێمەوە بەرەو مۆرفێم، لە مۆرفێمەوە بەرەو وشە، لە وشەوە بەرەو فریز، لە فریزەوە بەرەو ڕستە[119]. واتە بونیادگەرەکان لە بچووکترین دانەی پێکهێنەری زمانەوە کە دەنگە، دەچن بۆ گەورەترین دانەی پێکهێنەر کە ڕستەیە، بۆیە لە بەشەوە بۆ گشت دەڕۆن[120]. چونکە باوەڕیان وابوو، کە زمان سیستەمی هەیە، لەبەرئەوەی دەنگەکانی ئاخاوتن دیاردەیەکە لە هەموو ئەوانی تر دەکرێت، بەرجەستەبکرێن، وایکرد، کە بونیادگەرەکان لە فۆنێمەوە دەست پێبکەن[121]. واتە بە حوکمی ئەوەی فۆنێم یان دەنگ بە شێوەیەکی گشتی سەربەخۆتر بەرجەستەدەکرێن بۆ توێژینەوە، بۆیە بونیادگەرەکان گرنگییەکی سەرەکییان بە فۆنۆلۆژی دا، لە دوای فۆنۆلۆژی ئەوجا مۆرفۆلۆژی‌و سینتاکس[122]. کەواتە بونیادگەرەکان لە شیکردنەوەی زماندا لە ئاستی دەنگسازییەوە واتە لە دەنگ‌و فۆنێمەکانەوە دەست پێدەکەن‌و بەرەو ئاستی مۆرفۆلۆجی‌و بۆ لێکۆڵینەوە لە وشەو مۆرفێمەکان دەڕۆن، پاشان بەرەو ئاستی سینتاکس‌و بۆ لێکۆڵینەوە لە کەرەستەو فریزەکانی ڕستە دەڕۆن، بەم جۆرە زمان بریتییە لە زنجیرە فۆنێمێك کە مۆرفێم‌و وشە دروستدەکەن‌و بە لێکدان‌و ڕیزبوونی مۆرفێم‌و وشەکان، فریزو ڕستە دروستدەکەن. بەڵام زمانەوانی ئەمریکی (چۆمسکی) لە سەر ئەو باوەڕەیە، کە دەبێ لە گەورەترین کەرەستەو دانەی ڕێزمانییەوە دەست پێبکەین، هەتا دەگاتە خوارەوە، واتە: لە ڕستەوە بۆ فریز، لە فریز بۆ وشە، لە وشە بۆ مۆرفێم، لە مۆرفێم بۆ فۆنێم،

---

(١١٨) وریا عومەر ئەمین، ژ(٥)، (٢٠٠٧: ٣١-٣٢).

(١١٩) سەلام ناوخۆش‌و نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩: ٣٧٩).

(١٢٠) بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٩/١٢/١٤: چاوپێکەوتن).

(١٢١) سەلام ناوخۆش (٢٠٠٥: ٤٠).

(١٢٢) سەرچاوەی پێشوو (٤٧).

لە فۆنێم بەرەو دەنگ[123]. چونکە ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانی زمانە[124]. واتە لە گەورەترین دانەی پێکهێنەرەوە کە ڕستەیە دەستپێدەکاتو شیدەکاتەوە تا دەگاتە بچووکترین دانەی پێکهێنەر، کە دەنگە، بەم پێیە لە گشتەوە بۆ بەشەکان دەڕوات، چونکە ڕستە لای چۆمسکی بە ڕێزمانی زمان دادەنرێتو گەورەترین پێکهاتەیە لە تەپۆلکەکەدا، بۆیە ڕستە وەك ئامێرێك وایە، کە مەوادی تێدەکەین، بەمەش کەرەستەکانی لێدەردەچێت، واتە بەشەکانی لێدەردەچێت[125]. بۆیە شیکردنەوەی زمان لای چۆمسکی لە ئاستی ڕستەسازییەوە واتە لە شیکردنەوەی ڕستەو فرێزەوە دەست پێدەکاتو بەرەو ئاستی وشەسازیو بۆ لێکۆڵینەوە لە وشەو مۆرفیمەکان دەڕوات، پاشان بەرەو ئاستی دەنگسازی بۆ لێکۆڵینەوە لە فۆنێمو دەنگەکان دەڕوات، بەمەش لە گەورەترینو ئاڵۆزترین دانەی ڕێزمانی زمانەوە کە ڕستەیە دەست پێدەکاتو شیدەکاتەوە، تا دەگاتە بچووکترینو سادەترین کەرەستە لە زماندا، کە ئەو تاکە دەنگانەن بە هۆی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دروستدەکرێن.

## ٢/١ ـ ٤ پەیوەندیو تێکچڕژانی ئاستەکانی زمان:

دانانی سنوورو جیاکردنەوەی ئاستەکان تەنیا بۆ مەبەستی ئاسانی شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زمانە، چونکە هەر سیستەمێك: دەنگی یان ڕێزمانی یان واتایی بێت، هەموویان لە ژێر کاریگەریی سیستەمی گشتیی زماندا کاردەکەنو پەیوەندییەکی بەهێزیش لە نێوانیاندا هەیە[126]. واتە هەریەکە لە سیستەمەکانی زمان بە شێوەیەکی جیاو سەربەخۆ کاردەکەنو سەربەخۆییەکی بەرچاویان هەیە، بەلاَم ئەم سیستەمانە دەچنە نێو یەك سیستەمی گونجاوو گشتی، کە سیستەمی زمانەوانییەو پەیوەندی لە نێوان هەموو ئەو سیستەمانەدا دروستدەکات، سەرەڕای ئەو سەربەخۆییەی کە هەیەتی، لە کاتێکدا بەرامبەر هەر سیستەمێك بە تەنها بوەستین، ئەوە ناگەیەنێت، کە هەر سیستەمێك لە سیستەمەکانی تر جیاوازەو لێکترازاوە، بەڵکو ئەم لێکترازانە تەنها بە مەبەستی لێکۆڵینەوەیە، چونکە لە هەندێ لە دیاردە سینتاکسییەکان تێناگەینو شی ناکرێنەوە، تا لەبەر ڕۆشنایی شیکردنەوەی دەنگیدا نەبێتو لایەنە مۆفۆلۆجییەکانیش لە لایەکەوە بە پێکهاتەی سینتاکسیو لە لایەکی ترەوە بە شیکردنەوەی دەنگییەوە پەیوەستە، هەروەها هەندێك گۆڕانی واتایی دروست نابێت، تا لەبەر ڕۆشنایی لایەنی دەنگیو مۆرفۆلۆجیدا نەبێت[127]. بۆیە ئاستەکانی زمان تێکچڕژاوو بەیەکداچوونو بەئاسانی لێکجیاناکرێنەوە، بەلاَم ئەو

(١٢٣) سەلام ناوخۆشو نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩: ٣٧٩).

(١٢٤) دیتر بونتج (٢٠٠٣: ١٤٢).

(١٢٥) بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٩/١٢/١٤: چاوپێکەوتن).

(١٢٦) نایف خرما (١٩٧٩: ٢٨٤).

(١٢٧) حلیمی خلیل (١٩٨٩: ١٩٤-١٩٥).

هەوڵەی کە بۆ جیاکردنەوەو لێکترازاندنیان دەدرێت، بەمەبەستی ڕێخۆشکردنو ئاسانکردنی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەکانە، ئەگینا هەر ئاستێك یان چاکتر وایە، بڵێین: کەرەستەی هەر ئاستێك بخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، چەند ئاستێکی تر ئامادەی لێکۆڵینەوەکان دەبن[128]. سەبارەت بە بوونی پەیوەندیو تێکچڕژانی نێوان ئاستەکانی زمان، قوتابخانە زمانییەکان ڕای جیاوازیان هەیە:

ڕۆنانکارەکان ئاستەکانی زمان لە یەکتر جیادەکەنەوە، واتە لە یەکتریان دەترازێننو هەر ئاستێك بە جیا لێی دەکۆڵنەوە، بۆ نموونە ئاستی فۆنۆلۆجی بۆ خۆی ئاستێکەو بە جیا لێی دەکۆڵنەوەو پەیوەندیی بە ئاستی مۆرفۆلۆجییەوە نییە، پاشان دەچنە ئاستی مۆرفۆلۆجییەوەو بە جیا لێی دەکۆڵنەوە، دواتر لە ئاستی سینتاکس دەکۆڵنەوەو پەیوەندیی بە ئاستەکانی ترەوە نییە، هەروەها سیمانتیك لە دەرەوەی زمانەو وەکو ئاستێك دانی پێدانانێنو لێی ناکۆڵنەوەو هیچ پەیوەندییەکیان پێوە نییە[129]. بەمەش لە جیاکردنەوەو ترازاندنی ئاستەکانی زماندا بە هەڵەدا چوون[130]. بەڵام ئاستەکانی زمان لای چۆمسکی تێکەڵ بە یەکتر دەبنو کار لەیەکتری دەکەنو پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیەو لەگەڵ یەکدا لێیان دەکۆڵنەوەو سوودیان بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاستەکانی تری زمان هەیەو لە ناو ڕستەدا هەموو ئاستەکانی مۆرفۆلۆجیو فۆنۆلۆجیو سیمانتیکی تێدایە[131]. چونکە بەپێی تیۆری بەرهەمهێنانو گوێزانەوە ئاستی سینتاکس ئاستی بەرهەمهێنانی بنەڕەتییەو ئەم تیۆرەش بە نموونەیەکی تەواو دادەنرێت، کە تیایدا پەیوەندییەکانی نێوان ئاستەکانی زمان نیشاندەدات[132]. بۆیە سنووری نێوان ئاستەکان بەتەواوی دیارنییەو چوونەتە ناویەکەوە، وەکو دەنگەکانی زمان زۆرجار دەکەونە ژێر کارتێکردنی وشەکانەوە، هەروەها دەنگو ڕێژەکان زۆرجار دەکەونە ژێر کارتێکردنی واتاوە، هەروەها ئاڵوگۆڕێکی بەرامبەر یەك لە نێوان وشەسازیو ڕستەسازیدا هەیە[133]. بۆ نموونە تێکچڕژانو تێکەڵبوونی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجیو فۆنۆلۆجی لە ڕێگەی دانەو یەکە زمانییەکانیان (وشە، مۆرفێم، ئەلۆمۆرف، مۆرف، فۆنێم، ئەلۆفۆن، فۆن) بە جێگۆڕکێی مۆرفۆلۆجیو فۆنۆلۆجی ناودەبرێت، کە تێکچڕژانی هەردوو ئاستەکە نیشاندەداتو لە ژێر ناوی (ئاستی مۆرفۆفۆنێم یان مۆرفۆفۆنۆلۆجی) کۆدەبێتەوە[134]. هەروەها چەندین ئاستی تری وەکو (مۆرفۆسینتاکس،

---

(١٢٨) بازيان يونس محى الدين (٢٠٠٨: ٤١).

(١٢٩) بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٩/١٢/١٤: چاوپێکەوتن).

(١٣٠) محەمەد مەعروف فتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٧).

(١٣١) بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٩/١٢/١٤: چاوپێکەوتن).

(١٣٢) ميشال زكريا (١٩٨٠: ٢١٢).

(١٣٣) محمد حسن عبدالعزيز (١٩٨٣: ٢٠٥).

(١٣٤) بازيان يونس محى الدين (٢٠٠٨: ٥٣).

مۆرفۆسیمانتیك[١٣٥]، سیماسینتاکس[١٣٦]،.....تاد) له ئەنجامی بەیەکداچوون‌و تێکچڕژانی دوو ئاستی زماندا پەیدادەبن، یاخود تێکچڕژانی هەر سێ ئاستی فۆنۆلۆجی‌و مۆرفۆلۆجی‌و سینتاکس بە (مۆرفۆفۆنۆسینتاکس)[١٣٧] ناودەبرێت، لێرەدا له چەمکی مۆرفۆسینتاکس‌و لایەنە تیۆرەکەی دەدوێین.

## ٢/١ ـ ٥ مۆرفۆسینتاکس:

پەیوەندییەکی بەهێز له نێوان ئاستەکانی زماندا هەیە، بە جۆرێك سنووری نێوانیان ڕوون نییەو کەرەسەکانیان دەچڕژێنە ناویەك‌و بەئاسانی جیاناکرێنەوە، له ئەنجامی بوونی ئەو پەیوەندییە ئاستەکانی زمان تێکەڵ بە یەکتر دەبن‌و تێکدەچڕژێن، بەمەش چەند ئاستێکی نوێ پەیدادەبن، بۆ نموونە بە تێکچڕژانی ئاستی مۆرفۆلۆجی‌و سینتاکس ئاستی مۆرفۆسینتاکس پەیدادەبێت. واتە مۆرفۆسینتاکس زاراوەیەکی زمانەوانیی هەڵقولاوی بواری مۆرفۆلۆجی‌و سینتاکسە[١٣٨]. چونکە سنووری نێوان وشەسازی‌و ڕستەسازی بە ڕادەیەك تێکچڕژاوە، بەئاسانی له یەکتر جیاناکرێنەوەو دیاریکردنی سنووری نێوانیشیان له پرۆژەیەکی هاوبەشدا یەکدەگرێت، ئەویش پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسییە، له نێوان هەردوو ئاستی وشەسازی‌و ڕستەسازیدا سنووری وشەو مۆرفێمەکان له نێوان ئەم دوو ئاستەدا دەوەستێت[١٣٩]. لێرەدا پێناسەی هەریەکە له مۆرفۆلۆجی‌و سینتاکس‌و دانە پێکهێنەرەکانیان دەکەین:

- مۆرفۆلۆجی: ئاسایی له مۆرفێم دەکۆڵێتەوەو یاساکانی چوونە پاڵ یەکتریان له چوارچێوەی وشەدا لێکدەداتەوە.
- سینتاکس: له لێکدانی مۆرفێم‌و وشە دەکۆڵێتەوە له چوارچێوەی فرێزو ڕستەدا[١٤٠].

مۆرفێم بچووکترین یەکەی هەردوو پێکهاتەکەیە له ڕووی واتا یان ئەرکەوە ـ ئەرکی داڕشتن یان ڕێزمانی[١٤١]. لە کاتێکدا کە مۆرفێم دەبێتە دواپێکهێنەرەکانی ڕستە، لێکدانی مۆرفێمەکان بۆ پێکهێنانی ڕستەی ئاسایی دەبێتە بەشێك لە ڕێزمانی زمانەکە، بەمە مۆرفێم دەچێتە ئاستی ڕستەسازییەوە[١٤٢]. بۆیە مۆرفێم وەك دانەیەکی گشتی بۆ زمان تێکچڕژان لە نێوان هەردوو

---

(١٣٥) بڕوانە: هۆگر مەحمود فەرەج (١٩٨٩: ١٨)و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون.

(١٣٦) بڕوانە: تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨: ٢٥-٢٨)و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون.

(١٣٧) بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨: ١٠٤).

(١٣٨) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ١٤).

(١٣٩) یارا قادر حمد (٢٠٠٨: ٢٩).

(١٤٠) کەوسەر عەزیز ئەحمەد (١٩٩٠: ١٨).

(١٤١) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ١٤).

(١٤٢) کەوسەر عەزیز ئەحمەد (١٩٩٠: ١٢).

ئاستەکەدا دێنێتە ئاراوە، بەهۆی ئەوەی کە دانەی ئاستی مۆرفۆلۆجییەو دەوری لە سینتاکسدا هەیە[143]. کەواتە مۆرفێم یەکەیەکی بنەڕەتییە لە شیکردنەوەدا، لە کاتێکدا بچووکترین بەشە لە بەشەکانی وشەو گرنگییەکی تایبەتی دەدات بەو پەیوەندییانەی کە پێکهاتەکانی ڕستە بە یەکەوە دەبەستێت، بەو پێیەی کە پێکهاتەکانی ڕستە چەند بەشێکن و لە تایبەتمەندییەکانی ڕستە تێناگەین، تەنها لە ڕێگەی ئەو بەشانەی کە ڕستەکەی لێ پێکهاتوە[144]. بڕوانە (١).

(١) ئازاد پارەکەی بۆ دەباتەوە

ئازاد: مۆرفێمی سەربەخۆ (بنکەی سەربەخۆ ـ لێکسیکی)

پارە: مۆرفێمی سەربەخۆ (بنکەی سەربەخۆ ـ لێکسیکی)

کە: مۆرفێمی بەند (گیرەکی وشەگۆڕ)

ی: مۆرفێمی بەند (نووسەك)

بۆ: مۆرفێمی سەربەخۆ (گیرەکی وشەگۆڕ)

دە: مۆرفێمی بەند (گیرەکی وشەگۆڕ)

بە: مۆرفێمی بەند (بنکەی بەند ـ ڕەگ)

ات: مۆرفێمی بەند (نووسەك)

ەوە: مۆرفێمی بەند (گیرەکی وشەداڕێژ)

بە شیکردنەوەی بەشە پێکهێنەرەکانی ئەم ڕستەیە لە زمانی کوردیدا، لە (٩) مۆرف پێکهاتوەو هەریەکە لەو مۆرفانەش مۆرفێمێك دەنوێنێت، تەنها سێ مۆرفی (ئازاد، پارە، بردن) هەڵگری واتای فەرهەنگین، واتە کاتیگۆری فەرهەنگین (ناون). چونکە ئەو وشانەی کە سەر بەم کەتیگۆرییەن، ناوەڕۆکێکی لێکسیکییان هەیە[145]. بەڵام مۆرفەکانی تر ئەرکین، بە تایبەتی نووسەکەکان (کلیتیك)و مۆرفێمە بەندە وشەگۆڕەکان (ڕێزمانییەکان) ئەرکی ڕێکخستنی پەیوەندیی ڕستەیی نێوان کەرەسەکان دەگەیەنن و بە مۆرفۆسینتاکس ناودەبرێن، بۆ ڕوونکردنەوەی چەمك و پێناسەی مۆرفۆسینتاکس، بۆچوونی هەندێ لە زمانەوانەکان دەخەینەڕوو:

١. مۆرفۆسینتاکس: زاراوەیەکی زمانەوانییە، ئاماژەکردنە بۆ کاتیگۆری و تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان، کە بە خستنەڕووی هەردوو پێوەری مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی جێبەجێ دەکرێت[146].

---

(١٤٣) بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨: ٩٧).

(١٤٤) جون لوینز (٢٠٠٩: ٢٠٨).

(145) Radford (1997: 38).
(146) Crystal (1991: 226).

٢. مۆرفۆسینتاکس: لێکۆڵینەوەی کاتیگۆرییە ڕێزمانییەکانە، یان دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی پێوەری ناساندنی مۆرفۆلۆجیو سینتاکسییە[١٤٧].

٣. مۆرفۆسینتاکس: پێوەرێکی پەیڕەوکراوی مۆرفۆلۆجیو سینتاکسییە لە شیکاری زماندا، کە پێکهاتنو ئەرکی وشەکانی ڕستە دەگرێتەوە، ئاسایی پێوەری فۆرمی مۆرفۆلۆجیو سینتاکس لە بەکارهێناندا پێوەرێکی مۆرفۆسینتاکتیکییە[١٤٨].

٤. مۆرفۆسینتاکس: بە ڕووبەری بەیەکگەیشتنی نێوان مۆرفۆلۆجیو سینتاکس دادەنرێت[١٤٩].

٥. مۆرفۆسینتاکس: بریتییە لەو پرۆسانەی زمان، کە نواندنی تایبەتێتی سینتاکسی لە ڕێی کەرەستەی مۆرفۆلۆجییەوە دێننەکایەوە، واتە لە ڕێگەی بوونی مۆرفێمی بەندی وەکو (Flexives) یان کلیتیك[١٥٠].

٦. مۆرفۆسینتاکس: تایبەتمەندیی مۆرفۆسینتاکتیك تایبەتمەندییەکی ڕێزمانییە، واتە مەرجی بوونی هەردوو تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆجیو سینتاکسییە، بۆ نموونە کەیس تایبەتمەندییەکی مۆرفۆسینتاکتیکییە، وەکو جێناوە کەسییەکان کە چەند فۆرمێکی جیاوازی مۆرفۆلۆجییان هەیەو چەند جێکەوتەیەکی جیاوازی سینتاکتیکی پڕدەکەنەوە بەگوێرەی کەیسەکانیان[١٥١].

٧. مۆرفۆسینتاکس: بە پەیوەندییەکی گرنگی نێوان سینتاکسو مۆرفۆلۆجی دەناسرێتەوە[١٥٢].

٨. مۆرفۆسینتاکس: دروستەیەکی ئاڵۆزی لەناویەکدا شکاوەیە، کە بە کرداری ئاڵۆز (چڕ) یان دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکس ناسراوە[١٥٣].

٩. مۆرفۆسینتاکس: هەموو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژییانە دەگرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکتیکیان هەیەو چەمکەکانی ناسراوی، نەناسراوی، ژمارە ـ تاكو کۆ، ڕەگەز، دۆخ، کەس، ئەسپێکت، ...تاد دەگرێتەوەو مۆرفێمە ڕێزمانییە وشەگۆڕەکان دەیاننوێنن. بە واتایەکی تر مۆرفۆسینتاکس پرۆسەیەکە، کە تایبەتێتی سینتاکتیکی وشە فەرهەنگییەکان دەرەخسێنێتو بۆشاییەکانی پێکهاتەی فرێزو ڕستەکان بیرکارییانە لە ڕێی گونجاندنو هاوتابوونی پێکهێنەرەکانیانەوە پڕدەکاتەوەو تێگەیشتن دێنێتە ئاراوە[١٥٤].

---

(147) Crystal (1992: 258).
(148) Richards (1992: 237).
(149) Trask (1993: 176).
(150) Bussman (1996: 316).
(151) Radford (1997: 265).
(152) Van valin (2001: 2).

(١٥٣) محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣٤٢).

(١٥٤) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٢٨).

١٠. چەمکی مۆرفۆسینتاکس هەڵگری هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجیو ئاستی سینتاکس لە نێو ئاستەکانی زماندا دەگەیەنێت، کە زاراوەیەکی زمانییە، پەیوەندیو تێکچڕژانی دوو ئاستی زمان لە یەك ئاستدا کۆدەکاتەوە لە ژێر ناوی ئاستی (مۆرفۆسینتاکس)دا(١٥٥).

١١. مۆرفۆسینتاکس: پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی تێکچڕژاوە، بە بەشداریکردنی مۆرفێمە وشەسازییەکانو مۆرفێمە ڕستەسازییەکان لە پێکهاتەیەکی ڕستەسازیدا، کە بەهۆی پەیوەندییە سینتاکسییەکانەوە بە یەکترەوە بەستراون، ئەم ڕستەیە بە ڕستەیەکی ناوکەوتوو و لەناویەکدا شکاوە ناودەبردرێت(١٥٦).

١٢. مۆرفۆسینتاکس: ئەو ئاستەیە کە لە دەرئەنجامی ئاستەکانی ناوەکیو نواندن بەدەست دێتو دەیگۆڕێت بۆ دروستەیەکی سینتاکتیکی ڕێکخراو لەگەڵ مۆرفۆلۆجیی گونجاودا(١٥٧). بۆیە نوێترین بڵاوکراوەی پوختەی ڕێزمانی ئاخاوتنی ئەرکی پیشانی دەدات، کە ئاستی مۆرفۆسینتاکس هەموو تایبەتمەندیی ستوونی یەکە زمانەوانییەکان کۆدەکاتەوە لەگەڵ گرنگیدان بە دروستەی ڕستەکانو کلۆزەکانو فرێزەکانو هەروەها دروستەی ناوەوەی وشە ئاڵۆزەکاندا(١٥٨).

کەواتە مۆرفۆسینتاکس ئەو ئاستەی زمانە، کە لە ئەنجامی پەیوەندیو تێکچڕژانی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجیو ئاستی سینتاکس پەیدادەبێت. بەوەی هەموو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆجییانە دەگرێتەوە، کە ئەرکیان لە سینتاکسدا هەیەو بە کەتیگۆرییە مۆرفۆسینتاکسییەکان ناودەبرێن(١٥٩). بۆیە مۆرفۆسینتاکس دروستەی فرێزو دروستەی ڕستەی کورتکراوەی تایبەت بە خۆی هەیە.

---

(١٥٥) بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨: ٩٣).

(١٥٦) یارا قادر حمد (٢٠٠٨: ٣٠).

(157) Honorary (2007:241).
(158) Ibid (242).
(159) Trask (1993: 176).

## ١/٢ دروستەی فرێز:

### ١/٢ ـ ١ دروستە:

لەم بەشەدا، باس لە دروستەی سینتاکسی دەکەین، بە وردبوونەوە لە چۆنێتی ڕیزکردنو خستنەتەکیەکی وشەو مۆرفێمەکان بۆ دروستکردنو پێکهێنانی فرێزو ڕستە. واتە چۆنێتی دروستبوونی فرێزو ڕستەکان لە ئەنجامی زنجیرەیەك پرۆسەی ڕیزکردنو خستنەتەکیەکدا دەخەینەڕوو. هەر پرۆسەیەکیش دەبێتە هۆی یەکگرتنی دوو پێکهاتە یان زیاتر بۆ پێکهێنانی پێکهاتەی گەورەتر. ئەم دروستە بەرهەمهاتووانەش دەتوانرێت لە شێوەی هێڵکاریی درەختی بنوێنرێن. ئەو هێڵکارییە درەختانەش بەهۆی یاساکانی دروستەی فرێزەوە دیاریدەکرێن. بۆیە هەر هێڵکارییەکی درەختی بۆ نواندنو نیشاندانی دروستەی سینتاکسی بەکاردەهێنرێت، واتە دروستەی پێکهاتەی ڕستە دەنوێنێت(١٦٠). لێرەدا یاساکانی شیکردنەوەی دروستەی فرێزو ڕستە دەخەینەڕوو.

### ١/٢ ـ ٢ سەرەتایەك دەربارەی دروستەی فرێز:

ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانیی زمانە، کە لە هەر زمانێکدا لە چەند بەشێکی بنجی پێکدێت، هەر دانەیەکی ڕێزمانی بتوانێت دەوری بەشێکی بنجی ڕستە بگێڕێت، فرێزێك پێکدەهێنێت، سادەترین ڕستە لە دوو فرێز پێکدێت(١٦١):

١- فرێزی ناوی.

٢- فرێزی کرداری.

دەکرێت بە یاسایەکی گشتی بنوێنرێت:

| |
|---|
| ڕستە ⟵ فرێزی ناوی + فرێزی کرداری |

....... یاسای ژمارە (١)

دروستەی ڕستە گەورەترین دانەی سینتاکسییە، بۆیە لە شیکردنەوەی تەپۆڵکەیی پێکهێنەکانی زماندا، ڕستە پێکهێنی ڕاستەوخۆی تەپۆڵکەکە دەگرێتو شیدەکرێتەوە بۆ پێکهێنی ناوەندی، کە دروستەی فرێزە، تا دەگاتە دواپێکهێن، کە دروستەی وشەیە. هەریەکە لە دروستەکانی ڕستەو فرێزو وشە پێکهێنی تایبەتی خۆیان هەیەو بەپێی یاسای دروستەکانیان ڕیزدەکرێن، بەم پێیە دروستەی فرێز پێکهێنی ناوەندی دەگرێتو دەکەوێتە نێوان دروستەی ڕستەو دروستەی وشەوە، واتە لە ڕووی دروستەوە لە ڕستە بچووکترە، لەبەرئەوەی دروستەیەکی نزمتر لە ڕستە دەگرێتو لە وشەش گەورەترە، چونکە دروستەیەکی گەورەتر لە وشە دەگرێت. بەمەش فرێز پێکهێنێکی

---

(1) Radford (2004: 84).

(٢) وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ١٩٩).

ناوەندییەو دەکەوێتە نێوان وشەو ڕستەوە[١٦٢]. بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر دروستە هەن، بەم شێوەیەی خوارەوە[١٦٣]:

دروستەی ڕستە        پێکهێنی ڕاستەوخۆ (بەرز)

دروستەی فرێز        پێکهێنی ناوەند

دروستەی وشە        پێکهێنی نزم (دواپێکهێن)

بۆ نموونە لە ڕستەی (ئازاد هات) پێکهێنەکانی ئەم ڕستەیە بە هۆی هێلکارییەکی درەختییەوە دەخەینەڕوو، بڕوانە (١).

(١) ئازاد هاتØ.




ئەم ڕستەیە لە دوو جێکەوتەی سەرەکی پێکهاتوە، کە لە بەشی بکەری‌و بەشی کرداری پێکدێت، جێکەوتەی بەشە بکەرییەکە فرێزێکی ناوییەو جێکەوتەی بەشەکردارییەکەش فرێزێکی کردارییە، واتە هەردوو کەتیگۆریی سینتاکسی (فرێزی ناوی) و (فرێزی کرداری) هەردوو جێکەوتەی بکەرو بەشەکرداریان پڕکردوەتەوە، کەواتە جێکەوتەکانی ڕستە بە یەکێك یان زیاتر لە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی (فرێزی ناوی، فرێزی جێناوی، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی ئاوەڵکرداری، فرێزی پێشناوی، فرێزی ڕادە، فرێزی کرداری) پڕدەکرێنەوە. دروستەی هەریەکە لەم فرێزانەش لە سەرەیەك (head) پێکهاتوە، کە وشەیەکی سەربەخۆیە، واتە مۆرفێمێکی

---

(3) Fattah (1997: 182).

(٤) سوودم لە [حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠: ٢٧)] وەرگرتووە.

سەربەخۆیە[(١٦٤)]. هەموو وشەیەکیش سەر بە کەتیگۆرییەکی فەرهەنگییە، واتە هەمان کەتیگۆریی فەرهەنگی (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، پێشناوەکان، ڕادە، کردار) دەنوێنن، بۆیە فرێزەکان لە سەر بنەمای کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان بونیادنراون، واتە سەرەی هەموو دروستەی فرێزێك پێویستە هەمان دانەی فەرهەنگی بێت. چونکە هەر پرۆژەیەك (فرێزێك) بەپێی سەرە ڕێزمانییەکەی ناودەنرێتو دەناسرێتەوە، سەرەی فرێزێکی ناوی ناوێکەو سەرەی فرێزێکی کرداریش کردارێکەو ...هتد[(١٦٥)]. بۆیە سەرە وشەیەکی سەرەکییە لە فرێزدا[(١٦٦)]. کەواتە هەموو فرێزێك وشەیەکی سەرەی هەیەو لەو کەتیگۆرییە فەرهەنگییەوە وەرگیراوە، کە بناغەکەی پێکدەهێنێت[(١٦٧)]. لێرەدا ئاماژە بە چەند تایبەتییەکی سەرە دەکەین، لەوانە:

١. (سەرە هەڵگری گرنگترین زانیاریی سیمانتیکییە لە فرێزدا.
٢. پۆلی وشەی سەرە پۆلی وشەکە لە ناو فرێزەکەدا دەستنیشاندەکات.
٣. سەرەکان هەمیشە بەخورتین.
٤. سەرە هەمان دابەشبوونی فرێزی هەیە، سەرە کۆی کەرەستە شوێنکەوتووەکانێتی.
٥. سەرەکان کەرەستە شوێنکەوتووەکانی فرێز لە پۆلی وشەی تایبەت هەڵدەبژێرن.
٦. سەرەکان لەگەڵ کەرەستە شوێنکەوتووەکانی خۆیان ڕێکدەکەون لە سەر هەندێ یان هەموو نیشانە ڕێزمانییەکانی هەمان سەرە.
٧. سەرەکان لەوانەیە پێویستیان بەوە هەبێت، کە کەرەستە شوێنکەوتووەکان لە دروستەی فرێزی ناویدا لە دۆخێکی ڕێزمانی تایبەتدا بن)[(١٦٨)].
٨. (سەرە پلەیەکی مۆرفۆسینتاکسی هەیەو هەڵگری نیشانەیەکی ڕێزمانییە، کە بۆ هەموو فرێزەکە دەگەڕێتەوە.
٩. سەرە دەسەلاتی بە سەر کەرەسە شوێنکەوتووەکانی خۆیدا هەیە)[(١٦٩)].
١٠. لە فرێزدا دەتوانرێت کەرەستە لاوەکییەکان لابدرێن، بەبێ ئەوەی کار لە دروستە یان لە واتای فرێزەکە بکەن، بەلام سەرەی فرێز لانادرێت، ئەگەر لاشبدرێت، ئەوا لە دروستەی ژێرەوەدا بوونی دەمێنێت[(١٧٠)]. چونکە سەرەی فرێز ڕەگەزێکی بەخورتییە، بەلام

---

(٥) محەمەد مەعروف فتاح (٢٠٠٩/٧/٢٩: چاوپێکەوتن).

(٦) حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٦: ٢٥).

(7) Leech (2006: 50).
(8) Finich (2000: 113).
(9) Tallerman (1998: 93).

(١٠) سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٧: ١٤)و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون.

(١١) قەیس کاکل تۆفیق (٢٠٠٢: ١٦٠).

کەرەستەکانی تر، کە بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی واتای سەرە بۆی زیاددەکرێت، ڕەگەزی سەرپشکین[١٧١]. بڕوانە (٢).

(٢) ئازاد نان فرە وە دەس خوەد.       (ئازاد نان زۆر بە دەست دەخوات)




یاسا سینتاکسییەکان شێوەی ڕێکخستنی فرێزەکان لە ڕستەدا دیاریدەکەن‌و چۆنێتی پۆلینکردنی فرێزەکانیش دەستنیشاندەکەن[١٧٢]. بۆیە لە شیکردنەوەی پێکهاتەکانی ڕستەدا فرێزی (ناوی، ئاوەڵناوی، کرداری، ....تاد) دیاریدەکرێت، کە شوێنێکی ناوەند لە هەرەمی پێکهێنەکان دەگرن، پاشان کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، .....تاد) دیاریدەکرێت، کە شوێنیان لە شوێنی فرێز نزمترە. واتە ڕستە لە فرێز پێکدێت‌و فرێزیش لە وشەو مۆرفیم[١٧٣]. بۆیە فرێز

(12) Leech (2006: 50).
(13) Fromkin etal (2003: 123).
(14) Fattah (1997: 188).

پێکهێنێکی ناوەندییەو دەکەوێتە نێوان ڕستەو وشەوە، لە ڕووی دروستەوە لە وشە گەورەترەو لە ڕستەش بچووکترە، بەوەی کە لە ڕۆنانێکی تەپۆڵکەییدا شوێنێکی بەرزتر لە وشەو نزمتریش لە ڕستە داگیردەکات، بە واتایەکی تر فرێز لە وشە پێکدێتو ڕستەش لە فرێز[١٧٤]. بۆ شیکردنەوەی دروستەی ڕستەی سادەو چۆنێتی بەرهەمهێنانی لەم شێوەزارەدا، پێویستە بەهۆی سیستەمی یاساکانی دروستەی فرێزەکانەوە لێکبدرێتەوە. چونکە یاساکانی دروستەی فرێز بەوردیو بەکورتی دروستەی زمان دیاریدەکەنو ئاماژە بۆ ڕێکخستنەکانی زمان دەکەن[١٧٥].

## ١/٢ ـ ٣ جۆرەکانی دروستەی فرێز:

### ١/٢ ـ ٣ ـ ١ فرێزی ناوی (Noun phrase):

سادەترین دروستەی فرێزی ناوی لە ناوێك پێکدێت، ئەم ناوە دەبێتە سەرەی فرێزەکە، واتە سەرەی فرێزی ناوی پێکدەهێنێت، هەروەها دەتوانرێت سەرەی فرێزەکەش بە چەند کەرەستەیەکی لاوەکی فراوانبکرێت، ئەم کەرەستانەش لە پێش یان لە پاش سەرەوە دەردەکەون، بەمەش دروستەی فرێزە ناوییەکە فراواندەکەن.

### ١/٢ ـ ٣ ـ ١ ـ ١ دروستەی فرێزی ناوی:

بۆ خستنەڕووی یاساکانی دروستەی فرێزی ناوی، دوو جۆر فرێزی ناوی دەستنیشاندەکەین، ئەمانەن:

### ١/٢ ـ ٣ ـ ١ ـ ١ ـ ١ فرێزی ناویی سادە:

هەموو فرێزێکی ناوی کەرەستەیەکی سەرەکی تێدایە، کە بە ناو ناسراوە. واتە سادەترین فرێزی ناوی لە سەرەیەك پێکدێت، کە دەشێت ناوێك بێت، نیشانەی (+ تایبەتی) هەبێت. ئەو ناوەی دەبێتە بناغەی فرێزی ناویی سادە، بە شێوەیەکی چالاك ناوی تایبەتییە[١٧٦]. بڕوانە (٣).

(٣) ا- ئازاد ئەرا بازاڕ چی. (ئازاد بۆ بازاڕ چوو)

ب- ئەوان بەهار ناسن. (ئەوان بەهار دەناسن)

یان ناوەکە نیشانەی (+ گشتی) هەبێت، بڕوانە (٤).

(٤) ا- پیاو کار لێوا نێکەد. (پیاو کاری وا ناکات) [+ گشتی ، + کۆنکرێت]

ب- شەرم ئەرا ئایەم فرە خاسە. (شەرم بۆ مرۆڤ زۆر چاکە) [ + گشتی ، - کۆنکرێت]

---

(١٥) حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٦: ١٨).

(16) Fromkin etal (2003: 138).

(١٧) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٧).

کەواتە دروستەی فرێزی ناویی سادە لە ناوێکی تایبەتی یان گشتی پێکدێت، بڕوانە یاسای ژمارە (٢).

| فرێزی ناوی ⟵ ناو (+ گشتی) یان (+ تایبەتی) |
|---|

.......یاسای ژمارە (٢)

**١/٢ ـ ٣ ـ ١ ـ ١ ـ ٢ فرێزی ناویی فراوان:**

سەرەی فرێزی ناوی لە ناوێکی سادە پێکدێت، دەتوانین ئەم سەرەیە بە چەند یەکەیەکی ڕێزمانی (مۆرفیم، فرێز، ڕستە .....) فراوانبکەین. لەم فراوانکردنەدا سەرە بنەڕەتەو هەموو خستنەسەرێك بۆ سەرە دەگەڕێتەوە، دەربارەی دیاریکردنو ناسینەوەی سەرەش لە دروستەی فرێزدا، ئەوا بەهۆی ئەو پەیوەندییە گرنگەوەیە، کە سەرە دروستی دەکات لەگەڵ پێکهێنەکانی دیکەیدا(١٧٧). بۆ ئەوەی دروستەکانی فرێزی ناوی لەم شێوەزارەدا دەستنیشانبکەینو یاساکانیان دابڕێژین، بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر دروستەی فرێزی ناویی فراوان جیادەکەینەوە، کە هەریەکەیان دروستەو فۆرمی جیاوازیان هەیە، ئەویش دروستەی ناوەوەی فرێزی ناویو دروستەی دەرەوەی فرێزی ناوییە.

**١/٢ ـ ٣ ـ ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ١ دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوی:**

مەبەست لە دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوی، بەشداریکردنی ئەو مۆرفێمانەیە، کە لە پێکهاتنی فرێزەکەدا تایبەتن بە ناوەوەو ئەرکی دیاریکەر دەبینن‌و دەچنە پاش ناوەکەوە(١٧٨). واتە دیاریکەرەکان هەمیشە لەگەڵ ناودا بەکاردەهێنرێن(١٧٩). وەکو مۆرفێمەکانی (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ، خاوەنێتی، ....تاد). ئەمانە سەرەکیترین جۆری ئارتیکڵەکانن، کە دەستەیەکی دیاریکەریی ناسراوییو نەناسراویی کەتەگۆریی ناون، واتە ئارتیکڵەکان پێکهێنەری دروستەی فرێزی ناوین‌و لە ناو فرێزی ناوییدان(١٨٠). بڕوانە (٥).

(٥) ا- کوڕ + ەگە = کوڕەگە (نیشانەی ناسراوی)

ب- کوڕ + یگ = کوڕیگ (نیشانەی نەناسراوی)

پ- کوڕ + ەیل = کوڕەیل (نیشانەی کۆ)

ت- کوڕ + ەگە + ان = کوڕەگان (نیشانەی ناسراوی + نیشانەی کۆ)

ج- کوڕ + ەگە + ان + م = کوڕەگانم (نیشانەی ناسراوی + نیشانەی کۆ + خاوەنێتی)

---

(١٨) دیار عەلی کەمال (٢٠٠٢: ٤٣).

(١٩) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٨).

(20) Tallerman (1998: 37).

(٢١) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥: ١٠).

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ ناو + دیاریکەر |

.......یاسای ژمارە (٣)

لە نموونەکانی (٥- ا ب پ ت ج)دا مۆرفێمەکانی (/- ەگە/، /- یگ/، /- ەیل/، /- ەگان/، /- م/) دەچنە سەر ناوی (کوڕ)و حاڵەتەکانی ناسراوی‌و نەناسراوی‌و کۆو ناسراوی کۆو خاوەنێتی نیشاندەدەن. بە مەرجێ ناوەکە هەڵگری نیشانەی (+ گشتی)و (+ کۆنکرێت)و (+ ژمێردراو) بێت[١٨١]. بەڵام ناوی تایبەتی هەڵگری نیشانەی (+ تاك)و (+ ناسراوی)و (+ کۆنکرێت)ن، بۆیە ئەم مۆرفێمانە وەرناگرێت[١٨٢]، بڕوانە (٦).

(٦) ا-*ئازادەگە هات. (ئازادەکە هات)

ب-*ئازادیگ هات. (ئازادێك هات)

پ-*ئازادەیل هاتن. (ئازادان هاتن)

ت-*ئازادەگان هاتن. (ئازادەکان هاتن)

ج-*ئازادم هات. (ئازادم هات)

لەبەرئەوەی ئەم مۆرفێمانە وەکو کەرەستەیەکی کەتیگۆریی مۆرفۆسینتاکسی تایبەتن بە دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوی، لە تەوەری یەکەمی بەشی سێیەمدا بە فراوانی لەم مۆرفێمانەو ئەلۆمۆرفەکانیان‌و بەشداریکردنیان لە دروستەی فرێزی ناویدا دەخەینەڕوو.

## ١/٢-٣-١-١-٢-٢ دروستەی دەرەوەی فرێزی ناوی:

مەبەست لە دروستەی دەرەوەی فرێزی ناوی فراوانکردنی سەرەی فرێزێکی ناوییە، کە بەهۆی دیارخەرەکانی پێشەوە (Specifier)و دیارخەرەکانی دواوە (Modifier) فراواندەکرێت، واتە سەرەی فرێزە ناوییەکە لە لای ڕاست‌و چەپەوە فراواندەکەن[١٨٣]. کە هەریەکەیان دەتوانرێت بەهۆی چەند دانەیەکی ڕێزمانیی فراوانەوە بنوێنرێت[١٨٤].

### ١/٢-٣-١-١-٢-٢-١ دیارخەرەکانی پێش سەرە:

کۆمەڵێك کەرەستە هەن، دەکەونە پێش سەرەی فرێزی ناوی‌و بەبێ یاریدەی مۆرفێمی خستنەپاڵ لەگەڵ ناوەکەدا لێکدەدرێن‌و ئەرکی دیارخەر دەبینن، دیارخەرەکانی پێش سەرە ئەمانەن:

---

(٢٢) سەرچاوەی پێشوو (١٧).

(٢٣) لە چوارچێوەی باری تایبەتیدا، دەشێت هەندێ لەم مۆرفێمانە لەگەڵ ناوی تایبەتیدا دەربکەون، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: [محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٨)]

(٢٤) حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠: ٤٠).

(٢٥) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٨).

١- مۆرفێمی دەرهاویشتن (هەر، تەنیا)، بڕوانە (٧).

(٧) ا- هەر کتاوەگە بار. (هەر کتێبەکە بهێنە)

ب- تەنیا ئازاد ناسم. (تەنیا ئازاد دەناسم)

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ مۆرفێمی دەرهاویشتن + ناو |

.......یاسای ژمارە (٤)

٢- وشەی نیشانە، بڕوانە (٨).

(٨) ا- ئەی کوڕە شوباگەگە شکان. (ئەم کوڕە پەنجەرەکەی شکاند)

ب- ئەو پیاوە ناسیم. (ئەو پیاوەم ناسی)

پ- ئەی دوێتەیلە فرە خاسن. (ئەم کچانە زۆر چاکن)

ت- ئەو کتاوەیلە سەنم. (ئەو کتێبانە دەکڕم)

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ وشەی نیشانە + ناو |

.......یاسای ژمارە (٥)

لە نموونەکانی (٨- ا ب پ ت)دا ناوەکانی (کوڕ، پیاو، دوێت، کتاو) بەهۆی وشەکانی نیشانەوە دەستنیشانکراون و ئەرکی دیارخەری پێشەوەی فرێزی ناوی دەبینن، لێرەدا وشەکانی نیشانە لەم شێوەزارەدا دەخەینەڕوو:

| | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| نزیك | ئەی .........ە | ئەی ....... ەیلە |
| دوور | ئەو .........ە | ئەو ....... ەیلە |

**خشتەی ژمارە (١)**

هەندێ جار سەرەی فرێزە ناوییەکە واتە دیارخراوەکە لەو جۆرە دروستانەدا لە دروستەی ڕووکەشدا دەرناکەوێت. چونکە قسەکەر هەمیشە هەوڵدەدات، لە قسەکردندا ئابووری بکات، واتە بە کەمترین وزە مەبەستەکەی دەرببڕدرێت(١٨٥). لەبەرئەوە ئەگەر بە تەنیاش بەکاربێن، لە دروستەی قووڵیاندا ناوێك هەیە(١٨٦). بڕوانە (٩).

(٩) ا- ئەیە/یە شوباگەگە شکان. (ئەمە پەنجەرەکەی شکاند)

ب- ئەوە ناسیم. (ئەوەم ناسی)

پ- ئەیانە/یانە فرە خاسن. (ئەمانە زۆر چاکن)

ت- ئەوانە سەنم. (ئەوانە دەکڕم)

(٢٦) فاروق عومەر صدیق (٢٠٠٩/١٢/١٤: چاوپێکەوتن).

(٢٧) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥: ١٤).

کەواتە فۆرمی ئەم وشانە لە دروستەی ڕووکەشدا بەم شێوەیە دەنوێنرێت:

| | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| نزیك | ئەیە/یە | ئەیانە/یانە |
| دوور | ئەوە | ئەوانە |

**خشتەی ژمارە (٢)**

٣- ژمارە (بنجی، پلەیی، کەرتی)، بڕوانە (١٠).

(١٠) ا- پەنج پیاو هاتن. (پێنج پیاو هاتن)

ب- چوارەم خانی ماڵ ئیوەس. (چوارەم خانوو ماڵی ئێوەیە)

پ- چوارکوت زەوییەگە کاڵیم. (چواریەکی زەوییەکەم کێلاَ)

ت- نیمەی خانییەگە تەواوکردمە. (نیوەی خانووەکەم تەواوکردووە)

| فرێزی نـاوی ⟵ ژمارە + م.خ (- ، ی) + نـاو | .......یاسای ژمارە (٦) |
|---|---|

لـە نموونـەکانی (١٠- ا ب پ ت)دا ژمـارەی (پـەنج، چـوارەم، چـوارکوت، نیمـە) وەکـو دیارخـەری پێشـەوەی فرێـزی نـاوی دەردەکـەون، لـە (١٠- ا ب)دا بـەبێ یاریـدەی مـۆرفێمی خسـتنەپاڵی (ی) لـە پـێش سـەرەی فرێزەکـەوە دێـن، بـەڵام لـە (١٠- پ ت)دا ژمـارە کەرتییـەکان بـە یاریـدەی مـۆرفێمی خستنەپاڵی (ی) لە پێش ناوەکەوە دێن.

٤- مۆرفێمی پرس (کام، چەن، چە، .....)، بڕوانە (١١).

(١١) ا- کام ئازاد قەومتانە؟ (کام ئازاد خزمتانە؟)

ب- چە کتاویگ خوەنیدەو؟ (چ کتێبێك دەخوێنیتەوە؟)

پ- چەن دینار توایدِ؟ (چەند دینارت دەوێ؟)

| فرێزی نـاوی ⟵ مۆرفێمی پرس + نـاو | .......یاسای ژمارە (٧) |
|---|---|

٥- فرێزی ڕادە (فرە، کەم، چەن، گشت، هویچ، .....)، بڕوانە (١٢).

(١٢) ا- چەن کوڕیگ هاتن. (چەند کوڕێك هاتن)

ب- گشت ئاوەگە ڕشیا. (هەموو ئاوەکە ڕژا)

پ- فرە کەس ناسم. (زۆر کەس دەناسم)

ت- مناڵەگە هویچ نان نێخوەد. (مناڵەکە هیچ نان ناخوات)

| فرێزی نـاوی ⟵ فرێزی ڕادە + نـاو | .......یاسای ژمارە (٨) |
|---|---|

٦- فرێزی ئاوەڵناوی (ئاوەڵناوی پلەی باڵا)، بڕوانە (١٣).

(١٣) ا- جوانترین دوێت هات. (جوانترین کچ هات)

ب- خاسترین ماموسا دەرس ئویشدەپیمان. (چاکترین مامۆستا وانەمان پێدەڵێتەوە)

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی + ناو |

.......یاسای ژمارە (٩)

٧- بریناو (بدل)، وەك (ماموسا، وەستا، دوختەر، کاك، خاڵو، میمگ، مەلا، سەید، ....)، بڕوانە (١٤).

(١٤) ا- ماموسا محەمەد فرە شاترە. (مامۆستا محەمەد زۆر زیرەکە)

ب- وەستا عەلی خانییەگە ئەرامان دروسکردیە. (وەستا عەلی خانووەکەی بۆ دروستکردووین)

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ بریناو + ناو |

.......یاسای ژمارە (١٠)

٨- ناوی ئاوەڵکرداری (بان، ژیر، بن، بەلە، دوا، وەراوەر، قەی، .....)، بڕوانە (١٥).

(١٥) ا- وەراوەر ئازاد نیشتمە. (بەرامبەر ئازاد دانیشتووم)

ب- خانییەگەی قەی ماڵمان ڕمیاس. (خانووەکەی تەنیشت ماڵمان ڕووخاوە)

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ ناوی ئاوەڵکرداری + ناو |

.......یاسای ژمارە (١١)

٩- فرێزی ناوی، کە لە ژمارەو ناوێك پێکدێتو چەمکی ڕادە دەگەیەنێت، بڕوانە (١٦).

(١٦) ا- دوو تەنەکە ئاو هەلگرم. (دوو تەنەکە ئاو هەڵدەگرم)

ب- دە پارچە قوماش سەندن. (دە پارچە قوماشیان کڕی)

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ فرێزی ناوی (ژمارە + ناو) + ناو (سەرە) |

.......یاسای ژمارە (١٢)

یان ئەو ناوانەی کە لە (ناوی پێوانە + یگ) پێکهاتونو دەبن بە یەکەی پێوانەو شتیان پێدەپێورێتو ئەرکی دیارخەری پێشەوەی سەرەی فرێزی ناوی دەبینن، وەك (قاپیگ، قومیگ، کوتیگ، قوشقانەیەگ، باوشیگ، .....تاد)، بڕوانە (١٧).

(١٧) ا- توزیگ ئاش خواردم. (هەندێك چێشتم خوارد)

ب- قوشقانەیەگ دۆڵمە ئەرا نیمەڕو نامەبان. (مەنجەڵێك یاپراخم بۆ نیوەڕۆ لێنا)

پ- کوتیگ شامی هاوردم. (پارچەیەك شوتیم هێنا)

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ فرێزی ڕادە (ناوی پێوانە+یگ) + ناو (سەرە) |

......یاسای ژمارە (١٣)

لە نموونەکانی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، بە گشتی کەرەسەکانی پێش سەرەی فرێزی ناوی دەچنە سەر ناوی گشتی، بڕوانە (٧- ا) (٨) (١٠) (١١) (١٢) (١٣) (١٥- ب) (١٦) (١٧)، هەروەها مۆرفێمی

دەرهاویشتن‌و مۆرفێمی پرسی (کام)و ناوی ئاوەڵکرداری لەگەڵ ناوی تایبەتیشدا بەکاردێن، بڕوانە (٧- ب) (١١- ا) (١٦- ا)، تەنها بریناو نەبێت، کە لەگەڵ ناوی تایبەتیدا بەکاردێت، بڕوانە (١٤).
دەتوانین هەموو دیارخەرەکانی پێش سەرە، کە بەشداری لە فراوانکردنی فرێزی ناوی دەکەن، لەم یاسایەدا بخەینەڕوو:

| فرێزی ناوی ⟵ دیارخەرەکانی پێش سەرە + نـاو (سەرە) |
|---|

......یاسای ژمارە (١٤)

دەشێت دوو یان زیاتر لەم دیارخەرانە لە پێش سەرەی فرێزەکەوە دەربکەون‌و بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی ڕیزدەکرێن‌و دەخرێنە تەکیەك، بڕوانە (١٨).

(١٨) ا- پەنج دەفتەر سەندم. (پێنج دەفتەرم کڕی)
ب- تەنیا پەنج دەفتەر سەندم. (تەنیا پێنج دەفتەرم کڕی)
پ- هەر تەنیا پەنج دەفتەر سەندم. (هەر تەنیا پێنج دەفتەرم کڕی)
ت- هەر تەنیا ئەی پەنج دەفتەرە سەندم. (هەر تەنیا ئەم پێنج دەفتەرەم کڕی)

سەرەو ڕیزبوونی ئەم دیارخراوانە بەپێی ئاخاوتنی ئاخێوەرو یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی ڕێگەپێدراون، بەڵام نموونەکانی (١٩- ا ب پ) ڕێگەپێنەدراون، چونکە مۆرفیمی (هەر ، تەنیا) لە پاش ژمارەوە نایەت، یان ژمارە لە پێش وشەی نیشانەوە نایەت، بەڵام ئەگەر پێشناوی (لە) کەوتە پێش وشە نیشانەکەوە، ئەوکاتە ژمارە دێت، بڕوانە (١٩- ت).

(١٩) ا-*پەنج تەنیا دەفتەر سەندم. (پێنج تەنیا دەفتەرم کڕی)
ب-*هەر تەنیا پەنج ئەی دەفتەرە سەندم. (هەر تەنیا پێنج ئەم دەفتەرەم کڕی)
پ-*پەنج هەر ئەی دەفتەرە سەندم. (پێنج هەر ئەم دەفتەرەم کڕی)
ت- هەر تەنیا پەنج لەی دەفتەرەیلە سەندم. (هەر تەنیا پێنج لەم دەفتەرانەم کڕی)

### ٢/١-٣-١-١-٢-٢-٢ دیارخەرەکانی پاش سەرە:

مەبەست لەو کەرەستانەیە، کە دەتوانن وەك دیارخەری دواوەی سەرەی فرێزی ناوی بە یاریدەی مۆرفێمی خستنەپاڵی (ی ، ە) دەربکەون، ئەو پێوەندییە ڕێزمانییەی لە نێوان سەرەو پاش سەرەدا دروستدەبێت، پێوەندییەکی شوێنکەوتووییە، چونکە پاش سەرەکان دیارخەرن بۆ سەرە، کە دیارخراوە، ئەو فرێزەی لەو دروستەیەوە بەرهەمدێت، فرێزی خستنەپاڵن(١٨٧). واتە ئەم کۆمەڵە دیارخەرە بەهۆی مۆرفێمەکانی خستنەپاڵ لەگەڵ ناوی سەرەدا لێکدەدرێن‌و بەهۆی کۆمەڵێك سیفەتی واتایی جیاوازەوە پەیوەندیی نێوان سەرەو دیارخەرەکانی پیشاندەدەن، وەك (خاوەنێتی،

---

(٢٨) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ١٠-١١).

شوێن، وەسف، .....تاد)[١٨٨]. لێرەدا کەرەستە ڕێزمانییەکانی پاش سەرە نیشاندەدەین، پاشان یاساکانی دروستەی هەریەکەیان دادەڕێژین، دیارخەرەکانی پاش سەرە بریتین لەم کەرەستانەی لای خوارەوە:

١- فرێزی ناوی، بڕوانە (٢٠).

(٢٠) ا- دوێت[١٨٩] پیاوەگە دیم. (کچی پیاوەکەم بینی)

ب- ئازاد ڕەفیقم شاتڕبی. (ئازادی هاوڕێم زیرەکبوو)

پ- غورفەی خەفتنەگە بویچگە. (ژووری نووستنەکە بچووکە)

ت- عەباس حوسێن وەلی[١٩٠] چڕم. (عەباس حوسێن وەلی بانگدەکەم)

| فرێزی ناوی ⟵ ناو (سەرە) + م.خ (ی ، Ø) + فرێزی نـاوی |
|---|

......یاسای ژمارە (١٥)

لە نموونەکانی (٢٠- ا ب پ)دا، ئەو ناوانەی بە (ی) لێکدەدرێن، پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا لە سەر بناغەی هەییە (possessive)[١٩١]. بۆیە ئەم دروستانە بە دروستەی خستنەپاڵی خاوەنداریێتی ناودەبرێن[١٩٢].

٢- فرێزی جێناوی، بڕوانە (٢١).

(٢١) ا- دوێتەگەی ئەو وەیەکەم دەرچی. (کچەکەی ئەو بەیەکەم دەرچوو)

ب- دالگ ئیمە خەفتیە. (دایکی ئێمە نوستوە)

| فرێزی ناوی ⟵ ناو + م.خ (ی) + فرێزی جێناوی |
|---|

.......یاسای ژمارە (١٦)

٣- فرێزی ئاوەڵناوی (ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو ، بەراورد)، بڕوانە (٢٢).

(٢٢) ا- دوێتیگ جوان دیم. (کچێکی جوانم بینی)

ب- دوێتە جوانەگە دیم. (کچە جوانەکەم بینی)

پ- دوێتیگ جوانتر لە نەسرین دیم. (کچێکی جوانتر لە نەسرینم بینی)

---

(٢٩) عبدالقادر الفاسي الفهري (١٩٨٢: ١٥٨).

(٣٠) شایانی باسە لە شێوەی ئاخاوتنی خانەقیو مەندەلیدا، هەر وشەیەك کۆتایی (ا) یان (ە) نەبێت، (ی)ی خستنەپاڵ لەگەڵ ئەو وشەدا بەکارناهێنرێت، ناڵێن (ماڵی ئازاد) یاخود (لەشکری عیراق)، بەڵکو دەڵێن (ماڵ ئازاد، لەشکر عیراق)، بەڵام ئەگەر کۆتایی هەر وشەیەك (ا ، ە) بێت، (ی)ی خستنەپاڵ بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە (سوپای عیراق، مەشکەی دۆ) سوپاو مەشکە بەتێکڕایی کۆتاییان (ا ، ە) یە، بڕوانە: [عەبدولوحسن بەنی وەیس، بەراوردکردنێکی سەرپێی نێوان زاری کرمانجیی خواروو و زاری خانەقی، ل(١٤٣)].

(٣١) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی فراوانکردنی سەرەی فرێزی ناوی (ناوی تایبەتی) بە ناوی تایبەتی، بڕوانە: [محەمەد فاروق عومەر صدیق (١٩٩٠: ٣٠)].

(٣٢) وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ١٤٢).

(٣٣) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ١١).

ت- ئەوان وەستای خاس ناسن. (ئەوان وەستای چاك دەناسن)

| فرێزی ناوی ⟵ ناو + م.خ (ی ، ە) + فرێزی ئاوەڵناوی |
|---|

.......یاسای ژمارە (١٧)

٤- فرێزی ڕادە (فرە، کەم، .....)[١٩٣]، بڕوانە (٢٣).

(٢٣) ا- کارزان ئاو فرە خوەدەو. (کارزان ئاوی زۆر دەخواتەوە)

ب- ئاوە فرەگە ڕشیا. (ئاوە زۆرەکە ڕژا)

پ- پیاوەگە پارەی کەم هاوردیە. (پیاوەکە پارەی کەمی هێناوە)

ت- پارەیەگ فرە کەم وە ئیمە دەن. (پارەیەکی زۆر کەم بە ئێمە دەدەن)

| فرێزی ناوی ⟵ ناو + م.خ (ی ، ە) + فرێزی ڕادە |
|---|

.......یاسای ژمارە (١٨)

٥- ژمارە (پلەیی)، بڕوانە (٢٤).

(٢٤) ا- تەلەبەی دووەم باباد. (خوێندکاری دووەم بابێت)

ب- خانی پەنجەم ماڵ ئیمەس. (خانووی پێنجەم ماڵی ئێمەیە)

پ- دوێتە یەکەمەگە هات. (کچە یەکەمەکە هات)

| فرێزی ناوی ⟵ ناو + م.خ (ی ، ە) + ژمارەی پلەیی |
|---|

.......یاسای ژمارە (١٩)

٦- فرێزی پێشناوی، بڕوانە (٢٥).

(٢٥) ا- کتاویگ لە کتاوەگان ئەرات تیرم. (کتێبێك لە کتێبەکانت بۆ دەهێنم)

ب- کەموتریگ لە کەموترەگان باڵەوگرت. (کۆترێك لە کۆترەکان هەڵفڕی)

| فرێزی ناوی ⟵ ناو + ئا.خ (ی ، Ø) + فرێزی پێشناوی |
|---|

......یاسای ژمارە (٢٠)

٧- فرێزی ئاوەڵکرداری، بڕوانە (٢٦).

(٢٦) ا- دوێتەگەی وەر قاپێگە ناسم. (کچەکەی بەردەرگاکە دەناسم)

ب- مەحەلەگەی قەی ماڵمان باریکە. (کۆڵانەکەی تەنیشت ماڵمان تەسکە)

پ- شەوەکی زوی چم ئەرا کار. (بەیانی زوو دەچم بۆ ئیش)

ت- سوو دیر تێمەو. (سبەینێ درەنگ دێمەوە)

| فرێزی ناوی ⟵ ناو + م.خ (ی ، -) + فرێزی ئاوەڵکرداری |
|---|

......یاسای ژمارە (٢١)

---

(٣٤ ) هەرچەندە چیا عەلی مستەفا ڕای وایە، کە وشەکانی ڕادە تەنیا وەك دیارخەری پێشەوەی سەرەی فرێزی ناوی دەردەکەون، بڕوانە: [ چیا عەلی مستەفا (٢٠٠٨: ٥١-٥٦)].

٨- نازناو (لەقەب) وەك (خانەقینی، پاشا، بەگ، قەساو، ئەرکەوازی ....تاد)، بڕوانە (٢٧).

(٢٧) ا- مەجید قەساو ئەراماڵمان هاتیە. (مەجیدی قەساب بۆ ماڵمان هاتوە)

ب- باوگم چی ئەرا لای سەلیم بەگ. (باوکم چوو بۆ لای سەلیم بەگ)

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ ناو + نازناو |

.......یاسای ژمارە (٢٢)

٩- مۆرفێمی پرس (کـی، چوین)، بڕوانە (٢٨).

(٢٨) ا- کوڕ کـێ هات؟ (کوڕی کـێ هات؟)

ب- قەڵەمیگ چوین سەندید؟ (قەڵەمێکی چۆنت کڕی؟)

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ ناو + م.خ (ی) + مۆرفێمی پـرس |

.......یاسای ژمارە (٢٣)

١٠- وشەی (لێوا)، بڕوانە (٢٩).

(٢٩) ا- دوێت لێوا نەدیمە. (کچی وام نەبینیوە)

ب- کتاو لێوا هاوردمە، فرە موهیمە. (کتێبی وەهام هێناوە، زۆر گرنگە)

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ ناو + م.خ (ی) + وشەی (لێوا) |

.......یاسای ژمارە (٢٤)

١١- وشەی (تر)، بڕوانە (٣٠).

(٣٠) ا- پیاویگ تر هات. (پیاوێکی تر هات)

ب- چایگ تر ئەرام بار. (چایەکی ترم بۆ بهێنە)

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ ناو + م.خ (ی) + وشەی (تـر) |

.......یاسای ژمارە (٢٥)

١٢- ڕستەی شوێنکەوتوو، بڕوانە (٣١).

(٣١) ا- ئەو کوڕە، کتاوگە برد، برامە. (ئەو کوڕەی، کە کتێبەکەی برد، برامە)

ب- ئازاد، دوێکە هات ئەرا ئەیلا، کوڕ میمگمە. (ئازاد، کە دوێنی هات بۆ ئێرە، کوڕی پورمە)

پ- ئەو دوێتە، یەکەم بی، ناوی چەس؟ (ئەو کچە، کە یەکەم بوو، ناوی چییە؟)

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ ناو + ڕستەی شوێنکەوتوو |

.......یاسای ژمارە (٢٦)

دەتوانین هەموو دیارخەرەکانی پاش سەرە، کە بەشداری لە فراوانکردنی دروستەی فرێزی ناوی دەکەن، لەم یاسایەدا بخەینەڕوو:

| |
|---|
| فرێزی ناوی ⟵ ناو + م.خ (ی ، ە) + دیارخەرەکانی پاش سەرە |

.......یاسای ژمارە (٢٧)

دەشـێت لـە فراوانکردنـی دروسـتەی فرێـزی ناویـدا هەنـدێ لـە دیارخـەرەکانی پـێش سـەرەو دیارخەرەکانی پاش سەرە پێکەوە دروستەیەکی فراوانتر بەرهەمبهێنن، بڕوانە (٣٢).

(٣٢) تەنیا ئەو دوو دوێتە جوانە، دوێکە دیمنەیان، ئەرا ئەیلا هاتنە.

(تەنیا ئەو دوو کچە جوانەی، کە دوێنی بینیمان، بۆ ئێرە هاتون)

دەکرێت بە یاسایەکی گشتی دروستەی فرێزی ناوی لە شێوەزاری خانەقیدا بەم یاسایە بنوێنرێت:

| | |
|---|---|
| فرێزی ناوی ⬅ دیارخەرەکانی + ناو (سەرە) + مۆرفێمی + دیارخەرەکانی<br>پێش سەرە خستنەپاڵ پاش سەرە | ........ (٢٨) |

هـەروەها بەرهـەمی دروسـتەی فرێـزی نـاوی (سـادە، فـراوان) دەتوانرێـت بـە سـوودوەرگرتن لـە پێوەندیی هاوپێوەندیی بە فرێزی هاوشانی خۆیەوە ببەسترێت، بـە واتایـەکی ڕوونـتر فرێـزی نـاوی لە ڕێی مۆرفیمی بەستنی (و)ەوە بە فرێـزی نـاویی تـرەوە دەبەسـترێت، کـە هەریـەك لـەم فرێزانـە ئەرکی سەرە دەبینن‌و هەر لەو ئاستی پێوەندییەدان[١٩٤]. ئەم دروسـتەیە دروسـتەیەکی هاوپێوەنـدە (Coordinate Structure)، دروسـتەی هاوپێوەنـدیش لـە ئـەنجامی یـەکگرتنی دوو دروسـتەیە، کە سەر بە هەمان کەتیگۆرین‌و بـە مـۆرفێمی لێکـدەر (Conjection) پێکەوەبەسـتراون[١٩٥]. واتـە دەتوانرێت ژمارەیەکی بێکۆتـایی فرێـزە ناوییـەکان دووبارەبکرێنـەوەو هەریەکـەیان سـەرەکین‌و لـە بـەجێهێنانی ئـەرکی ڕێزمـانی‌و ئـەو ڕۆڵـە واتاییـەی کـە کـردار بـۆی دیاریکردون، بەشداریدەکەن، بڕوانە (٣٣).

(٣٣) ا- کوڕەگەو دوێتەگەو ئازاد نان خوەن. (کوڕەکەو کچەکەو ئازاد نان دەخۆن)

ب- ئازاد کوڕ مام عەلی‌و دوێتەگەی وەستا محەمەد هاتن. (ئازادی کوڕی مام عەلی‌و کچەکەی وەستا محەمەد هاتن)

پ- ئەی دوو کوڕەو ئەو دوێتە کارکەن. (ئەم دوو کوڕەو ئەو کچە ئیشدەکەن)

| | |
|---|---|
| فرێزی ناوی ⬅ فرێزی ناوی + و + فرێزی ناوی + و + فرێزی ناوی + ... | ....... (٢٩) |

لـە نموونــەکانی (٣٣- ا ب پ)دا دوو فرێـزی نـاوی یـان زیـاتر بـەهۆی مـۆرفێمی بەسـتنەوەی (و) لێکـدراون‌و بەشـداری لـە ڕوودانـی کردارەکـەدا دەکـەن، بـەپێی ئـەو ئەرکـەی لـە نـاو چوارچـێوەی ڕستەکەدا پێیان سپێردراوە. ئەم جۆرە دروستانەش بە فرێز دەژمێردرێن، بەڵام پەیوەنـدیی نێـوان کەرتـەکانی دیارخـەرو دیـارخراو نییـە[١٩٦]. هـەر بۆیـە فرێزەکـە ناتوانێـت دەسـەڵات بـە سـەر

---

(٣٥) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ١٢).

(36) Fromkin etal (2003: 147).

(٣٧) حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠: ٥٦).

کەرتەکانیـدا دابەشـبکات، بـەڵکو کەرتـەکان خۆیـان لـە نێـوان خۆیانـدا دەسـەڵات دابەشـدەکەن[١٩٧]. بەمەش مۆرفیمی (و) هیچ دۆخێکی ڕێزمانی بە لای چەپ یان بـە لای ڕاسـتدا نـادات و تـەنیا ڕۆڵـی خستنەتەکیەکی فرێزەکان دەبینێت[١٩٨].

## ١/٢ـ ٣ـ ٢ فرێزی جێناوی (pronoun phrase):

ئەوەی تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەو سەرچاوە کوردیو بیانییەکاندا بەرچاودەکەوێت. ئەوەیە کە سادەترین فرێزی ناوی لە ناوێك یان جێناوێك پێکدێت[١٩٩]. واتە جێناو لە ڕستەدا شوێنی ناوێك یان فرێزێکی ناوی دەگرێتەوە[٢٠٠]. بۆیە جێناو وەکو ناو لەو کەرەستانەیە، کە ڕۆڵێکی دیارو چالاك لە سینتاکسدا دەبینێت. هەروەها دەتوانێت ئەرکی فرێزی ناوی وەکو بکەر یان بەرکار .... لە ڕستەدا ببینێت[٢٠١]. واتە هەموو ئەرکە سینتاکسییەکانی ناو دەبینێتو لە هەمان جێکەوتەی فرێزی ناویدا دەردەکەوێت، بەڵام فرێزی ناوی لە ڕووی دروستەو ئەرك‌و فراوانکردنو فەرهەنگ‌و لێکدانو ....تاد لە فرێزی جێناوی جیاوازە، بۆیە جێناوەکان وەکو دانەیەکی فەرهەنگی دەبنە سەرەی فرێزی جێناوی، واتە سادەترین دروستەی فرێزی جێناوی لە جێناوێك پێکدێتو لە ڕستەدا هەموو ئەرکە سینتاکسییەکانیش دەبینێت، بۆیە بە کەتیگۆرییەکی سینتاکسی ناوی دەبەین. هەرچەندە جێناو بە ژمارە گروپێکی بچووکە، بەڵام لە ئاخاوتندا ئەرکێکی گەڵێ گرنگ‌و گەورە دەبینێت، لەبەرئەوە زۆر بەکاردەهێنرێت، لە زۆریی بەکارهێنانـدا جێناو لە نێو وشەکانی بەشە ئاخاوتنەکانی زماندا لە پلەی یەکەمدا دێت، ئەو زۆر بەکارهێنانەشی بە تایبەتێتی زۆری ڕێزمانییەوە بەستراوە[٢٠٢]. بڕوانە (٣٤).

| | |
|---|---|
| (٣٤) ا- <u>من</u> ترسیام. | (من ترسام) |
| ب- ئازاد <u>ئەو</u> گرد. | (ئازاد ئەو دەگرێت) |
| پ- باوگم پارەگە ئەرا <u>ئێوە</u> کلکرد. | (باوکم پارەکەی بۆ ئێوە نارد) |
| ت- ئەو پیاوەیلە <u>ئەوان</u> بین. | (ئەو پیاوانە ئەوان بوون) |

فرێزی جێناوی ← جێناو (سەرە)

.......یاسای ژمارە (٣٠)

---

(٣٨) ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (١٩٩٤: ١١).

(٣٩) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥: ٨١).

(٤٠) وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ١٩٩).

(41) Finch (2000: 114).

(42) Leech and Svartvik (1994: 355).

(٤٣) ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٨٧: ٧٨).

له نموونەکانی (٣٤- ا ب پ ت)دا جێناوە سەربەخۆکان وەکو سەرەی فرێزی جێناوی دەرکەوتونو جێکەوتەکانی بکەرو بەرکارو سەربارو تەواوکەریان پڕکردوەتەوە. بۆیە جێناو بە تەنیا گۆکردنی ڕێزمانی وەك فرێزی هەیە[٢٠٣].

**١/٢ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١ دروستەی فرێزی جێناوی:**

سادەترین دروستەی فرێزی جێناوی لە جێناوێك پێکدێت، ئەم جێناوە دەبێتە سەرەی فرێزەکە، واتە سەرەی فرێزی جێناوی پێکدەهێنێت، هەروەها سەرەی فرێزەکەش بە کۆمەڵێك کەرەستە فراواندەکرێت، ئەم کەرەستانەش لە پێش سەرە یان لە پاش سەرەوە دەردەکەون، بەمەش دروستەی فرێزە جێناوییەکە فراواندەکەن. لە ناو جێناوەکاندا (کەسی، هەیی، نیشانە، خۆیی، دیار، نادیار، پرسیار، لێکدەر، چەندێتی، نەفی، هاوبەش) تەنها جێناوی کەسی بە جێناو دادەنرێت، چونکە دەکرێت لە جێی فرێزێکی ناویی/دیارخەریی لە ڕستەدا بێت، کە ئەمەیش جیاوازە لە پۆلکردنی چەشنەکانی جێناودا[٢٠٤]. لەم خشتەیەدا جێناوە کەسییە جوداو لکاوەکان[٢٠٥] بەپێی کەسو ژمارە لە شێوەزاری خانەقیدا دەخەینەڕوو[٢٠٦]:

| ژمارە | کەس | جودا | لکاو A | لکاو B |
|---|---|---|---|---|
| | | | A | B |
| ١ | تاك | من | م | م |
| ٢ | | تو | ی/ید/یت | ت/د |
| ٣ | | ئەی (نزیك)<br>ئەو (دوور) | Ø ، د | ی |
| ١ | کۆ | ئیمە | یـ(مـ)ن | مان |
| ٢ | | ئیوە | ن | تان/دان |
| ٣ | | ئەیان (نزیك)<br>ئەوان (دوور) | ن | یان |

**خشتەی ژمارە (٣)**

(٤٤) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥: ٢٠).

(٤٥) تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ١٢١).

(٤٦) لە تەوەری دووەمی بەشی سێیەمدا لە جێناوە لکاوەکان دەدوێین، چونکە ئەمانە کلیتیکنو وەکو کەرەستەی مۆرفۆسینتاکسی لە ڕستەدا دەردەکەون.

(٤٧) ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٠٦: ١٦).

**١/٢ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١ ـ ١ دروستەی ناوەوەی فریزی جیناوی:**

دەتوانریت سەرەی فریزی جیناوی بە کۆمەڵیك کەرەستە فراوانبکریت، لەبەرئەوەی جیناوە سەربەخۆکان لە خودی خۆیاندا هەلگری نیشانەی واتایی (± تاك) (+ ناسراوی) ین، بۆیە لە دروستەی ناوەوەیاندا مۆرفیمەکانی ناسراویو تاكو کۆ وەرناگرن، بڕوانە (٣٥).

(٣٥) من ، تو          ئیمە ، ئیوە

(+ تاك)          (+ کۆ)

(+ ناسراوی)          (+ ناسراوی)

هەرچەندە جیناوەکانی کەسی سییەمی تاك (ئەو، ئەی) لە ناو خۆیاندا هەلگری نیشانەی (+ تاك) (+ ناسراوی)ین، بەلام مۆرفیمی /-ان/ی کۆیان دەچیتە سەرو دەبنە جیناوی کەسی سییەمی کۆ (ئەوان)و (ئەیان)، بڕوانە (٣٦).

(٣٦) ئەو ، ئەی          ئەوان ، ئەیان

(+ تاك)          (+ کۆ)

(+ ناسراوی)          (+ ناسراوی)

**١/٢ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١ ـ ٢ دروستەی دەوەوەی فریزی جیناوی:**

دەتوانریت دروستەی دەرەوەی سەرەی فریزی جیناوی بەهۆی دیارخەرەکانی پیشەوەو پاشەوە فراوانبکریت، بەم شیوەیە:

**١/٢ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١ ـ ٢ ـ ١ دیارخەرەکانی پیش سەرە:**

١- فریزی ڕادە، بڕوانە (٣٧).

(٣٧) ا- گشت ئەوان هاتن.     (هەموو ئەوان هاتن)

ب- گشت ئیوە ترسیان.     (هەموو ئیوە ترسان)

| |
|---|
| فریزی جیناوی ⟵ فریزی ڕادە + جیناو |

.......یاسای ژمارە (٣١)

٢- مۆرفیمی دەرهاویشتن، بڕوانە (٣٨).

(٣٨) ا- هەر من تیام ئەرا ماڵتان.     (هەر من دیم بۆ ماڵتان)

ب- تەنیا ئەوان وازی کەن.     (تەنیا ئەوان یاریدەکەن)

| |
|---|
| فریزی جیناوی ⟵ مۆرفیمی دەرهاویشتن + جیناو |

.......یاسای ژمارە (٣٢)

٣- ناوی ئاوەڵکرداری، بڕوانە (٣٩).

(٣٩) ا- دزەگە هاتە بان ئەوان.     (دزەکە هاتە سەر ئەوان)

ب- سەیارەگە هاوردمە وەراوەر تو.    (سەیارەکەم هێنایە بەرامبەر تۆ)

پ- مەموم کەفتە نوای ئیمە.    (مامم کەوتە پێش ئێمەوە)

ت- محەمەد بەلە ئیوە حازربی.    (محەمەد پێش ئێوە ئامادەبوو)

| فرێزی جێناوی ⟵ ناوی ئاوەڵکرداری + جێناو |
| --- |

......یاسای ژمارە (٣٣)

## ٢/١-٣-٢-١-٢-٢ دیارخەرەکانی پاش سەرە:

١- فرێزی ناوی، بڕوانە (٤٠).

(٤٠) ا- ئیمەی کورد ئەرا ئازادی هەوڵدەیمن.    (ئێمەی کورد بۆ ئازادی تێدەکۆشین)

ب- ئیوەی پیشمەرگە ئازان.    (ئێوەی پێشمەرگە ئازان)

| فرێزی جێناوی ⟵ جێناو + م.خ (ی) + فرێزی ناوی |
| --- |

......یاسای ژمارە (٣٤)

٢- فرێزی ئاوەڵناوی، بڕوانە (٤١).

(٤١) ا- ئەو فەقیر چە کردیە؟    (ئەوی هەژار چی کردوە؟)

ب- ئیمەی خەرگ‌وەسەر چە وەپیمان هات.    (ئێمەی قوڕبەسەر چیمان بەسەرهات)

| فرێزی جێناوی ⟵ جێناو + م.خ (ی) + فرێزی ئاوەڵناوی |
| --- |

......یاسای ژمارە (٣٥)

٣- ژمارە (پلەیی)، بڕوانە (٤٢).

(٤٢) ا- ئیمەی یەکەم خەلات کریەیمن.    (ئێمەی یەکەم خەڵات دەکرێین)

ب- ئیوەی دووەم بانە وەردەم.    (ئێوەی دووەم وەرنە پێشەوە)

| فرێزی جێناوی ⟵ جێناو + م.خ (ی) + ژمارەی پلەیی |
| --- |

......یاسای ژمارە (٣٦)

٤- نازناو، بڕوانە (٤٣).

(٤٣) ا- ئیوەی ماموسا چن ئەرا سەیران.    (ئێوەی مامۆستا دەچن بۆ سەیران)

ب- ئیمەی خانەقینی چە ئەرامان کریاس.    (ئێمەی خانەقینی چیمان بۆ کراوە)

| فرێزی جێناوی ⟵ جێناو + م.خ (ی) + نازناو |
| --- |

......یاسای ژمارە (٣٧)

٥- ڕستەی شوێنکەوتوو، بڕوانە (٤٤).

(٤٤) ا- ئەوان، باوگت ناسدەیان، قەوم ئیمەن.    (ئەوان، کە باوکت دەیانناسێت، خزمی ئێمەن)

ب- ئەی، وەختێ لە زانکۆ وەیەکەو تەلەبەبین، هات ئەرا خانەقی.

(ئەم، کە لە زانکۆ پێکەوە خوێندکاربووین، هات بۆ خانەقی)

| |
|---|
| فرێزی جێناوی ⟵ جێناو + ڕستەی شوێنکەوتوو |

......یاسای ژمارە (٣٨)

دەتوانین بە یاسایەکی گشتی فراوانکردنی دروستەی فرێزی جێناوی بە کەرەسەکانی پێشەوەو پاشەوە لە شێوەزاری خانەقیدا بەم یاسایە بنوێنرێت:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فرێزی جێناوی ⟵ | دیارخەرەکانی | + | جێناو | + مۆرفێمی | + | دیارخەرەکانی |
| | پێش سەرە | | | خستنەپاڵ | | پاش سەرە |

...... (٣٩)

هەروەها فرێزی جێناوی بە یارمەتی مۆرفێمی بەستنەوەی (و) لەگەڵ فرێزێکی جێناوی یان فرێزێکی ناوی یان زیاتر لەیەکدەدرێن، بڕوانە (٤٥).

(٤٥) ا- منو توو ئەی نێچین ئەرا سەفرە. (منو تۆو ئەم ناچین بۆ سەیران)

ب- ئێمەو ئەوان هاتیمن. (ئێمەو ئەوان هاتین)

پ- توو ئازاد کارنێکەن. (تۆو ئازاد ئیشناکەن)

| |
|---|
| فرێزی جێناوی ⟵ فرێزی جێناوی + و + فرێزی جێناوی یان فرێزی ناوی + و ... |

....(٤٠)

لە نموونەکانی (٤٥- ا ب پ)دا، فرێزە بکەرییەکە لە زیاتر لە سەرەیەك پێکهاتوە، لەم بارەدا جێناوە لکاوەکەی کردار بریتی دەبێت لە جێناوی لکاوی ئاشناترین سەرە لە باری کۆدا، واتە پەیوەندیی ڕێککەوتن لە نێوان فرێزی بکەری ڕستەو کرداردا بەندە بە پلەی ئاشنایەتی سەرەکانی فرێزەکەوە، ئاشناترین سەرە سیمای کەسی خۆی لە باری کۆدا بە سەر کردارەکەدا دەسەپێنێت، واتە ئاشناترین سەرە دەبێتە وشەی بەدەسەڵاتو سیمای کەسی خۆی بە سەر کردارەکەدا دەسەپێنێتو پاشان بۆ دیاریکردنی هاوبەشی سەرەکانی دیکە ئەم سیما کەسییە دەیخاتە باری کۆ(٢٠٧). بۆیە لە ڕیزکردنی جێناوە جوداکاندا دەبێت ئاشناترین جێناوی کەسی جودا پێش بکەوێت(٢٠٨). ئەگینا بە پێچەوانەوە ڕستەکان ڕێزماننادروستو واتاناڕاست دەبن، بڕوانە (٤٦).

(٤٦) ا-*ئەیو توو من نێچین ئەرا سەفرە. (ئەمو تۆو من ناچین بۆ سەیران)

ب-*ئەوانو ئێمە هاتن. (ئەوانو ئێمە هاتن)

پ-*ئازادو تو کارنێکەن. (ئازادو تۆ ئیش ناکەن)

---

(٤٨) ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی (٢٠٠١: ٦٢).

(٤٩) ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٠٦: ٨٢).

## ١/٢ - ٣ - ٣ بەراوردێك لە نێوان دروستەی فرێزی ناوی و فرێزی جێناوی:

لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك دەكەین، بۆ ئەوەی هەردوو دروستەی فرێزی ناوی و فرێزی جێناوی وەكو دوو دروستەی جیاواز بخەینەڕوو:

١- دروستەی هەموو فرێزێك لە سەرەیەك پێكدێت، كە بەهۆی كەتیگۆرییەكی فەرهەنگییەوە دەنوێنرێت، وەك سەرەی فرێزی ناوی لە ناوێك پێكدێت، ناویش وەكو كەتیگۆرییەكی فەرهەنگی لە فەرهەنگی زماندا پانتاییەكی فراوانی داگیركردووە و كۆتاییەكی كراوەی هەیە، بۆیە ناتوانرێت بەئاسانی دەستنیشانبكرێن و بژمێردرێن، هەروەها فرێزی جێناوی لە جێناوێك پێكدێت، بەڵام جێناو (جێناوە كەسییەكان) گروپێكی بچووكن و دەتوانرێت دەستنیشانبكرێن و بژمێردرێن، بۆیە كۆتاییەكی داخراویان هەیە.

٢- دروستەی دەرەوەی سەرەی فرێزی ناوی لە سینتاكسدا دەتوانرێت لە پێشەوە بە كەرەستەكانی [مۆرفیمی دەرهاویشتن، وشەی نیشانە، ژمارە، مۆرفیمی پرس، فرێزی ڕادە، فرێزی ئاوەڵناوی، بریناو، ناوی ئاوەڵكرداری، فرێزی ناوی]و لە پاشەوە بە كەرەستەكانی [فرێزی ناوی، فرێزی جێناوی، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی ڕادە، ژمارە، فرێزی پێشناوی، فرێزی ئاوەڵكرداری، نازناو، مۆرفیمی پرس، وشەی (لێوا)، وشەی (تر)، ڕستەی شوێنكەوتوو] فراوانبكرێت، بەڵام دروستەی دەرەوەی سەرەی فرێزی جێناوی بەو شێوەیە فراواناكرێت، لە پێشەوە تەنها بە كەرەستەكانی [فرێزی ڕادە، مۆرفیمی دەرهاویشتن، ناوی ئاوەڵكرداری]و لە پاشەوە بە كەرەستەكانی [فرێزی ناوی، فرێزی ئاوەڵناوی، ژمارە (پلەیی)، نازناو، ڕستەی شوێنكەوتوو] فراواندەكرێت.

٣- فراوانكردنی دروستەی ناوەوەی سەرەی فرێزی ناوی بەهۆی مۆرفیمەكانی (ناسراوی، نەناسراوی، كۆ، خاوەنێتی) وەكو مۆرفێك لە دوای ناوی گشتییەوە دەردەكەون، تەنها ناوی تایبەتی نەبێت، هەڵگری نیشانەی (+ ناسراوی)یە، بەڵام سەرەی فرێزی جێناوی ئەم مۆرفیمانە وەرناگرێت، چونكە هەڵگری نیشانەی (+ ناسراوی) (± تاك)ن.

٤- لە نێو جێناوە كەسییەكاندا تەنها جێناوی كەسی سێیەمی تاك و كۆ (ئەو ، ئەی ، ئەوان ، ئەیان) دەتوانن شوێنی فرێزی ناوی بگرنەوە، بەڵام جێناوە كەسییەكانی كەسی یەكەم و دووەمی تاك و كۆ (من ، تو ، ئیمە ، ئیوە) لە شوێنی فرێزی ناوی لە ڕستەدا بەكارنایەن، بڕوانە (٤٧).

(٤٧) ا- <u>ئازاد</u> هات ⟵ <u>ئەو</u> هات.

ب- <u>دیانەو تەرزە</u> هاتن ⟵ <u>ئەوان</u> هاتن.

پ- *<u>ئازاد</u> هات ⟵ <u>من</u> هات.

ت- *<u>دیانەو تەرزە</u> هاتن ⟵ <u>ئیمە</u> هاتن.

٥- جێناوه کەسییەکان بە وشەیەکی ئەرکی (Functors) نەك بە وشەیەکی مانادار (Contentive) دادەنرێت، بۆ نموونە جیاوازی نێوان وشەیەکی وەك [سەیارە] لەگەڵ جێناوێکی وەك [ئەوان] بکەین، ئەوە دەردەکەوێت، کە سەیارە وشەیەکی مانادارە، واتە مانایەکی وەسفی دیاری هەیە، بە جۆرێك دەستنیشانی شتێك دەکات، کە چوارتایەو مەکینەو ....تاد هەیە، بەڵام جێناوێکی وەك ئەوان هیچ مانایەکی وەسفی نییە، واتە ناتوانین وێنەی (they) لە مێشکدا بکێشین، چونکە جێناوی کەسی (ئەوان) وشەیەکی ئەرکییەو گورزەیەك لە تایبەتێتی ڕێزمانی وەك کەس، ژمارە، دۆخی هەیە[٢٠٩].

٦- دوو فرێزی ناوی یان فرێزی جێناوی یان زیاتر بەیاریدەی مۆرفێمی (و) لێکدەدرێن‌و هەموو جێکەوتەی فرێزەکە بەشداری لە ڕوودانی کردارەکەدا دەکەن، بەپێی ئەو ئەرکەی لە چوارچێوەی ڕستەکەدا پێیان سپێردراوە، بڕوانە (٤٨)و (٤٩).

(٤٨) ا- ئازاد هات.

ب- نەوزاد هات.

پ- کاوە هات.

ت- ئازادو نەوزادو کاوە هاتن.

(٤٩) ا- من هاتم.

ب- تو هاتید.

پ- ئەو هات.

ت- من‌و توو ئەو هاتیمن.

نموونەکانی (٤٨- ا ب پ) سێ ڕستەن، دەتوانرێت دروستەی هەر سێ فرێزە ناوییەکە بەیاریدەی مۆرفێمی (و) لێکبدرێن، بڕوانە (٤٨- ت)، بەڵام ناتوانرێت ئەم دروستەیە بە فرێزێکی ناوی کورتبکرێتەوە بەمەبەستی ئابووریکردن، هەروەها لە نموونەکانی (٤٩- ا ب پ)دا دەتوانرێت دروستەی فرێزە جێناوییەکانیش بەیاریدەی (و) لێکبدرێن، بڕوانە (٤٩- ت)، بەڵام دەتوانرێت هەردوو دروستەی (٤٨- ت)و (٤٩- ت) بە فرێزێکی جێناوی سادە جێگیربکرێن بەمەبەستی ئابووریکردن‌و بەپێی کەس‌و ژمارەی بکەرە تازەکە جێناوێکی لکاو بەمەبەستی ڕێککەوتن بە کۆتایی کردارەکە دەبەخشن[٢١٠]. بڕوانە (٥٠)و (٥١).

(٥٠) ئەوان هاتن.      (ئەوان هاتن)

---

(٥٠) تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ١٠١)و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون.

(٥١) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی لێکدان‌و سەرەوڕیزکردنی ناو و جێناوەکان بەمەبەستی ئابووریکردن لە زماندا، بڕوانە:

ا- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٢٢٤-٢٣٤).

ب- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٠٦: ٨٠-٨٥).

(٥١) ئیمە هاتیمن.      (ئێمە هاتین)

لـە نموونـەی (٤٨- ت)دا دروسـتەی فرێـزی نـاوی (ئـازادو نـەوزادو کـاوە) پێکـەوە جێنـاوێکی لکـاوی کەسـی سـێیەمی کـۆ (ن) بـە کۆتـایی کردارەکـە دەبەخشـن، بـەڵام لـە (٤٩- ت)دا دروسـتەی فرێـزی جێناوی (منو توو ئەو) جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ (یمن) بـە کۆتـایی کردارەکـە دەبەخشـن. چـونکە ئاشـناترین سـەرەی فرێزەکـە سـیمای کەسـی خـۆی لـە بـاری کـۆدا بـە سـەر کردارەکـەدا دەسەپێنێت[٢١١].

٧- ئەگەر بکەر لە دوو فرێزی ناوی یان زیاتر پێکهاتبێتو بە مۆرفێمی (و) لێکدرابن، کردارەکە بە شێوەی کۆ دەردەکەوێت[٢١٢]. لەم بارەدا دەشێت فرێزە ناوییەکان پێشو پاش بخرێن، بەبێ ئەوەی کار لە ڕێزمانێتیو واتایی ڕستەکە بکات، بڕوانە (٥٢)و (٥٣).

(٥٢) ا- کوڕەگەو دوێتەگە هاتن.      (کوڕەکەو کچەکە هاتن)

ب- دوێتەگەو کوڕەگە هاتن.      (کچەکەو کوڕەکە هاتن)

(٥٣) ا- ڕێناسو ئەوین دیم.      (ڕێناسو ئەوینم بینی)

ب- ئەوینو ڕێناس دیم.      (ئەوینو ڕێناسم بینی)

بەڵام دوو فرێـزی جێنـاوی یـان زیـاتر بـە مـۆرفیمی (و) لێکبـدرێن، ناتوانرێـت شـوێنی جێناوەکـان بگۆڕین. چونکە جێناوە کەسییەکان بەپێی پلەی ئاشنایەتی جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بۆیـە لە ڕیزکردنی جێناوە جوداکانـدا دەبـێ ئاشـناترین جێنـاوی کەسـیی جـودا پێشبکەوێت[٢١٣]. بڕوانـە (٥٤)و (٥٥).

(٥٤) ا- منو توو ئەو نان خوەیمن.   (منو تۆو ئەو نان دەخۆین)

ب- ئیمەو ئەوان کارکەین.      (ئێمەو ئەوان کاردەکەین)

(٥٥) ا- *ئەوو توو من نان خوەن.   (ئەوو تۆو من نان دەخۆن)

ب- *ئەوانو ئیمە کارکەن.      (ئەوانو ئێمە کاردەکەن)

## ١/٢ - ٣ - ٤ فـرێـزی ئـاوەڵنـاوی (Adjective phrase):

مەبەست لە فرێزی ئاوەڵناوی ئەو فرێزەیە، کە دەبێت کـەرتی بنـەڕەتی ئاوەڵنـاو بێت، واتـە بـێ بوونی ئاوەڵناو فرێزی ئاوەڵناوی دروست نابێت[٢١٤]. واتـە دروسـتەی ئـەم جـۆرە فرێـزە ئاوەڵناوێـك بناغەیەتی[٢١٥].

---

(٥٢) ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی (٢٠٠١: ٦٢).

(53) Leech and Svartvik (1994: 262).

(٥٤) ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٠٦: ٨٢).

(٥٥) ئاواز حمەصدیق بەگیخانی (١٩٩٦: ٤٠).

(٥٦) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥: ٥٦).

### ١/٢ ـ ٣ ـ ٤ ـ ١ دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی:

سادەترین دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی لە ئاوەڵناوێك پێكدێت، ئەم ئاوەڵناوە دەبێتە سەرەی فرێزەكە، واتە سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی پێكدەهێنێت، هەروەها دەتوانرێت سەرەی فرێزەكەش بە چەند كەرەستەیەك فراوانبكرێت، ئەم كەرەستانەش لە پێش سەرە یان لە پاش سەرەوە دەردەكەون، بەمەش دروستەی فرێزە ئاوەڵناوییەكە فراواندەكەن، بەڵام لە ڕووی دروستەوە بەپێچەوانەی فرێزی ناوییەوە سادەیەو بە ڕادەیەكی كەمتر فراواندەكرێتو ئەركی سەرەكی ئەم فرێزە فراوانكردنو دیاریكردنی فرێزی ناوییە، یان لەگەڵ جۆرەكانی كرداری (بین)دا بەشەكردارێك پێكدەهێنن، بۆ خستنەڕووی یاساكانی دروستەی فرێزی ئاوەڵناویو فراوانكردنی، دوو جۆر فرێزی ئاوەڵناوی دەستنیشاندەكەین:

### ١/٢ ـ ٣ ـ ٤ ـ ١ ـ ١ فرێزی ئاوەڵناویی سادە:

سادەترین سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی بریتییە لە ئاوەڵناوێك، واتە سەرەی فرێزەكە هەمیشە ئاوەڵناوێكە، بۆیە بە فرێزی ئاوەڵناویی سادە ناودەبرێت، بڕوانە (٥٦).

(٥٦) ا- كوڕیگ شاتر هات. (كوڕێكی زیرەك هات)

ب- كوڕەگە شاترە. (كوڕەكە زیرەكە)

| |
|---|
| فرێزی ئاوەڵناوی ⟵ ئاوەڵناو (سەرە) |

......یاسای ژمارە (٤١)

### ١/٢ ـ ٣ ـ ٤ ـ ١ ـ ٢ فرێزی ئاوەڵناویی فراوان:

ئەگەر فرێزە ئاوەڵناوییەكە لە ئاوەڵناوو دیاریكەرێك یان ئاوەڵناوو دیارخەرێك پێكهاتبوو، بە فرێزی ئاوەڵناویی فراوان ناودەبرێت. لەم جۆرە فرێزەشدا كەرەستەكان پێش سەرە یان پاش سەرە دەكەون، بڕوانە (٥٧).

(٥٧) ا- فرە گەورا ، گەوراتر ، گەوراترین. (زۆر گەورە، گەورەتر، گەورەترین)

ب- فرە جوان ، جوانتر ، جوانترین. (زۆر جوان، جوانتر، جوانترین)

### ١/٢ ـ ٣ ـ ٤ ـ ١ ـ ٢ ـ ١ دروستەی ناوەوەی فرێزی ئاوەڵناوی:

مەبەست لە دروستەی ناوەوەی فرێزی ئاوەڵناوی بەشداریكردنی هەردوو مۆرفیمی پلەی بەراورد /- تر/و مۆرفیمی پلەی باڵا /- ترین/ە، كە وەكو دیاریكەرێك دەچنە دوای سەرەی فرێزەكەو فراوانی دەكەن، بڕوانە (٥٨).

(٥٨) ا- كوڕیگ خاستر لە تو ناسم. (كوڕێكی چاكتر لە تۆ دەناسم)

ب- وەهار لە تاوسان خوەشترە. (بەهار لە هاوین خۆشترە)

پ- خاسترین سەیارە سەندم.		(چاکترین سەیارەم کڕی)

ت- خانەقی خوەشترین شارە.		(خانەقی خۆشترین شارە)

| |
|---|
| فرێزی ئاوەڵناوی ⟵ ئاوەڵناو + دیاریکەر /- تر/،/- ترین/ |

......یاسای ژمارە (٤٢)

**١/٢-٣-٤-١-٢-٢ دروستەی دەوەوەی فرێزی ئاوەڵناوی:**

مەبەست لە دروستەی دەرەوەی فرێزی ئاوەڵناوی فراوانکردنی سەرەی فرێزەکەیە بەهۆی دیارخەرەکانی پێش سەرەو پاش سەرەوە.

**١/٢-٣-٤-١-٢-٢-١ دیارخەرەکانی پێش سەرە:**

دیارخەرەکانی پێش سەرە لە فراوانکردنی دروستەی فرێزی ئاوەڵناویدا ئەمانەن:

١- فرێزی ناوی، بڕوانە (٥٩).

(٥٩) ا- دارەگە سێ مەتر وەرزە.		(دارەکە سێ مەتر بەرزە)

ب- دونیا لە ڕێناس دوو ساڵ گەوراترە.		(دونیا لە ڕێناس دوو ساڵ گەورەترە)

پ- جەعدەگە چەن کیلۆمەتر درویژە؟		(شەقامەکە چەند کیلۆمەتر درێژە؟)

| |
|---|
| فرێزی ئاوەڵناوی ⟵ فرێزی ناوی + ئاوەڵناو |

......یاسای ژمارە (٤٣)

٢- فرێزی ڕادە، بڕوانە (٦٠).

(٦٠) ا- کوڕیگ فرە باش دیم.		(کوڕێکی زۆر باشم بینی)

ب- دوێتیگ تۆزیگ جوان دیم.		(کچێکی تۆزێ جوانم بینی)

پ- دالگم فرە فرە خاسە.		(دایکم زۆر زۆر چاکە)

ت- نەسرین لە کەژاڵ کەمیگ جوانترە.		(نەسرین لە کەژاڵ کەمێك جوانترە)

ج- منالەگە هویچ خاس نییە.		(منالەکە هیچ باش نییە)

چ- من لە تو فرە گەوراترم.		(من لە تۆ زۆر گەورەترم)

ح- *فرە جوانترین دوێت دیم.		(زۆر جوانترین کچم بینی)

| |
|---|
| فرێزی ئاوەڵناوی ⟵ فرێزی ڕادە + ئاوەڵناو |

......یاسای ژمارە (٤٤)

فرێزی ڕادە وەکو دیارخەری پێش سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی دەردەکەوێتو دروستەی فرێزەکە لە پێشەوە فراواندەکات، لە کاتێکدا سەرەی فرێزەکە ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو یان پلەی بەراورد بێت، بڕوانە (٦٠- ا ب پ ت ج چ). بۆیە ڕادە دیارخەرێکی پێشەوەی ئاوەڵناوییەو پلەیەکی نادیاریان پێدەدەن، کەواتە ئاوەڵناوەکان پلەیەکی نادیاریان هەیە، کە دەتوانرێت بەرزیو نزمی

پێبکرێت، بەڵام (٦٠- ح) ڕێگە پێنەدراوە، چونکە /- ترین/ پلەیەکی بەرزی داخراوەو نیشانەی (+لوتکە)ی بە ئاوەڵناوی (جوان) داوە، بۆیە ڕادە وەك دیارخەری پێشەوەی کەمبەهایە[٢١٦].

٣- فرێزی پێشناوی، بڕوانە (٦١).

(٦١) ا- من دوێتیگ لە ڕێناس جوانتر دیم. (من کچێك لە ڕێناس جوانترم بینی)

ب- ئەوان لە ئیمە وەقوەتترن. (ئەوان لە ئێمە بەهێزترن)

پ- ئەنگویر لە ئەنار خوەشترە. (ترێ لە هەنار خۆشترە)

| | |
|---|---|
| ......یاسای ژمارە (٤٥) | فرێزی ئاوەڵناوی ⟵ فرێزی پێشناوی + ئاوەڵناو |

هەرچەندە محەمەد عومەر عەول فرێزی پێشناوی وەکو دیارخەری دواوەی سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی لەقەڵەمداوە[٢١٧]، بەڵام ئەم جۆرە فرێزە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لە پێش یان پاش سەرەی فرێزەکەوە بەکاردێت، کە لە ڕووی ڕێزمانەوە وەکو دیارخەری پێشەوەی سەرە دەردەکەوێت، لەبەر دوو هۆ:

١. لە کاتی پرسیارکردن بۆ بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە دروستانە، فرێزی پێشناوی (لە کێ) دەکەوێتە پێش سەرەی فرێزە ئاوەڵناوەکەوە، واتە جێکەوتەی پێش سەرەی فرێزەکە دەگرێت، بڕوانە (٦٢).

(٦٢) ا- نەسرین جوانە. (نەسرین جوانە)

ب- نەسرین لە کێ جوانترە؟ (نەسرین لە کێ جوانترە؟)

پ- نەسرین لە ئەوین جوانترە. (نەسرین لە ئەوین جوانترە)

٢. هەروەها فرێزی پێشناوی وەکو دیارخەرەکانی پێش سەرە بەبێ یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ دەکەوێتە پێش سەرەی فرێزەکەوە، بڕوانە (٦٣).

(٦٣) ا- ئەی کوڕە لە ئیوە زرنگترە. (ئەم کوڕە لە ئێوە وریاترە)

ب- دوێتەگە لە نەسرین چەرمیترە. (کچەکە لە نەسرین سپیترە)

٤- مۆرفیمی دەرهاویشتن (هەر، تەنیا، بەس)، بڕوانە (٦٤).

(٦٤) ا- دوێتەگە هەر جوانە. (کچەکە هەر جوانە)

ب- تەلەبەگە تەنیا شاترە. (خوێندکارەکە تەنیا زیرەکە)

| | |
|---|---|
| ......یاسای ژمارە (٤٦) | فرێزی ئاوەڵناوی ⟵ مۆرفیمی دەرهاویشتن + ئاوەڵناو |

(٥٧) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥: ٥٧).

(٥٨) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ١٤).

٥- مۆرفێمی پرس (چەن، چەنیگ)، بڕوانە (٦٥).

(٦٥) ا- دوێتەگە چەنیگ جوانە؟    (کچەکە چەنێك جوانە؟)

ب- تەڵەبەگە چەن شاترە؟        (خوێندکارەکە چەند زیرەکە؟)

| فرێزی ئاوەڵناوی ⟵ مۆرفێمی پرس + ئاوەڵناو |
|---|

......یاسای ژمارە (٤٧)

دەتوانین دیارخەرەکانی پێش سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی لەم یاسایەدا بخەینەڕوو:

| فرێزی ئاوەڵناوی ⟵ دیارخەرەکانی پێش سەرە + ئاوەڵناو |
|---|

......یاسای ژمارە (٤٨)

### ١/٢-٣-٤-١-٢-٢-٢ دیارخەرەکانی پاش سەرە:

ئاوەڵناوەکان[٢١٨] وەکو دیارخەری پاش سەرە بەشداری لە فراوانکردنی دروستەی فرێزی ئاوەڵناویدا دەکەن، بڕوانە (٦٦).

(٦٦) ا- دوێتە جوانە چەرمییەگە هات.        (کچە جوانە سپییەکە هات)

ب- شامییەگ قرمز شیرین سەندم.        (شوتییەکی سووری شیرینم کڕی)

| فرێزی ئاوەڵناوی ⟵ ئاوەڵناو (سەرە) + م.خ (ی ، ە) + ئاوەڵناو |
|---|

.....یاسای ژمارە (٤٩)

هەروەها دیارخەرەکانی پێش سەرەو پاش سەرە دەتوانن لە فراوانکردنی دروستەی فرێزی ئاوەڵناویدا پێکەوە دەربکەون، بڕوانە (٦٧).

(٦٧) ا- دوێتیگ فرە جوان چەرمی هات.        (کچێکی زۆر جوانی سپی هات)

ب- خاڵوم لە میمگت کەمیگ گەوراترە.  (خاڵم لە پورت کەمێك گەورەترە)

| فرێزی ئاوەڵناوی ⟵ دیارخەرەکانی پێش سەرە + ئاوەڵناو + مۆرفێمی خستنەپاڵ + دیارخەرەکانی پاش سەرە |
|---|

..... (٥٠)

دەتوانرێت فرێزە ئاوەڵناوییەکانیش بەیاریدەی مۆرفیمی (و) لێکبدرێن، بڕوانە (٦٨).

(٦٨) ا- شامییەگ قرمزو شیرین سەندیمن.        (شوتییەکی سوورو شیرینمان کڕی)

ب- دوێتەگە فرە شاترو عاقڵو زرنگە.        (کچەکە زۆر زیرەكو عاقڵو وریایە)

| فرێزی ئاوەڵناوی ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی + و + فرێزی ئاوەڵناوی + و + .... |
|---|

.... (٥١)

---

(٥٩) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی چۆنێتی سەرەوریزبوونی جۆرەکانی ئاوەڵناوی (ڕەنگ، بارستایی، ڕواڵەت)، بڕوانە:

١- محەمەد مەعروف فتاح (١٩٩٠: ٨٦).

٢- ئاواز حمەصدیق بەگیخانی (١٩٩٦: ٤٢-٤٣).

### ١/٢ ـ ٣ ـ ٥ فـريـٚزی ئـاوەڵكـرداری (Adverbal phrase):

سـەرەی دروسـتەی فریـٚزی ئـاوەڵكرداری بـەهۆی ئاوەڵكردارێكـەوە دەنوێنرێـت، ئەگـەر فریـٚزە ئاوەڵكرداریيەكـە لـە تـەنيا سـەرەیەك پێكهـاتبوو[٢١٩]. واتـە دروسـتەی فریـٚزی ئـاوەڵكرداری دەشـێت تەنيا ئاوەڵكردارێك بێت[٢٢٠]. بڕوانە (٦٩).

(٦٩) ا- مناڵەگە هەم هاتەو. (مناڵەكە دیسان هاتەوە)

ب- ئازاد دیر پارەگە هاورد. (ئازاد درەنگ پارەكەی هێنا)

| |
|---|
| فرێزی ئـاوەڵكـرداری ⟵ ئـاوەڵكـردار (سەرە) |

......یاسای ژمارە (٥٢)

### ١/٢ ـ ٣ ـ ٥ ـ ١ دروسـتەی فـریـٚزی ئـاوەڵكـرداری:

سادەترین دروستەی فرێزی ئاوەڵكرداری لە ئاوەڵكردارێك پێكدێتو دەبێتە سەرەی فرێزەكە، دروستەی فرێزی ئاوەڵكرداریش بە دوو ڕێگا دەنوێنرێت:

ا- ئـەو ئاوەڵكردارانـەی كـە زاراوەیـەكی فەرهـەنگین، واتـە ئـەدڤێربن، ئێسـتا لـە فەرهـەنگی زمـانی كوردیـدا هـەنو لـە ڕسـتەدا چەشـنە فرێزێـك دادەڕێـژنو لایەنـە شـاراوەكانی ڕوودانـی كـردار دەردەخـەن[٢٢١]. ئـەم جـۆرە ئاوەڵكردارانـە بـە دەربـڕاوە ئاوەڵكرداریيـەكان نـاوزەدكراون[٢٢٢]. وەكـو وشەكانی (هێمان، قەت، هەم، هەمتر، خوەزگە، دایمە، زوی، دیر، لەوانەس، .....تاد) بە ئـاوەڵكرداری سـادە (بنجی) ناسـراون، ئـەم ئـاوەڵكردارە بنجييانـەش سـنووردارنو ژمارەیـان كەمـەو دەشـێت بـە پەنجەی دەست بژمێردرێن، بڕوانە (٧٠).

(٧٠) ا- ئەوان هێمان نەهاتنە ئەرا مەكتەب. (ئەوان هێشتا نەهاتون بۆ قوتابخانە)

ب- مناڵەگە هەم كەفتە ناو ئاوەگە. (مناڵەكە دیسان كەوتە ناو ئاوەكەوە)

پ- دایمە ئەرا خوەی قسەكەد. (هەمیشە بۆ خۆی قسەدەكات)

| |
|---|
| فرێزی ئـاوەڵكـرداری ⟵ ئـاوەڵكـرداری سـادە |

......یاسای ژمارە (٥٣)

ب- ئـەو ئاوەڵكردارانـەی كـە بـەهۆی فریـٚزو ڕسـتەكانەوە دروسـتدەبن، كـە وەسـفی كـردار دەكـەنو دەبنە وەڵام بۆ هەموو پرسیارێك، كە دەربارەی بكرێتو ڕوویـەكی نادیـاری ئاشـكرادەكەن، بەمـەش سوود لە ئەركی سینتاكسی هەندێ لە بەشەكانی ئاخاوتن لە ناو فرێزی كرداریدا وەردەگیرێت، واتـە

---

(٦٠) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٢٠).

(٦١) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥: ٧٠).

(٦٢) ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١: ٢٦).

(٦٣) محەمەدی مەحویی‌و نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤: ٤٣).

ئەدڤێربلن[٢٢٣]. بۆیە لە دروستەی ڕستەدا ئەو وشەو فرێزو ڕستانەی لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەردەکەون، دەبنە فرێزی ئاوەڵکردارئاسا، چونکە ڕۆڵی ئاوەڵکردار دەبینن، کە ئەمانەن:

١- فرێزی ناوی، بڕوانە (٧١).

(٧١) ا- سوو چین ئەرا هەولێر. (سبەینێ دەچین بۆ هەولێر)

ب- جاریگ تر دەرسەگە نویسنمەو. (جارێکی تر وانەکە دەنووسمەوە)

پ- تەلەبەکان سەف سەف هاتن. (خوێندکارەکان پۆل پۆل هاتن)

| فرێزی ئاوەڵکرداری ⟵ فرێزی ناوی | ......یاسای ژمارە (٥٤) |
|---|---|

جۆری ئەو ئاوەڵکردارانە زیاتر ئاوەڵکرداری کاتیو دووبارەکردنەوەو تەرتیبییە، کە بەهۆی فرێزە ناوییەکانەوە دەنوێنرێن.

٢- فرێزی پێشناوی، بڕوانە (٧٢).

(٧٢) ا- پیاوەگە وە دەس نان خوەد. (پیاوەکە بە دەست نان دەخوات)

ب- منالەگە وە گیرستنەو خەفت. (منالەکە بە گریانەوە نووست)

پ- ئومێد تا ئیسە نەهاتیە. (ئومێد تا ئێستا نەهاتوە)

ت- دوێتەگە کراسیگ جوان لە بازاڕ سەندیە. (کچەکە کراسێکی جوانی لە بازاڕ کڕیوە)

| فرێزی ئاوەڵکرداری ⟵ فرێزی پێشناوی | .......یاسای ژمارە (٥٥) |
|---|---|

لە نموونەکانی (٧٢- ا ب پ ت)دا، فرێزی پێشناوی لەبەرئەوەی لە یەکێك لە جێکەوتەکانی ئاوەڵکرداردا دەردەکەوێت، توانای ئەوەی هەیە، ڕۆڵی ئاوەڵکردارئاسا ببینێت[٢٢٤]. بۆیە فرێزە پێشناوییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە پڕکردنەوەی جێکەوتەی فرێزە ئاوەڵکردارییەکان دەبینن‌و چەندین جۆری ئاوەڵکردار لە ڕووی واتاوە دەنوێنن، وەك (کات، شوێن، چۆنێتی، وەسیلە، هۆیی، مەبەست، هاوڕێیەتی، لێکچوون، نەرێکردن، سەرچاوە، جەختکردن، هەندێتی، دەرهاویشتن، ئەنجام، پێچەوانە، پێوانە، .....تاد)[٢٢٥].

---

(٦٤) ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١: ٢٦).

(٦٥) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥: ٦٧).

(٦٦) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی جۆرەکانی فرێزی ئاوەڵکرداری لە ڕووی واتاوە، کە بەهۆی فرێزە پێشناوییەکانەوە دەنوێنرێن، بڕوانە: ا- هیدایەیت عەبدوڵلا محەمەد (١٩٩٣: ٩٤-٩٧).

ب- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨: ١٣٥-١٥٢).

پ- ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١: ٣٥-٥٧).

ت- ئازاد ئەمین باخەوان (٢٠٠٣: ١٤٠-١٤٢).

٣- فرێزی ئاوەڵناوی، بڕوانە (٧٣).

(٧٣) ا- عومالەگان خاس کارکەن. (کرێکارەکان چاك کاردەکەن)

ب- باوگ دارا لە دالگی زویتر عەمر خوداکرد. (باوکی دارا لە دایکی زووتر کۆچی دواییکرد)

پ- باوگم ئێواش ئێواش هات. (باوکم هێواش هێواش هات)

| فرێزی ئاوەڵکرداری ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی |
|---|

......یاسای ژمارە (٥٦)

جۆری ئەو ئاوەڵکردارانەش کە فرێزی ئاوەڵناوی دەیاننوێنێت، زیاتر ئاوەڵکرداری چۆنێتیو بەراوردو تەرتیبین.

٤- فرێزی ڕادە، بڕوانە (٧٤).

(٧٤) ا- مناڵەگە کەمیگ ترسیاس. (مناڵەکە کەمێك ترساوە)

ب- دوێکە واران کەم کەم واری. (دوێنی باران کەم کەم باری)

| فرێزی ئاوەڵکرداری ⟵ فرێزی ڕادە |
|---|

......یاسای ژمارە (٥٧)

فرێزی ڕادە لەم دروستانەدا ڕۆڵی ئاوەڵکرداری پێوانەو تەرتیبی دەبینێت.

٥- ژمارە، بڕوانە (٧٥).

(٧٥) ا- تەلەبەگان دوو دوو چنە سەفەو. (خوێندکارەکان دوو دوو دەچنە پۆلەوە)

ب- نەوزاد دارەگان یەك یەك ئەڵگرت. (نەوزاد دارەکانی یەك یەك هەڵگرت)

| فرێزی ئاوەڵکرداری ⟵ دووبارەکردنەوە ژمارە |
|---|

......یاسای ژمارە (٥٨)

دووبارەکردنەوەی ژمارە لەم دروستانەدا واتای ئاوەڵکرداری تەرتیبی دەبینێت.

٦- ڕستەی شوێنکەوتوو، بڕوانە (٧٦).

(٧٦) ا- مناڵەگە، ئەوەنە قسەکرد، شەکەت بی.

(مناڵەکە، ئەوەندە قسەی کرد، ماندووبوو)

ب- وەختێ من هاتمەو، ئەوان لە ماڵەو نەوین.

(کە من هاتمەوە، ئەوان لە ماڵەوە نەبوون)

پ- ئیمە، لەیلا نیشتیمنە، خەڵك شار خانەقینیمن.

(ئێمە، کە لێرە دانیشتوین، خەڵکی شاری خانەقینین)

| فرێزی ئاوەڵکرداری ⟵ ڕستەی شوێنکەوتوو |
|---|

.......یاسای ژمارە (٥٩)

ڕستەی شوێنکەوتوو لە دروستەی ڕستەی ئاڵۆزدا چەندین جۆری ئاوەڵکردار دەنوێنن، وەك (کات، شوێن، چۆنێتی، مەبەست، ....تاد)[٢٢٦].

**١/٢ ـ ٣ ـ ٦ فرێزی پێشناوی ( prepositional phrase ):**

فرێزی پێشناوی جۆرێکی ترە لە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان، کە لە هەر زمانێکدا خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، سادەترین فرێزی پێشناوی لە پێشناوێكو تەواوکەرێك پێکدێت، پێشناوەکە دەبێتە سەرەی فرێزەکە، واتە سەرەی فرێزی پێشناوی پێکدەهێنێت.

**١/٢ ـ ٣ ـ ٦ ـ ١ دروستەی فرێزی پێشناوی:**

دروستەی فرێزی پێشناوی لە ڕێی دوو ئەرکەوە جیادەکرێتەوە، کە ئەوانیش پێشناوو تەواوکەری پێشناون[٢٢٧]. چونکە ئەو ڕەگەزەی لە لایەن پێشناوەوە حوکمدەکرێت، بە تەواوکەری پێشناو ناودەبرێت[٢٢٨]. واتە دروستەی فرێزی پێشناوی بەیارمەتی یەکێك لە پێشناوەکانو تەواوکەرێك دروستدەبێت. پێشناوەکانیش بەزۆری داوای تەواوکەرێکی فرێزی ناوی دەکەن[٢٢٩]. بەمەش فرێزی پێشناوی لە پێشناوێكو فرێزێکی ناوی پێکدێت[٢٣٠]. بۆیە لە ڕووی سینتاکسەوە دەشێت گشت پێشناوێك لە جێکەوتەی سەرە ڕێزمانییەکەو گشت فرێزێکی ناوی لە جێکەوتەی تەواوکەرەکەیدا دابنرێن، بەڵام پێویستە لە ڕووی واتاوە سەرو تەواوکەر ڕێکبکەون[٢٣١]. بڕوانە (٧٧).

(٧٧) ا- پارەگە وە کوڕەگە دام. (پارەکەم بە کوڕەکە دا)

ب- کتاوەگە ئەرا ئازاد هاوردم. (کتێبەکەم بۆ ئازاد هێنا)

پ- ئاشەگە وەبی داڵگم نێخوەم. (چێشتەکە بەبێ دایکم ناخۆم)

فرێزی پێشناوی ⟵ پێشناو + تەواوکەر ......یاسای ژمارە (٦٠)

لە نموونەکانی (٧٧- ا ب پ)دا دەردەکەوێت. کە دروستەی فرێزی پێشناوی دروستەیەکی ناسادەیەو بەشەکانی وابەستەی یەکترن، نەبوونو فرتاندنی هەر یەکێکیان دروستەیەکی نادروست دێنێتە کایەوە[٢٣٢]. واتە بوونی پێشناوو تەواوکەر لە دروستەی فرێزی پێشناویدا هەردووکیان پێکەوە

---

(٦٧) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕستەی شوێنکەوتووی ئاوەڵکرداری، بڕوانە:

١- ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١: ٧٠-٧١). ٢- ڕەفیق محەمەد محێدین (٢٠٠٣: ١٠٥-١١٠).

(٦٨) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ١٨).

(69) Crystal (1992: 75).
(70) Huddleston (1984: 345).
(71) Quirk and Greenbaum (1973: 143).

(٧٢) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥: ٦٦).

(٧٣) سەرچاوەی پێشوو (٦٥).

کەرەستەی بەخورتین، چونکە پێشناوەکە بەبێ بوونی تەواوکەرەکەی هیچ ئەرکێکی نییەو تەواوکەرەکەش بەبێ بوونی پێشناوەکە ئەرکی نییە. بۆیە پێشناوەکان دەبنە سەرەی حوکمکەرو لە لای ڕاستەوە بۆ لای چەپ حوکمی دۆخی ڕێزمانیی تەواوکەرەکانیان دەکەنو کەوتونەتە سەرەتاوە[٢٣٣]. بڕوانە (٧٨).

←

(٧٨) ا- کتاوەگە وە من بی. (کتێبەکە بە من بوو)

ب- *کتاوەگە وە ... بی. (کتێبەکە بە .... بوو)

پ- *کتاوەگە .. من بی. (کتێبەکە ... من بوو)

ئەگەر تەواوکەرەکە فرێزێکی ناوی بێت، بەلاَم سەرەی فرێزەکە ناوی شوێنی (بەلە، دوا، قەی، لا، وەراوەر، ناو، نیزیك، دویر، .....تاد) بێت، لەم بارەدا تەنها پێشناوەکانی (لە- ، وە-) لەگەلّ پاشناوەکان (-ەو ، -ا)دا وەکو سەرەیەك لە دروستەی قووڵدا هەن، بڕوانە (٧٩).

(٧٩) ا- من لە دوای ئازادەو هاتم. (من لە دوای ئازادەوە هاتم)

ب- من وە دوای ئازادا هاتم. (من بە دوای ئازاددا هاتم)

بەلاَم دەشێت لە دروستەی ڕووکەشدا دەرنەبڕدرێن، بڕوانە (٨٠).

(٨٠) من دوای ئازاد هاتم. (من دوای ئازاد هاتم)




(٧٤) محەمەدی مەحوییو نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤: ٣٨).

لە شیکردنەوەی هێڵکاری درەختی دروستەی ڕستەکەدا دەردەکەوێت، کە پێشناوو پاشناوەکان دەشێت لە دروستەی ڕووکەشدا دەرنەبڕدرێن، بەڵام لە دروستەی قووڵیاندا سەرەی فرێزی پێشناوی پێکدەهێنن‌و جێکەوتەی ئاوەڵکردار لە ڕستەدا پڕدەکەنەوە، بۆیە فرێزێکی ئاوەڵکردارئاسان، بەڵام لە هەندێ باردا سەرەی فرێزەکە ناوی شوێنی (بان، ژیر، بن، نوا، ....تاد) بێت، ئەوا ناتوانرێت پێشناوو پاشناوەکان لە دروستەی ڕووکەشدا دەرنەبڕدرێن‌و بقرتێنرێن، بڕوانە (٨١)و (٨٢).

(٨١) ا- ئیمە لە ژیر سایگ دارەگە نیشتیمنە. (ئێمە لە ژێر سێبەری دارەکە دانیشتوین)

ب-*ئیمە ژیر سایگ دارەگە نیشتیمنە. (ئێمە ژێر سێبەری دارەکە دانیشتوین)

(٨٢) ا- ئازاد وە بان دیوارەگەیا ڕەتبی. (ئازاد بە سەر دیوارەکەدا تێپەڕی)

ب-*ئازاد بان دیوارەگە ڕەتبی. (ئازاد سەر دیوارەکە تێپەڕی)

لەم شێوەزارەدا ناوی شوێنی (نوا) و (بەلە)[٢٣٤] دوو فۆرمی جیاوازن، کە بەرامبەر بە فۆرمی (پێش) دەوەستن، دەرکەوتنیان لە دروستەی فرێزدا جیاوازە، سەرەڕای ئەوەش دەبنە هۆی دروستبوونی دوو جێکەوتەی فرێزی ئاوەڵکردارییی جیاواز لە ڕووی واتاوە، بڕوانە (٨٣).

(٨٣) ا- من لە نوای ئەوان نیشتم. (من لە پێش ئەوان دانیشتم)

ب- من بەلە ئەوان نیشتم. (من پێش ئەوان دانیشتم)

لە (٨٣- ا)دا دروستەی (لە نوای ئەوان) فرێزێکی پێشناوییەو جێکەوتەی ئاوەڵکرداری شوێنی پڕکردوەتەوە، بەڵام لە (٨٣- ب)دا دروستەی (بەلە ئەوان) فرێزێکی ناوییەو جێکەوتەی ئاوەڵکرداری کاتی پڕکردوەتەوە، تەنانەت ئەگەر بخرێنە حاڵەتی پرسیارکردنەوە، بەم شێوەیە پرسیاریان لەبارەوە دەکرێت، بڕوانە (٨٤).

(٨٤) ا- تو لە کو نیشتید؟ (تۆ لە کوێ دانیشتیت؟)

ب- تو کەی نیشتید؟ (تۆ کەی دانیشتیت؟)

## ٢ـ٦ـ٣ـ١/٢ جۆری پێشناوەکان:

پێشناوو پاشناوەکان مۆرفیمی خزمەتگوزارن، کە واتای تایبەتی گراماتیکی دروستدەکەن‌و قەوارەیەکی سەربەخۆیان لە ڕستەدا هەیە، کە ئەرك‌و دەوریان لە پێکەوەبەستنی بەشەکانی تری ناو ڕستەدا لە ڕووی واتاو مەبەست ڕوونکردنەوەوە هەیە[٢٣٥]. بۆیە وەك مۆرفیمێکی ڕێزمانی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە بەستنەوەی بەشەکانی ڕستەو پێوەندیی ناوەکی دروستدەکەن[٢٣٦].

---

(٧٥) ئەم فۆرمە (بەلە) لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام ڕاستیی زمانیی کەرەستەکە لە فۆرمی (بەر لە)وە هاتوە.

(٧٦) هیدایەیت عەبدوڵڵا محەمەد (١٩٩٣: ٤٣).

(٧٧) ئازاد ئەمین باخەوان (٢٠٠٣: ٨٠).

بۆ خستنەڕووی فۆرمو دەستنیشانکردنی پێشناوو پاشناوەکان لە شێوەزاری خانەقیدا لە ڕووی پێکهاتنەوە بە سەر دوو جۆردا دابەشدەبن:

### ۱/۲ ـ ۳ ـ ٦ ـ ۲ ـ ۱ پێشناوو پاشناوە سادەکان (بنجییەکان):

کە لە (پێشناو + تەواوکەر) یان (پێشناو + تەواوکەر + پاشناو) پێکدێت، ئەمانەن:

۱- پێشناوی (لە -)و لەگەڵ پاشناوەکانی (- ەو ، - ا)دا، بڕوانە (۸٥).

(۸٥) ا- منالەگە لە خەرەگە ترسیا. (منالەکە لە کەرەکە ترسا)

ب- لە خانەقینەو چم ئەرا بەغا. (لە خانەقینەوە دەچم بۆ بەغدا)

پ- سلێمانی لە زمسانا فرە سەردە. (سلێمانی لە زستاندا زۆر ساردە)

۲- پێشناوی (وە -)و لەگەڵ پاشناوەکانی (- ەو ، - ا)دا، بڕوانە (۸٦).

(۸٦) ا- عومالەگان وە شەووڕۆژ کارکەن. (کرێکارەکان بە شەووڕۆژ کاردەکەن)

ب- ئیمە وە ئەوانەو سەروەرزین. (ئێمە بە ئەوانەوە سەربەرزین)

پ- وە براگەما پارەگە ئەراتان کلکەم. (بە براکەمدا پارەکەتان بۆ دەنێرم)

۳- پێشناوی (ئەرا -)، بڕوانە (۸۷).

(۸۷) ا- من ئەرا ماڵ ئەوان چم. (من بۆ ماڵی ئەوان دەچم)

ب- تەلەبەگان ئەرا سوو حازربون. (خوێندکارەکان بۆ سبەینێ ئامادەدەبن)

بەلام ئەگەر پێشناوی (ئەرا -) کەوتە پێش فرێزی ئاوەڵکردارییەوە، ئەوا پاشناوی (- ەو) وەردەگرێت، بڕوانە (۸۸).

(۸۸) ا- ئەوان ئەرا نواوەو ڕیکەن. (ئەوان بۆ پێشەوە دەڕۆن)

ب- منالەگە توپەگە ئەرا مالەو برد. (منالەکە تۆپەکەی بۆ ماڵەوە برد)

٤- پێشناوی (ە -)، بڕوانە (۸۹).

(۸۹) ا- منالەگە کەفتە ناو بیرەگە. (منالەکە کەوتە ناو بیرەکەوە)

ب- ئەوان ڕەسینە مەکتەبەگە. (ئەوان گەیشتنە قوتابخانەکە)

هەروەها پێشناوی (ە -) کە فرێزی ئاوەڵکرداری بە دوایدا دێت، دەتوانێت پاشناوی (- ەو) وەربگرێت، بڕوانە (۹۰).

(۹۰) ا- پارەگە نێچدە ناو گیرفانمەو. (پارەکە ناچێتە ناو گیرفانمەوە)

ب- دوێتەگە چدە دڵەو. (کچەکە دەچێتە دڵەوە)

٥- پێشناوی (بی -)، بڕوانە (۹۱).

(۹۱) ا- ماڵ بی ژن ناخوەشە. (ماڵی بێ ژن ناخۆشە)

ب- من بی ئیوە نێچم ئەرا سەیران. (من بێ ئێوە ناچم بۆ سەیران)

٦- پێشناوی (تا - ، حەتا - ، تاکو - ، ...)، بڕوانە (٩٢).

(٩٢) ا- تا شەوەکی نەخەفتمە.        (تا بەیانی نەخەوتوم)

ب- حەتا بازاڕ وەپا چین.        (هەتا بازاڕ بەپێ چوون)

پ- تاکو لای ئاراس چم.        (تاکو لای ئاراس دەچم)

٧- پێشناوی (جویر -)، بڕوانە (٩٣).

(٩٣) ا- دەرسەگە جویر تو نویسام.      (وانەکەم وەك تۆ نووسی)

ب- جویر ئەوان خوسە خوەم.      (وەك ئەوان خەفەت دەخۆم)

کەواتە پێشناوەکانی (لە - ، وە - ، ئەرا - ، ە -) پاشناوی (- ەو) وەردەگرن، بەڵام پێشناوی (بی - ، تا - ، جویر -) وەری ناگرن، هەروەها پێشناوەکانی (لە - ، وە -) پاشناوی (- ا) وەردەگرن، بەڵام پێشناوەکانی (ئەرا - ، ە - ، بی - ، تا - ، جویر -) پاشناوی (- ا) وەرناگرن.

دەتوانرێت پێشناوو پاشناوە سادەکان لەم یاسایەدا بنوێنرێت:

| **پێشناوەکان** | | | | **پاشناوەکان** |
|---|---|---|---|---|
| لە | | | | |
| وە | | | | ەو |
| ئەرا | + | تەواوکەر | + | |
| ە | | | | ا |
| بی | | | | |
| تا | | | | |
| جویر | | | | |

......یاسای ژمارە (٦١)

## ٢-٢-٦-٣-١/٢ پێشناوە ناسادەکان (جووتە پێشناوەکان):

ئەم پێشناوانە لە گروپی لێکدراوەکانن، کە لە ئەنجامی لەیەکدانی دوو پێشناوی بنجی (سادە)وە پێکدێت بۆ مەبەستی زیادکردنی هێزو تەئکید لە ڕستەدا[٢٣٧]. بڕوانە (٩٤).

(٩٤) ا- ئیمە وەبی تو نانەگە نێخوەیمن.        (ئێمە بەبێ تۆ نانەکە ناخۆین)

ب- ئازاد وەبی کوڕەگەی ئەوان وازی نێکەد.      (ئازاد بەبێ کوڕەکەی ئەوان یاری ناکات)

| |
|---|
| فرێزی پێشناوی ⟵ جووتە پێشناو + تەواوکەر<br>(وەبی) |

......یاسای ژمارە (٦٢)

---

(٧٨) هیدایەیت عەبدوڵڵا محەممەد (١٩٩٣: ٥٠).

## ١/٢ ـ ٣ ـ ٦ ـ ٣ تەواوکەرەکانی فرێزی پێشناوی:

لە دروستەی فرێزی پێشناویدا، دەتوانرێت تەواوکەر بەهۆی کۆمەڵێك کەرەستەی ڕێزمانییەوە بنوێنرێت:

١- فرێزی ناوی، بڕوانە (٩٥).

(٩٥) ا- قالییەگە وە ماڵەگە فروشتم. (فەرشەکەم بە ماڵەکە فرۆشت)

ب- ئاراس وە منالێ هاربی. (ئاراس بە مندالی هاربوو)

پ- ئەوان لە خوەنستن شاترِن. (ئەوان لە خوێندن زیرەکن)

| فرێزی پێشناوی ⟵ پێشناو + فرێزی ناوی |
|---|

......یاسای ژمارە (٦٣)

٢- فرێزی جێناوی، بڕوانە (٩٦).

(٩٦) ا- منالەگە لە ئێوە ترسد. (منالەکە لە ئێوە دەترسێت)

ب- ئەی کارە وە ئەو کەم. (ئەم کارە بە ئەو دەکەم)

| فرێزی پێشناوی ⟵ پێشناو + فرێزی جێناوی |
|---|

......یاسای ژمارە (٦٤)

٣- فرێزی ئاوەڵکرداری، بڕوانە (٩٧).

(٩٧) ا- ئەوان لە زوییەو نەهاتنە ئەرا ئەیلا. (ئەوان لە زووەوە نەهاتون بۆ ئێرە)

ب- منالەگە وە دەما کەفت. (منالەکە بە دەمدا کەوت)

پ- من لە قەی ئەوانەو نیشتم. (من لە تەنیشت ئەوانەوە دانیشتم)

| فرێزی پێشناوی ⟵ پێشناو + فرێزی ئاوەڵکرداری |
|---|

......یاسای ژمارە (٦٥)

٤- مۆرفێمی پرس، بڕوانە (٩٨).

(٩٨) ا- کتاوەگە وە کییا ئەراتان کلبکەم؟ (کتێبەکەتان بە کێدا بۆ بنێرم؟)

ب- ئەی ماموسایەیلە لە کو نیشن؟ (ئەم مامۆستایانە لە کوێ دادەنیشن؟)

پ- کتاوەگە ئەرا کامتان بارم؟ (کتێبەکە بۆ کامتان بهێنم؟)

ت- ئەرا چە لێوا کەید؟ (بۆچی وا دەکەیت؟)

ج- تا کەی نێخەفن؟ (تا کەی نانوون؟)

چ- خانییەگە وە چەن سەندید؟ (خانووەکەت بە چەند کڕی؟)

ح- *خانییەگە وە چوین بی؟ (خانووەکە بە چۆن بوو؟)

| فرێزی پێشناوی ⟵ پێشناو + مۆرفێمی پرس |
|---|

......یاسای ژمارە (٦٦)

لە نموونەکانی (٩٨- ا ب پ ت ج چ)دا مۆرفێمەکانی (کی، کو، کام، چە، کەی، چەن) لە دوای پێشناوەکانەوە دەردەکەون، بەڵام لە (٩٨- ح)دا مۆرفێمی (چوین) لە دوای پێشناوەکانەوە دەرناکەوێت.

٥- مۆرفێمی دەرهاویشتن، بڕوانە (٩٩).

(٩٩) ا- ئازاد وە تەنیا هات. (ئازاد بە تەنیا هات)

ب- باوگم وە تەنیا نان خوەد. (باوکم بە تەنیا نان دەخوات)

| فرێزی پێشناوی ⟵ پێشناو + مۆرفێمی دەرهاویشتن | ......یاسای ژمارە (٦٧) |
|---|---|

### ١/٢ - ٣ - ٦ - ٤ فراوانکردنی فرێزی پێشناوی:

دروستەی دەرەوەی فرێزی پێشناوی بە کۆمەڵێك کەرەستە فراواندەکرێت:

### ١/٢ - ٣ - ٦ - ٤ - ١ دیارخەرەکانی پێش فرێزی پێشناوی:

ئەم کەرەستانە دەکەونە پێش فرێزەکەوەو ئەرکی دیارخەر دەبینن، ئەمانەن:

١- فرێزی ڕادە، بڕوانە (١٠٠).

(١٠٠) ا- منالەگە توزیگ لە نانەگە خوارد. (منالەکە تۆزێکی لە نانەکە خوارد)

ب- ئەی خانییە کەمی لە خانییەگەی ئیمە قەدیمترە.

(ئەم خانووە کەمێ لە خانووەکەی ئێمە کۆنترە)

پ- منالەگە فرە لە ئەوان ترسیا. (منالەگە زۆر لە ئەوان ترسا)

| فرێزی پێشناوی ⟵ فرێزی ڕادە + فرێزی پێشناوی | ......یاسای ژمارە (٦٨) |
|---|---|

٢- فرێزی ئاوەڵکرداری (ئەدڤێرب)، بڕوانە (١٠١).

(١٠١) ا- قەت لە بازاڕ نان نەخواردمە. (هەرگیز لە بازاڕ نانم نەخواردوە)

ب- کلیل قاپییەگە هێمان وە منە. (کلیلی دەرگاکە هێشتا بە منە)

پ- ئەوان هەم لە ماڵەو نەوین. (ئەوان دیسان لە ماڵەوە نەبوون)

| فرێزی پێشناوی ⟵ فرێزی ئاوەڵکرداری + فرێزی پێشناوی | ......یاسای ژمارە (٦٩) |
|---|---|

٣- مۆرفێمی دەرهاویشتن، بڕوانە (١٠٢).

(١٠٢) ا- منالەگە هەر لە باوگی چد. (منالەکە هەر لە باوکی دەچێت)

ب- دوێتەگە هەر ئەرا من بود. (کچەکە هەر بۆ من دەبێت)

پ- پارەگە تەنیا ئەرا تووە. (پارەکە تەنیا بۆ تۆیە)

| |
|---|
| فرێزی پێشناوی ⟵ مۆرفێمی دەرهاویشتن + فرێزی پێشناوی |

......یاسای ژمارە (٧٠)

**١/٢ ـ ٣ ـ ٦ ـ ٤ ـ ٢ دیارخەرەکانی پاش فرێزی پێشناوی:**

ئەم فراوانکردنەش بەهۆی ڕستەی شوێنکەوتووەوە دەبێت، بڕوانە (١٠٣).

(١٠٣) ا- نەوزاد لە ئەو پیاوەیلە، هاتن، وەقوەتترە.

(نەوزاد لە ئەو پیاوانەی، کە هاتن، بەهێزترە)

ب- ئەو دوێتە لەی دوێتە، ڕەفیقمە، زرنگترە.

(ئەو کچە لەم کچە، کە هاوڕێمە، وریاترە)

پ- پارەگە وە ئازادا، برای ئیمەس، ئەرات کلکردم.

(پارەکەم بە ئازاددا، کە برای ئێمەیە، بۆ ناردیت)

| |
|---|
| فرێزی پێشناوی ⟵ فرێزی پێشناوی + ڕستەی شوێنکەوتوو |

......یاسای ژمارە (٧١)

**١/٢ ـ ٣ ـ ٧ فرێزی ڕادە**[٢٣٨] **(Quantifier phrase):**

بە یەکێك لە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان ناودەبرێت، چونکە سەرەی فرێزی ڕادە بەهۆی ڕادەیەکەوە دەنوێنرێت. واتە ڕادە دەتوانێت وەك سەرەیەك دەربکەوێت. هەروەها وەکو زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکانی تر بەپێی هەڵکەوتنی لە ناو ڕستەدا ئەرکی جیاجیا دەبینێت[٢٣٩]. بڕوانە (١٠٤).

(١٠٤) ا- ئەو نان فرە خوەد. (ئەو نان زۆر دەخوات)

ب- واران توزیگ واری. (باران تۆزێك باری)

پ- ئاشەگە کەم بی. (چێشتەکە کەم بوو)

ت- فرە کەس ناسم. (زۆر کەس دەناسم)

---

(٧٩) شایانی باسە لە هیچ لێکۆڵینەوەو سەرچاوەیەکی زمانی کوردیدا، ڕادە وەك فرێز لە ڕوانگەی کەتیگۆریی سینتاکسیو ئەرکییەوە ئاماژەی بۆ نەکراوە، تەنانەت چەند توێژینەوەیەکی زانستیی سەربەخۆش لە ئاستەکانی مۆرفۆلۆجیو سینتاکسو سیمانتیکدا لەسەری ئەنجامدراون، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

١. یوسف شەریف (١٩٩٩: ١١٤-١٣٢).

٢. قەیس کاکڵ تۆفیق (٢٠٠٣: ١٨-٣٣).

٣. چیا عەلی مستەفا (٢٠٠٨).

(٨٠) بابا ڕەسول نوری ڕەسول (٢٠٠٩: ١٠٩).

| |
|---|
| فریزی ڕاده ⟵ ڕاده (سەره) |

......یاسای ژماره (٧٢)

له نموونەکانی (١٠٤- ا ب پ ت)دا فریزەکانی (فره، کەم، توزیگ، ....تاد) چەمکی چەندیتی بە شیوەیەکی دیارینەکراو (نادیار) دەردەخەن، بۆیە ئەمانە ڕادەنو دەبنە سەرەی فریزی ڕادەو له نموونەی (١٠٤- ا ب) ئەرکی سەربارو له (١٠٤- پ) ئەرکی تەواوکەرو له (١٠٤- ت)دا ئەرکی دیارخەری بینیوه، تەنانەت بەهۆی مۆرفیمی پرسی (چەن/چەنیگ) دەتوانریت پرسیار له چەندیتی فریزەکە بکریت، بڕوانه (١٠٥).

(١٠٥) ا- ئەو نان چەن خوەد؟ (ئەو نان چەند دەخوات؟)

ب- واران چەن واری؟ (باران چەند باری؟)

پ- ئاشەگە چەنیگ بی؟ (چیشتەکه چەنێك بوو؟)

ت- چەن کەس ناسید؟ (چەند کەس دەناسیت؟)

## ١/٢ ـ ٣ ـ ٧ ـ ١ دروستەی فریزی ڕاده:

سادەترین دروستەی فریزی ڕاده له ڕادەیەك پیکدیت، ئەم ڕادەیه دەبیته سەرەی فریزەکه، واته سەرەی فریزی ڕاده پیکدەهینیت، دەتوانریت سەرەی فریزەکەش له پیشەوه بە ڕاده فراوانبکریت، بەمەش دروستەی فریزەکه فراواندەکات، فریزی ڕاده بە دوو ڕیگا دەنوینریت:

١- وشەکانی (فره، کەم، گشت، حەمکە، چەن، ئەوەنه، ئەیەنه، تەواو، .....تاد). ئەمانە پۆلیك وشەن، کە سەر بە کەتیگۆریی ڕادەن[240]. واته دانەیەکی فەرهەنگینو بە ڕادەی ساده (بنجی) ناودەبرین، ئەمانەش دەبنە سەرەی دروستەی فریزی ڕادەو بەشداری له فراوانکردنی دروستەی دەرەوەی فریزی ناویو فریزی جیناویو فریزی ئاوەلناویو فریزی ئاوەلکردارىو فریزی پیشناویو فریزی کرداری دەکەنو ئەرکی دیارخەر دەبینن، بڕوانه (١٠٦).

(١٠٦) ا- گشت منالەگان هاتن. (هەموو منالەکان هاتن)

ب- ئەوان گشت ئیمه ناسن. (ئەوان هەموو ئیمه دەناسن)

پ- دویتەگه فره جوان بی. (کچەکه زۆر جوان بوو)

ت- ئەوان فره زوی هاتن. (ئەوان زۆر زوو هاتن)

ج- ئاراس فره له نەوزاد شاترتره. (ئاراس زۆر له نەوزاد زیرەکتره)

چ- واران کەم واری. (باران کەم باری)

ح- جوانه پارەیەگ فره کەفتەدەسی. (جوانه پارەیەکی زۆری دەستکەوت)

---

(81) Radford (2004: 35).

| فرێزی ڕاده ⟵ ڕادەی ساده |
|---|

......یاسای ژماره (٧٣)

لـه نموونـەکانی (١٠٦- ا ب)دا ڕادەی (گشـت) وەکـو دیارخـەرو کەرەسـتەی پێشـەوەی سـەرەی فرێـزی ناوی‌و فرێزی جێناوی دەردەکەوێت، تەنانەت ئەگەر سەرەی فرێزی نـاوی یـان فرێـزی جێنـاوی بـە جێناوێکی لکاو جێگیربکرێن، ئەوا وەکو نووسەك بە فرێزی ڕادەکەوە دەلکێن، بڕوانە (١٠٧).

(١٠٧) ا- گشتیان هاتن. (هەموویان هاتن)

ب- ئەوان گشتمان ناسن. (ئەوان هەموومان دەناسن)

بـەڵام لـە نموونـەکانی (١٠٦- پ ت ج چ)دا ڕادەی (فـرە، کـەم، .... تـاد) وەکـو دیارخـەری پێشـەوەی هەریەکە لە سەرەی فرێزەکانی ئاوەڵناوی‌و ئاوەڵکرداری‌و پێشناوی‌و کرداری دەردەکـەون، هـەروەها لە (١٠٦- ح)دا وەکو دیارخەری دواوەی سەرەی فرێزی ناوی دەردەکەوێت.

لەم شێوەزارەدا ڕادەی (گشت)و (حەمکە) هەردووکیان واتـای (هـەموو) دەگەیـەنێت‌و پـێش سـەرەی فرێزە ناوییەکە دەکەون، بەڵام بەکارهێنانیان جیاوازە، بـەوەی ڕادەی (گشـت) لەگـەڵ نـاوێکی کـۆی ناسـراودا بـەکاردێت، بـەڵام ڕادەی (حەمکـە) لەگـەڵ نـاوێکی تـاکی ناسـراوی دەستنیشـانکراودا بەکاردێت، بڕوانە (١٠٨).

(١٠٨) ا- گشت پیاوەگان هاتن. (هەموو پیاوەکان هاتن)

ب- ئەی حەمکە پیاوە هاتن. (ئەم هەموو پیاوە هاتن)

٢- هەروەها ڕاده بەهۆی بۆتەیەکی سینتاکسییەوە دروستدەبێت‌و بەنـد نییـە بـە چـەند وشـەیەکی دیاریکراوەوە، ئەم بۆتە سینتاکسییەش وای کردوە، کە ڕاده لـە زمـانی کوردیـدا کۆتاییـەکی کـراوەی هەبێت[٢٤١]. واتە لە سینتاکسدا دەتوانرێت بە چەند ڕێگایـەکی تـر ڕاده دروسـتبکرێت، کـە دەتـوانن ببن بە یەکەی پێوانـەو شـتیان پـێ ببێورێـت‌و لـە ڕووی سینتاکسـەوە هـەموویان دەبـن بـە سـەرەی فرێزی ڕاده، وەك:

ا- مـۆرفێمی /- یـگ/و ئەلۆمۆرفـەکانی /- یـەگ/ ، /- ی/ بـە هاوبەشـی لەگـەڵ ئـەو ناوانـەی کـە بـۆ پێوانـەکردنی کەرەسـتە مـادی‌و مەعنەوییـەکان بـەکاردێن، چـەمکی ڕاده دەگەیـەنن. واتـە (نـاوی پێوانــە + یــگ = ڕاده)[٢٤٢]. وەکـو (توزی/تـوزیگ، کەمی/کـەمیگ، قومی/قـومیگ، قوشـقانەیەگ، فەردەیـەگ، تەنەکەیـەگ، قـاپیگ، مشـتیگ، کـوتیگ، مـەتریگ، نـەختیگ، قـەیریگ، کیلۆیـەگ، .....تاد)، بڕوانە (١٠٩).

(١٠٩) ا- قوشقانەیەگ دوڵمە ئەراتان هاوردم. (مەنجەڵێك دۆڵمەم بۆ هێناون)

ب- قومیگ لە ئاوەگە خواردمەو. (قومێك لە ئاوەکەم خواردەوە)

---

(٨٢) قیس کاکڵ تۆفیق (٢٠٠٣: ٢٦-٢٧).

(٨٣) سەرچاوەی پێشوو (٢٠).

پ- منالّەگە <u>توزی</u> شەلد.                    (منالّەکە تۆزێ دەشەلێت)

ت- <u>قەیریگ</u> ساوەر ئەرا نیمەڕو نامەبان.    (هەندێك ساوەرم بۆ نیوەڕۆ لێنا)

| |
|---|
| فرێزی ڕادە ⟵ ناوی پێوانە + /- یگ/ یان /- ی/،/- یەگ/ |

......یاسای ژمارە (٧٤)

ب- فرێزی ناوی لە ژمارەو ناوێك، واتە (ژمارە + ناوی پێوانەو كێش) پێكهاتوە، بە مەرجێك لە بۆتەی ڕادەدا بێت، ئەم فرێزەش وەکو دیارخەری پێشەوەی سەرەی فرێزێکی ناوی دەردەکەوێت، واتە لە پێشەوە فرێزی ناوی فراواندەكات[٢٤٣]. بڕوانە (١١٠).

(١١٠) ا- <u>پەنج کیلۆ</u> تەماتە سەندم.          (پێنج کیلۆ تەماتەم کڕی)

ب- <u>سێ قوشقانە</u> ئاش نامەبان.       (سێ مەنجەڵ چێشتم لێناوە)

| |
|---|
| فرێزی ڕادە ⟵ فرێزی ناوی + ناو (سەرە) |

......یاسای ژمارە (٧٥)




لە نموونەی (١١٠- ا ب)دا هەریەکە لە فرێزەکانی (پەنج کیلۆ، سێ قوشقانە) ڕادەیان پێكهێناوەو لە پێشەوە سەرەی فرێزە ناوییەکەیان فراوانکردوە، تەنانەت ئەگەر پرسیار لە چەندێتی ناوەکە بکەین بەهۆی مۆرفیمی (چەنی/چەنیگ)، ئەوا فرێزەکانی (پەنج کیلۆ، سێ قوشقانە) وەکو دروستەیەك دەردەکەون و ڕادەی ناوەکەمان بۆ دیاریدەکەن، بڕوانە (١١١).

(١١١) ا- <u>چەنی</u> تەماتە سەندید؟          (چەنێ تەماتەت کڕی؟)

ب- <u>چەنیگ</u> ئاش نایدەبان؟          (چەنێك چێشتت لێناوە؟)

پ- وشەی (چەن) کە وەکو ڕادە ئەرك دەبینێت، پتر مۆرفیمی (یگ) دەبێتە پاشکۆی و بە کۆتایی سەرەکەوە دەلکێت[٢٤٤]. بڕوانە (١١٢).

---

(٨٤) سەرچاوەی پێشوو (٢٧).

(٨٥) سەرچاوەی پێشوو (٢٤).

(١١٢) ا- چەن میوانیگ لە ماڵمان بین.       (چەند میوانێك لە ماڵمان بوون)

ب- چەن پیاویگ ئەرا ئەیلا هاتن.       (چەند پیاوێك بۆ ئێرە هاتن)

| فرێزی ڕادە ⟵ چەن + ناو (یگ) |
|---|

......یاسای ژمارە (٧٦)

**١/٢ ـ ٣ ـ ٧ ـ ٢ فراوانکردنی فرێزی ڕادە:**

دەتوانرێت سەرەی دروستەی فرێزی ڕادە لە پێشەوە بە ڕادەی (فرە، کەم، توزیگ، کەمیگ، قەیریگ، .... تاد) فراوانبکرێت، بەمەش ڕادەی یەکەم دەبێتە دیارخەرو ڕادەی دووەم دەبێتە سەرەی فرێزەکە، بڕوانە (١١٣).

(١١٣) ا- واران فرە کەم واری.       (باران زۆر کەم باری)

ب- پیاوەگە فرە فرە قسەکەد.       (پیاوەکە زۆر زۆر قسەدەکات)

پ- ئاوەگە توزیگ فرەس.       (ئاوەکە تۆزێك زۆرە)

ت- ئاشەگە قەیری کەم بی.       (چێشتەکە هەندێ کەم بوو)

| فرێزی ڕادە ⟵ ڕادە + ڕادە (سەرە) |
|---|

......یاسای ژمارە (٧٧)

**١/٢ ـ ٣ ـ ٨ فرێزی کرداری (Verb phrase):**

بەشەکردار لە سادەترین شێوەیدا لە فرێزێکی کرداری پێکدێت[٢٤٥]. ئەم بەشە سەرەکییەی ڕستە پێویستە وەك ڕۆنانێکی بنجی چەسپاو لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا تەماشابکرێت[٢٤٦]. بۆیە فرێزی کرداری پێکهێنێکی تری ڕاستەوخۆی دروستەی ڕستەیەو ئەرکێکی گەورەو دیاریکراو لە سازدانی ڕستەدا دەبینێت[٢٤٧]. ئەم فرێزە لە جۆرەکانی تری فرێز (ناوی، ئاوەڵناوی، .....تاد) گرنگترە، چونکە بەخورتییەو ناتوانرێت لابرێت، لە کاتێکدا فرێزەکانی تری ڕستە وەك فرێزی ناویی بکەر دەشێت لە دروستەی ڕووکەشدا دەرنەبڕدرێت، ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەکەی لە ناو فرێزە کردارییەکەدا[٢٤٨]. واتە ڕستە لە زمانی کوردیدا بەبێ دەرکەوتنی ئەم فرێزە هەرگیز دروستنابێت[٢٤٩]. بڕوانە (١١٤).

(١١٤) ا- ئازاد هاتØ.

---

(٨٦) عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان (٢٠٠٩: ٧١).

(٨٧) تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨: ٢١).

(٨٨) حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠: ٦٦).

(٨٩) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ١٥).

(٩٠) مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد (١٩٨٨: ١٦).

ب- pro هاتØ.

پ-*ئازاد ..... .

له دروستەی (١١٤- ا)دا ڕستەکە لە فریزێکی ناوی‌و فریزێکی کرداری پێکهاتوەو دەربڕاون، کەچی لە دروستەی (١١٤- ب)دا فریزی ناویی بکەر لە دروستەی ڕووکەشدا دەرنەبڕاوە، بەلاّم فریزی کردارییەکە دەربڕاوەو نیشانەی ڕێککەوتنی بکەری بەپێی کەس‌و ژمارەی فریزە ناوییەکە، کە مۆرفێمی سفرە (Ø) لە ناو کردارەکەدایە، بەلاّم لە (١١٤- پ)دا تەنها فریزی ناویی بکەر (ئازاد) دەربڕاوەو فریزە کردارییەکە دەرنەبڕاوە، بۆیە دروستەی ئەم ڕستەیە ڕێزمان نادروستە، چونکە فریزی کرداری لە دروستەی ڕستەکەدا ڕەگەزێکی سەرەکییەو بوونی لە دروستەکەدا بەخورتییەو ناتوانرێت دەرنەبڕدرێت.

### ١/٢ ـ ٣ ـ ٨ ـ ١ دروستەی فریزی کرداری:

فریزی کرداری پێکهاتەیەکی ئالۆزی هەیە[٢٥٠]. واتە دروستەی فریزی کرداری خاوەنی پێکهاتەیەکی ئالۆزی ناوەکی‌و دەرەکییەو بە شێوەی جۆراوجۆری مۆرفۆسینتاکسی‌و سینتاکسی فراواندەکرێت، ئەو یەکە ڕێزمانییانەی (مۆرفێم، فریز) کە لە دروستەی فریزی کرداریدا لەگەڵ ڕەگی کرداردا دێن، هەریەکەیان جۆرە پێوەندییەکی ڕێزمانی دەهێننە ئاراوە[٢٥١]. دەتوانرێت دوو جۆر دروستەی ناوەوەو دەرەوە بۆ فریزی کرداری لەم شێوەزارەدا دەستنیشانبکرێت.

### ١/٢ ـ ٣ ـ ٨ ـ ١ ـ ١ دروستەی ناوەوەی فریزی کرداری:

مەبەست لە دروستەی ناوەوەی فریزی کرداری پێکهاتنی دروستەی کردارەکەیە، بەپێی ئەو مۆرفێمە بەندە تایبەتییانەی کە بەشداری لە داڕشتنی کردارەکەدا دەکەن، سادەترین فریزی کردار لە سێ مۆرفێم پێکهاتوە، کە بریتین لە ڕەگی کردارو مۆرفێمی کات‌و مۆرفێمی جێناوی لکاو (کەس‌و ژمارە)، بڕوانە (١١٥)و (١١٦).

(١١٥) ڕابردووی تێپەڕو تێنەپەڕ:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ا- | چ | ی | م | (چووم) |
| ب- | بر | د | م | (بردم) |
| پ- | ترسی | ا | م | (ترسام) |
| ت- | کەف | ت | م | (کەوتم) |
| | ڕەگی کردار | مۆرفێمی کاتی ڕابردوو | جێناوی لکاو (کەس‌و ژمارە) | |

(91) Radford (1997: 198).

(٩٢) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ١٥).

(١١٦) ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕ:

ا- چـ م (دەچم)

ب- بە م (دەبەم)

ڕەگی کردار + مۆرفێمی کاتی ڕانەبردوو(٢٥٢) جێناوی لکاو (کەس‌و ژمارە)

| فرێزی کرداری ⟵ ڕەگ + مۆرفێمی کات + جێناوی لکاو |
|---|

.......یاسای ژمارە (٧٨)

لە دروستەی (١١٥- ا ب پ ت)و (١١٦- ا ب)دا کردار لە سێ مۆرفێمی بەند پێکهاتوە، کە بەردی بناغەی پێکهاتنی فرێزی کردارین، ئەوانیش مۆرفێمەکانی (ڕەگ‌و کات‌و کەس)ە. ڕەگ سەرەی فەرهەنگی کردارەکەیە(٢٥٣). بۆیە مۆرفێمێکی بەندی تەوەرەیی‌و سەرەکییەو هەڵگری واتای سەرەکی کردارەکەیە(٢٥٤). هەرچەندە ئەم مۆرفێمە بەکارهێنانێکی سەربەخۆی نییەو پێویستی بە مۆرفێمی تر هەیە بۆ تەواوکردنی واتاکەی، واتە بۆ تەواوکردنی دروستەیەك کە پێی بوترێت کردار(٢٥٥). ئەویش مۆرفێمەکانی کات‌و کەسە، کە ڕۆڵێکی بنجیان لە پێکهێنانی دروستەی ناوەوەی فرێزی کرداریدا هەیە. واتە بوونی ئەم سێ مۆرفێمە لە هەر کردارێکدا بەخورتییە(٢٥٦). هەروەها چەند مۆرفێمێکی تر بەشداری پێکهاتنی کردار دەکەن‌و بە سەر مۆرفێمە بەندە ڕێزمانی‌و ناڕێزمانییەکاندا دابەشدەبن، لە شێوەی پێشگرو پاشگردا دەچنە سەر ڕەگی کردارەکە، ئەمانەن:

١- مۆرفێمە ڕێزمانییەکان(٢٥٧):

پێشگر: وەك (نیشانەی نەفی، .....)

پاشگر: وەك (نیشانەی ئیلزامی، نیشانەی نادیاری، نیشانەی تێپەڕاندن، .....)

٢- مۆرفێمە ناڕێزمانییەکان:

پێشگر: وەك (ئەڵ، دا، وەر، .....)

پاشگر: وەك (نیشانەی دووبارەکردنەوە، .....)، بڕوانە (١١٧).

(١١٧) ا- نانەگە نەخوریاس. (نانەکە نەخوراوە)

ب- نەسرین قالییەگە داخستبی. (نەسرین فەرشەکەی ڕاخستبوو)

---

(٩٣) مۆرفێمی کاتی ڕانەبردوو لە ناو ڕەگی کردارەکەدا تواوەتەوە، بڕوانە: [محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٩: ٤٣)].

(94) Fattah (1997: 195).

(٩٥) عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥: ٧٦).

(٩٦) حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠: ٦٩).

(٩٧) سەرچاوەی پێشوو (٨٢).

(٩٨) مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی کردار لە دروستەی کرداردا ئەرکی سینتاکسی دەبینن‌و دەبنە کەرەستەی مۆرفۆسینتاکسی، لە تەوەری یەکەمی بەشی سێیەمدا لە کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی دروستەی فرێزی کرداری دەدوێین.

| | |
|---|---|
| فرێزی کرداری ⟵ پێشگرە ڕێزمانیو + ڕەگ + پاشگرە ڕێزمانیو<br>ناڕێزمانییەکان ناڕێزمانییەکان | ....... (٧٩) |







### ١/٢ ـ ٣ ـ ٨ ـ ١ ـ ٢ دروستەی دەرەوەی فرێزی کرداری:

مەبەست لە دروستەی دەرەوەی فرێزی کرداری فراوانکردنی فرێزی کردارییە بەهۆی چەند کەرەستەیەکی ڕێزمانییەوە (مۆرفێم، فرێز، ڕستە)، کە بەشداری لە فراوانکردنی دروستەی فرێزی کرداریدا دەکەن، کاتێ کردارەکە تەواو بێت. بەشێکیان ئەرکی سەربارو بەشەکەی تریشیان ئەرکی تەواوکەر دەبینن، ئەمەش پێوەندیی بە جۆری کردارەکەوە هەیە، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە هەڵبژاردنی ئەم فرێزە تەواوکەرانەدا هەیە[٢٥٨]. بەڵام کردارە ناتەواوەکان ڕۆڵی بابەتانە نادەن و

(٩٩) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ١٨).

ناشتوانن بەتەنیا بن، بۆیە ئەو کردارانە بەگشت چەشن‌و جۆرەکانی فرێزدا هەڵدەواسرێن، کەواتە هەبوونی ئەو فرێزە تەواوکەرانە بەخورتییە[٢٥٩]. کەرەستەکانیش ئەمانەن:

١- مۆرفێمی پرس، بڕوانە (١١٨).

(١١٨) ا- ئیوە کی ناسن؟ (ئێوە کێ دەناسن؟)

ب- ئاشەگە چوین بی؟ (چێشتەکە چۆن بوو؟)

پ- ئەیە چەس؟ (ئەمە چییە؟)

فرێزی کرداری ⟵ مۆرفێمی پرس + کردار ......یاسای ژمارە (٨٠)

٢- فرێزی ناوی، بڕوانە (١١٩).

(١١٩) ا- من ماموسام. (من مامۆستام)

ب- ئەوان ئازاد چڕین. (ئەوان ئازادیان بانگکرد)

پ- من دەرسەگە خوەنستمەو. (من وانەکەم خوێندەوە)

فرێزی کرداری ⟵ فرێزی ناوی + کردار ......یاسای ژمارە (٨١)

٣- فرێزی جێناوی، بڕوانە (١٢٠).

(١٢٠) ا- ئاراس ئیمە چڕی. (ئاراس ئێمەی بانگکرد)

ب- دوێتەکە ئەو دویند. (کچەکە ئەو دەبینێت)

پ- ئەی کوڕەیلە ئەوانن. (ئەم کوڕانە ئەوانن)

فرێزی کرداری ⟵ فرێزی جێناوی + کردار ......یاسای ژمارە (٨٢)

٤- فرێزی پێشناوی، بڕوانە (١٢١).

(١٢١) ا- مناڵەگە کەفتە ناو ئاوەگە. (مناڵەکە کەوتە ناو ئاوەکەوە)

ب- ڕەنگ لە ڕوییا نەمەنیە. (ڕەنگ لە ڕوویدا نەماوە)

پ- نانەگە وە ماسەو خواردم. (نانەکەم بە ماستەوە خوارد)

فرێزی کرداری ⟵ فرێزی پێشناوی + کردار ......یاسای ژمارە (٨٣)

٥- فرێزی ناوی‌و فرێزی پێشناوی، بڕوانە (١٢٢).

(١٢٢) ا- ئەوان ئازاد وە شاتر زانن. (ئەوان ئازاد بە زیرەك دەزانن)

ب- من پارەگە لە ئیوە سەنم. (من پارەکە لە ئێوە وەردەگرم)

---

(١٠٠) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥: ٧٦).

| |
|---|
| فرێزی کرداری ⟵ فرێزی ناوی + فرێزی پێشناوی + کـردار |

......یاسای ژماره (٨٤)

٦- فرێزی جێناوی‌و فرێزی پێشناوی، بڕوانه (١٢٣).

(١٢٣) ا- من ئەوان وه پیاو زانستم. (من ئەوانم به پیاو زانی)

ب- باوگم ئیوه بی من نێناسد. (باوکم ئێوه بێ من ناناسێت)

| |
|---|
| فرێزی کرداری ⟵ فرێزی جێناوی + فرێزی پێشناوی + کـردار |

......یاسای ژماره (٨٥)

٧- فرێزی ئاوەڵناوی، بڕوانه (١٢٤).

(١٢٤) ا- نەخوەشەگە خاس بی. (نەخۆشەکە چاکبوو)

ب- ئاشەگە خراو بود. (چێشتەکە خراپ دەبێت)

پ- نەوزاد شاتڕه. (نەوزاد زیرەکە)

| |
|---|
| فرێزی کرداری ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی + کـردار |

......یاسای ژماره (٨٦)

٨- فرێزی ئاوەڵکرداری، بڕوانه (١٢٥).

(١٢٥) ا- کوڕەگە هێمان نەچییه. (کوڕەکه هێشتا نەڕۆیشتوه)

ب- عەلی دیر هات. (عەلی درەنگ هات)

پ- حەفلەگە شەوەکی زوی بی. (ئاهەنگەکه بەیانی زوو بوو)

| |
|---|
| فرێزی کرداری ⟵ فرێزی ئاوەڵکرداری + کـردار |

......یاسای ژماره (٨٧)

٩- فرێزی ڕاده، بڕوانه (١٢٦).

(١٢٦) ا- منالَەگە دوێکه شەو کەم خەفت. (منالَەکه دوێنێ شەو کەم نووست)

ب- خانییەگە فره ڕمیاس. (خانووەکه زۆر ڕووخاوه)

پ- ئاشەگە قەیریگ بی. (چێشتەکه هەندێك بوو)

| |
|---|
| فرێزی کرداری ⟵ فرێزی ڕاده + کـردار |

......یاسای ژماره (٨٨)

١٠- ڕستەی شوێنکەوتوو، بڕوانه (١٢٧).

(١٢٧) ا- ژنەفتم، تو وه یەکەم دەرچید. (بیستم، که تۆ به یەکەم دەرچوویت)

ب- زانستیمن، ئیوه ئەرا ئەولا نێتێن. (زانیمان، که ئێوه بۆ ئەوێ نایەن)

| |
|---|
| فرێزی کرداری ⟵ کـردار + ڕستەی شوێنکەوتوو |

......یاسای ژماره (٨٩)

## ٢/٢ دروستەی ڕستە:

### ٢/٢ ـ ١ سەرەتا:

هێڵکاری درەختی لەگەڵ زانیاریی کەتیگۆریی سینتاکسیدا پێی دەوترێت درەختی دروستەی فرێز یان درەختی دروستەی پێکهێنەکان[٢٦٠]. بۆیە درەختی دروستەی فرێز هۆکارێکی سەرەکییە بۆ نیشاندانی ئەو زانیارییەی، کە قسەکەر لەبارەی دروستەی ڕستەوە لە زمانەکەی خۆیدا هەیەتی[٢٦١]. پاش خستنەڕووی یاساکانی دروستەی فرێزو دروستەی جۆرەکانی فرێز (فرێزی ناوی، فرێزی جێناوی، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی ئاوەڵکرداری، فرێزی پێشناوی، فرێزی ڕادە، فرێزی کرداری)، کە لە خودی ڕستەدا بە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان ناودەبرێن، ئەم کەتیگۆرییانە لە دروستەی ڕستەدا جێکەوتەکانی (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، سەربار، کردار) پڕدەکەنەوەو ئەرکە سینتاکسییەکانی ڕستە دەنوێنن. چونکە ڕستە لە ڕووی فۆڕمەوە بۆ ئاستی فرێز دابەشدەکەین، دەبێت بزانین ئەو فرێزە چ ئەرکێك لە ڕستەدا دەبینێت[٢٦٢]. ڕستە لە دوو پێکهاتەی سەرەکی پێکدێت، کە پێکهاتەی بەشی بکەریو بەشی کردارییە، لە ڕستەیەکی سادەدا بەشی بکەر هەمیشە جێکەوتەی فرێزێکی ناوییەو بەشەکردارییەکەش جێکەوتەی فرێزێکی کردارییە[٢٦٣]. واتە دروستەی ڕستەی سادە بۆ دوو کەتیگۆریی ئەرکی دابەشدەبێت، کە بکەرو بەشەکردارە (Subject and Predicate)[٢٦٤]. بڕوانە (١٢٨).

(١٢٨) منالّەگە ترسیاØ. (منالّەکە ترسا)




ڕستە ⟵ بکەر (subject) + بەشەکردار (predicate) ......یاسای ژمارە (٩٠)

(101) Fromkin etal (2003: 128).
(102) Ibid (138).

(١٠٣) بڕوانە: [محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٢٣)]و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون.

(١٠٤) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥: ٥).

(١٠٥) بڕوانە: ا- Aarts (2001: 92). ب- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٢٥).

بکەر ⟵ فرێزی ناوی ......یاسای ژمارە (٩١)

بەشەکردار ⟵ فرێزی کرداری ......یاسای ژمارە (٩٢)

هەموو ڕستەیەك لە زمانی کوردیدا لە بکەرو بەشەکردار پێکدێتو هەبوونی ئەو دوو بەشە لە ناو دروستەی ڕستەدا بەخورتییەو ناتوانرێت لابیرێن، دەشێت بکەر لە دروستەی ڕووکەشدا دەرنەکەوێتو (pro)یەك لە شوێنی دابنرێت، چونکە جێناوی لکاوی کۆتایی کردارەکە هەمان کەسو ژمارەی بکەرەکە دەنوێنێت. دەتوانرێت بکەر بە فۆنەتیکی دەرنەبڕدرێت[٢٦٥]. بڕوانە (١٢٩).

(١٢٩) ا- منداڵەگە ترسیاØ.

ب- pro ترسیاØ.




کەواتە هەموو ڕستەیەك لە کوردیدا دەبێت فرێزێکی ناوی تێدابێت، وەکو بکەرێکی ڕێزمانی لەگەڵ فرێزێکی کرداری وەکو بەشەکردار[٢٦٦]. هەمیشە فرێزە کردارییەکە دەبێتە سەرەی بەشەکردارەکەو بە بەشەکرداری سادە (Simple predicate) ناودەبرێت، کە لە تەنها دەستەواژەیەکی سەرەکی پێکهاتوە، ئەمیش زانیاریی دەربارەی بکەر دەدات، یان دەربارەی ئەو کارەی کە بکەر دەیکات، هەروەها لەوانەیە بەشەکردار لە چەند وشەیەك پێکهاتبێتو بە بەشەکرداری فراوان (Complete predicate) ناودەبرێت[٢٦٧]. کە جێکەوتەکانی تری وەکو بەرکارو تەواوکەرو سەربار بەشداری لە فراوانکردنی سەرەی دروستەی بەشەکردارەکەدا دەکەن. بەشەکردارەکان خۆیان بڕیار لە سەر ئەوە دەدەن، کە چۆن ئارگومێنتەکان هەڵدەبژێرنو لە ڕستەدا ڕۆڵ بە ئارگومێنتەکان دەدەن[٢٦٨]. ئارگومێنتەکانیش ئەو کەرەستە سینتاکسیانەن، کە

---

(١٠٦) محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٤٥).

(107) Amin (1979: 38).

(108) Salim (2006: 18).

(١٠٩) عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان (٢٠٠٩: ٩٤).

لەلایەن کردارێکەوە داوادەکرێن، بە واتایەکی سیمانتیکیو لۆجیکیش ئەو بەشانەی ڕستەن، کە هەوالێك لە بارەیانەوە بەهۆی بەشەکردارەکەوە ڕادەگەیەنرێت[٢٦٩]. بۆیە ئەو ئارگومێنتانەی کردار داوایان دەکات، دەبێت بەپێی نیشانە فەرهەنگییەکانیان لە باریاندا بێت، هەلاوێربکرێن[٢٧٠]. هەروەها هەر ئارگومێنتێکیش تەنها یەك ڕۆڵی بابەتانە (Thematic role) وەردەگرێت[٢٧١]. بڕوانە (١٣٠).

(١٣٠) ئازاد دوێکە کتاوەگە وە من دا. (ئازاد دوێنێ کتێبەکەی بە من دا)




(٩٣).. بەشەکردار ⟵ سەربار(ف.ئاوەڵ) + بەرکار(ف.ن) + تەواوکەر(ف.پ.ن) + کردار(ف.ك)

---

(١١٠) حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٦: ٢٩).

(١١١) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ٢٤).

(112) Aarts (2001: 94).

## ٢/٢ ـ ٢ ئەركە سینتاكسییەكان ( كەتیگۆرییە ئەركییەكان ) :

ڕێزمانی ئەركی ئەو ڕێزمانەیە، كە هەوڵدەدات، دروستەی سینتاكسی لەو ئەركانەوە دابڕێژێت، كە زمان جێبەجێیان دەكات، بۆیە هەموو شیكردنەوە سینتاكسییەكان ڕەچاوی كەتیگۆرییە ئەركییەكان دەكەن، ئەم جۆرە ڕێزمانەش كاریگەریی لە سەر ڕێزمانی گوێزانەوەی چۆمیسكی هەبوو[٢٧٢]. بۆیە یاساكانی ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گوێزانەوە تەنها تایبەت نین بە دروستەی ڕستەو چۆنیەتی پێكهاتەی ڕستەكان، بەڵكو بەشداری لە داڕشتنی پەسنی ئەركی ڕستەكانیش دەكەن[٢٧٣]. لە پەسنكردنی دروستەی ڕستەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان ئەركی ڕەگەزەكانی ڕستەدا بكەین، چونكە جێكەوتەكانی (بكەر، بەركار، تەواوكەر، سەربار) كە ئەركە سینتاكسییەكانی ڕستە دەنوێنن، دەتوانرێت هەریەكەیان بە جۆرێك یان زیاتر لە كەتیگۆرییە سینتاكسییەكان پڕبكرێنەوە. بۆیە هیچ پێوەندییەكی پێكهەڵی (تەتابوقی) لە نێوان كەتیگۆریی سینتاكسیو كەتیگۆریی ئەركیدا نییە[٢٧٤]. بەڵام فرێزی كرداری بە شێوەیەكی نەگۆڕ ئەركی كردار دەبینێت، واتە كردارێك دەبێتە سەرەی فرێزێكی كرداریو پەیوەندییەكی یەكبەیەكە[٢٧٥]. تەنها جێكەوتەی كردار نەبێت، كە هەمیشە بە فرێزێكی كرداری پڕدەكرێتەوە، بڕوانە (١٣١).

(١٣١) ا- ئازاد من دی. (ئازاد منی بینی)

ب- من ئازاد دیم. (من ئازادم بینی)

پ- من پارەگە لە ئازاد سەندم. (من پارەكەم لە ئازاد وەرگرت)

ت- من پارەگە وە ئازاد دام. (من پارەكەم بە ئازاد دا)

لە نموونەكانی (١٣١- ا ب پ ت)دا فرێزی ناوی (ئازاد) چەند ئەركێكی هەیە: لە(١٣١- ا) ئەركی بكەرو لە (١٣١- ب) ئەركی بەركاری بینیوە، بەڵام لە (١٣١- پ ت) كەوتوەتە دوای پێشناوەكانەوەو فرێزێكی پێشناوی پێكهێناوە، بەمەش لە (١٣١- پ) ئەركی سەربارو لە (١٣١- ت)دا ئەركی تەواوكەری بینیوە، بەڵام فرێزی كرداری (دی، دیم، سەندم، دام) تەنها ئەركی كرداریان بینیوەو جێكەوتەی كرداریان پڕكردوەتەوە، بۆیە بە نەگۆڕی ماونەتەوە.

ڕستە لە كەرەستەی سەرەكیو ناسەرەكی پێكدێت[٢٧٦]، كەرەستە سەرەكییەكان بەخورتین (Obligatory) كە (بكەرو بەركارو تەواوكەرو كردار)دەگرێتەوەو پێویستە لە دروستەی ڕستەدا

---

(113) Finich (2000: 93).

(١١٤) دیار عەلی كەمال (٢٠٠٢: ٨٠).

(١١٥) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٢٣).

(116) Fattah (1997: 189).

(١١٧) ڕستەی سادە لە دوو كەرتی سەرەكیو كەرتێكی ناسەرەكی پێكدێت، كەرتی سەرەكی بریتییە لە دوو بەش (كۆمەڵی ناوی، كۆمەڵی كاری)، كۆمەڵی ناوی بكەری ڕستە دەگرێتە خۆیو كۆمەڵی كاریش بەشی گوزارەیە، كە بریتییە لە كارو تەواوكەرەكانو بەركار، بەڵام كەرتی ناسەرەكی سەربار دەگرێتەوە. بڕوانە: [هیدایەت عەبدوڵڵا محەمەد (١٩٩٣: ٨٣-٨٤)].

هـــەبن‌و ناتوانرێـــت لابـــبردرێن، بـــەڵام کەرەســـتە ناســـەرەکییەکان سەرپشـــکین/بەئارەزووون (Optional)، کە سەربار دەگرێتەوەو دەتوانرێت لابردرێن، کەواتە ڕەگـەزی کەرەسـتەکانی ڕسـتە بـریتین لـە بکـەرو بـەرکارو تەواوکـەرو کـردارو سـەربار، لێـرەدا دوو جـۆر جێکەوتـەی کـەتیگۆریی ئەرکی دیاریدەکەین، پاشان جۆری هەریەکە لەو کەتیگۆرییە سینتاکسییانە دەستنیشاندەکەین، کـە جێکەوتەی کەتیگۆرییەکی ئەرکی یان زیاتر پڕدەکەنەوە، بەم شێوەیە:

**جێکەوتەی کەتیگۆرییە ئەرکییەکان**

**جێکەوتە بەخورتییەکان**
**(بکەر، بەرکار، تەواوکەر، کردار)**

**جێکەوتە سەرپشکییەکان**
**(سەربار)**

دەتوانرێت هێلکارییەکە لەم خشتەیەدا زیاتر ڕوونبکرێتەوە:

| | جێکەوتە بەخورتییەکان | جێکەوتە سەرپشکییەکان |
|---|---|---|
| بکەر | بکەر | |
| بەشەکردار[٢٧٧] | بەرکار<br>تەواوکەر<br>کردار | سەربار |

**خشتەی ژمارە (٤)**

## ٢/٢ ـ ٢ ـ ١ جێکەوتە بەخورتییەکان:

مەبەست لە جێکەوتە بەخورتییەکان ئـەو ئارگومێنتانـە دەگرێتـەوە، کـە بوونیـان لـە دروسـتەی ڕستەدا بەخورتییە، واتە بوونی ئەم جێکەوتانە چەسپاوو نـەگۆڕن‌و بـەپێی یاسـا سینتاکسـییەکانی زمانەکە ڕیزدەکرێن‌و دەخرێنەتەکیەك، تا ڕستەیەکی ڕێزماندروست‌و واتاڕاسـت بەرهـەمبهێنرێت. لەبەرئەوە دۆخی ڕێزمانی بـەو چـەند جێکەوتـە چەسـپاوو نـەگۆڕە دەدرێـت، کـە ئـەرکی ڕێزمـانی گونجاوی ڕەگەزەکانی ڕستە بەجێدەهێنن، بۆیە پێویستە ڕەگەزەکان لـە جێگـە ڕاسـتەکانی خۆیانـدا بن[٢٧٨]. چونکە بە قرتانـدنی یـان بـە جێگۆڕکێکردنی هەریەکـە لـەو جێکەوتانـە، یـا دەبێتـە هـۆی ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە، یا ناوەڕۆك‌و واتای ڕستەکە دەگۆڕێت، بڕوانە (١٣٢)، (١٣٣)، (١٣٤)، (١٣٥).

(١١٨) زاراوەی بەشەکردار هەموو دروستەی ڕستەکە دەگرێتەوە جگەلە بکەر، بڕوانە: [ (Aarts (2001: 92].

(١١٩) محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٢٩).

(١٣٢) ا- من سەیارەگە شوردم. (من سەیارەکەم شت)

ب-*.. سەیارەگە شورد.. . (.... سەیارەکە شت)

پ-*من ......... شوردم. (من ......... شت)

ت-*من سەیارەگە ..... . (من سەیارەکە .....)

(١٣٣) ا- دوێتەگە جوان بی. (کچەکە جوان بوو)

ب- دوێتەگە بی. (کچەکە بوو)

(١٣٤) ا- من سەیارەگە شوردم. (من سەیارەکەم شت)

ب-*سەیارەگە من شورد. (سەیارەکە منی شت)

(١٣٥) ا- من ئەوان ناسم. (من ئەوان دەناسم)

ب- ئەوان من ناسن. (ئەوان من دەناسن)

لە نموونەی (١٣٢- ا)دا دروستەی ڕستەکە لە (من)و (سەیارەگە)و (شوردم) پێکهاتوەو بەپێی یاسای سینتاکسی کوردی (بکەر + بەرکار + کردار) ڕیزکراونو خراونەتە تەکیەك، بۆیە بوونی هەریەکەیان لە دروستەکەدا بەخورتییە، بەلاّم بە لابردنی هەریەکە لەو کەرەستانە دەبنە ڕستەیەکی ڕێزماننادروستو واتاناڕاست، بڕوانە (١٣٢- ب پ ت)، هەرچەندە لە نموونەی (١٣٣- ا)دا فرێزی ئاوەڵناوی (جوان) جێکەوتەی تەواوکەری پڕکردوەتەوە، بەلاّم بە لابردنی کرۆکی واتای ڕستەکە دەگۆڕێت، بڕوانە (١٣٣- ب)، هەروەها نموونەکانی (١٣٤- ا ب) لە ڕووی ڕێزمانەوە دروستن، بەلاّم دروستەی (١٣٤- ب) واتاناڕاستە، چونکە فرێزی ناویی بکەری (سەیارەگە) هەلگری نیشانەی (- عاقل)ە، بەلاّم فرێزی کرداری (شورد) هەلگری نیشانەی (+ عاقل)ە، بۆیە ڕێگە پێنەدراوە، بەلاّم دروستەی (١٣٥- ا ب) ڕێزماندروستو واتاڕاستن، چونکە کەرەستەکانی هەردوو ڕستەکە بەپێی یاسای سینتاکسی (بکەر + بەرکار + کردار) ڕیزکراونو خراونەتە تەکیەك، بەلاّم لە واتادا جیاوازن، ئەویش بەهۆی جیاوازیی واتای پێگەیان لە ڕستەدا.

لێرەدا هەوڵدەدەین، هەموو جێکەوتە بەخورتییە کەتیگۆرییە ئەرکییەکان دەستنیشانبکەینو جۆری ئەو کەتیگۆرییە سینتاکسییانەو ڕستانە دیاریبکەین، کە دەچنە ئەو جێکەوتانەوە.

### ٢/٢-٢-١-١ بکەر (Subject):

ئەوەی تا ئێستا لێی دواوین ئەوەیە. کە ڕستە دوو پێکهاتەی سەرەکییە، بەشی بکەریو بەشی کرداری، بەشە بکەرییەکە هەمیشە جێکەوتەی فرێزی ناوییەو بەشەکردارییەکەش جێکەوتەی فرێزێکی کردارییە[٢٧٩]. واتە سادەترین ڕستە لە دوو فرێز پێکدێت: فرێزی ناویو فرێزی

(١٢٠) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥: ٦٤).

کرداری[٢٨٠]. بەڵام پەسنکردنی ڕستە لە ڕوانگەی پێکهاتەی فرێزەوە زۆر ورد نییە[٢٨١]. چونکە هەریەکە لە جێکەوتەکانی (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، سەربار) تەنها بە جۆرێك فرێز پڕناکرێنەوە، بۆ نموونە جێکەوتەی بکەر هەمیشە فرێزێکی ناوی نییە، بەڵکو جۆری تری فرێزو ڕستەش دەچنە ئەو جێکەوتەیەوەو هەمان ئەرکی سینتاکسی دەبینن، بڕوانە (١٣٦).

(١٣٦) ا- ئازاد هات. (ئازاد هات)

ب- ئەو هات. (ئەو هات)

پ- دیارە، ئیوە ئەرا مەکتەب نێچن. (دیارە، کە ئێوە بۆ قوتابخانە ناچن)

| بکەر ⟵ فرێزی ناوی یا فرێزی جێناوی یا ڕستەی شوێنکەتوو |
|---|

.....یاسای ژمارە (٩٤)

لە نموونەکانی (١٣٦- ا ب پ)دا جێکەوتەی بکەر لە (١٣٦- ا) بە فرێزێکی ناویو لە (١٣٦- ب) بە فرێزێکی جێناویو لە (١٣٦- پ) بە ڕستەی شوێنکەتوو پڕکراونەتەوەو هەمان ئەرکی بکەریان لە ڕستەکاندا بینیوە، بۆیە جێکەوتەی بکەر دەشێ فرێزی ناوی یان فرێزی جێناوی یان ڕستەی شوێنکەتوو بێت. هەروەها بکەر لەوانەیە تەنها وشەیەك بێت، پێی دەوترێ بکەری سادە (Simple subject)، بڕوانە (١٣٦- ا ب پ)، یان لەوانەیە بکەر لە وشەیەك زیاتر پێکهاتبێتو پێی دەوترێ بکەری فراوان (Complete subject)[٢٨٢]، بڕوانە (٣٣).

### ٢/٢-٢-١-٢ بەرکار (Object):

کەرەستەیەکی سەرەکییە، کە لە دروستەی ڕستەدا بەشی کردار تەواودەکاتو ئەرکی کردارەکەیشی دەکەوێتەسەر، بۆیە ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی فرێزی کردارییدایە، بەمەش بەرکار وەك جێکەوتەیەکی سەرەکی بەشداری لە فراوانکردنو تەواوکردنی کرداردا دەکات. چونکە لەگەڵ کرداردا پەیوەندییەکی زۆر پتەویان پێکەوە هەیە[٢٨٣]. بە تایبەتی ئەو کردارانەی کە کرداری تەواو و تێپەڕن، بڕوانە (١٣٧).

(١٣٧) ا- پشیلەگە گۆشتەگە خوەد. (پشیلەکە گۆشتەکە دەخوات)

ب- ئەوان من نێگرن. (ئەوان من ناگرن)

پ- من زانم، ئازاد پارەگە دەدە پییان. (من دەزانم، کە ئازاد پارەکەیان پێدەدات)

ت- ئەوان ژنەفتن، پیاوەگە مردیە. (ئەوان بیستیان، کە پیاوەکە مردوە)

---

(١٢١) وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ١٩٩).

(١٢٢) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٢٣).

(123) Salim (2006: 18).

(١٢٤) خەسرۆ ئەحمەد ڕەسوڵ (٢٠٠٧: ٤٠).

| |
|---|
| بەرکار ⟵ فرێزی ناوی یا فرێزی جێناوی یا ڕستەی شوێنکەتوو |

...... (٩٥)

لە نموونەکانی (١٣٧- ا ب پ ت)دا جێکەوتەی بەرکار لە (١٣٧- ا) بە فرێزێکی ناویو لە (١٣٧- ب) بە فرێزێکی جێناویو لە (١٣٧- پ ت)دا بە ڕستەی شوێنکەتوو پڕکراونەتەوەو هەمان ئەرکی بەرکاریان لە ڕستەکاندا بینیوە. بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا ئەو کردارانەی کە لە چاوگی (وەتن، زانستن، ژنەفتن، ...... تاد)ەوە وەردەگیرێن، یەکێکە لەو کردارانەی سیمای ڕێزمانی [+ ڕستە] بە سەر بەرکارەکانیاندا دەسەپێنن، واتە بەرکاری ئەم کردارانە دەبێت ڕستە بێت(٢٨٤). بڕوانە (١٣٧- پ ت).

## ٢/٢-٢-١-٣ تەواوکەر (Complement):

ئەو کەرەستانەن کە لەگەڵ کرداردا دێنو ڕستەکە دەکەنە ڕستەیەکی ڕێزمانیو واتایەکی تەواوی پێدەبەخشن(٢٨٥). واتە ئەو کەرەستانەی کە جێکەوتەی تەواوکەر پڕدەکەنەوە، بەخورتینو لابردنیان لە ڕستەدا دەبێتە ڕستەیەکی ڕێزمان نادروستو واتاناڕاست. بۆیە ئەرکی تەواوکەر کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە کردەی تەواوکردنەوە هەیە وەك پێکهاتەی بەشەکردار، کە بەشێکی بەخورتی ڕستەیە، بۆ ئەو ڕەگەزە دەگەڕێتەوە، کە لە ناو پێکهاتەی بەشەکردارداییە، نەك بەشەکردارەکە خۆی، بۆ نموونە هەبوونو نەبوونی تەواوکەر بەهۆی کرداره فەرهەنگییەکەی ناو فرێزە کردارییەکەوە دیاریدەکرێت، نەك فرێزە کردارییەکە خۆی(٢٨٦). بڕوانە (١٣٨).

(١٣٨) ا- من ئەوان وە برا زانستم. (من ئەوانم بە برا زانی)

ب- منالّەگە لە بان خانی بی. (منالّەکە لە سەربان بوو)

لە نموونەکانی (١٣٨- ا ب)دا تەواوکەری (وە برا، لە بان خانی) لەگەڵ کردارەکەدا دروستەی ناوەکییان پێکهێناوە. بۆیە کەرەستەیەکی بەخورتینو ناتوانین لایانبەرین(٢٨٧). چونکە لابردنی هەریەکەیان یان دەبێتەهۆی ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە، بڕوانە (١٣٩- ا)، یان ناوەڕۆکی واتای کردارو ڕستەکە دەگۆڕێت، بڕوانە (١٣٩- ب).

(١٣٩) ا-*من ئەوان .... زانستم. (من ئەوانم .... زانی)

ب- منالّەگە بی. (منالّەکە بوو)

---

(١٢٥) دیار عەلی کەمال (٢٠٠٢: ٨١-٨٢).

(126) Amin (1979: 14).

(١٢٧) بڕوانە: [محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٢٦)]و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون.

(128) Quirk etal (1973:373).

تەواوکەریش دەکەین بە دوو بەشەوە:

١. تەواوکەری کرداری تەواو (بەهێز).

٢. تەواوکەری کرداری ناتەواو (بێهێز)

### ٢/٢ ـ ٢ ـ ١ ـ ٣ ـ ١ تەواوکەری کرداری تەواو:

جێکەوتەی تەواوکەری کرداری تەواو بە هەریەکە لە فرێزی پێشناویو فرێزی ئاوەڵکرداری پڕدەکرێنەوەو ئەرکی تەواوکەر دەبینن، بە تایبەتی ئەو کردارانەی کە تەواوکەر وەکو جێکەوتەیەکی بەخورتی لە دروستەی ڕستەکەدا داوادەکەن، وەکو کرداری (وەپیدان، لەلیدان، لەلیوەشانن، زانستن، لەلیکردن، خستن، ئەڵگەریان، مەندن، لکیان، لەلیهاتن، لەلیچین، کەفتن، .....تاد)، بڕوانە (١٤٠)و (١٤١).

(١٤٠) ا- ئەوان کتاوەگە وە ئەی دان. (ئەوان کتێبەکەیان بە ئەم دا)

ب- جاجگەگە وە دەسمەو لکیا. (بنێشتەکە بە دەستمەوە لکا)

پ- دوێتەگە لە دالگی چد. (کچەکە لە دایکی دەچێت)

ت- ڕەنگ لە ڕوییا نەمەندیە. (ڕەنگ لە ڕوویدا نەماوە)

(١٤١) ا- کارەگە کەفتە شەوەکی. (کارەکە کەوتە بەیانی)

ب- دارا دەسی خستە ناو ئاوەگە. (دارا دەستی خستە ناو ئاوەکەوە)

پ- منالەگە کوچگیگ لە مالەگە وەشان. (منالەکە بەردێکی لە مالەکە گرت)

ت- پشیلەگە وە دیوارەگەیا ئەلگەڕیا. (پشیلەکە بە دیوارەکەدا هەلگەڕا)

| تەواوکەری کرداری تەواو ◄──── فرێزی پێشناوی یا فرێزی ئاوەڵکرداری |
|---|

......(٩٦)

لە نموونەکانی (١٤٠- ا ب پ ت)دا جێکەوتەی تەواوکەر بە فرێزی پێشناویو لە نموونەکانی (١٤١- ا ب پ ت)دا بە فرێزی ئاوەڵکرداری پڕکراونەتەوەو ئەرکی تەواوکەریان لە ڕستەکاندا بینیوە، بەڵام هەڵبژاردنی ئەم جێکەوتەیە بەپێی جۆری کردارەکە دەبێت، بۆیە کەرەستەیەکی بەخورتینو ناتوانرێت لە دروستەی ڕستەکاندا بقرتێنرێن، چونکە دەبنە ڕستەیەکی ڕێزمان نادروستو واتاناڕاست، بڕوانە (١٤٢).

(١٤٢) ا- *ئەوان کتاوەگە ..... دان. (ئەوان کتێبەکەیان ..... دا)

ب- *کارەگە کەفت ...... . (کارەکە کەوت .......)

**٢/٢ ـ ٢ ـ ١ ـ ٣ ـ ٢ تەواوكەری كرداری ناتەواو:**

كرداری (بین)[٢٨٨] بە كرداری ناتەواو ناودەبرێت، مەبەست لە كرداری ناتەواو ئەو كردارەیە، كە بەیاریدەی كەرەستەی تر دەتوانێت هەواڵێك یان سیفەتێك بداتە پاڵ بكەرەكەی. ئەو كەرەستانەی كە جێكەوتەی تەواوكەری كرداری ناتەواو پڕدەكەنەوە، كەرەستەیەكی سەرەكیو گرنگنو بوونیان لە دروستەی ڕستەدا بەخورتین. بۆیە لە ڕستەدا دەبنە پێویستییەكی هەمیشەیی كرداری (بین)و ناتوانرێت وازیان لێبهێنرێت، چونكە بە لابردنیان واتای ڕستە تێكدەچێت، یان پێچەوانە دەبێت[٢٨٩]. بڕوانە (١٤٣).

(١٤٣) ا- ئازاد ماموساس. (ئازاد مامۆستایە)

ب- ئەوە من بیم، لە قاپی دام. (ئەوە من بووم، لە دەرگام دا)

پ- تەلەبەگە شاترە. (خوێندكارەكە زیرەكە)

ت- هێمان زوییە. (هێشتا زووە)

ج- پارەگە وە من بی. (پارەكە بە من بوو)

چ- ئاوەگە فرەس. (ئاوەكە زۆرە)

| | |
|---|---|
| تەواوكەری كرداری ناتەواو ⟵ | فرێزی ناوی یا جێناوی یا ئاوەڵناوی یا ئاوەڵكرداری یا پێشناوی یا ڕادە |

...یاسای ژمارە (٩٧)

لە نموونەكانی (١٤٣- ا ب پ ت ج چ)دا جێكەوتەی تەواوكەری كرداری ناتەواوی (بین) لە (١٤٣- ا) بە فرێزی ناویو لە (١٤٣- ب) بە فرێزی جێناویو لە (١٤٣- پ) بە فرێزی ئاوەڵناویو لە (١٤٣- ت) بە فرێزی ئاوەڵكرداریو لە (١٤٣- ج) بە فرێزی پێشناویو لە (١٤٣- چ)دا بە فرێزی ڕادە پڕكراونەتەوەو ئەركی تەواوكەریان بینیوە، بۆیە ئەم كەرەستانە بەخورتینو ناتوانرێت لە ڕستەدا لابردرێن، چونكە ڕستەكان ڕێزمان نادروستو واتاناڕاست دەبن، بڕوانە (١٤٤).

(١٤٤) ا- *ئازاد ........ س. (ئازاد .......... ە)

ب- *ئەوە .... بیم، لەقاپی دام. (ئەوە .... بووم، لە دەرگام دا)

پ- *تەلەبەگە ......ە. (خوێندكارەكە ....... ە)

ت- *هێمان .... ە. (هێشتا ...... ە)

ح- *پارەگە ...... بی. (پارەكە ..... بوو)

چ- *ئاوەگە .... س. (ئاوەكە ..... ە)

(١٢٩) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی كرداری (بینو داشتن)و جۆرەكانی لەم شێوەزارەدا، بڕوانە: [ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٠٦: ٣٩-٤٨)].

(١٣٠) مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد (١٩٨٨: ٧٩).

**٢/٢ ـ ٢ ـ ١ ـ ٤ کـردار (Verb):**

ئەو بەشەیە، کە دەکەوێتە کۆتایی ڕستەو باسێك لە بارەی بکەرەوە ڕادەگەیەنێت، ئەم بەشەی ڕستە لە ڕووی دروستەوە لە فرێزێکی کرداری پێکدێت[٢٩٠]. واتە جێکەوتەی کردار هەمیشە بە فرێزێکی کرداری پڕدەکرێتەوە، ئەم بەشەی ڕستەش لە ڕووی کەس‌و ژمارەوە لەگەڵ بکەر ڕێکدەکەوێت، واتە بکەر لە چ کەس‌و ژمارەیەك بێت، کرداریش جێناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس‌و ژمارە وەردەگرێت[٢٩١]، بڕوانە (١٤٥).

(١٤٥) من کوڕەگە ناسم. (من کوڕەکە دەناسم)

کـردار ⟵ فرێزی کرداری ......یاسای ژمارە (٩٨)




**٢/٢ ـ ٢ ـ ٢ جێکەوتە سەرپشکییەکان:**

تەنها سەربار (Adjunct) دەگرێتەوە. مەبەست لە سەربار ئەو کەرەستانەن، کە لابردنیان هیچ کارێك ناکەنە سەر لایەنی واتاو ڕێزمانی ڕستە، بەڵکو ئەرکیان تەنیا دەرخستنی زانیاریی

(١٣١) ئەحمەد حەسەن فەتحوڵڵا (١٩٩٠: ٦).

(١٣٢) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕێککەوتن لەم شێوەزارەدا، بڕوانە: [ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٠٦: ٧٥-٩٧)].

زیاترە دەربارەی لایەنەکانی ڕووداو[٢٩٢]. واتە بەو ڕەگەزەی ڕستە دەوترێت، کە دەتوانرێت لە ڕستەدا لاببرێت، بێ ئەوەی دروستەو کرۆکی ڕستەکە بشێوێنێت[٢٩٣]. چونکە سەربار هەمیشە سەرپشکییەو زانیاریی لاوەکی دەردەبڕێت[٢٩٤]. جێکەوتەی سەرباریش بەهۆی فرێزەکانی ئاوەڵکرداری[٢٩٥]و پێشناویو ڕادەوە دەنوێنرێت، بڕوانە (١٤٦).

(١٤٦) ا- دوێتەگە دایمە لە هۆش چدەو. (کچەکە هەمیشە دەبووریێتەوە)

ب- منالّەگە لە سەگەگە ترسیاس. (منالّەکە لە سەگەکە ترساوە)

پ- دەس منالّەگە توزیگ سوزیابی. (دەستی منالّەکە تۆزێك سووتابوو)

سەربار ⟵ فرێزی ئاوەڵکرداری یا پێشناوی یا ڕادە ......یاسای ژمارە (٩٩)

لە نموونەکانی (١٤٦- ا ب پ)دا دەردەکەوێت، کە جێکەوتەی سەربار لە (١٤٦- ا) بە فرێزی ئاوەڵکرداریو لە (١٤٦- ب) بە فرێزی پێشناویو لە (١٤٦- پ)دا بە فرێزی ڕادە پڕکراونەتەوەو ئەرکی سەرباریان بینیوە، تەنانەت ئەگەر لە دروستەی ڕستەکانیش لاببردرێن، بەبێ ئەوەی دروستەی ڕێزمانیو واتای ڕستەکان بشێوێنێت، بڕوانە (١٤٧).

(١٤٧) ا- دوێتەگە لەهۆش چدەو. (کچەکە دەبووریێتەوە)

ب- منالّەگە ترسیاس. (منالّەکە ترساوە)

پ- دەس منالّەگە سوزیابی. (دەستی منالّەکە سووتابوو)

## ٢/٢ - ٣ پەیوەندییە سینتاکسییەکان:

ڕیزکردنو خستنەتەکیەکی کەرەستەکان لە دروستەی فرێزو ڕستەدا بەپێی یاسا سینتاکسییەکان لێکدەدرێن، بەمەش پەیوەندیی سینتاکسی لە نێوان کەرتەکانی دروستەی فرێز یان لە نێوان ڕەگەزەکانی دروستەی ڕستەدا دروستدەبێت، بۆیە هێڵکاری درەختی پەیوەندییەکی تەپۆڵکەیی لە نێوان کەرەستەکانی دروستەی فرێزو ڕستەدا دروستدەکات، بەم پەیوەندییانەش دەوترێت پەیوەندییە سینتاکسییەکان. واتە مەبەست لە پەیوەندیی سینتاکسی ئەو پەیوەندییە سینتاگماتیکییە، کە لە نێوان بەشەکانی دروستەیەکدا هەیە، وەکو ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان کەرتەکانی دروستەی فرێز یان لە نێوان ڕەگەزەکانی دروستەی ڕستەدا هەیە. لێرەدا دوو جۆر پەیوەندیی سینتاکسی دەستنیشاندەکەین:

---

(١٣٣) ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١: ٣٤).

(١٣٤) مەحمود فەتحوڵلاّ ئەحمەد (١٩٨٨: ١٣).

(135) Aarts (2001: 21).

(١٣٦) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو فرێزە ئاوەڵکردارانەی کە ئەرکی سەربار دەبینن، بڕوانە:

[ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١: ٣٤-٥٤)].

## ٢/٢ ـ ٣ ـ ١ پەیوەندیی نێوان کەرتەکانی فرێز:

هەموو فرێزێك سەرەیەکی هەیەو هەمیشە سەر بە هەمان جۆری کەتیگۆریی فەرهەنگییە، بۆ نموونە لە فرێزی ناویدا هەر دەبێت، ناوێك سەرە بێتو لە فرێزی کرداریدا هەر دەبێت، کردارێك سەرە بێتو ....تاد، سەرەی ئەم فرێزانەش لە پێشەوە یان لە پاشەوە بە کۆمەڵێك کەرەستە فراواندەکرێت، بۆیە لە کاتی لێکدانی دوو کەرەستە یان زیاتر جۆرێك لە پەیوەندیی سینتاکسی لە نێوان کەرتەکاندا پەیدادەبێت. مەبەست لە پەیوەندیی سینتاکسی پەیوەندیی نێوان کەرتەکانی فرێزێکەیە، ئەو فرێزەی کە لە کەرتێك زیاتر پێکدێت، بەر لە هەموو شتێك دەبێت کەرتەکان بەهۆی یاسایەکی سینتاکسی ڕێگەپێدراوی زمانەکە یان شێوەزارەکەوە لێکدرابن[(٢٩٦)]. بۆیە جۆرێك لەو پەیوەندییانە، پەیوەندیی نێوان سەرەی فرێزو کەرتەکانی تری فرێزەکەیە[(٢٩٧)]. مەرج نییە، بوونی کۆمەڵە وشەیەك لەپاڵ یەکتری فرێزێکیان پێکهێنابێت، ئەگەر ڕەچاوی یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە یان شێوەزارەکە نەکرابێت[(٢٩٨)]. بڕوانە (١٤٨).

(١٤٨) ا- ئەی کوڕە.

ب- کوڕە ئازاگە.




## ٢/٢ ـ ٣ ـ ٢ پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکانی ڕستە:

بریتییە لە پەیوەندیی سینتاکسی نێوان وشەکانو دەرکەوتنو گونجانیان لەگەڵ یەکتردا لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا بە شێوەیەکی ئاسۆیی[(٢٩٩)]. بۆیە تەواوی ڕەگەزەکانی ڕستە لە ڕیزبوونێکی لۆژیکیو ڕێزمانیدان[(٣٠٠)]. بەم پێیە جێکەوتەکانی ڕستە لە پەیوەندییەکی ئاسۆیدا بەپێی یاسا سینتاکسییەکان ڕیزدەکرێنو دەخرێنە تەکیەكو پەیوەندییەکی سینتاکسیو سیمانتیکی لە نێوانیاندا هەیە، بۆ ئەوەی ڕستەیەکی ڕێزماندروستو واتاڕاست بەرهەمبهێنن، بڕوانە (١٤٩).

(١٤٩) ئازاد پیاوەگە کوشت. (ئازاد پیاوەکەی کوشت)

---

(١٣٧) حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠: ٣٠).

(138) Fromkin etal (2003: 130).

(١٣٩) حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠: ٣٠).

(١٤٠) تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨: ٣٣).

(١٤١) سەلام ناوخۆش (٢٠٠٥: ٣٤).

ڕەگەزەکانی ئەم ڕستەیە (ئازاد)و (پیاوەگە)و (کوشت) لە پەیوەندییەکی ئاسۆیدا بەپێی یاسای سینتاکسی زمانی کوردی (بکەر + بەرکار + کردار) ڕیزکراونو پەیوەندییەکی سینتاکسی لە نێوانیاندا هەیە، لە ئەنجامدا دروستەیەك بەرهەمدەهێنن، کە دروستەی ڕستەیە. هەر گۆڕانکارییەك لە جێگۆڕکێکردنی وشەکاندا بکرێت، تەواوی واتای لۆژیکیو ڕێزمانی ڕستەکە دەگۆڕێت[301]. بڕوانە (١٥٠).

(١٥٠) پیاوەگە ئازاد کوشت. (پیاوەکە ئازادی کوشت)

یان دەبێتە ڕستەیەکی ڕێزمان نادروستو واتاناڕاست، بڕوانە (١٥١).

(١٥١) ا- *ئازاد کوشت پیاوەگە. (ئازاد کوشت پیاوەکەی)

ب- *کوشت ئازاد پیاوەگە. (کوشت ئازاد پیاوەکەی)

بۆیە پەیوەندیی سینتاکسی نێوان ڕەگەزەکانی ڕستە وابەستەی یاساکانی ڕیزکردنو خستنەتەکیەکی کەرەستەکانی دروستەی ڕستەیە. بۆیە درەختی دروستەی فرێز هەمیشە پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکانی ڕستە نیشاندەدات[302]. هەروەها پەیوەندیی واتایی نێوان کەرەستەکانیش لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا نیشاندەدات، بڕوانە (١٥٢).

(١٥٢) کوڕەگەی ئەوان ئەرا مەکتەب چد. (کوڕەکەی ئەوان بۆ قوتابخانە دەچێت)




(١٤٢) سەرچاوەی پێشوو (٣٥).

(143) Fromkin etal (2003: 130).

## ٢/٢ ـ ٤ ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەدا :

کەرەستەکان (فرێزو وشەو مۆرفێمەکان) لە دروستەی ڕستەدا لە پەیوەندییەکی ئاسۆیدا بەپێی قاڵبە بنجییەکانی یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە یان شێوەزارەکە ڕیزدەکرێنو دەخرێنە تەکیەك. واتە ئەم کەرەستانە بەپێی جێکەوتەی کەتیگۆرییە ئەرکییەکان دەستنیشاندەکرێنو ڕیزدەکرێن. بۆیە ڕیزبوونی کەرەستەکان لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا وەك کەرەسەیەکی واتای ڕێزمانی تەماشادەکرێتو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت(٣٠٣). ئەم جێکەوتانەی ڕستەش بەجۆرێك یان زیاتر لە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان پڕدەکرێنەوەو لە دروستەی ڕستەدا ڕیزدەکرێن، بۆ خستنە ڕووی سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەدا، دوو جۆر دروستەی ڕستە دەستنیشانکراوە:

### ٢/٢ ـ ٤ ـ ١ دروستەی ڕستەی تەواو ( دروستەی ڕستەی سینتاکسی ):

ڕستەی تەواو ئەو ڕستەیەیە، کە هەموو کەرەستەیەکی سینتاکسی سەرەکی ڕستەی تێدایە(٣٠٤). یان ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە کەرەستەکانی (بکەر، بەرکارو کردار .....تاد) بەتەواوی دەربڕاون، واتە ئەرکی هەریەکەیان مۆرفێمێکی سەربەخۆ دەیبینێت(٣٠٥). کەواتە ڕستەی تەواو دروستەی هەموو ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە جێکەوتەکانی (بکەر، بەرکار، سەربار.....) بە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان پڕدەکرێنەوەو ڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێن، بۆیە کەرەستەکانی دروستەی ئەم جۆرە ڕستانە لە دروستەی قووڵو دروستەی ڕووکەشدا ڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێن، بڕوانە (١٥٣).

(١٥٣) ئازاد ئەوان گرد.   (ئازاد ئەوان دەگرێت)

---

(١٤٤) تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨: ٩).

(١٤٥) محمد علي الخولي (١٩٨٢: ٩٤).

(١٤٦) ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (١٩٩٤: ٨٢).




لەم دروستەیەدا کەرەستەکانی ڕستەکە بەپێی یاسای سینتاکسی (بکەر + بەرکار + کردار) لە زمانی کوردیدا ڕیزکراونو جۆرێك قاڵبی ڕستەی بنجییان داڕشتوە، بۆیە لێرەدا قاڵبە بنجییەکانی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەی تەواودا دەخەینەڕوو.

**٢/٢ ـ ٤ ـ ٢ دروستەی ڕستەی ناوکی ( دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی ):**

لە تەوەری دووەمی بەشی سێیەمدا باس لە دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی لەم شێوەزارەدا دەکەین.

**٢/٢ ـ ٥ قاڵبە بنجییەکانی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەی تەواودا :**

قاڵبەکانی ڕستەی بنجی دەشێت بەپێی جۆری ڕیزبوونی کەرەسەکانو هەروەها جۆری کردارەکە دەستنیشانبکرێن[٣٠٦]. واتە قاڵبەکانی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەی تەواودا بەپێی ڕیزبوونی ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕستە واتە جێکەوتە بەخورتییەکانی (بکەر ، بەرکار ، تەواوکەر ، کردار) دەستنیشاندەکرێن، هەروەها جۆری کردارەکە (تێپەڕو تێنەپەڕ) ڕەگەزە سەرەکییەکانی (بکەر ، بەرکار ، تەواوکەر) هەڵدەبژێرن. بەلاّم ژمارەو سروشتی جێکەوتەکان کە کردارەکان

(١٤٧) تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨: ١٤).

داوایان دەکەن، وا لە کردارەکان دەکات، لە ڕووی ڕێزمانییەوە لەیەك جیاوازبن[٣٠٧]. چونکە کردار لە دروستەی ڕستەدا سەرێکی حوکمکەرەو لە زمانی کوردیدا لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاست حوکمدەکاتو ڕۆڵی بابەتانە بە ئارگومێنتەکان دەدات. واتە دروستەی جێکەوتەی کردار لە تیۆری سیتادا زۆر گرنگە، کە دەیەوێت، ڕۆڵی بابەتانەی جێکەوتەکان پەسنی بکات، کە لە ڕستە سادەکاندا بەدەستی دەهێنێت[٣٠٨]. بۆیە هەر ئارگومێنتێك توانای لەخۆگرتنی یەك ڕۆڵی بابەتانەی هەیە، واتە کرداری ڕستە تەنیا یەك ڕۆڵ بە هەر ئارگومێنتێك دەبەخشێت، بە واتایەکی تر تەنیا یەك ڕۆڵی بابەتانە دەدرێت بە یەك ئارگومێنت، پەیوەندیی نێوان ئارگومێنتەکانو ڕۆڵی بابەتانە یەکبەیەکە[٣٠٩]. لە دروستەی ڕستەی تەواودا دەکرێت شەش قاڵبی بنجی ڕستە لە زمانی کوردیدا دەستنیشانبکەین[٣١٠]، ئەمانەن:

١- بکەر + کردار، بڕوانە (١٥٤).

(١٥٤) ا- منالّەگە خەفت. (منالّەکە نووست)

ب- ئازاد هات. (ئازاد هات)

٢- بکەر + بەرکار + کردار، بڕوانە (١٥٥).

(١٥٥) ا- ژن ژن نێخوەد. (ژن ژن ناخوات)

ب- ئەو کتاوەگە هاورد. (ئەو کتێبەکەی هێنا)

٣- بکەر + تەواوکەر + کردار، بڕوانە (١٥٦).

(١٥٦) ا- جاجگ وە دەسمەو لکیا. (بنێشت بە دەستمەوە لکا)

ب- ئازاد ماموسا بی. (ئازاد مامۆستا بوو)

٤- بکەر + کردار + تەواوکەر، بڕوانە (١٥٧).

(١٥٧) ا- کارەگە کەفتە شەوەکی. (کارەکە کەوتە بەیانی)

ب- ئازاد بی وە ماموسا. (ئازاد بوو بە مامۆستا)

---

(148) Finich (2000: 85).
(149) Ibid (85).

(١٥٠) عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان (٢٠٠٩: ٩٦)و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون.

(١٥١) شایانی باسە محەمەد مەعروف فەتاح پێنج قاڵبی بنجی ڕستەی کوردی دەستنیشانکردوە، بەم شێوەیە:

١- بکەر + کردار، وەك: منالّەکە نووست.

٢- بکەر + بەرکار + کردار، وەك: ژن ژن ناخوات.

٣- بکەر + تەواوکەر + کردار، وەك: بنێشت بە دەستییەوە لکا.

٤- بکەر + بەرکار + کردار + تەواوکەر، وەك: دەستی خستە ئاوەکەوە.

٥- بکەر + بەرکار + تەواوکەر + کردار، وەك: من تۆ بە ئازا دەزانم.

بڕوانە: [Fattah (1997: 246)].

٥- بکەر + بەرکار + تەواوکەر + کردار، بڕوانە (١٥٨).

(١٥٨) ا- من ئەوان وە پیاو زانم. (من ئەوان بە پیاو دەزانم)

ب- منالْەگە کوچگیگ لە قاپییەگە دا. (منالْەکە بەردێکی لە دەرگاکە دا)

٦- بکەر + بەرکار + کردار + تەواوکەر، بڕوانە (١٥٩).

(١٥٩) ا- منالْەگە دەسی خستە ناو ئاوەگە. (منالْەکە دەستی خستە ناو ئاوەکەوە)

ب- دالگم منالْەگە کردە مالْەو. (دایکم منالْەکەی کردە مالْەوە)

ڕەگەزەکانی (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، کردار) کە لە قالْبەکانی (١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥، ٦)دا نیشاندراون، لە دروستەی ڕستەکاندا ڕەگەزی بەخورتین، چونکە ئەمانە پێکهێنەری بنجین لە قالْبی دروستەی ڕستەکاندا، بۆیە بە لابردنی هەریەك لەو ڕەگەزانە، ڕستەکان ڕێزمان نادروستو واتاناڕاست دەبن. بڕوانە (١٦٠).

(١٦٠) ا- من ئەوان وە پیاو زانم. (من ئەوان بە پیاو دەزانم)

ب- *.... ئەوان وە پیاو زان. (... ئەوان بە پیاو دەزان)

پ- *من ...... وە پیاو زانم. (من ...... بە پیاو دەزانم)

ت- *من ئەوان ....... زانم. (من ئەوان ....... دەزانم)

ج- *من ئەوان وە پیاو ...م. (من ئەوان بە پیاو ......م)

ئەو شەش جۆرە قالْبە لە ڕووی ژمارەی ڕەگەزەکانی ڕستەوە بە شێوەیەکی سروشتی دەبنەوە بە سێ جۆری سەرەکی[٣١١]، ئەمانەن:

ا- قالْبی دوو ڕەگەزی، وەك: بکەر + کردار.

ب- قالْبی سێ ڕەگەزی، وەك: بکەر + بەرکار یا تەواوکەر + کردار.

پ- قالْبی چوار ڕەگەزی، وەك: بکەر + بەرکار + تەواوکەر + کردار.

لە قالْبی دوو ڕەگەزیدا دەردەکەوێت، کە جۆری کردارەکە تێنەپەڕەو پێویستی بە یەك جێکەوتە هەیە، بۆیە تەنها داوای ڕەگەزی (بکەر) دەکات، بڕوانە (١٥٣- ا ب)، بەلاّم لە قالْبی سێ ڕەگەزیدا، کردارەکە پێویستی بە دوو جێکەوتە هەیەو بە (mono-transtive) ناودەبرێت، ئەگەر جۆری کردارەکە تێپەڕ بوو، ئەوا داوای ڕەگەزی (بکەرو بەرکار) دەکات، بڕوانە (١٥٥- ا ب)، ئەگەر جۆری کردارەکەش تێنەپەڕ بوو، چ کردارێکی تەواو یان ناتەواو بێت، ئەوا داوای ڕەگەزی (بکەرو تەواوکەر) دەکات، بڕوانە (١٥٦- ا ب)و (١٥٧- ا ب)، هەروەها لە قالْبی چوار ڕەگەزدا، کردارەکە پێویستی بە سێ جێکەوتە هەیەو بە (di-transtive) ناودەبرێت، بەمەش جۆری کردارەکە

---

(١٥٢) بڕوانە:

أ- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٣٩).

ب- Finich (2000: 85).

تێپەڕەو داوای ڕەگەزی (بکەرو بەرکارو تەواوکەر) دەکات، بڕوانە (١٥٨- ا ب)و (١٥٩- ا ب)، بەڵام ڕەگەزی سەربار لە دروستەی ڕستەدا ڕەگەزێکی سەرپشکییەو دەتوانرێت بقرتێنرێت، بەبێ ئەوەی ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانو واتاوە ناتەواو بێت، بڕوانە (١٦١- ا ب).

(١٦١) ا- ئازاد دوێکە هات. (ئازاد دوێنی هات): (بکەر + سەربار + کردار)

ب- ئازاد ...... هات. (ئازاد ........ هات): (بکەر + کردار)

## ٢/٢ ـ ٦ جۆری ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەی تەواودا:

جۆری ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێتو هەندێ جار لە هەمان زمانیشدا جیاوازی دەبێت(٣١٢). بە گشتی دوو جۆر ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەدا هەیە(٣١٣):

### ٢/٢ ـ ٦ ـ ١ ڕیزبوونی چەسپاو:

لەم جۆرە ڕیزبوونەدا ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕستە واتە (بکەرو بەرکارو تەواوکەرو کردار) لە دروستەی ڕستەی زمانی کوردیدا بە شەش قاڵبی بنجی ڕیزدەبنو دەخرێنە تەکیەكو پابەندی ئەو ڕیزبوونانە دەبن، بۆیە ناتوانرێت شوێنیان لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕبکرێت، بڕوانە (١٥٤- ا ب)، (١٥٥ ا ب)، (١٥٦- ا ب)، (١٥٧- ا ب)، (١٥٨- ا ب)، (١٥٩- ا ب)، چونکە هەر ئاڵوگۆڕێك لە ڕیزبوونی کەرەستەکان ڕووبدات، دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەرکی سینتاکسی کەرەستەکانو واتای ڕستەکەش دەگۆڕێت، بڕوانە (١٦٢).

(١٦٢) ا- من ئەوان گرم. (من ئەوان دەگرم)

ب- ئەوان من گرن. (ئەوان من دەگرن)

هەرچەندە لە ناو قاڵبە بنجییەکانی ڕستەدا، هەندێ لە ڕیزبوونی ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕستە بەپێی ویستی قسەکەر پێشو پاش دەخرێن. بۆ نموونە لە ڕیزبوونی قاڵبی (بکەر + بەرکار + کردار)دا بەمەبەستی جەختکردنو دووپاتکردنەوەی قسەکەر لە سەر بەرکار. کە سەرتۆپی لاوەکییە، لە جێکەوتەی بنەڕەتیی خۆیەوە، کە بەشی کۆمێنتی ڕستەی سەرتۆپییە لە هەر سێ چەشنی ڕستەی (هەواڵیو فەرمانیو پرسیاری) دەردەهێنرێتو دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە)و بەمەش ڕستەی باسمەند دێتە بەرهەم(٣١٤). بڕوانە (١٦٣)و (١٦٤).

---

(١٥٣) تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨: ٩).

(١٥٤) بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەدا، بڕوانە:

أ- سەرچاوەی پێشوو (١٠-١١).

ب- عومەر مەحمود کەریم (٢٠٠٤: ٣٠-٣٢).

(١٥٥) کاروان عومەر قادر (٢٠٠٦: ٧٦-٧٧).

(١٦٣) ا- [سەرتۆپی سەرەکی **من**] [کۆمێنت[سەرتۆپی لاوەکی **ئەوان** [پرۆسە. **ناسم**]]] **ڕستەی سەرتۆپی**

**ب-** [سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە **ئەوان**]،[سەرتۆپی لاوەکی **من**] [کۆمێنت[سەرتۆپی لاوەکی t [پرۆسە. **ناسمە**[کلیتیکی باسمەندی **یان**]]]] **ڕستەی باسمەند**

i i i

(١٦٤) ا- [سەرتۆپی سەرەکی **من**] [کۆمێنت[سەرتۆپی لاوەکی **ئەوان** [پرۆسە. **کلکردم**]]] **ڕستەی سەرتۆپی**

**ب-** [سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە **ئەوان**]،[سەرتۆپی لاوەکی **من**] [کۆمێنت[سەرتۆپی لاوەکی t [پرۆسە.**کلـ**[کلیتیکی باسمەندی **یان** ]**کردم** ]]]**ڕستەی باسمەند**

i i i

**هەروەها لە ڕیزبوونی قالبی (بکەر + بەرکار + تەواوکەر + کردار)دا جێکەوتەی تەواوکەر کەوتووەتە نێوان بەرکارو کردارەوەو ناتوانرێت جێگۆڕکێی پێبکرێت، بڕوانە (١٦٥).**

**(١٦٥) ا- من ئەوان وە شاتڕ زانستم. (من ئەوانم بە زیرەك زانی)**

**ب- *من ئەوان زانستم وە شاتڕ. (من ئەوانم زانی بە زیرەك)**

**پ- *من وە شاتڕ ئەوان زانستم. (من بە زیرەك ئەوانم زانی)**

**بەڵام لە هەندێ کرداری وەك (وەپیدان، لەلیدان، بین، .....تاد) هەندێ جار بەپێی ویستی قسەکەر دەتوانرێت تەواوکەر بخرێتە پاش کردارەکەوە، بێ ئەوەی کار لە ڕێزمانێتیو واتای ڕستەکە بکات، بڕوانە (١٦٦).**

**(١٦٦) ا- من پارەگە وە ئەوان[٣١٥] دام. (من پارەکەم بە ئەوان دا)**

**ب- من پارەگە دام وە ئەوان. (من پارەکەم دا بە ئەوان)**

**پ- من پارەگە دامە ئەوان. (من پارەکەم دایە ئەوان)**

**یان ڕستەکە لە ڕێزمانێتی دەکەوێت، بڕوانە (١٦٧).**

**(١٦٧) ا- من ئەوان گرم. (من ئەوان دەگرم)**

**ب- *گرم من ئەوان. (دەگرم من ئەوان)**

**پ- *من گرم ئەوان. (من دەگرم ئەوان)**

**ت- *ئەوان گرم من. (ئەوان دەگرم من)**

---

**(١٥٦) لەم دروستەیەدا جێکەوتەی تەواوکەر بە فرێزی پێشناوی (وە ئەوان) پڕکراوەتەوەو بە لابردنی، دروستەی ڕستەکە ڕێزمان نادروستو واتاناڕاست دەبێت، بەڵام عومەر مەحمود کەریم بە سەربار ناوی دەبات، بڕوانە: [عومەر مەحمود کەریم (٢٠٠٤: ٣١)].**

**٢/٢ ـ ٦ ـ ٢ ڕیزبوونی ئازاد:**

لەم جۆرە ڕیزبوونەدا دەشێت ڕستە بە چەند شێوەیەکی جیاواز دەربکەوێت، ئەمەش بەهۆی ئەو کەرەستانەوە دەبێت، کە بە شێوەیەکی سەربەستو بزێو شوێنی خۆیان دەگۆڕن، بەبێ ئەوەی کار لە ڕێزمانێتیو واتای ڕستەکە بکەن. ئەم پرۆسەیە بە پرۆسەی سکرامبلینگ ناودەبرێت، کە وەك یاسایەکی سەرپشکی پێشنیازکراوە، بەوەی هەندێك لە پێکهاتەکانی ڕستە لە ڕیزبوونیاندا ئازادانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێتو شیاوبێت لە هەر جێکەوتەیەکی ڕستەکەدا بێت[٣١٦]. ئەم کەرەستانەش دروستەی ئەو فرێزە پێشناویو ئاوەڵکرداریو ڕادانە دەگرێتەوە، کە جێکەوتەی سەرباریان لە ڕستەکەدا پڕکردوەتەوە. سەرباریش لە ڕستەدا (mobile)ە، شوێنگۆڕکێی پێدەکرێت[٣١٧]. بڕوانە (١٦٨)، (١٦٩)، (١٧٠).

(١٦٨) ا- ئازاد پارەگە لە ئەوان سەند. (ئازاد پارەکەی لە ئەوان وەرگرت)

ب- ئازاد لە ئەوان پارەگە سەند. (ئازاد لە ئەوان پارەکەی وەرگرت)

پ- لە ئەوان ئازاد پارەگە سەند. (لە ئەوان ئازاد پارەکەی وەرگرت)

ت- ئازاد پارەگە سەند لە ئەوان. (ئازاد پارەکەی وەرگرت لە ئەوان)

(١٦٩) ا- من سوو چم ئەرا خانەقی. (من سبەینێ دەچم بۆ خانەقی)

ب- سوو من چم ئەرا خانەقی. (سبەینێ من دەچم بۆ خانەقی)

(١٧٠) ا- پیاوەگە توزیگ وسیا. (پیاوەکە هەندێك ڕاوەستا)

ب- توزیگ پیاوەگە وسیا. (هەندێك پیاوەکە ڕاوەستا)

لە نموونەکانی (١٦٨- ا ب پ ت)دا فرێزی پێشناوی (لە ئەوان)و لە نموونەکانی (١٦٩- ا ب)دا فرێزی ئاوەڵکرداری (سوو)و لە نموونەکانی (١٧٠- ا ب)دا فرێزی ڕادەی (توزیگ) جێکەوتەی سەرباریان پڕکردوەتەوەو لە سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی ڕستەکەوە دەردەکەونو شوێنێکی جێگیریان نییە، تاڕادەیەك لە جووڵانەوەیاندا سەربەستن. بەڵام سەربارەکان لە زمانی کوردیدا دەکەونە نێوان بکەرو کردار لە ڕستەدا[٣١٨].

---

(١٥٧) کاروان عومەر قادر (٢٠٠٦: ٥٥).

(١٥٨) عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان (٢٠٠٩: ٥٩)و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون.

(159) Fattah (1997: 240).

## (٣) دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان:

دروستەی مۆرفۆسینتاکسی هەموو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆجییانە دەگرێتەوە، کە ئەرکیان لە سینتاکسدا هەیەو بە کەتیگۆرییە مۆرفۆسینتاکسییەکان ناودەبرێن، وەکو چەمکەکانی ناسراوی، نەناسراوی، کەس‌و ژمارە، ڕەگەز، دۆخ، ئەسپێکت .....تاد، کە گیرەکە وشەگۆڕەکان‌و نووسەکەکان دەیاننوێنن. بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوەی دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان، پێویستە پێناسەی مۆرفیم بکەین‌و جۆرەکانی دەستنیشانبکەین.

بلومفیڵد دەڵێ: مۆرفیم بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە[٣١٩]. ئەمەو چەند پێناسەیەکی تر بۆ چەمکی مۆرفیم کراوە، دەتوانرێ بڵێین: مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە، ئەرکی ڕێزمانیی هەیە[٣٢٠]. بۆ دەستنیشانکردن‌و پۆلینکردنی جۆرەکانی مۆرفیم، بڕوانە (١).

(١)




---

(1) Bloomfield (1933:161).

(٢) شێرکۆ حەمەئەمین قادر (٢٠٠٢: ١٨-٢١)و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون.

(٣) محەمەد مەعروف فەتاح‌و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٢٩).

مۆرفێمە بەندەکان بە تایبەتی گیرەکە وشەگۆڕەکانو نووسەکەکان بەشداری لە داڕشتنی دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا دەکەن. چونکە مۆرفێمە سینتاکسییەکان دانەی چالاکی سازدانی پەیوەندییە دیارو ئاشکراکانی وشەن لە قەبارەی فرێزو ڕستەدا، بۆیە ڕۆژانە لە کردەی ئاخاوتندا دووبارەبوونەوەیان زۆر زیاترە لە وشەداڕێژەکان، واتە لە ژیانی ڕۆژانەو لە چوارچێوەی پەیوەندیی تاکەکانی کۆمەڵدا بەکارهێنانیان دیارو چالاکە[٣٢٢]. ئەم مۆرفێمانەش بە ئامادەکراوی لە فەرهەنگدا هەن، واتای سەربەخۆیان نییە، بۆیە بە تەنیا دەرناکەون، بەڵکو لە چوارچێوەی فرێزو ڕستەدا ئەرکی ڕێزمانیان هەیە، واتە پەیوەندیی ڕێزمانی نێوان کەرەستەکانی ڕستە دەنوێننو بەشداری لە پێکهاتنی دروستەی مۆرفۆسینتاکسیدا دەکەن. هەر ئەمەش وا لە هەندێك زمانەوان دەکات، کە مۆرفێمی سینتاکسی لە ڕستەدا بەخورتی دابنێنن، چونکە هیچ ڕستەیەك نییە، کە مۆرفێمی سینتاکسی تێدانەبێت، ئەگەر بوونی فیزیاویشی لە ڕستەدا نەبێت، ئەوا بە سفر دادەنرێت[٣٢٣]. بەم پێیە مۆرفێمە ڕێزمانییەکان ڕۆڵی ڕێکخستنی پەیوەندیی ڕستەیی نێوان کەرەستەکان دەبیننو بە مۆرفۆسینتاکس ناسراون[٣٢٤]. کەواتە مۆرفۆسینتاکس هەموو گیرەکە ڕێزمانیو نووسەکەکان دەگرێتەوە، کە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا مۆرفێمن، بەڵام ئەرکی سینتاکسیان هەیە بۆ ڕێکخستنو نواندنی دروستەی سینتاکس لە ڕێگەی ئەو مۆرفێمو وشانەی کە ئەم جۆرە کەرەستانە لێکیان دەدەنو پرۆسەو سیستەمی یاسا ڕێزمانییەکان ڕێکدەخەن[٣٢٥].

## ١/٣ **مۆرفۆسینتاکسەکانی دروستەی فرێز**:

### ١/٣ـ١ **سەرەتا**:

پۆلەکانی وشە لە سەر بنەمای سیمانتیکیو تایبەتێتی ڕێزمانی جیادەکرێنەوە، بەشێکی گرنگی تایبەتێتی ڕێزمانی پەیوەندیی بە وەرگرتنی مۆرفێمە سینتاکسییەکانەوە هەیە[٣٢٦]. بۆیە کەرەستەکانی مۆرفۆسینتاکس لە سینتاکسی زمانی کوردیدا پۆلی ڕێزمانی پێکدێنن، بەپێی ڕەفتاریان وشە فەرهەنگییەکان جیادەکەنەوە، واتە مۆرفۆسینتاکسەکان جیاکەرەوەی وشە فەرهەنگییەکانن[٣٢٧]. واتە پۆلەکانی وشە لە سەر بنەمای تایبەتێتی سینتاکسی جیادەکرێنەوەو پەیوەندیی بە وەرگرتنی مۆرفێمە ڕێزمانییەکانەوە هەیە، بڕوانە (٢).

---

(٤) شێرکۆ حەمەئەمین قادر (٢٠٠٢: ٣٨).

(٥) سەرچاوەی پێشوو (٣٤).

(٦) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٢٦).

(٧) بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨: ٩٦).

(٨) شێرکۆ حەمەئەمین قادر (٢٠٠٢: ٣٥).

(٩) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٢٨).

(٢) ا- كتاوەگە سەنم. (كتێبەكە دەكڕم)

ب- خاسترین كتاو سەنم. (چاكترین كتێب دەكڕم)

پ- كتاوەگە فروشتمە. (كتێبەكەم فرۆشتوە)

لە (٢- ا)دا وشەی (كتاو) مۆرفێمی ناسراوی (- ەگە)ی وەرگرتوە، بۆیە ناوە، چونكە كەرەستە مۆرفۆسینتاكسەكانی (ناسراوی، نەناسراوی، كۆ، خاوەنێتی، .....تاد) تایبەتن بە كەتیگۆری ناو، لە (٢- ب)دا وشەی (خاس) مۆرفێمی پلەی بالای (- ترین)ی چۆتە سەر، بۆیە ئاوەڵناوە، چونكە مۆرفێمی (- تر، - ترین) تایبەتن بە كەتیگۆریی ئاوەڵناو، هەروەها لە (٢- پ)دا وشەی (فروشتمە) كردارەو مۆرفێمەكانی كاتو ئەسپێكتو ڕێككەوتنی چۆتە سەر، بەمەش كۆمەڵێك مۆرفێمی تایبەت بە كردار هەن، وەكو مۆرفێمەكانی (كات، ئەسپێكت، كەس، ڕێژە، .....تاد). بۆیە هەریەكە لەم مۆرفێمانە هەستیارن لە بەرامبەر تایبەتییە جیاوازەكانی ئەو بناغەیەی هەڵیدەبژێرن[٣٢٨]. واتە تایبەتێتی مۆرفۆسینتاكسی تایبەتێتییەكی ڕێزمانییە، كە تایبەتە بە هەریەك لەباری پێكهاتەی وشەو ڕێكخستنی ڕستەیی[٣٢٩]. لێرەدا كەرەستە مۆرفۆسینتاكسییەكانی دروستەی هەریەكە لە فرێزەكانو ئەلۆمۆرفەكانیانو سەرەوڕیزبوونیان دەستنیشاندەكەین.

### ١/٣ - ٢ مۆرفۆسینتاكسەكانی فرێزی ناوی:

فرێزی ناوی لە دروستەی ڕستەدا كۆمەڵێك لە كەرەستە مۆرفۆسینتاكسییەكان وەردەگرێت، ئەم كەرەستانەش تایبەتن بە دروستەی فرێزی ناوی، وەك مۆرفێمەكانی (ناسراوی، نەناسراوی، كۆ، خستنەسەر، خاوەنێتی، بانگكردن)، كە هەمیشە وەكو كەتیگۆرییەكی مۆرفۆسینتاكسی تایبەتن بە پۆلی ناو، باسی هەریەكە لەم مۆرفێمانە لە ڕووی فۆرمو چۆنێتی ڕیزبوونو دابەشبوونیانەوە لە چوارچێوەی فرێزی ناویدا دەخەینە ڕوو.

### ١/٣ - ٢ - ١ مۆرفێمەكانی ناسراوی:

ناسراوكردن كردەیەكی زمانییە، بریتییە لە ئاشكراكردنی یان دەرخستنی ناوێكی گشتی لە ناو پۆلەكەیدا، بەپێی تایبەتێتی جیاكەرەوەی خاوەن ناو، كە پێشتر قسەكەرو گوێگر دەیزانن، ئەم كردەیە ناوی تاك و كۆ دەگرێتەوە[٣٣٠]. لەم شێوەزارەدا مۆرفێمەكانی ناسراوی بریتین لە (- ەگە ، - ە)، هەریەكەیان فۆرمو ئەركی چالاكی خۆی دەنوێنێت لە دەستنیشانكردنو ناسراوكردنی فرێزی ناویدا.

---

(10) Scalise (1986: 105).
(11) Radford (1997: 265).

(١٢) ئەبوبەكر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٢٨).

### ١/٣ ـ ٢ ـ ١ ـ ١ مـۆرفێمی نـاسراوی ( - ەگە ):

ئەم مۆرفێمە لەگەڵ فرێزی ناویدا بەکاردێت، وەکو دیاریکەرێك دەچێتە پاش سەرەی فرێزە ناوییەکەو کۆتایی فرێزەکە دەگرێت، ڕۆڵی ناسراوکردنی ناوە گشتییەکە دەبینێت. واتە مۆرفێمی ناسراوی تایبەت نییە بە ناو یان ئاوەڵناو، بەڵکو تایبەتە بە فرێزی ناوی و کۆتایی فرێزەکەش دەگرێت[٣٣١]. بڕوانە (٣).

(٣) منالّەگە هات. (منالّەکە هات)

| ف.ن ⟵ ناو (سەرە) + /- ەگە/ |
|---|

......یاسای ژمارە (١)




ئەگەر سەرەی فرێزەکەش بە چەند کەرەستەیەکی تری وەك ناوی گشتی یان ئاوەڵناو فراوانبکرێت، ئەوا مۆرفێمی /- ەگە/ دەچێتە کۆتایی فرێزەکەوە، واتە کۆتایی فرێزکە دەگرێت، بڕوانە (٤)و (٥).

(٤) ا- قاپییەگە گەوراس. (دەرگاکە گەورەیە)

ب- قاپی حەوشەگە گەوراس. (دەرگای حەوشەکە گەورەیە)

(٥) ا- دوێتەگە هات. (کچەکە هات)

ب- دوێتە چەرمگەگە هات. (کچە سپییەکە هات)

پ- دوێتە چەرمگە جوانەگە هات. (کچە سپییە جوانەکە هات)

| ف.ن ⟵ ناو (سەرە) + ناوی گشتی یا ئاوەڵناو (دیارخەر) + /- ەگە/ |
|---|

...یاسای ژمارە (٢)

---

(13) Fattah (1999: 40).




بەلام ئەگەر دیارخەری پاش سەرەی فرێزەکە ناوی تایبەتی یان جێناوی کەسی بێت بەیاریدەری مۆرفێمی (ی)ی خستنەپاڵی خاوەنێتی، یان ڕستەیەکی شوێنکەوتوو بێت، ئەو کاتە مۆرفێمی /- ەگە/ لە سەر ناوە دیارخراوەکە دەمێنێتەوەو ناچێتە کۆتایی فرێزەکەوە، بڕوانە (٦).

(٦) ا- دوێتەگەی ئازاد هات. (کچەکەی ئازاد هات)

ب- دوێتەگەی ئێمە هات. (کچەکەی ئێمە هات)

پ- دوێتەگە دوێکە دیمنەی، هات. (کچەکە کە دوێنێ بینیمان، هات)

| |
|---|
| ف.ن ⟵ ناو (سەرە) + /- ەگە/ + ناوی تایبەتی یا جێناوی کەسی یا ڕستەی شوێنکەوتوو (دیارخەر) |

.....یاسای ژمارە (٣)



هەروەها مۆرفیمی /- ەگە/ کە مۆرفیمێکی سەرەکی ناسراوکردنە، بەپێی دەرکەوتنی لە کۆتایی فرێزی ناویدا چەند شێوەیەکی جیای هەیە، واتە چەند ئەلۆمۆرفێکی هەیە، بڕوانە (٧).

(٧)

| ناوی تاك | ناوی تاکی ناسراو | ناوی کۆی ناسراو |
|---|---|---|
| منداڵ | منداڵەگە | منداڵەگان |
| ماموسا | ماموساگە | ماموساگان |
| ماسی | ماسییەگە | ماسییەگان |
| خانی | خانێگە | خانێگان |
| چەقو | چەقووەگە | چەقووەگان |

**خشتەی ژمارە (١)**

نموونەکانی (٧) ئەوە دەردەخەن، کە مۆرفەکانی (/- ەگ/، /- گە/ /- گ/ ، /- یەگە/ /- یەگ/ ، /- ێگە/ /- ێگ/ ، /- وەگە/ /- وەگ/) شێوە جیاجیاکانی مۆرفیمی /- ەگە/ دەنوێنن.

**١/٣ - ٢ - ١ - ٢ مۆرفیمی ناسراوی (- ە):**

ئەم مۆرفیمە / - ە/ وەك مۆرفیمی /- ەگە/ ڕۆڵی ناسراوکردنی ناوەکە دەبینێت، بەلاّم کەمتر چالاکە، لەئاخاوتندا بەکاردەهێنرێت. بڕوانە (٨).

(٨) ا- ژنە نان ئەرامان کلکردیە. (ژنە نانی بۆ ناردوین)

ب- دوێتە چە وەپیمان کەد. (کچە چیمان پێدەکات)

ف.ن ⟵ ناو (سەرە) + /- ە/ ......یاسای ژمارە (٤)




بەلاّم ئەگەر سەرەی فرێزەکە بە ناوێکی گشتی فراوانبکرێت، ئەوا مۆرفیمی /- ە/ دەچێتە کۆتایی فرێزەکەوە، بڕوانە (٩).

(٩) دالگ دوێتە چە وەپیمان کەد. (دایکی کچە چیمان پێدەکات)

ف.ن ⟵ ناو (سەرە) + ناوی گشتی (دیارخەر) + /- ە/ ......یاسای ژمارە (٥)




**١/٣ ـ ٢ ـ ٢ مـۆرفێمی نەنـاسـراوی /- یگ/:**

ئـەم مۆرفێمـە بەشـداری لـە دروسـتەی نـاوەوەی فرێـزی نـاوی دەکـاتو دەچـێتە پـاش سـەرەی فرێزەکەو دەیکاتە ناوێکی تاکی نەناسراو، هەمیشە لە سەر ناوە دیارخراوەکە دەمێنێتـەوەو توانـای پەڕینەوەی بۆ سەر دیارخەرەکە نییە، بڕوانە (١٠).

(١٠) ا- منالێگ سوزیا. (منالێك سووتا)

ب- منالێگ فەقیر سوزیا. (منالێکی هەژار سووتا)

| |
|---|
| ف.ن ⟵ ناو (سەرە) + /- یگ/ |

......یاسای ژمارە (٦)

| |
|---|
| ف.ن ⟵ ناو (سەرە) + /- یگ/ + دیارخەر |

......یاسای ژمارە (٧)




هەروەها مۆرفێمی /- یگ/ کە مـۆرفێمێکی سـەرەکی نەناسـراوکردنە، بـەپێی دەرکـەوتنی لـە سـەر ناوە دیارخراوەکە چەند شێوەیەکی جیای هەیە، بڕوانە (١١).

(١١) ا- دوێتی ناسم.            (کچێ دەناسم)

ب- شامییەگ خوریا.    (شووتییەك خورا)

نموونـەکانی (١١ - ا ب) ئـەوە دەردەخـەن، کـە مۆرفـەکانی /- ی/ و /- یـەگ/ بـە ئەلۆمۆرفـەکانی مۆرفێمی /- یگ/ی نەناسراوی دادەنرێن.

### ١/٣ ـ ٢ ـ ٣ مـۆرفێمەکانی کـۆ:

لەم شێوەزارەدا مۆرفێمەکانی کۆ بریتین لە (/- ان/ ، /- ەیل/ ، /- ات/) ، کە هەریەکـەیان فـۆرمو چەند ئەلۆمۆرفێکی جیایان هەیـە، ئـەم مۆرفێمانـە دەچـنە سـەر نـاوێکی تـاکی گشـتی، کـە سـەرەی فرێزی ناوییەکەیەو دەیکەنە ناوێکی کۆی گشتی.

### ١/٣ ـ ٢ ـ ٣ ـ ١ مـۆرفێمی کــۆی ( - ان ):

ئەم مۆرفێمە کاتێ دەچێتە سـەر نـاوێکی تـاکی گشـتی، بـە مـەرجێ ناوەکـە ناسـراوکرابێت، واتـە سـەرەی فرێزەکـە مـۆرفێمی /- ەگـە/ یـان یـەکێك لـە ئەلۆمۆرفـەکانی وەرگرتبێـت، ئەوکاتـە بـە مۆرفێمی /- ان/ کۆدەکرێتەوە، بڕوانە (١٢).

(١٢) ا- منالّەگان ترسیان.                (منالّەکان ترسان)

ب- ماموساگان تەلەبەگان ناسن.    (مامۆستاکان خوێندکارەکان دەناسن)

| ف.ن ⟵ نـاو (سەرە) + /- ەگە/ + /- ان/ |
|---|

......یاسای ژمارە (٨)




هـەروەها مـۆرفێمی /- ان/ی کـۆ بـەپێی فراوانکردنـی فرێـزە ناوییـەکـە دەچـێتە سـەر دوایـەمین دیارخەرو کۆتایی فرێزەکە دەگرێت، بڕوانە (١٣).

(١٣) ا- کوڕە شاتڕەگان دیم.                (کوڕە زیرەکەکانم بینی)

ب- کوڕە شاتڕە زرنگەگان دیم.    (کوڕە زیرەکە وریاکانم بینی)

| ف.ن ⟵ نـاو (سەرە) + دیارخەر + /- ەگە/ + /- ان/ |
|---|

......یاسای ژمارە (٩)




مۆرفێمی /- ان/ لەگەڵ ژمارەشدا بەکاردەهێنرێتو لە فۆرمی /- ان/ یا /- یان/دا دەردەکەوێت، ئەگەر ژمارەکە کۆتایی بە دەنگی کۆنسونانت هاتبوو، مۆرفێمی /- ان/ی پێوە دەنووسێت، بەڵام کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵ هاتبوو، ئەوا مۆرفیمی /- یان/ی پێوە دەنووسێت، بڕوانە (١٤).

(١٤) ا- سەدان کەس ناسم. (سەدان/سەدەها کەس دەناسم)

ب- دەیان پیاو هاتن. (دەیان/دەیەها پیاو هاتن)

لە (١٤- ا ب)دا دەردەکەوێت، کە مۆرفی /- یان/ ئەلۆمۆرفی مۆرفێمی /- ان/ی کۆیە.

**١/٣ ـ ٢ ـ ٣ ـ ٢ مۆرفێمی کۆی ( – ەیل ):**

ئەم مۆرفێمە کاتێ لە پاش سەرەی فرێزە ناوییەکە دەردەکەوێت، یان ناوێکی تاکی نەناسراوی گشتی بێت، یان بە وشەی نیشانە فراوانکرابێت، بڕوانە (١٥).

(١٥) ا- کوڕەیل نان خوەن. (کوڕان نان دەخۆن)

ب- ئەی کوڕەیلە نان خوەن. (ئەم کوڕانە نان دەخۆن)

| ف.ن ⟵ ناو (سەرە) + /- ەیل/ |
|---|

......یاسای ژمارە (١٠)






ئەگەر سەرەی فرێزەکە بە دیارخەرێك یان زیاتر فراوانبکرێت، مۆرفیمی /- ەیل/ لە سەر ناوە دیارخراوەکە دەمێنێتەوەو بۆ کۆتایی فرێزەکە ناپەڕێتەوە، بڕوانە (١٦).

(١٦) ا- کوڕەیل شاترِ خوەنن. (کوڕانی زیرەك دەخوێنن)

ب- پیاوەیل خاس ئەرا سوڵح هاتنە. (پیاوانی چاك بۆ ئاشتی هاتون)

| ف.ن ⟵ ناو (سەرە) + /- ەیل/ + دیارخەر |
| --- |

......یاسای ژمارە (١١)




بەڵام سەرەی فرێزە فراوانکراوەکە بە وشەی نیشانە فراوانبکرێتەوە، ئەو کاتە مۆرفیمی /- ەیل/ دەچێتە کۆتایی فرێزەکەوە، بڕوانە (١٧).

(١٧) ا- ئەی کوڕە شاترِەیلە خوەنن. (ئەم کوڕە زیرەکانە دەخوێنن)

ب- ئەو پیاوە خاسەیلە ئەرا سوڵح هاتنە. (ئەو پیاوە چاکانە بۆ ئاشتی هاتون)

| ف.ن ⟵ و.نیشانە + ناو (سەرە) + دیارخەر + /- ەیل/ |
| --- |

......یاسای ژمارە (١٢)



هەروەها مۆرفێمی /- ەیل/ بەپێی دەرکەوتنی لە سەر ناوە گشتییەکە چەند شێوەیەکی جیای هەیە، واتە بەپێی بەکارهێنانی لە سەر دوادەنگی ناوەکە گۆڕان لە مۆرفێمی /- ەیل/ ڕوودەدات:

١- ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگی کۆنسونانت هاتبوو، ئەو کاتە مۆرفێمی /- ەیل/ی پێوە دەنووسێت، بڕوانە (١٨).

(١٨) ا- ژنەیل حەز وە قسەکەن. (ژنان حەز بە قسەدەکەن)

ب- پیاوەیل کارکەن. (پیاوان کاردەکەن)

٢- ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵی (ا ، ۆ ، ی ، ێ) هاتبوو، ئەو کاتە مۆرفیمی /- یەیل/ی پێوە دەنووسێت، واتە لە نێوان ناو و وشەکەدا (ی - y)ی نیمچەکۆنسونانت پەیدادەبێت، بڕوانە (١٩).

(١٩) ا- ماموسایەیل دەرس ئویشنەو. (مامۆستایان وانە دەڵێنەوە)

ب- ئەو قاپییەیلە شکیانە. (ئەو دەرگایانە شکاون)

٣- ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵی (ـە) هاتبوو، ئەو کاتە مۆرفێمی /- یل/ی پێوە دەنووسێت، بەمەش ڤاوڵی (ە)ی سەرەتایی مۆرفێمی /- ەیل/ تێدەچێت، چونکە دوو دەنگی ڤاوڵ بە دوای یەکدا نایەن، بڕوانە (٢٠).

(٢٠) ا- ئەی تەڵەبەیلە شاتڕن. (ئەم خوێندکارانە زیرەکن)

ب- ئەو قسەیلە ئەرایان نەکە. (ئەو قسانەیان بۆ مەکە)

٤- ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵی (و) هاتبوو، ئەو کاتە مۆرفێمی /- وەیل/ی پێوە دەنووسێت، واتە لە نێوان ناو و وشەکەدا (و - w)ی نیمچەکۆنسونانت پەیدادەبێت، بڕوانە (٢١).

(٢١) ا- چەقووەیل تیژن. (چەقۆیان تیژن)

ب- ئەی پەڕووەیلە دڕیانە. (ئەم پەڕۆیانە دڕاون)

کەواتە لەم شێوەزارەدا مۆرفەکانی (- یەیل ، - یل ، - وەیل) ئەلۆمۆرفی مۆرفێمی (- ەیل)ی کۆن.

### ١/٣ - ٢ - ٣ - ٣ مۆرفێمی کۆی ( - ات ):

ئەم مۆرفێمە لە شێوەزاری خانەقیدا چەند ناوێکی پێ کۆدەکرێتەوەو تەنها لە چەند نموونەیەکی کەمدا بەرچاودەکەوێت، بڕوانە (٢٢).

(٢٢) ا- چەرەزات سەندید؟ (چەرەزاتت کڕی؟)

ب- میوەجات ئەراتان هاوردم. (میوەجاتم بۆ هێنان)

| |
|---|
| ف.ن ← ناو (سەرە) + /- ات/ یا /- جات/ |

......یاسای ژمارە (١٣)

لە شێوەزاری خانەقی لە ناو مۆرفیمەکانی کۆ (- ان ، - ەیل ، - ات)دا بە شێوەیەکی سەرەکی مۆرفیمی (- ان ، - ەیل) کەرەستەی سەرەکی کۆکردنەوەی ناون.
دەتوانرێ مۆرفیمە سەرەکییەکانی ناسراوی و نەناسراوی و کۆ لەم خشتەیەدا بنوێنرێت:

| تاکی ناسراو | تاکی نەناسراو | کۆی ناسراو | کۆی نەناسراو |
|---|---|---|---|
| - ەگە | - یگ | - ەگان | - ەیل |

**خشتەی ژمارە ( ٢ )**

### ١/٣ ـ ٢ ـ ٤ مۆرفیمەکانی خستنە پاڵ:

مۆرفیمی خستنەپاڵ بەو مۆرفیمە دەوترێت کە دیارخەرو دیارخراو بە یەکەوە دەبەستێت و پێوەندیی وەسفی و خاوەنێتی و چۆنێتی .... نێوانیان نیشاندەدات(٣٣٢). لە دروستەی فرێزی ناویدا ناوێك دەبێتە سەرەو لە پێشەوە یان لە پاشەوە بە کۆمەڵێك کەرەستە فراواندەکرێت، کەرەستەکانی پێش سەرە بە شێوەیەکی گشتی بەبێ یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ دەردەکەون(٣٣٣)، بەڵام کەرەستەکانی پاش سەرە بە یارمەتی مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ دەکەونە پاش ناوەکەوە، واتە دوای مۆرفیمی خستنەپاڵ دێن، لە (١/٢-٣-١-٢-٢) سەرەی فرێزەکە بە کۆمەڵێك کەرەستە فراواندەکرێت بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەپاڵی (- ی ، - ە)، کەواتە ئەم دوو مۆرفیمە وەك دوو مۆرفیمی سەرەکی ڕۆڵی بەستنەوەی کەرەستە دیارخەرەکان بە ناوە دیارخراوەکەوە دەبینن. بۆیە مۆرفیمەکانی (- ی ، - ە) لە زمانی کوردیدا ڕۆڵی ڕێپێدان و هاتنە ناوەوەی کەرەستەی تر ڕێکدەخەن لە فرێزی ناویداو بە مۆرفۆسینتاکسی خستنەپاڵ دادەنرێن، چونکە ئەرکی سینتاکسی دەبینن(٣٣٤).

### ١/٣ ـ ٢ ـ ٤ ـ ١ مۆرفیمی ( - ی ):

یەکێ لە ئەرکە سەرەکییەکانی مۆرفیمی (- ی) لە زمانی کوردیدا، ئەرکی خستنەپاڵ دەبینێت، بەوەی کە هەندێ لە دیارخەرەکان بە سەرەی فرێزەکەوە دەبەستێتەوەو ڕیزیان دەکات، بۆ خستنەڕووی چۆنێتی دەرکەوتنی ئەم مۆرفیمە لە ئەرکی خستنەپاڵ لەگەڵ دیارخەرەکاندا، بڕوانە (٢٣).

(٢٣) ا- نیمەی سێفەگە خواردم. (نیوەی سێوەکەم خوارد)
ب- ئازاد برام نەخوەشە. (ئازادی برام نەخۆشە)
پ- دوێتەگەی ئەوان ترسد. (کچەکەی ئەوان دەترسێت)

---

(١٤) ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩: ٢٢٦).
(١٥) تەنها ژمارەی کەرتی نەبێت، بە یارمەتی مۆرفیمی (ی) لە پێش سەرەی فرێزەکەوە دەردەکەوێت.
(١٦) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٤٣-٤٤).

ت- دوێتیگ جوان هات.                    (کچێکی جوان هات)

ج- کارزان ئاو فره خوەدەو.              (کارزان ئاوی زۆر دەخواتەوە)

چ- ماموسای پەنجەم ماموسای ئیمەس. (مامۆستای پێنجەم مامۆستای ئێمەیە)

ح- دوێتیگ بی باوگ دیم.                (کچێکی بێ باوکم بینی)

خ- کەموترەگان بان دارەگە باڵەوگردن.  (کۆترەکانی سەر دارەکە هەڵفرین)

د- دوێت کی ها لە مەکتەب؟              (کچی کێ لە قوتابخانەیە؟)

ر- قسەی لێوا نەکە.                     (قسەی وا مەکە)

ز- قەڵەمیگ تر سەندم.                   (قەڵەمێکی ترم کڕی)

لە (٢٣- ا)دا ژمارەی کەرتی وەکو دیارخەرێکی پێش سەرەی فرێزە ناوییەکە بە یارمەتی مۆرفێمی خستنەپاڵی (- ی) بە ناوەکە گرێدراوە، بەڵام لە (٢٣- ب پ ت ج چ ح خ د ر ز)دا دیارخەرەکانی {فرێزی ناوی، فرێزی جێناوی، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی ڕادە، ژمارە، فرێزی پێشناوی، فرێزی ئاوەڵکرداری، مۆرفێمی پرس، وشەی (لێوا)، وشەی (تر)} کەوتونەتە پاش سەرەی فرێزەکەوەو بە یارمەتی مۆرفێمی (- ی) بە ناوەکە بەستراونەتەوەو دروستەی فرێزە ناوییەکانیان فراوانکردوە، ئەگەر چی سەرە ناوێکی گشتی یان تایبەتی بێت، یان بە مۆرفێمەکانی ناسراوی یان کۆی ناسراوی یان نەناسراوی یان ڕاستەوخۆ دوای ناوەکە دەردەکەوێت. هەر بۆیە مۆرفێمی /- ی/ پەیوەندییەکی خاوەنداریی دەردەبڕێتو دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵ لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە فرێزی ناوی دەدات[٣٣٥].

### ٣/١ ـ ٢ ـ ٤ ـ ٢ مۆرفێمی ( – ە ):

مۆرفێمی (- ە) لە ڕێزمانی کوردیدا کۆمەڵێك ئەرکی مۆرفۆلۆجیو سینتاکسی دەبینێت، لەوانەش ئەرکی سینتاکسی خستنەپاڵ دەبینێت، بەوەی سەرەی فرێزی ناوی لە پاشەوە بە کۆمەڵێك کەرەستەی ڕێزمانی فراواندەکات، بەمەش ڕۆڵی بەستنەوەی دیارخەرەکانی پاش سەرە بە ناوەکەوە دەبینێت، بۆ خستنەڕووی تایبەتییەکانو چۆنێتی دەرکەوتنی ئەم مۆرفێمە لەگەڵ دیارخەرەکانی پاش سەرە، بڕوانە (٢٤).

(٢٤) ا- کوڕە پاشاگە هات.               (کوڕە پاشاکە هات)

ب- دوێتە خاسەگان شویکردن.            (کچە چاکەکان شوویان کرد)

پ- تەلەبە یەکەمەگە بچڕ.               (خوێندکارە یەکەمەکە بانگ بکە)

ت- دوو تەلەبە شاتڕە یەکەمەگە هاتن.  (دوو خوێندکارە زیرەکە یەکەمەکە هاتن)

---

(١٧) محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٥٣).

لە نموونـەکانی (٢٤- ا ب پ ت)دا سـەرەی فریـزە ناوییـەکان لـە پاشـەوە بـە دیارخـەرەکانی (فریـزی نـاوی، فریـزی ئاوەڵنـاوی، ژمـارە) فراوانکـراوەو بەیارمـەتی مـۆرفیمی (- ە) لێکـدراون، بەمـەش پەیوەندیی سینتاکسی لە نێوانیاندا دروستدەکات، هـەروەها مۆرفیمی (- ەگـە)ی ناسـراوی‌و (- ان)ی کۆش دەپەڕێنەوە بۆ کۆتایی فرێزەکان‌و هەمیشە دوادیارخەری فرێزەکان دەگرن.

لە ئەنجامی شـیکردنەوەی نموونـەکان‌و خسـتنەڕووی تایبەتییـەکان‌و چۆنێتی دەرکـەوتنی هـەردوو مۆرفیمی خستنەپاڵی (- ی ، - ە) لە بەسـتنەوەی دیارخـەرەکانی پـێش‌و پـاش سـەرەو فراوانکردنـی دروستەی فرێزی ناویدا، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە مـۆرفیمی (- ی) لـە ڕێکخسـتن‌و فراوانکردنـی کەرەستەکانی دروستەی فرێزی ناویدا ڕۆڵێکی چالاکتر دەبینێت وەك لە مۆرفیمی (- ە)، لەوانە:

١. مۆرفیمی (- ی) ژمارەیەکی زیاتری دیارخەرەکان بە ناوە دیارخراوەکەوە دەبەستێتەوە، بڕوانە (٢٣)، بـەلام مۆرفیـمی (- ە) تـەنها سـێ دیـارخـەر بـە نـاوەکەوە دەبـەسـتێتەوە، بڕوانە (٢٤).
٢. لـە دروسـتـەی فریـزی نـاویی فراوانکـراو بەیارمـەتی مـۆرفیمی (- ی)دا، دەشـێت سـەرە نـاوێکی گشتی یان تایبەتی، یان جێناوێکی کەسی بێت، بەلام لە هـەمان دروسـتە بەیارمـەتی مـۆرفیمی (- ە)دا، سەرە تەنها ناوێکی گشتییە.
٣. مـۆرفیمی (- ی) لـە پـاش مۆرفیمـەکانی ناسـراوی یـان کـۆی ناسـراوی یـان نەناسـراوی یـان ڕاستەوخۆ دوای سـەرەی فرێزەکـە دەردەکـەوێت، بـەلام مـۆرفیمی (- ە) تـەنها لـە دوای نـاوێکی ناسراوەوە دەردەکەوێت‌و نیشانەی ناسراوی دەچێتە کۆتایی فرێزەکەوە.
٤. مۆرفیمی (- ی) جگە لە ئەرکی خستنەپاڵ، واتای گشـتی‌و تایبـەتی - خـاوەنێتی بـە پێکهاتەکـە دەدات، بـەلام مـۆرفیمی (- ە) کاتێـك بـەکاردێت، کـە مەبەسـت لـە دەربـڕین، خسـتنەڕووی تایبەتێتیەکی دیارخراو بێت[٣٣٦].

## ١/٣ ـ ٢ ـ ٥ مۆرفیمەکانی خاوەنێتی:

پۆلێـك یـان کۆمـەڵێك جێنـاوی کەسـیی لکـاو پـەیڕەوێکی تایبـەت بەرجەسـتەدەکەن، کـە بـە خاوەنێتی (possessive) ناودەبرێت، کەرەستەکانی ئەم پەیڕەوە لە چوارچێوەی فریـزو ڕسـتەدا دێن‌و بە مۆرفۆسینتاکسی خاوەنێتی نـاودەبرێن[٣٣٧]. لـەم شـێوەزارەدا دوو دەسـتە جێنـاوی کەسـیی لکاو هەن، کە بریتین لە[٣٣٨]:

---

(١٨) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٤٥).

(١٩) سەرچاوەی پێشوو (٤٨-٤٩).

(٢٠) ئومێد بەرزان برزو (٢٠٠٦: ١٦).

| ژمارە | کەس | جێناوی کەسیی لکاو | |
|---|---|---|---|
| | | A | B |
| تاك | ١ | م | م |
| | ٢ | ی/ید/یت | ت/د |
| | ٣ | Ø ، د | ی |
| کۆ | ١ | یمن | مان |
| | ٢ | ن | تان/دان |
| | ٣ | ن | یان |

**خشتەی ژمارە ( ٣ )**

جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم (A) هەمیشە دەچنە کۆتایی کردارەوەو بە دەستەی ڕێککەوتن ناودەبرێن، بەڵام جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم (B) بە جێناوەکانی دەستەی خاوەنێتی دەناسرێن، کە بەبێ یاریدەی مۆرفێمی خستنەپاڵ بە ناوەکەوە دەنووسێن و ئەرکی دیارخەر دەبینن، بڕوانە (٢٥).

(٢٥) ا- باوگ منالەگان هاتەو. (باوکی منالەکان هاتەوە) ⟵ باوگیان هاتەو. (باوکیان هاتەوە)

ب- کورەگەی تو ناسم. (کوڕەکەی تۆ دەناسم) ⟵ کوڕەگەت ناسم. (کوڕەکەت دەناسم)

پ- کتاوەگان خوەمان بەیمن. (کتێبەکانی خۆمان دەبەین) ⟵ کتاوەگانمان بەیمن. (کتێبەکانمان دەبەین)

لە (٢٥- ا ب پ)دا سەرەی فرێزە ناوییەکە بە ناو یان جێناوی سەربەخۆ یان وشەی خۆیەتی بە یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵی (- ی) فراوانکراوە، دەتوانرێت ئەم دیارخەرانە لە کردەی کورتکردنەوەدا بە جێناوی لکاو جێگیربکرێن و ڕاستەوخۆ بە سەرەی فرێزەکەوە بنووسرێن، لەم بارانەدا مۆرفیمی (- ی) هیچ گۆکردنێکی نامێنێت و دەکرتێنرێت، واتە ئەم دەستە جێناوە لکاوە بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی دیارخەری پاش سەرەی فرێزی ناوی دەبینن و چەمکی خاوەنێتی دەگەیەنن.

### ٣/١ ـ ٢ ـ ٦ مۆرفێمەکانی بانگکردن:

بانگکردن سیستەمێکە بۆ بانگکردنی کەسێك یان بۆ وریاکردنەوەی لە کارێك پەیڕەودەکرێت، کە قسەکەر دەیەوێت، پێی ڕابگەیەنێت، بەهۆی بەکارهێنانی هەندێ مۆرفێم کە پێیان دەوترێت مۆرفێمی بانگکردن لە پێکهاتەیەکی تایبەتیدا، کە هەریەکەیان دەگونجێت لەگەڵ ئەو مەبەستەی

کـە قسـەکەر دەیـەوێت، گـوێگری پـێ وشـیاربکاتەوە، بانگـدەکرێتو وشـیاردەکرێتەوە[٣٣٩]. واتـە مۆرفێمەکانی بانگکردن بۆ بانگکردنو وریاکردنەوەی گوێگر بـەکاردێن، لـەم شـێوەزارەدا کۆمـەڵێك مۆرفێم هەن، کە تایبەتن بە بانگکردنو بـە هۆیانـەوە ڕسـتەی بـانگکردن پێکـدێنن، هەریەکە لـەم مۆرفێمانـەش تایبـەتێتی خـۆی هەیـە، بـەڵام تـەنها ئامـاژە بـەو مۆرفێمانـە دەکـەین، کـە وەك کەرەستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی لە ڕستەی بانگکردندا بەکاردێن، بڕوانە (٢٦).

(٢٦) ا- باوە/کاکە/کوڕە بەو. (باوکە/کاکە/کوڕە وەرە)

ب- خاڵۆ/مەمو بەو. (خاڵە/مامە وەرە)

پ- میمگە/دوێتە/نەنکە/خوەیشگە/دالگە بەو. (پورێ/کچێ/نەنکێ/خوشکێ/دایکێ وەرە)

ت- کوڕەیلە/دوێتەیلە/قەومەیلە بان. (کوڕینە/کچینە/خزمینە وەرن)

لە نموونەکانی (٢٦- ا ب پ ت)دا، مۆرفێمەکانی (- ە ، - و) بۆ بانگگردنی ناوی تـاکی نێـر بـەکاردێن، بڕوانــە (٢٦- ا ب)، مــۆرفێمی (- ە) بــۆ بــانگگردنی نــاوی تــاکی مــێ بــەکاردێت، بڕوانــە (٢٦- پ)، هەروەها مۆرفێمی (- ەیلە) بۆ بـانگگردنی نـاوی کـۆی نێـرو مـێو دوو لایـەن بـەکاردێت، بـڕوانە (٢٦- ت)، لەم خشتەیەدا مۆرفێمەکانی بانگکردن بۆ تاكو کۆی نێرو مێ دەخەینە ڕوو:

| مۆرفێمی بانگکردنی تاك | | مۆرفێمی بانگکردنی کۆ |
|---|---|---|
| نێر | مێ | - ەیلە |
| - ە ، - و | - ە | |

**خشتەی ژمارە (٤)**

## ١/٣ ـ ٣ مـۆرفـۆسـینتاکسـەکانی فریـزی جێناوی:

کۆمــەڵێك کەرەسـتەی مۆرفۆسینتاکسـی هــەن، کــە لەگــەڵ جێنــاوە کەسـییە سـەربەخۆکان لــە چوارچێوەی فرێزی جێناویدا بەکاردێن، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی فرێـزی نـاوی زۆر کـەمترن، بـۆ خسـتنەڕووی کەرەسـتە مۆرفۆسینتاکسـییەکانی فرێـزی جێنـاویو دەرکەوتنیان بڕوانە (٢٧).

(٢٧) ا- ئیوەی شاتر چە ئەرامان هاوردن؟ (ئێوەی زیرەك چیتان بۆ هێناین؟)

ب- ئەوان/ئەیان هاتن ئەرا خانەقی. (ئەوان/ئەمان هاتن بۆ خانەقی)

پ- منیگ، لە خودا ترسم، کار لێوا نیێکەم. (منێك، کە لە خوا ئەترسم، کاری وا ناکەم)

---

(٢١) ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادیو شلێر ڕەسوڵ محەمەد (٢٠٠٩: ١٢٣).

نموونەکانی (٢٧- ا ب پ) هەریەکەیان دروستەی فرێزی جێناوییان لە ڕستەکاندا پێکهێناوە، لە (٢٧- ا)دا سەرەی فرێزەکە لە دواوە بە چەند کەرەستەیەك بەیارمەتی مۆرفێمی خستنەپاڵی (- ی) فراواندەکرێت، واتە مۆرفێمی (- ی) ڕۆڵی خستنەپاڵی دیارخەرەکانی پاش سەرەی فرێزە جێناوییەکان دەبینێت، بەڵام مۆرفێمی (- ە) لەگەڵ ئەم جۆرە فرێزەدا دەرناکەوێت، هەروەها لە (٢٧- ب)دا جێناوە سەربەخۆکانی کەسی سێیەمی تاك هەڵگری نیشانەی (+ تاك) (+ ناسراوی)ین، مۆرفێمی (- ان)ی کۆیان دەچێتە سەرو دەبنە جێناوی کەسی سێیەمی کۆ (ئەوان/ئەیان)، بۆیە مۆرفێمی (- ان)ی کۆ تەنها لەم بارەدا دەردەکەوێت، لە (٢٧- پ)دا جێناوە سەربەخۆکان دەتوانن مۆرفێمی نەناسراوی (- یگ ، - یەگ) وەربگرن، ئەم بارەش بە کەمی دەردەکەوێت.

## ٣/١ ـ ٤ مۆرفۆسینتاکسەکانی فرێزی ئاوەڵناوی:

لە دروستەی فرێزی ئاوەڵناویدا، کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان بریتین لە پاشگری (- تر ، - ترین). مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی (- تر ، - ترین) توانای بەراوردکاری لە نێوان دوو کەس، دوو شت، دوو دیاردە یان پتر بە ئاوەڵناوەکان دەبەخشن، بە واتایەکی تر بەراوردکاری تایبەتێتییەکی هاوبەش لە نێوانیاندا دێنێتە ئاراوە، بەمەش پەیوەندییەکی ڕێزمانیی لە نێوان کەرەستەکانی ڕستەدا دەنوێنێت[٣٤٠]. بڕوانە (٢٨).

(٢٨) ا- خانەقی لە کەلار بویچکترە. (خانەقی لە کەلار بچووکترە)

ب- تورشترین ئەنار سەندیمن. (ترشترین هەنارمان کڕی)

لە (٢٨- ا ب)دا ئاوەڵناوەکانی (بویچك ، تورش) گیرەکی ڕێزمانی (- تر ، - ترین) وەردەگرن، بۆیە ئەم کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییانە تایبەتن بە فرێزە ئاوەڵناوەکان، تەنانەت بۆ دەستنیشانکردنی ئاوەڵناوەکان سێ تایبەتی لە ڕووی واتاو فۆرمو ئەرکەوە هەن، کە دەبێ هەموو کاتێ لە وشەیەکدا هەبن، تا وشەکە بە ئاوەڵناو دابنرێت، بۆیە ئەو وشانەی لە ڕووی فۆرمەوە ئاوەڵناو بن، پاشگری ڕێزمانی (- تر ، - ترین) وەردەگرن[٣٤١]، هەروەها ئەم مۆرفێمانە دەچنە سەر هەندێ ناوو ڕادەو ئاوەڵکردارو دەبنە ئاوەڵناوئاسا، بڕوانە (٢٩).

(٢٩) ا- پیاو: پیاوتر ، پیاوترین ..... منالْ: منالْتر ، منالْترین.

ب- زوی: زویتر ، زویترین ...... دیر: دیرتر ، دیرترین.

پ- فرە: فرەتر ، فرەترین ..... کەم: کەمتر ، کەمترین.

---

(٢٢) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٣٨).

(٢٣) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئاوەڵناو و تایبەتمەندییەکانی لە ڕووی واتاو فۆرمو ئەرکەوە، بڕوانە: [محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠: ٧٩-٩١)].

### ١/٣ ـ ٥ مۆرفۆسینتاکسەکانی فرێزی پێشناوی:

پێشناوو پاشناوەکان وەکو کەرەستەیەکی سەرەکی مۆرفۆسینتاکسی بەشداری لە دروستەی فرێزی پێشناویدا دەکەن‌و دەبنە سەرەی فرێزەکەو تەواوکەرەکانی وەك فرێزی ناوی یان فرێزی جێناوی بە دوای خۆیاندا دەهێنن. بۆیە پۆلێك لەو مۆرفۆسینتاکسانەی لە چوارچێوەی فرێزی کرداریدا ڕۆڵ بە ناو یان جێناو دەدەن‌و فرێزی پێشناوی دروستدەکەن، پۆلی پێشناوەکانن[٣٤٢]. بڕوانە (٣٠).

(٣٠) ا- لە هەولێر بیم. (لە هەولێر بووم)

ب- ئاشەگە وە کەوچگ خواردم. (چێشتەکەم بە کەوچك خوارد)

پ- کتاوەگە ئەرا ئەوان هاوردم. (کتێبەکەم بۆ ئەوان هێنا)

ت- بی ئیوە نان نێخوەیمن. (بێ ئێوە نان ناخۆین)

ج- تا شەوەکی خەفم. (تا بەیانی دەخەوم)

چ- منالەگە کەفتە خوارەو. (منالەکە کەوتە خوارەوە)

ح- جویر ئازاد شاترە. (وەك ئازاد زیرەکە)

لە نموونەکانی (٣٠)دا پێشناوەکانی (لە ، وە ، ئەرا ، بی ، تا ، ە ، جویر) لەگەڵ تەواوکەرەکانیاندا، کە فرێزی ناوی یان فرێزی جێناوین، دروستەی فرێزی پێشناوییان پێکهێناوە، هەروەها پێشناوەکانی (لە ، وە ، ئەرا ، ە) لە هەندێ دروستەی فرێزی پێشناویدا پاشناوەکانی (- ا ، - ەو)یان لەگەڵدا دەردەکەوێت، بڕوانە (٣١)و (٣٢).

(٣١) ا- ئەوان لە کەلارەو هاتنە. (ئەوان لە کەلارەوە هاتون)

ب- ئیمە وە کوردستانەو سەروەرزیمن. (ئێمە بە کوردستانەوە سەربەرزین)

پ- ئازاد ئەرا ماڵەو چد. (ئازاد بۆ ماڵەوە دەچێت)

ت- دوێتەگە چدە دڵەو. (کچەکە دەچێتە دڵەوە)

(٣٢) ا- گردەکان لە هەورامانا فرەس. (گوێز لە هەوراماندا زۆرە)

ب- وە کەرکوکا ڕەتبیم. (بە کەرکوکدا تێپەڕیم)

ئەم پاشناوانەش بەپێی دەرکەوتنیان کە بە کۆتایی فرێزەکەوە دەنووسرێن، چەند شێوەیەکی جیاجیایان هەیە، بۆ نموونە پاشناوی (ەو) چەند ئەلۆمۆرفێکی هەیە وەکو (و ، یەو ، وەو)، ئەمیش بەپێی دەرکەوتنیان کە بە کۆتایی تەواوکەرەکەوە دەلکێنرێن، بڕوانە (٣٣).

(٣٣) ا- ئەوان لە دوێکەو چاوەڕیمان کەن. (ئەوان لە دوێنێوە چاوەڕێمان دەکەن)

ب- نانەگە وە ماسەگەو خواردم. (نانەکەم بە ماستەکەوە خوارد)

پ- ئیمە لە سلێمانییەو هاتیمنە. (ئێمە لە سلێمانییەوە هاتوین)

---

(٢٤) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٥١).

ت- نانەگە وە چاییەو خواردم. (نانەکەم بە چاوە خوارد)

ج- ئیمە وە داخ تووەو مریمن. (ئێمە بە داخی تۆوە دەمرین)

چ- ئەوان ئەرا نواوەو ڕیکەن. (ئەوان بۆ پێشەوە دەڕۆن)

هەروەها پاشناوی (ا) بەپێی دەرکەوتنی لە کۆتایی تەواوکەرەکەدا دەبێتە (یا)، بڕوانە (٣٤).

(٣٤) ا- پارەگە وە کاوەیا ئەراتان کلکردم. (پارەکەم بە کاوەدا بۆ ناردن)

ب- ئیمە لە سلێمانییا مەنیمنەو. (ئێمە لە سلێمانیداماینەوە)

## ١/٣ ـ ٦ مۆرفۆسینتاکسەکانی فرێزی کرداری:

کردار بریتییە لەو مۆرفێمەی کە هێمایە بۆ ڕووداوێك، تەنیا یەك مۆرفێم چەمکی ڕووداوەکە دەبەخشێت، ئەویش ڕەگی کردارە، بەم پێیە هەر کردارێك تەنیا یەك ڕەگی هەیە، بۆ هەر چەمکێکی تر جگە لە خودی ڕووداوەکە مۆرفێمی تایبەتی هەیە[٣٤٣]. بەم پێیە واتای وشە لە ڕەگ کۆدەبێتەوە، بەڵام هیچ زمانێك ناتوانێت تەنیا بە ڕەگ مەبەستەکانی خۆی بپێکێت[٣٤٤]. بۆیە ڕەگی کردار لە پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسیدا وەك بنجێك دەبێتە بناغە بۆ وەرگرتنی مۆرفێمە ڕێزمانیو ناڕێزمانییەکان بۆ دروستکردنی پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسی[٣٤٥]. واتە کردار لە مۆرفێمێك زیاتر پێکدێت، سادەترین کردار کرداری بنەڕەتییە لە سێ مۆرفێمی سەرەکی (ڕەگ، کات، کەس) پێکهاتوە[٣٤٦]. کە بەردی بناغەی پێکهاتنی فرێزی کردارییە، هەروەها چەند مۆرفێمێکی تر بەشداری لە پێکهاتنی کرداردا دەکەنو وەکو پێشگر یان پاشگر دەچنە سەر کردارەکە، بۆیە کۆمەڵێك کەرەستەی مۆرفۆسینتاکسی هەن، کە تایبەتن بە دروستەی فرێزی کرداری، واتە بەشداری لە دروستەی کرداردا دەکەن، وەك مۆرفێمەکانی (کات، ئەسپێکت، ڕێژە، نەکردن، کەسو ژمارە (INFL)، تێپەڕاندن، نادیاری، .... تاد)، ئەم مۆرفێمە ڕێزمانییانەش تەنیا ئەو مۆرفێمە بەندانەن، کە بە کردارەوە دەلکێن.

### ١/٣ ـ ٦ ـ ١ کات (Tense):

کات ئەو جیاوازییە ڕێزمانییەیە، کە لە نێوان فۆرمە دیاریکراوەکانی کرداری ڕابردوو و ڕانەبردوودا هەیە[٣٤٧]. مەبەستمان لە کاتی ڕێزمانییە کە بە سەر کاتی ڕابردوو و کاتی ڕانەبردوودا دابەشدەکرێتو فۆرمی جیاوازیان هەیە، بەڵام کاتی داهاتوو بەهۆی ئاوەڵکرداری کاتییەوە لە ڕستەدا دەنوێنرێت، بڕوانە (٣٥).

---

(٢٥) عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥: ١٣٠).

(٢٦) محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٤٨).

(٢٧) یارا قادر حمد (٢٠٠٨: ٢٤).

(٢٨) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١: ٢٦).

(29) Leech (2006: 111).

(٣٥) سوو چم ئەرا بازار.   (سبەینێ دەچم بۆ بازاڕ)

مۆرفۆسینتاکسی کات وەك بەشێکی پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجیو سینتاکس لە ژێر دەسەڵاتی چالاکی کرداردا جۆرە کاریگەرییەك نیشاندەدەن، کە لە ڕێگەی گیرەکە ڕێزمانییەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی دەچنە ژێر سایەی پێکهاتەیەکی سینتاکسییەوە[٣٤٨]. لێرەدا مۆرفێمەکانی کاتی ڕابردوو و ڕانەبردووی بکەردیارو بکەرنادیار دەخەینە ڕوو.

**١/٣ ـ ٦ ـ ١ ـ ١ مۆرفێمەکانی کاتی ڕابردوو:**

سادەترین کرداری بکەردیار لە زمانی کوردیدا لە مۆرفێمەکانی ڕەگو کاتو کەس، یان سادەترین کرداری بکەرنادیار لە مۆرفێمەکانی ڕەگو نادیاریو کاتو کەس پێکدێت، واتە مۆرفێمەکانی کات هەمیشە بەشداری لە داڕشتنی چەشنی دروستەی کرداردا دەکەن، بۆ دەستنیشانکردنی مۆرفێمەکانی کاتی ڕابردوو، بڕوانە (٣٦)و (٣٧).

(٣٦)

| کردار | ڕەگ | مۆرفێمی کات | مۆرفێمی کەس |
|---|---|---|---|
| سەندم | سەن | د | م |
| چیم | چ | یـ | م |
| گرتم | گر | تـ | م |
| نویسام | نویس | ا | م |

**خشتەی ژمارە ( ٥ )**

(٣٧)

| کردار | ڕەگ | مۆرفێمی نادیاری | مۆرفێمی کات | مۆرفێمی کەس |
|---|---|---|---|---|
| خوریا | خوە | ری | ا | Ø |
| بریا | بە | ری | ا | Ø |
| گیرریا | گیر | ری | ا | Ø |

**خشتەی ژمارە ( ٦ )**

لە نموونەکانی (٣٦)دا مۆرفێمەکانی (- د ، - ی ، - ت ، - ا) مۆرفێمەکانی کاتی ڕابردووی بکەردیار دەنوێنن، بەڵام لە نموونەکانی (٣٧)دا تەنها مۆرفێمی (- ا) مۆرفێمی کاتی ڕابردووی بکەرنادیار دەنوێنێت.

(٣٠) بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨: ١٢٤).

**١/٣ ـ ٦ ـ ١ ـ ٢ مۆرفێمەکانی کاتی ڕانەبردوو:**

بۆ دەستنیشانکردنی مۆرفێمەکانی کاتی ڕانەبردوو، بڕوانە (٣٨)و (٣٩).

(٣٨)

| کردار | ڕەگ | مۆرفێمی کات | مۆرفێمی کەس |
|---|---|---|---|
| سەنم | سەن | Ø | م |
| چم | چ | Ø | م |
| گرم | گر | Ø | م |
| نویسم | نویس | Ø | م |

**خشتەی ژمارە ( ٧ )**

(٣٩)

| کردار | ڕەگ | مۆرفێمی نادیاری | مۆرفێمی کات | مۆرفێمی کەس |
|---|---|---|---|---|
| خوریەد | خوە | ری | ـە | د |
| بریەد | بە | ری | ـە | د |
| گێرریەد | گێر | ری | ـە | د |

**خشتەی ژمارە ( ٨ )**

لە نموونەکانی (٣٨)دا مۆرفێمی کاتی ڕانەبردووی بکەردیار لە ناو ڕەگی کردارەکەدا تواوەتەوەو فۆرمێکی سەربەخۆی نییە، بەلاّم لە نموونەکانی (٣٩)دا مۆرفێمی (- ـە) مۆرفێمی کاتی ڕانەبردووی بکەرنادیار دەنوێنێت.

لەم خشتەیەدا دەتوانرێت نیشانەکانی کات لە شێوەزاری خانەقیدا بخرێتە ڕوو:

| | **مۆرفێمەکانی کات** | |
|---|---|---|
| | **ڕابردوو** | **ڕانەبردوو** |
| **بکەردیار** | - ا ، - ی ، - ت ، - د | Ø |
| **بکەرنادیار** | - ا | - ـە |

**خشتەی ژمارە ( ٩ )**

**١/٣ـ ٦ ـ ٢ ئەسپێکت (Aspect):**

کەتیگۆرییەکی ڕێزمانیی کردارە، ئاماژە بۆ چۆنیەتی دەربڕینێکی کاتی دەکات، کە تێیدا ڕووداوێك یان بارێك ڕوویداوە[٣٤٩]. ئەسپێکتەکان ماوەی ڕوودانی کردار لە ئێستاو ڕابردوو و ڕانەبردوودا دەخەنە ڕوو، مەبەست لە ماوە: سەرەتاو کۆتایی، تەواوبوونو تەواونەبوون یان درێژەکێشان دەگرێتەوە، ئاشکرایە ڕوودانو کارکردن سەرەتاو دەستپێکردنی هەیەو دەشێت تا کاتی گوتن تەواو بووبێت، یان تەواو نەبووبێت[٣٥٠]. دەشێ ئەسپێکتەکان لە دروستەی کرداردا فۆرمی سەربەخۆیان هەبێت، وەك مۆرفێمەکانی (- یە/ە/س ، - یا ، - ە/س ، - ەو ، - بی ....تاد)، یان فۆرمی سەربەخۆیان نەبێتو دەرنەکەون، بەڵکو لە ناو کردارەکەدا تواونەتەوە، وەك مۆرفێمەکانی (ڕابردووی ڕووت، کاتی ئێستا ، بەردەوامی، .....تاد)، بڕوانە (٤٠).

(٤٠) ا- ئەو خەفت. (ئەو نووست)

ب- منالەگە نان خوەد. (منالەکە نان دەخوات)

پ- ئەوان شاتڕن. (ئەوان زیرەکن)

نموونەکانی (٤٠- ا ب پ) ئەوە دەردەخەن، کە هەریەکە لە نیشانەی ڕابردووی ڕووت لە ڕێژەی هەواڵی، بڕوانە (٤٠- ا)، نیشانەی بەردەوامی لە ڕانەبردووی ڕێژەی هەواڵی، بڕوانە (٤٠- ب)، نیشانەی کاتی ئێستا بۆ هەموو کەسەکان جگە لە کەسی سێیەمی تاك نەبێت، بڕوانە (٤٠- پ)، مۆرفی سفرن (Ø)و فۆرمێکی سەربەخۆیان نییەو دەرناکەون، بەڵام ئەمانە ئەسپێکتنو سیمای بەردەوامیو نواندنی حاڵەت لە کرداردا دەنوێنن.

ئەسپێکتەکانی ئەم شێوەزارەش بریتین لە:

**١/٣ـ ٦ ـ ٢ ـ ١ ئەسپێکتی (- یا):**

ئەم ئەسپێکتە پاش بناغەی کرداری ڕابردوو دێتو سەرەتای دەستپێکردنی ڕوودان دیاریدەکات، واتە بەشداری لە فۆرمی ڕابردووی بەردەوامی ڕێژەی هەواڵیدا دەکات، بڕوانە (٤١).

(٤١) ا- من چییام ئەرا خانەقی. (من دەچووم بۆ خانەقی)

ب- ئارەزوو سیفەگە خواردیا. (ئارەزوو سێوەکەی دەخوارد)

پ- ئەوان هاتیان. (ئەوان دەهاتن)

**١/٣ـ ٦ ـ ٢ ـ ٢ ئەسپێکتی (- یە/- ە/- س):**

ئەم ئەسپێکتە دەچێتە کۆتایی کرداری ڕابردووی ڕووتەوەو ڕابردووی تەواو لە ڕێژەی هەواڵیدا دادەڕێژێت، بڕوانە (٤٢)، (٤٣)، (٤٤).

---

(31) Leech (2006: 13).

(٣٢) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٦٣).

(٤٢) ا- من کەفتمە.　　(من کەوتوم)

ب- تو کەفتیدە.　　(تۆ کەوتویت)

پ- ئەو کەفتیە.　　(ئەو کەوتوە)

ت- ئیمە کەفتیمنە.　(ئێمە کەوتوین)

ج- ئیوە کەفتنە.　　(ئێوە کەوتون)

چ- ئەوان کەفتنە.　　(ئەوان کەوتون)

(٤٣) ا- هادی پارەگە بردیە.　　(هادی پارەکەی بردوە)

ب- دوێتە کراسەگە دویرانیە.　(کچە کراسەکەی دوریوە)

(٤٤) ا- منالّەگە ترسیاس.　　(منالّەکە ترساوە)

ب- چاییەگە کولّیاس.　　(چاکە کولاّوە)

لە نموونەکانی (٤٢)دا فۆرمی (- ە) ئەسپێکتی ڕابردووی تەواو دەنوێنێت، تەنها لە کەسی سێیەمی تاکدا نەبێت، کە جێناوە لکاوەکە مۆرفێمی سفرەو دەرناکەوێت، ئەو کاتە فۆرمی (- یە) دەردەکەوێت، بڕوانە (٤٢- پ)و (٤٣- ا ب)، بەلاّم ئەگەر بناغەی کردارەکە بە مۆرفێمی (- ا) کۆتایی هاتبوو، ئەوا فۆرمی (- س) دەردەکەوێت بڕوانە (٤٤- ا ب)، واتە فۆرمی (- ە) لەگەلّ هەموو کەسەکانی یەکەمو دووەمی تاكو کۆو کەسی سێیەمی کۆ دەردەکەوێت، بەلاّم لە کەسی سێیەمی تاکدا ئەگەر بناغەی کردارەکە بە نیشانەی (- ی ، - ت ، - د) کۆتایی هاتبوو، فۆرمی (- یە) دەردەکەوێت، بەلاّم ئەگەر بناغەی کردارەکە بە نیشانەی (- ا) کۆتایی هاتبوو، فۆرمی (- س) دەردەکەوێت، کەواتە فۆرمەکانی (- ە ، - س) دەبنە ئەلۆمۆرفی ئەسپێکتی (- یە) لە ڕێژەی هەوالّی ڕابردووی تەواودا.

### ١/٣ ـ ٦ ـ ٢ ـ ٣ ئەسپێکتی ( - بی ):

ئەم ئەسپێکتە دەچێتە کۆتایی کرداری ڕابردووی ڕووتو ڕابردووی دوور لە ڕێژەی هەوالّیدا دادەڕێژێت، بڕوانە (٤٥).

(٤٥) ا- منالّەگە خەفتبی.　　(منالّەکە خەوتبوو)

ب- ئەوان مەکتوبەگە نویسانبین.　(ئەوان نامەکەیان نووسیبوو)

### ١/٣ ـ ٦ ـ ٢ ـ ٤ ئەسپێکتی (بـ ....ا / بـ ....اتا ):

ئەم ئەسپێکتە بەشداری لە دروستەی کرداری ڕابردووی بەردەوامی ڕێژەی دانانیدا دەکات، بەوەی مۆرفیمی (بـ -) دەچێتە سەرەتاو مۆرفیمی (- ا) یان (- اتا) دەچێتە کۆتایی کردارەکەوە، بڕوانە (٤٦).

(٤٦) ا- خوەزگە ئەوان بهاتان ئەرا ئەیلا.   (خۆزگە ئەوان بهاتبان بۆ ئێرە)

ب- بایەد باوگم کاربکرداتا.   (پێویستە باوکم کاری بکردبایە)

### ١/٣ـ ٦ ـ ٢ ـ ٥ ئەسپێکتی ( - بیا ):

ئـەم ئەسـپێکتە دەچـێتە کۆتـایی بناغـەی کـردارەوەو کـرداری ڕابـردووی دووری ڕێـژەی دانـانی دادەڕێژێت، بڕوانە (٤٧).

(٤٧) ا- بایەد پارەگە هاوردبیا.   (پێویستە پارەکەی هێنابووایە)

ب- خوەزگە چیبیام ئەرا وازی.   (خۆزگە چووبووبام بۆ یاری)

### ١/٣ـ ٦ ـ ٢ ـ ٦ ئەسپێکتی ( بـ - ):

ئـەم مۆرفیمـە وەك ئەسـپێکتێك لـە پێکهـاتنی کـرداری ڕانـەبردوو لـە ڕێـژەی مـەرجو خۆزگـەو دانانیدا، هەروەها لە پێکهاتنی کرداری فەرماندا بەشداریدەکات، بڕوانە (٤٨).

(٤٨) ا- بایەد شویشەگە بشکنم.   (پێویستە شووشەکە بشکێنم)

ب- تو شویشەگە بشکنØ.   (تۆ شووشەکە بشکێنە)

### ١/٣ـ ٦ ـ ٢ ـ ٧ ئەسپێکتی ( - ە /- س ):

ئەم ئەسپێکتە مۆرفێمی کاتی ئێستایە، کاتێ ئـەم مۆرفێمـە دەردەکـەوێت، کـە کـرداری ناتـەواوی (بین) بـۆ ڕانـەبردوو لـە باری ئێسـتادا بێت، چونکە ڕەگی کردارەکە (بـ) بێهێـزەو دەرناکـەوێتو جێناوە لکاوەکـەش کەسـی سـێیەمی تـاکەو مۆرفێمـی سـفرە، بۆیـە ئـەم مۆرفێمـە دەردەکـەوێت، بڕوانە (٤٩)، (٥٠)، (٥١).

(٤٩) ا- زمسان سەردە.   (زستان ساردە)

ب- ئەو شاترە.   (ئەو زیرەکە)

(٥٠) ا- ئاراس ماموساس.   (ئاراس مامۆستایە)

ب- دوێتەگە ئازاس.   (کچەکە ئازایە)

(٥١) ا- ئەوان زرنگن.   (ئەوان وریان)

ب- من خاسـم.   (من چاکم)

لە نموونـەکانی (٤٩)و (٥٠)و (٥١)دا کـرداری ڕسـتەکە کـرداری ناتـەواوی (بـین) لـە کـاتی ئێسـتادایەو دەرناکـەوێت، لـە (٤٩- ا ب)و (٥٠- ا ب)دا جێنـاوی لکـاوی بکـەری کەسـی سـێیەمی تاکـەو مـۆرفێمی سـفرە، بەمـەش ئەسـپێکتی (- ە/- س) دەرکـەوتوە، ئەگـەر تەواوکەرەکـە بـە هـەر دەنگێـك کۆتـایی هاتبێت، ئەوا ئەسپێکتی کاتی ئێستا لە فۆرمی (- ە)دا دەردەکەوێت بڕوانـە (٤٩- ا ب)، بـەڵام ئەگـەر

دوادەنگی تەواوکەرەکە (ا) بێت، ئەوکاتە لە فۆرمی (- س) دەردەکەوێت بڕوانە (٥٠- ا ب)، ئەگینا لەگەڵ کەسەکانی تردا ئەم مۆرفیمە دەرناکەوێتو سفرە، بڕوانە (٥١- ا ب).

### ١/٣ـ ٦ ـ ٢ ـ ٨ ئەسپێکتی (- ەو):

ئەم ئەسپێکتە ئەرکی دووبارەکردنەوەی کردار نیشاندەداتو دەچێتە کۆتایی کردارەوە، واتە ڕۆڵی ئاماژەکردنی دەمکات لە دووبارەبوونەوەی ڕوودان لە ڕابردوو و ڕانەبردوودا لەخۆدەگرێت[٣٥١]. بڕوانە (٥٢).

(٥٢) ا- ئەوان لە سلێمانییەو هاتنەسەو. (ئەوان لە سلێمانییەوە هاتونەتەوە)

ب- قالییەگە ئەرایان هاوردمەو. (فەرشەکەم بۆ هێنانەوە)

پ- جفتیارەگە زەوییەگە جفتکەدەو. (جوتیارەکە زەوییەکە جووتدەکاتەوە)

### ١/٣ـ ٦ ـ ٣ ڕێـژە (Mood):

ڕێژە بەو حاڵەتە ڕێزمانییە دەوترێت، کە پێوەندیی ڕوودان یان هەلومەرج بە واقیعەوە دەردەبڕێتو یەکێکە لە فۆرمە بنەڕەتییەکانی دەربڕینی پێوەندیی گوزارەیی[٣٥٢]. دروستەی کرداری کوردی ڕەگو تافو کەسو ڕێژەی هەیە، ڕێژە لە دروستەکەدا جێکەوتەی چەسپاوی نییە، چونکە بەپێی ڕێژەی کردارەکەو گۆڕینی تافەکەی گۆڕانی بە سەردا دێت[٣٥٣]. بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر ڕێژە لە زمانی کوردیدا هەن، کە بریتین لە: ڕێژەی هەواڵی، ڕێژەی مەرجو خۆزگەو دانانی، ڕێژەی فەرمان، ئەمانەش بەهۆی مۆرفیمە وشەگۆڕەکانەوە دەنوێنرێن.

### ١/٣ـ ٦ ـ ٣ ـ ١ کـردەی کـردن:

### ١/٣ـ ٦ ـ ٣ ـ ١ ـ ١ ڕێژەی هەواڵـی:

لەم ڕێژەدا کردار ئاماژەیە بۆ ڕاستییەك، واتایەکی چەسپاو و واقیعی لە مێشكو هەستی قسەکەردا (ڕاست بێت یان درۆ)، دوور لە خۆزگەو ئاوات شیاوی ڕوودانو ڕوونەدان[٣٥٤]. بۆ خستنەڕووی ئەم ڕێژە، بڕوانە (٥٣)و (٥٤).

(٥٣) (ڕابردووی ڕووتی بکەردیارو بکەرنادیار)

ا- کتاوەگە برد: کتاوەگە بریا. (کتێبەکەی برد: کتێبەکە برا)

(ڕابردووی بەردەوامی بکەردیارو بکەرنادیار)

---

(٣٣) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٦٦).

(٣٤) ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ١٨٣).

(٣٥) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ٣٢).

(٣٦) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٦٧).

ب- كتاوەگە بردیا : كتاوەگە بریایا.   (كتێبەكەی دەبرد: كتێبەكە دەبرا)
(ڕابردووی تەواوی بكەردیارو بكەرنادیار)
پ- كتاوەگە بردیە : كتاوەگە بریاس.  (كتێبەكەی بردوە: كتێبەكە براوە)
(ڕابردووی دووری بكەردیارو بكەرنادیار)
ت- كتاوەگە بردبی : كتاوەگە بریابی.  (كتێبەكەی بردبوو: كتێبەكە برابوو)
(٥٤) ا- كتاوەگە بەد.   (كتێبەكە دەبات)   (ڕانەبردووی بكەردیار)
ب- كتاوەگە بریەد.  (كتێبەكە دەبرێت)   (ڕانەبردووی بكەرنادیار)

ڕستەكانی (٥٣)و (٥٤) ڕستەی هەواڵین، فۆرمی كرداری ئەم ڕستانەش ڕابردووی ڕووتو بەردەوامو تەواوو دوورو ڕانەبردووی بكەردیارو بكەرنادیارن، ئەو مۆرفیمانەی كە بەشداری لە پێكهاتنی ڕابردوو و ڕانەبردووی بكەردیارو بكەرنادیاری ڕێژەی هەواڵیدا دەكەن، ئەسپێكتو موود دەنوێنن، بۆ نموونە مۆرفیمەكانی (Ø ، - یا ، - یە/ە/س ، - بی) ئەسپێكتی ڕابردووی ڕووتو بەردەوامو تەواو و دووری بكەردیارو بكەرنادیار دەنوێنن، بڕوانە (٥٣- ا ب پ ت)، هەروەها مۆرفیمی سفر (Ø) ئەسپێكتی بەردەوامی لە ڕانەبردووی بكەردیارو بكەرنادیار دەنوێنێت، كە لە ناو ڕەگی كردارەكەدا تواوەتەوە، بڕوانە (٥٤- ا ب).

### ١/٣ ـ ٦ ـ ٣ ـ ١ ـ ٢ ڕێژەی مەرجو خۆزگەو دانانی:

بەپێی واتای گشتی ڕستە كە لە كەرەستە پێكهێنەرەكانو نیشانەكانی كردارەوە بەدەستدێت، ڕێژەكانی مەرجو خۆزگەو دانانی دیاریدەكرێت، واتە لەم سێ چەمكەدا فۆرمی كردار بەپێی كاتەكانی یەك داڕشتنیان هەیەو واتای گشتی ڕستە مەرجو خۆزگەو دانانی جیادەكاتەوە[٣٥٥]. بۆ خستنەڕووی دروستەی ئەم سێ ڕێژەیە، بڕوانە (٥٥).

(٥٥) ا- ئەگەر سەیارەگە بسینم، دەمەی پید.   (ئەگەر سەیارەكە بكڕم، دەتدەمێ)
ب- خوەزگە سەیارەگە بسینم.   (خۆزگە سەیارەكە بكڕم)
پ- لەوانەس سەیارەگە بسینم.   (لەوانەیە سەیارەكە بكڕم)

لە شیكردنەوەی واتای ڕستەكاندا، لە (٥٥- ا) ڕێژەی مەرجیو لە (٥٥- ب) ڕێژەی خۆزگەو لە (٥٥- پ)دا ڕێژەی دانانی جیادەكرێنەوە، واتە سێ چەمكی جیاواز دەنوێنن، بەلاّم لە شیكردنەوەی داڕشتنی دروستەی كردارەكاندا، فۆرمی دروستەی كرداری (بسینم) لە هەر سێ ڕستەكەدا هەمان یاسای داڕشتنی سینتاكسییان هەیە. بۆ دەستنیشانكردنی ئەسپێكتی كرداری ڕابردوو و ڕانەبردوو لەم جۆرە ڕێژەیەدا، بڕوانە (٥٦)، (٥٧)، (٥٨).

---

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو (٦٩).

(٥٦) ا- خوەزگە نانەگە بخواردام/بخوارداتام. (خۆزگە نانەکەم بخواردبا)

ب- خوەزگە بچیام/بچیاتام ئەرا خانەقی. (خۆزگە برۆشتبام بۆ خانەقی)

(٥٧) ا- خوەزگە نانەگە خواردبیام. (خۆزگە نانەکەم خواردبووبا)

ب- خوەزگە من هاتبیام. (خۆزگە من هاتبووبام)

(٥٨) ا- بایەد کتاوەگە بسینم. (پێویستە کتێبەکە بکڕم)

ب- ئەگەر پارەگە بارد، ئەراتان کلی کەم. (ئەگەر پارەکە بهێنێت، بۆتانی دەنێرم)

لە (٥٦- ا ب)دا ئەسپێکتی (بـ ......ا/بـ.....اتا) بەشداری لە داڕشتنی کرداری ڕابردووی بەردەوام دەکات، لە (٥٧- ا ب)دا ئەسپێکتی (- بیا) لە داڕشتنی کرداری ڕابردووی دووردا دەردەکەوێت، هەروەها لە (٥٨- ا ب)دا ئەسپێکتی (بـ -) بەشداری لە داڕشتنی کرداری ڕانەبردوو دەکات، واتە ئەسپێکتەکانی (ب ......ا/بـ.....اتا ، - بیا ، بـ -) بەشداری لە داڕشتنی ڕابردووی بەردەوامو دوورو ڕانەبردووی ڕێژەی مەرجو خۆزگەو دانانیدا دەکەن[٣٥٦].

### ٣/١ - ٦ - ٣ - ١ - ٣ ڕێژەی فەرمان (داخوازی):

لە ڕستەی ڕێژەی فەرماندا هەموو فرێزێکی کرداری لە مۆرفێمی (بـ -)و ڕەگی کردارو جێناوێکی لکاو پێکدێت، واتە ئەسپێکتی (بـ -) دەچێتە پێش ڕەگی ڕانەبردووی کردارەکەو بکەر جێناوێکی لکاو بەپێی کەسو ژمارەی خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەگەر جێناوە لکاوەکە بۆ کەسی دووەمی تاك بێت، ئەوا مۆرفێمی (Ø) دەبێتو ئەگەر بۆ کەسی دووەمی کۆ بێت، ئەوا مۆرفێمی (ن) دەبێتو دەچێتە کۆتایی کردارەکەوە، بڕوانە (٥٩).

(٥٩) ا- مەکتوبەگە بنویسØ. (نامەکە بنووسە)

ب- مەکتوبەگە بنویسن. (نامەکە بنووسن)

لە نموونەکانی (٥٩- ا ب)دا مۆرفێمی (بـ -) وەك ئەسپێکتو ڕێژەی فەرمان دەردەکەوێتو بەشداری لە داڕشتنی کرداری فەرماندا دەکات.

دەتوانرێت مۆرفێمەکانی ئەسپێکتو ڕێژەی زمانی کوردی - شێوەزاری خانەقی لەم خشتەیەدا بخرێتە ڕوو:

---

(٣٨) لەم شێوەزارەدا لە ڕێژەی مەرجو خۆزگەو دانانیدا تەنها کرداری ڕابردووی بەردەوامو دوور لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێنو بەر گوێ دەکەون، بەڵام کرداری ڕابردووی ڕووتو تەواوی ئەم ڕێژەیە بەکارناهێنرێن.

| ڕێـژە | ئەسپێکتەکان |
| --- | --- |
| مۆرفێمی ڕابردووی ڕووتی هەواڵی | Ø |
| مۆرفێمی ڕابردووی بەردەوامی هەواڵی | - یا |
| مۆرفێمی ڕابردووی تەواوی هەواڵی | - ە/یە/س |
| مۆرفێمی ڕابردووی دووری هەواڵی | - بی |
| مۆرفێمی ڕانەبردووی هەواڵی | Ø |
| مۆرفێمی ڕابردووی بەردەوامی دانانی | بـ....ا/بـ .....اتا |
| مۆرفێمی ڕابردووی دووری دانانی | - بیا |
| مۆرفێمی ڕانەبردووی دانانی ، مۆرفێمی فەرمان | بـ - |
| مۆرفێمی دووبارەکردنەوە | - ەو |
| مۆرفێمی کاتی ئێستا | - ە/س ، Ø |

خشتەی ژمارە (١٠)

**١/٣ ـ ٦ ـ ٣ ـ ٢ کردەی نەکردن:**

ئـەو کردەیەیـە، کـە ڕسـتە یـان یەکەیـەکی تـر بـۆ فـۆرمی نـەرێ دەگـۆڕێـت[٢٥٧]. واتـە کردەیـەکی زمانییە، ئەرکی جێبەجێنەکردن و بەرپەرچدانەوەی بەشێکی یان هەموو ڕستەکەیە[٢٥٨]. نـەکردن لە شێوەزاری خانەقیدا بەهۆی مۆرفێمەکانی (نە - ، نێ - ، نی -) لە دروستەی ڕستەدا بەپێی کات و ڕێژە دەنوێنرێت و هەمیشە دەچنە پێش ڕەگی کردارەوە.

**١/٣ ـ ٦ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١ (نە -):**

ئەم مۆرفێمە لەگەڵ هەموو جۆرەکانی کرداری ڕابردووی هـەواڵی و دانـانی، کـرداری ڕانـەبردووی دانـانی و کـرداری فەرمانـدا بـەکاردێت، ئەگـەر چـی کردارەکـە تێپـەڕ یـا تێنەپـەڕ، بکـەردیار یـا بکەرنادیار بێت، یان کرداری ناتەواو بۆ کاتی ڕابردوو بێت، بـڕوانە (٦٠)، (٦١)، (٦٢)، (٦٣).

(٦٠) (جۆرەکانی کرداری ڕابردووی تێپەڕی بکەردیاری هەواڵی)

ا- ئازاد پارەگە نە | هاورد. (ئازاد پارەکەی نەهێنا)
هاوردیە. (ئازاد پارەکەی نەهێناوە)
هاوردیا. (ئازاد پارەکەی نەدەهێنا)
هاوردبی. (ئازاد پارەکەی نەهێنابوو)

(39) Leech (2006: 66).

(٤٠) تارا عەبدوڵڵا سەعید (١٩٩٨: ٨٣).

(جۆرەکانی کرداری ڕابردووی تێنەپەڕی بکەرنادیاری هەواڵی)

ب- ئاشەگە نە | خوریا. (چێشتەکە نەخورا)
خوریاس. (چێشتەکە نەخوراوە)
خوریایا. (چێشتەکە نەدەخورا)
خوریابی. (چێشتەکە نەخورابوو)

(جۆرەکانی کرداری ڕابردووی تێپەڕی بکەردیاری دانانی)

پ- خوەزگە پارەگە نە | هاورداتا. (خۆزگە پارەکەی نەهێنابا)
هاوردبیاتا. (خۆزگە پارەکەی نەهێنابووبا)

(جۆرەکانی کرداری ڕابردووی تێنەپەڕی بکەرنادیاری دانانی)

ت- خوەزگە ئاشەگە نە | خوریاتا. (خۆزگە چێشتەکە نەخورابا)
خوریابیاتا. (خۆزگە چێشتەکە نەخورابووبا)

(٦١) ا- بایەد ئاشەگە نەخوەن. (پێویستە چێشتەکە نەخۆن)
(کرداری ڕانەبردووی تێپەڕی بکەردیاری دانانی)
ب- بایەد ماڵەگە نەوریەد. (پێویستە ماڵەکە نەبرێت)
(کرداری ڕانەبردووی تێنەپەڕی بکەرنادیاری دانانی)

(٦٢) ا- لە ماڵ ئیمە نەخەف. (لە ماڵی ئێمە نەخەوە) (کرداری فەرمانی تێنەپەڕ)
ب- مناڵەگان ئەرامان کلنەکەن. (مناڵەکانمان بۆ نەنێرن) (کرداری فەرمانی تێپەڕ)

(٦٣) ئەوان شەکەت نەوین. (ئەوان ماندوونەبوون) (کرداری ناتەواو بۆ کاتی ڕابردوو)

### ٢-٢-٣-٦-١/٣ (نیٚ-):

ئەم مۆرفێمە لەگەڵ کرداری ڕانەبردووی هەواڵیدا بەکاردێت، ئەگەر چی کردارەکە تێپەڕ یا تێنەپەڕ، بکەردیار یا بکەرنادیار بێت، یان کرداری ناتەواو بۆ کاتی داهاتوو بێت، بڕوانە (٦٤).

(٦٤) ا- ئەوان ئیمە نیٚناسن. (ئەوان ئێمە ناناسن)
(کرداری ڕانەبردووی تێپەڕی بکەردیاری هەواڵی)
ب- دەرسەگە نیٚخوەنریەد. (وانەکە ناخوێنرێت)
(کرداری ڕانەبردووی تێنەپەڕی بکەرنادیاری هەواڵی)
پ- ئەوان شەکەت نیٚوون. (ئەوان ماندوو نابن)
(کرداری ناتەواو بۆ کاتی داهاتوو)

### ٣/١ ـ ٦ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٣ (نی ـ):

ئـەم مۆرفێمـە لـەگەڵ کـرداری یـاریدەدەری (بــین) واتــە بــوون بـۆ کـاتی ئێسـتا بــەکاردێت، بـڕوانە (٦٥).

(٦٥) ا- پیاوەگان شەکەت نین. (پیاوەکان ماندوونین) (کرداری بوونی بوونایەتی بۆ ئێستا)

ب- ئیمە پارە نیەسمان. (ئێمە پارەمان نییە) (کرداری بوونی هەبوون بۆ ئێستا)

پ- ئەو نییە. (ئەو نییە) (کرداری بوونی هەیی بۆ ئێستا)

### ٣/١ ـ ٦ ـ ٤ کـەس و ژمـارە:

کـرداری بنــەڕەتی بــۆ ســێ مــۆرفێمی ســەرەکی (ڕەگو کــاتو کــەس) گەردانــدەکرێت، واتــە ڕەگەزەکانی کاتو کـەس وەکو کەرەستـەیەکی مۆرفۆسینتاکسی بەشداری لـە پێکهاتنی دروسـتەی کرداردا دەکەن، مۆرفێمەکانی کەس جێناوە لکاوەکان دەگرێتـەوە، کـە ژمارەیـەکی دیـاریکراون، لـەم شێوەزارەدا جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم (م ، ی/یت/ید ، Ø ـ د ، یمن ، ن ، ن) هەمیشە ئەرکی بکەر دەبینن‌و دەچنە کۆتایی کردارەکەوەو ڕۆڵی ڕێککەوتن لە نێوان بکەرو کرداردا دەبینن، ئەگەر چی کردارەکە ڕابردوو یا ڕانەبردوو، تێپەڕ یا تێنەپـەڕ، بکـەردیار یـا بکـەرنادیار، ڕێـژەی هـەواڵی‌و پرسیاری یا مەرج‌و خۆزگەو دانانی بێت، بڕوانە (٦٦)و (٦٧).

(٦٦) ا- ئەوان ئیمە دین. (ئەوان ئێمەیان بینی)

(کرداری ڕابردووی تێپەڕی بکەردیاری هەواڵی)

ب- ئیمە دوینریایمن. (ئێمە بینراین)

(کرداری ڕابردووی تێنەپەڕی بکەرنادیاری هەواڵی)

پ- ئەوان ئیمە دوینن. (ئەوان ئێمە دەبینن)

(کرداری ڕانەبردووی تێپەڕی بکەردیاری هەواڵی)

ت- ئیمە دوینریەیمن. (ئێمە دەبینرێین)

(کرداری ڕانەبردووی تێنەپەڕی بکەرنادیاری هەواڵی)

ج- ئەوان ترسیان. (ئەوان ترسان)

(کرداری ڕابردووی تێنەپەڕی بکەردیاری هەواڵی)

چ- ئەوان ترسن. (ئەوان دەترسێن)

(کرداری ڕانەبردووی تێنەپەڕی بکەردیاری هەواڵی)

(٦٧) ا- بایەد ئەوان ئیمە بگرتان. (پێویستە ئەوان ئێمەیان بگرتبا)

(کرداری ڕابردووی تێپەڕی بکەردیاری دانانی)

ب- بایەد ئیمە بگیریایمن.        (پێویستە ئێمە بگیرابایەن)

(کرداری ڕابردووی تێنەپەڕی بکەرنادیاری دانانی)

پ- بایەد ئەوان ئیمە بگرن.      (پێویستە ئەوان ئێمە بگرن)

(کرداری ڕانەبردووی تێپەڕی بکەردیاری دانانی)

ت- بایەد ئیمە بگیریەیمن.        (پێویستە ئێمە بگیرێین)

(کرداری ڕانەبردووی تێنەپەڕی بکەرنادیاری دانانی)

ج- بایەد ئەوان بهاتان.          (پێویستە ئەوان بهاتبان)

(کرداری ڕابردووی تێنەپەڕی بکەردیاری دانانی)

چ- بایەد ئەوان بان.              (پێویستە ئەوان بێن)

(کرداری ڕانەبردووی تێنەپەڕی بکەردیاری دانانی)

هەروەها فۆرمەکانی (Ø ، ن) وەك دوو جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك و کۆ لە داڕشتنی کرداری فەرماندا دەردەکەون و هەمیشە دەچنە کۆتایی ڕەگی کردارەکەوە، بڕوانە (٦٨).

(٦٨) ا- تو کەوچگەگە بارØ.     (تۆ کەوچکەکە بهێنە)

ب- ئیوە کاربکەن.              (ئێوە کاربکەن)

## ١/٣ ـ ٦ ـ ٥ مۆرفێمەکانی گۆڕینی هێزی کردار:

## ١/٣ ـ ٦ ـ ٥ ـ ١ مۆرفێمی تێپەڕاندن ( - ان ):

تێپەڕاندن پۆلێکی گراماتیکییە، لە بواری شیکردنەوەی ڕێزمانیدا بەکاردێت، لەگەڵ ئامازەکردن بۆ پەیوەندی نێوان کردارو ئەو کەرەستانەی کە لە ڕۆنانی ڕێزمانیدا لە چوارچێوەی پێکهاتەی ڕستەدا وەری دەگرێت، بۆتەی سەرەکی ئەم پۆلە گراماتیکە، کرداری تێپەڕو تێنەپەڕە[٣٥٩]. مەبەست لە هێزی کردار بریتییە لە تێپەڕو تێنەپەڕ، کردار لە ڕستەی زمانی کوردیدا سەرێکی ڕێزمانییەو لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاست حوکمدەکات و دۆخی ڕێزمانی بە جێکەوتەکان دەدات، بۆ نموونە لە ڕستەی کردار تێپەڕدا بە لای کەمەوە دوو جێکەوتە یان زیاتر لە پێشەوە دێن، یان لە ڕستەی کردار تێنەپەڕدا یەك جێکەوتە لە پێشەوە دێت، بڕوانە (٦٩).

(٦٩) ا- منالەگە سوزیا.          (منالەکە سووتا)

بکەر   تێنەپەڕ

ب- نازدار قاپەگان شورد.   (نازدار قاپەکان دەشوات)

بکەر   بەرکار   تێپەڕ

---

(٤١) عومەر مەحمود کەریم (٢٠٠٤: ٢٩).

دەتوانرێ هەندێ لە کردارە تێنەپەڕەکان بۆ کرداری تێپەڕ بگۆڕین[٣٦٠]، کە بەهۆی مۆرفێمی (- ان)ەوە ئەنجامدەدرێت، ئەم کردەیەش بە گۆڕینی توانای کردار ناودەبرێت، بڕوانە (٧٠)

(٧٠) ا- منالّەگە ترسیا ⟵ پیاوەگە منالّەگە ترسان[٣٦١].

ب- خانییەگە سوزیا ⟵ ئاگرەگە خانییەگە سوزان.

پ- منالّەگە ترسد ⟵ دزەگە منالّەگە ترسند.

ت- خانییەگە سوزیەد ⟵ ئاگرەگە خانییەگە سوزند.

لە ڕستەکانی (٧٠- ا ب پ ت)دا کردارەکانی (ترسیا، سوزیا) ڕابردووی تێنەپەڕنو (ترسد، سوزیەد) ڕانەبردووی تێنەپەڕن، دەتوانرێت ئەم ڕستانە بکرێن بە تێپەڕ، بەوەی:

١- بکەرێك دادەنێین.

٢- بکەری ڕستە تێنەپەڕەکە دەکەین بە بەرکارو لە ڕستە تێپەڕەکەدا دایدەنێین.

٣- پاشان ڕەگی کردارەکە وەردەگرین، ئەگەر کردارەکە ڕابردوو بوو، پاشگری (اند)ی دەخەینە سەر، کە لە مۆرفێمی تێپەڕاندن (- ان) و مۆرفێمی کاتی ڕابردوو (- د) پێکهاتوە، بڕوانە (٧٠- ا ب)، ئەگەر کردارەکەش ڕانەبردوو بوو، مۆرفێمی تێپەڕاندن (- ن)[٣٦٢]ی دەخەینە سەر، بڕوانە (٧٠- پ ت).

٤- ئینجا بکەر بەپێی کەسو ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاو بە کۆتایی کردارەکە دەدات.

بەم پێیە مۆرفێمی (- ان) ڕۆڵی تێپەڕاندن دەبینێت، بۆیە لە پرۆسەی تێپەڕاندندا کردار لە ڕەگو مۆرفێمی تێپەڕاندنو مۆرفێمی کاتو کەس پێکهاتوە.

### ١/٣ ـ ٦ ـ ٥ ـ ٢ مۆرفیمی نادیاری ( - ری ):

مۆرفێمی نادیاری ئەو مۆرفێمەیە کە ئەرکی ئەنجامدانی کردارێك ئەداتە پالّ توخمێکی (کەس یا شت) دەستنیشان نەکراو[٣٦٣]. لەبەرئەوە ڕستەی بکەردیار کە دەکرێتە بکەرنادیار لە هێز یان پلەی توانای کردار کەمدەبێتەوە[٣٦٤]. بۆیە ئەم مۆرفێمە ڕۆڵی لاوازکردنی توانای کردار دەبینێتو بەم کردەیەش دەوترێت نادیاری، لەم پرۆسەیەدا پێویستە کرداری ڕستەکە تێپەڕ بێتو دوو

---

(٤٢) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی دابەشکردنی کردارەکانو گۆڕینیان لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ، بڕوانە:

ا- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٤٣-٦٠).

ب- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ١٨٢-١٨٩).

(٤٣) زۆرجار دەنگی /د/ لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا گۆناکرێتو دەفرتێنرێت.

(٤٤) ئەمە گۆڕانێکی فۆنەتیکییە، کە مۆرفێمی تێپەڕاندنی (ان) لە ڕابردوو دەبێتە (Øn) لە ڕانەبردوودا، واتە دەنگی /ا/ تواوەتەوە.

(٤٥) عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥: ١٦٦).

(٤٦) يحيى عبانبة وأمنة الزغبي (٢٠٠٥: ١٣٦).

جێکەوتەی بکەرو بەرکار لە پێشەوەی هەبن، ئەو کاتە دەتوانرێت، بگۆڕدرێت بۆ ڕستەیەکی بکەرنادیار. چونکە ئەو ڕستە بکەرنادیارانەی لە ڕستەی بکەردیارەوە وەردەگیرێن، بەرکار ڕۆڵێکی گرنگ لەم دروستەیەدا دەگێڕێت، چونکە تەنیا کرداری تێپەڕ فۆرمی نادیاری هەیە[٣٦٥]. بڕوانە (٧١).

(٧١) ا- دوێنەگە نان خوارد ⟵ نان خوریا. (خو + ری + ا + Ø)

ب- ئەوان پارەگە بەن ⟵ پارەگە بریەد. (بە + ری + ـە + د)

لە نموونەکانی (٧١- ا ب)دا دەتوانرێت بە چەند هەنگاوێك ڕستەی ڕابردوو یان ڕانەبردووی بکەردیار بگۆڕدرێت بۆ بکەرنادیار[٣٦٦]، یەکێ لەو هەنگاوانە ڕەگی کرداری ڕستە بکەردیارەکە وەردەگیرێتو پاشان مۆرفێمی نادیاری (- ری)و مۆرفێمی کاتی ڕابردوو (- ا) یا ڕانەبردوو (- ـە)و مۆرفێمی کەسو ژمارەی بکەرەکەی دەخرێتە سەر، بەمەش دەبێتە کردارێکی بکەرنادیار، واتە مۆرفێمی نادیاری (- ری) ڕۆڵی لاوازکردنی توانای کردار دەبینێتو کردارەکەیشی لە تێپەڕەوە بۆ تێنەپەڕ گۆڕیوە.

---

(47) Amin (1979: 115).

(٤٨) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی هەنگاوەکانی گواستنەوەی ڕستەی بکەردیار بۆ بکەرنادیار لەم شێوەزارەدا، بڕوانە: [ئومێد بەرزان برزو (٢٠٠٦: ٧٠-٧٣)].

## ٢/٣ دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی:

### ٢/٣ ـ ١ سەرەتا:

جۆرێکی تر لە دروستەی ڕستە، ڕستەی مۆرفۆسینتاکسییە، سەبارەت بە دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی چەند ڕاوبۆچوونێك دەخەینە ڕوو:

١- ڕستەی نائاشکرا: ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە کەرەسەکانی (بکەرو بەرکار ....تاد) بەهۆی جێناوی لکاوەوە جێگیردەکرێن(٣٦٧).

٢- ڕستەی کورتکراو: ئەو ڕستەیەیە کە هەموو کەرەستەکانی ڕستەی نموونەیی تێدانییە، واتە کەرەستەکانی ڕستە وەك (بکەرو بەرکار .... تاد)، کە ڕاستەوخۆ دەرنابڕدرێن، بەڵکو بە لابردنی یان کورتکردنەوەی هەندێ لە کەرەستەکان و جێگیرکردنیان بە جێناوی لکاو، ئەمەش ڕۆژانە قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا بەکاریان دەهێنێت(٣٦٨).

٣- دروستەی ڕستەی ناوکی: لە جێناوی سفر لەگەڵ کردارێکی ئاڵۆز، کە لە ڕەگی کردارو کلیتیکی بکەری و بەرکاریی و ئەسپێکت و لاگرەکان پێکهاتوە، بە دروستەی مۆرفۆسینتاکسی دادەنرێت(٣٦٩).

٤- لە ڕستەی کورتکراوەدا (ناوکی): کە تێیدا بەرکار دەکرێت بە جێناو، واتە بەجێناوکردنی بەرکار لەخۆدەگرێت و ڕستەکە لە شێوەی فرێزی کرداریدا دەردەبڕدرێت(٣٧٠).

٥- مۆرفۆسینتاکس: هەموو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆجییانەن، کە لە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزو تێکچڕژاودا، پێکهاتەیەکی مۆرفۆسینتاکسی پێکدێنن، کە هەردوو کەرەستەی سەرەکی ڕستەکە (بکەرو بەرکار) بەهۆی نووسەکەکانەوە جێگیردەکرێن و لە ڕێگەی یاساکانی گوێزانەوە لە ناو ڕەگی کردارو لە پێکهاتەیەکی لەناویەك شکاوەدا ڕیزدەکرێن(٣٧١).

٦- مۆرفۆسینتاکس: نواندنی ڕستەیە بە مۆرفیم(٣٧٢).

لە ئەنجامی خستنەڕووی ئەم پێناسانە، دەتوانرێت بە چەند خاڵێك دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی و تایبەتییەکانی بە نموونەوە بخەینە ڕوو:

١- ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی بەرهەمی دروستەی ڕووکەشە (surface stracture)، بەوەی جێکەوتەکانی بەرکارو تەواوکەرو سەربارو دیارخەر، کە لە دروستەی قووڵی ڕستەدا بە فرێزێکی ناوی یان فرێزێکی جێناوی لە ڕێی کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە دێنە ئاراوە، بەهۆی یاسای

---

(٤٩) ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (١٩٩٤: ٨٢).

(٥٠) تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨: ٧٦).

(٥١) محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣٣٧) لە [تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٧٤)]وە وەرگیراوە.

(٥٢) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٧٦).

(٥٣) یارا قادر حمد (٢٠٠٨: ٣٠).

(٥٤) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ٤٢).

گوێزانەوەو بەکلیتیککردن (cliticization)، واتە جێگیرکردنی هەریەکەیان بە جێناوێکی لکاوو لکاندنیان بە بەشێکی ناو ڕستەکەوە، ئەم دروستەیە بەبەرهەمدێت[٣٧٣]، بڕوانە (٧٢).

(٧٢)

Ds

ئەوان من گرن

↓

بجولێنە α

↓

Ss

Pro t گرنەم

بەڵام کلیتیکی بکەری بەرهەمی دروستەی قووڵە، چونکە لە فرێزی بکەرییەوە کەس‌و ژمارەو توخم ناگوێزرێتەوە بۆ ناو کردارەکە، بەڵکو کردارەکە خۆی کلیتیکی بکەریی لە دروستەی قووڵدا هەیە، کە بە هۆیەوە دەتوانرێت لە شوێنی فرێزی بکەر کەرەستەیەکی بەرجەستەنەکراو (pro) لە دروستەی قوولی ڕستەدا دابنرێت، کە (pro) یەکێکە لە کەتیگۆرییە بەتاڵەکان‌و نیشانەی جێناوی هەیە[٣٧٤].

٢- ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی هەروەك ڕستەی سینتاکسی خاوەن دروستەو قاڵبی ڕێزمانیی خۆیەتی، بڕوانە (٧٣).

(٧٣) ا- ئاراس ئیمە ناسد. (ئاراس ئێمە دەناسێت)

ب- Pro t ناسدەمان. (Pro t دەمانناسێت)

لە ڕستەی (٧٣- ا)دا کەرەستەکانی (ئاراس، ئیمە، ناسد) هەریەکەیان فرێزێکن‌و بە وشەی سەربەخۆ دەربڕاون‌و لە ڕستەکەدا جێکەوتەکانی (بکەر ، بەرکار ، کردار)یان پڕکردوەتەوە، بەمەش ڕستەکە قاڵبی (بکەر + بەرکار + کردار) دەنوێنێت، واتە دروستەیەکی سینتاکسییان پێکهێناوە، بەڵام لە (٧٣- ب)دا جێکەوتەی بکەر کە فرێزێکی ناوییە، دەتوانرێت بەپێی یاسای بکەرلادان لە دروستەی ڕووکەشدا دەرنەبڕدرێت، چونکە کلیتیکی بکەری ناو کردارەکە هەمان

---

(٥٥) شایانی باسە عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ڕای وایە، کە مۆرفۆسینتاکس تەنها بەکلیتیککردنی کەتیگۆرییە سینتاکسییە بەخورتییەکانە، وەك فرێزی بکەری‌و فرێزی بەرکاری‌و فرێزی پێشناوی تەواوکەر، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانرێت کەتیگۆرییە سەرپشکییەکانیش وەك فرێزی دیارخەری خاوەنێتی‌و فرێزی پێشناوی سەربار بە کلیتیك جێگیربکرێن لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیدا، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو (٤٣).

(٥٦) تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٥٥-٥٦).

کەس‌و ژمارەی بکەرە دەرنەبڕاوەکە دەنوێنێت، جێکەوتەی بەرکاریش کە فرێزێکی جێناوییە بە جێناوی لکاوی سەر بە هەمان کەس‌و ژمارە لە کۆتایی کردارەکەدا جێگیرکراوە، واتە (Pro)یەکی بچووك لە جێکەوتەی بکەرو شوێنپێیەك (t) لە جێکەوتەی بەرکاردا بەجێهێشتون، بەمەش ڕستەکە قاڵبی (کردار + بکەر + بەرکار) دەنوێنێت، واتە قاڵبەکانی ڕیزکردنی کەرەستەکان لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیدا جیاوازە وەك لەو قاڵبانەی کە کەرەستەکان لە ڕستەی سینتاکسیدا هەیانە.

٣- ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی لە بواری ئابووریکردنی زماندا ڕۆڵێکی چالاك دەبینێت، کە بە کەمترین کەرەستەی زمان زۆرترین واتا دەگەیەنێت. وەك دەربڕینی جێناوە کەسییە لکاوەکان ماوەی کەمتریان دەوێت لەچاو دەربڕینی ناو یان جێناوە کەسییە جوداکان[٣٧٥]. بۆیە مرۆڤ ئەیەوێت بە ئاسانترین شێوەو بە کورترین ماوە ئەو بیرە بگەیەنێت[٣٧٦].

بەم پێیە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی دروستەی ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی وەك فرێزی ناوی یان فرێزی جێناوی لە جێکەوتەکانی بەرکارو تەواوکەرو سەربارو دیارخەردا پاش گوێزانەوەیان بە جێناوی لکاو (نووسەك) لە دروستەی ڕووکەشدا جێگیردەکرێن‌و بە بەشێکی ناو ڕستەکەوە دەلکێن، ئەمانەش کەرەستەی سینتاکسین، واتە بەرهەمی بەکلیتیککردن‌و گوێزانەوەن.

## ٢/٣ ـ ٢ نووسەك (کلیتیك)و تایبەتییەکانی:

کلیتیك ڕەگەزێکە هەڵسوکەوتی لە نێوان لاگرو وشەدا دەردەکەوێت، واتە ئاکاری سینتاکسی وشەی هەیە، سەربەستە، بەڵام لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بەستراوە بە وشەیەکی هاوسێیەوە، دەتوانێت لە فۆرمی هێشوویەکدا دەربکەوێت‌و دابەشدەبێت بۆ:

ا- پرۆکلیتیك. ب- ئینکلیتیك[٣٧٧].

جیاکردنەوەی نووسەك لە گیرەك‌و لە پرتك‌و لە وشەی سەربەخۆ لە کوردیدا گرنگە، چونکە زۆر لەو گیروگرفتانە چارەسەردەکات، کە دێنە ڕێگەی جیاکردنەوەی مۆرفێمی وشەداڕێژو ڕێزمانی[٣٧٨]. هەر بۆیە جێناوە لکاوەکان کە بە پۆلی نووسەك ناوبراون، لە پاڵ ڕێکخستنی کەرەسە دەربڕاوەکاندا، ڕۆڵی بکەرو بەرکارو خاوەنێتی‌و دیارخەری، کەسی قسەکەرو گوێگرو باسکراو، تاك‌و کۆ دەبینن[٣٧٩]. واتە بوونی جێناوە لکاوەکان لە زمانی کوردیدا، هۆیەکی سەرەکییە بۆ

---

(٥٧) خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (٢٠٠٧: ٩٨).

(٥٨) غازی فاتح وەیس (١٩٨٢: ٩٦).

(٥٩) بڕوانە: تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٤٦)و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون.

(٦٠) محەمەد مەعروف فەتاح‌و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٣٢).

(٦١) ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٢٣).

دروستبوونی کردەی مۆرفۆسینتاکسی، بەکارهێنانی جێناوی لکاو لەجیاتی ناوی کەسێك یان شتێك یان جێناوێکی جودایە، ئەو ناوە یان جێناوە جودایەی کە دەچێتە قالبی مۆرفۆسینتاکسییەوە لە دۆخی بکەری، بەرکاری، پێشناوی یان خۆیەتی (هەیی)دا دەبێت، دەتوانرێت ئەم دۆخە ڕێزمانیانە سینتاکسیانە لە ڕێگەی جێناوە لکاوەکانەوە بەپێی ڕێککەوتنی کەسو ژمارە جێگیربکرێن(٣٨٠).

لێرەدا چەند تایبەتییەکی نووسەك بە گشتیو بە نموونەی ئەم شێوەزارە دەخەینە ڕوو:

١- نووسەکەکان هەمیشە مۆرفیمی بەندنو بە وشەی سەربەخۆوە دەلکێنو ناتوانرێن بە تەنیا بەکاربهێنرێن(٣٨١).

٢- نووسەکەکان بەزۆری خاوەنی دوو فۆرمن یان لە دوو شێوە یان زیاتردا دەبینرێن: فۆرمێکی پڕو فۆرمێکی کورتکراوە، هەردوو فۆرمەکە یەك ئەرك جێبەجێدەکەن، بەڵام مەرج نییە، بە هەمان شێوە دابەشببن(٣٨٢). واتە جێناوە سەربەخۆکانو جێناوە لکاوەکان لە ڕستەدا هەمان ئەرکی سینتاکسیان دەبینن، بەڵام جێناوە سەربەخۆکان کە فۆرمێکی پڕیان هەیە، قالبی سەرەوڕیزبوونی ئەم جێناوانە لە دروستەی ڕستەدا جیاوازە وەك لە قالبی سەرەوڕیزبوونی جێناوە لکاوەکان، کە فۆرمێکی کورتکراوەیان هەیە لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیدا، بڕوانە (٧٤).

(٧٤) ا- منـ ئەوان وە ئیوە دەم. (من ئەوانم بە ئێوە دا)

(بکەر + بەرکار + تەواوکەر + کردار)

ب- t pro وەپیتان دەمەی. t pro (پێتانم دان)

(تەواوکەر + کردار + بکەر + بەرکار)

٣- نووسەکەکان دەتوانن پلەیەکی نزم لە هەڵبژاردندا نیشانبدەن(٣٨٣). واتە تایبەت نییە بە پۆلی وشەیەك، بۆیە تەنها کەرەسەیەك یان پۆلی وشەیەك هەڵنابژێرێتو پێوەی بنووسێت. بەڵکو بە فریز یان بە کەرتێکی ڕستەوە دەلکێت(٣٨٤). وەك (فریزی ناوی، فریزی ئاوەڵناوی، فریزی کرداری، پێشناو، ئەسپێکت، پێشگر، ....تاد)، بڕوانە (٧٥).

(٧٥) ا- کتاوەگەم هاوردم. (کتێبەکەمم هێنا)

ب- وەپیم بەنەی. (پێم دەبەن)

پ- دوێتە زرنگەگەت هات. (کچە زیرەکەکەت هات)

ت- خانییەگە فروشتبین. (خانووەکەیان فرۆشتبوو)

ج- هەڵی گرم. (هەڵی دەگرم)

---

(٦٢) نەزیرە سابیر مستەفا (٢٠٠٨: ١٠٣).

(63) Fattah (1999: 40).

(٦٤) محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٣٣).

(65) Katamba (1993:246).

(٦٦) محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٣٢).

هەرچەندە نووسەك دەتوانێت بچێتە سەر ئەو وشانەی کە لە کەتیگۆریی جیاوازن، بەڵام ئەمەش سەرپشکی نییە، بەڵکو بەپێی یاسایە[(٣٨٥)]. بۆ نموونە لەم شێوەزارەدا جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم (م ، ی/یت/ید ، Ø ـ د ، یمن ، ن ، ن) هەمیشە بە ڕەگی کردارەوە دەنووسێنو تایبەتن بە کەتیگۆری کردار، بڕوانە (٧٦).

(٧٦) ا- ناوەگان نویسن. (ناوەکان دەنووسن)

ب- ڕەسم گرتیمن. (وێنەمان گرت)

٤- نووسەکەکان دەتوانن بە بنکەیەکەوە بنووسێن، کە نووسەکێکی تری تێدابێت، واتە لە یەك پێکهاتەدا دەکرێت، چەند نووسەکێك هەبن، یان کۆببنەوە[(٣٨٦)]. بۆ نموونە لە هەندێ ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیدا چەند نووسەکێك بە دوای یەکتردا دێن، بڕوانە (٧٧).

(٧٧) t pro بەمەیان. (t pro دەیان بەم)

٥- جێناوە کەسییە لکاوەکان کە ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنەری کردارن، سێ واتایان تێدا کۆبووەتەوە (کەس، ژمارە، ڕێککەوتن)، ئەمەش دیاردەیەکی ئابوورییکردنە لە زماندا[(٣٨٧)]. بڕوانە (٧٨).

(٧٨) ئەوان چین. (ئەوان چوون)




لە نموونەی (٧٨)دا جێناوی لکاوی (ن) هەمان کەسو ژمارەی فرێزی بکەرە، واتە بکەرو کردار لە کەسو ژمارەدا ڕێکدەکەون، بۆیە کەسو ژمارەو ڕێککەوتن سێ واتای ڕێزمانیین، کە لە هەموو نووسەکەکاندا هەن.

٦- نووسەکەکان بەو فۆرمانەوە دەنووسن، کە نووسەك یان گیرەکیان پێوەیە، بەڵام گیرەکەکان ناتوانن بچنە سەر ئەو فۆرمانەی، کە نووسەکیان پێوەیە[(٣٨٨)]. واتە نووسەك دەتوانێت بە دوای گیرەکدا بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە گیرەك بە دوای نووسەکدا نایەت، بڕوانە (٧٩)و (٨٠).

(٧٩) ا- t pro گرتمەتان. (گرتمن)

ب- دوێتەگەتان دیم. (کچەکەتانم بینی)

---

(٦٧) تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٤٨).

(٦٨) محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٣٣).

(٦٩) شێرکۆ حمەئەمین قادر (٢٠٠٢: ٣٨).

(70) Fattah (1999: 42).

(٨٠) ا- دوێتەگان هاتن.        (کچەکان هاتن)

ب- *دوێتمەگە هات.        (کچمەکە هات)

لە نموونەکانی (٧٩- اب)دا کلیتیکی (تان) دوو ئەرکی جیاوازی بینیوە، لە (٧٩- ا)دا ئەرکی بەرکاری بینیوەو بە دوای کلیتیکی بکەرییەوە (م) نووساوە، هەروەها لە (٧٩- ب)دا ئەرکی خاوەنێتی بینیوەو بە دوای گیرەکی ڕێزمانی (- ەگە)دا هاتوە، بەلاّم لە نموونەی (٨٠- ا)دا گیرەکی ڕێزمانی کۆ (- ان) بە دوای گیرەکی ناسراوی (- ەگە)دا هاتوەو بۆتە ناوێکی کۆی ناسراو، کەچی نموونەی (٨٠- ب) نارێزمانییە، چونکە گیرەکی ناسراوی (- ەگە) بە دوای کلیتیکی خاوەنێتی (م)دا هاتوە، بۆیە نووسەك هەمیشە کۆتاییەکی داخراوی بە ڕووی گیرەکدا هەیە.

٧- نووسەکەکان هەموویان ڕێککەوتن نیشاندەدەن[٣٨٩]. بۆیە هەریەکە لە کلیتیکەکانی بکەریو بەرکاریو پێشناویو خاوەنێتی هەمان کەسو ژمارەی جێکەوتە دەرنەبڕاوەکان دەنوێنن‌و هاونیشانەن، بڕوانە (٨١).

(٨١) pro  t  ئەرامان کلی کەن.   (pro  t  بۆمانی دەنێرن)

j  i ______ i  j

٨- بوونی مۆرفێمی سینتاکسی لە ڕستەدا بەخورتییە[٣٩٠]. بۆ نموونە هیچ ڕستەیەکی زمانی کوردی بەبێ بوونی مۆرفێمی سینتاکسی وەك کلیتیکەکان دروست نابێت، هەمیشە کلیتیکی کەس‌و ژمارە بەشدارییەکی سەرەکی لە پێکهاتنی کرداری ڕستەکاندا دەکەن، بڕوانە (٨٢).

(٨٢) ا- منالّەگە دارەگە سوزند.   (منالّەکە دارەکە دەسووتێنێت)

ب- ئەوان خنکیان.        (ئەوان خنکان)

## ٢/٣ ـ ٢ ـ ١ کلیتیکی بکەری:

کەرەستەیەکی فەرهەنگییەو بەرهەمی دروستەی قوولّە[٣٩١]. بەشێکە لە دروستەی کردارو نیشانەی ڕێککەوتنی بکەرو کردار دەنوێنێت، بۆیە دەتوانرێت فرێزی بکەری لە دروستەی ڕووکەشدا بە سەرپشکی لە فۆرمێکی فەرهەنگیدا دەرنەبڕدرێت‌و کەتیگۆرییەکی بەتالّ لە شوێنی دابنرێت. کلیتیکی بکەری حوکم ناکرێت‌و دۆخی ڕێزمانی وەرناگرێت، بەلّکو لەگەلّ کاتدا وەچەپێکهاتەی (INFL) پێکدەهێنێت، دۆخی ڕێزمانی بکەری بەو کەرەستەیە دەدات، کە لە شوێنی بکەردایە، لەبەرئەوە هەرچی وەچەپێکهاتەیەك هاونیشانە بێت، لەگەلّ بەشی کرداردا لە ڕووی کەس‌و ژمارەوە لە لایەن کات‌و کەسەوە حوکمدەکرێت‌و دۆخی ڕێزمانی نۆمینەتیڤ

(٧١) بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨: ٢٨).

(72) Katamba (1993:206).

(٧٣) تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٥٥).

وەردەگرێت[٣٩٢]. واتە پێکهاتەی (INFL) لە نیشانەی کاتو کەس پێکهاتوەو لە دروستەی قووڵی ڕستەدا شوێنی دیاریکراوی خۆی هەیەو لە پاش ڕەگی کردارەوە دێتو حوکمی بکەر دەکاتو دۆخی ڕێزمانی نۆمینەتیف دەداتێ، بڕوانە (٨٣)و (٨٤).

(٨٣) ا- دارەگە سوزیاØ. (دارەکە سووتا)

ب- ئەوان دارەگان کوتکردن. (ئەوان دارەکانیان کەرتکرد)

(٨٤) ا- pro سوزیاØ. ( pro سووتا)

ب- pro دارەگان کوت کوتکردن. (pro دارەکانیان پارچەپارچەکرد)

بە بەراوردکردنی (٨٣- ا ب) لەگەڵ (٨٤- ا ب)دا ئەوە دەردەخەن، کە فرێزی بکەری دەتوانرێت لە دروستەی ڕووکەشدا بە سەرپشکی دەرببڕدرێت، یان کەتیگۆرییەکی بەتاڵ لە جێی دابنرێت، چونکە کلیتیکی بکەری کەرەستەیەکی فەرهەنگییەو لە دروستەی قووڵی کرداردا بوونێکی بەخورتی هەیەو لە ڕووی کەسو ژمارەوە لەگەڵ فرێزی بکەریدا هاونیشانەن. هەر بۆیە کرداری زمانی کوردی کردارێکی کاتو کەسدارەو هەریەکە لە مۆرفێمەکانی ڕەگو تافو جێناوی لکاوی بکەری کەرەستەی سەربەخۆی تۆمارکراوی ناو فەرهەنگن[٣٩٣].

### ٢/٣ ـ ٢ ـ ٢ کلیتیکی بەرکاری:

بەرهەمی سینتاکسییە، لە پاش بەکلیتیککردنو گواستنەوە لە دروستەی ڕووکەشی ڕستەدا بەبەرهەمدێت[٣٩٤]. جێکەوتەی بەرکار لە دروستەی ڕستەدا وەك جێکەوتەیەکی بەخورتی لەلایەن کردارە تێپەڕەکانەوە داوادەکرێت، واتە ئارگومێنتێکە لەلایەن کردارەوە داواکراوە. لە دروستەی قووڵدا ڕۆڵی بابەتانە لەلایەن کردارەوە وەردەگرێتو لە دروستەی ڕووکەشدا دۆخی ڕێزمانیی پێدەبەخشێت[٣٩٥]. کە دەکرێت بە کلیتیك، لە دروستەی ڕووکەشدا شوێنی بنەڕەتی خۆی بەجێدەهێڵێتو بە خۆیو ڕۆڵی بابەتانەکەیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ناو ئەو شوێنە بەتاڵەی لە ناو کردارەکەدا هەیە. ئەمەش لە کاتێکدا بەرکار بە جێناو جێگیردەکرێت، کە قسەکەرو گوێگر زانیاریی ناوکۆییان هەبێت لەبارەی بەرکارەکەوە[٣٩٦]. بەڵام ناتوانرێت بەرکار لە هەمان کاتدا لە فۆرمی فەرهەنگی بەرجەستەییو لە فۆرمی کلیتیکێکدا دەرببڕدرێت، بەڵکو لە فۆرمی فەرهەنگی یان لە فۆرمی کلیتیکێکدا دەردەبڕدرێت[٣٩٧]. بەم پێیە فرێزی بەرکاری لە دروستەی ڕووکەشدا

---

(٧٤) محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٨٩).

(٧٥) محەمەدی مەحوییو نەرمین عومەر (٢٠٠٤: ٧٦).

(٧٦) تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٥٩).

(٧٧) محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٣٣).

(٧٨) قەیس کاکڵ تۆفیق (٢٠٠٢: ١١٤).

(٧٩) تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٥٨).

دەكرێت بە كلیتیك‌و دەگوێزرێتەوە بۆ ناو یان پاش دروستەی كردارەكە، بەمەش شوێنپێیەك بەجێدەهێڵێت، كە لەگەڵ كلیتیكە گوێزراوەكە لە ڕووی كەس‌و ژمارەوە هاونیشانە دەبن، واتە كلیتیكی بەركاری دەبێتە نیشانە بۆ كەس‌و ژمارەی فرێزە بەركارییەكە، بڕوانە (٨٥).

(٨٥) ا- ئەوان ئیمە ناسن. (ئەوان ئێمە دەناسن)

ب- ئەوان t ناسنە[٣٩٨]مان. (ئەوان t دەماننناسن)

پ- pro t ناسنەمان. (pro t دەماننناسن)

ت- *ئەوان ئیمە ناسنەمان. (ئەوان ئێمە دەماننناسن)

لە خستنەڕووی نموونەكانی (٨٥- ا ب پ)دا، جێكەوتەی بەركاری یان لە فۆرمی كەرەستەیەكی فەرهەنگی یان لە فۆرمی كلیتێكدا دەردەكەوێت، بەوەی لە دروستەی ڕووكەش‌و لە دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاكسیدا دەتوانرێت فرێزی بەركاری بە كلیتیك لە دروستەی كردارەكەدا جێگیربكرێت‌و لە شوێنی خۆیدا شوێنپێیەك بەجێدەهێڵێت، كە لە ڕووی كەس‌و ژمارەوە لەگەڵیدا هاونیشانە دەبێت، ئەگینا دەركەوتنی هەردووكیان پێكەوە وەك فۆرمی فەرهەنگی لە دروستەی ڕستەیەكدا نارێزمانییە، بڕوانە (٨٥- ت).

### ٣ ـ ٢ ـ ٢/٣ **كلیتیكی خاوەنێتی**:

دۆخی هەیی (خاوەنێتی) یەكێكە لە دۆخە ڕێزمانییەكان، كە دەشێ لە قاڵبی مۆرفۆسینتاكسی دەرببڕدرێت، چ وەك ڕستەیەك بێت، یان فرێزێكی ناوی، كە جێناوێكی جودا یان ناوێك دەبێتە دەرخەری ناوێكی تر، واتای هەیی بگەیەنێت، بەهۆی مۆرفێمی (ی) خستنەپاڵەوە ئەم فرێزە فراواندەكرێت، دۆخی ڕێزمانی پێدەبەخشرێت، ناوی دووەم دەكات بە خاوەنی ناوی یەكەم[٣٩٩]. هەر بۆیە فرێزی خاوەنێتی وەكو دیارخەری سەرەی فرێزی ناوی لە دروستەی قووڵی ڕستەدا لە فۆرمی كەرەستەی فەرهەنگیدا دەردەكەوێت‌و بەهۆی مۆرفێمی (ی)ی خاوەنێتییەوە بە وشەكەی پێش خۆیەوە دەبەسترێتەوە، دەتوانرێت پاش گوێزانەوەو جێگیركردنیان، لە فۆرمی كلیتیكدا دەربڕدرێت‌و بە ناوەكەی پێش خۆیەوە بنووسێت. واتە كلیتیكی خاوەنێتی كەرەستەیەكی سینتاكسییە، لە ئەنجامی بەكلیتیككردنی وشەی خاوەنێتی لە دروستەی فرێزێكی خاوەنێتیدا بەبەرهەمدێت‌و دەبێتە نیشانە بۆ كەس‌و ژمارەی جێناو یان ناوی خاوەنێتی دیارخەری[٤٠٠]. بڕوانە (٨٦).

---

(٨٠) مۆرفیمی (ـە) تەنها بۆ ئاسانی گۆكردنەو وەك مۆرفیمی بەتاڵ (empty morphem) خۆی دەنوێنێت.

(٨١) نەزیرە سابیر مستەفا (٢٠٠٨: ١٠٤).

(٨٢) تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٨٢).

(٨٦) ا- کوڕەگەی <u>ئەوان</u> هات.   (کوڕەکەی ئەوان هات)

ب- کوڕەگە<u>یان</u> هات.          (کوڕەکەیان هات)

فەرهەنگ

↓

Ds

کوڕەگەی <u>ئـەوان</u>  هات

↓

α بجوڵێنە (بەکلیتیککردن)

↓

Ss

کوڕەگە<u>یان</u>  هات

لـە دروسـتـەی (کوڕەگـەی ئـەوان)دا مـۆرفێمی (ی) دۆخـی ڕێزمـانی بـە فرێـزە ناوییەکـە دەداتو پەیوەندیی نێوان ناوە دیارخراوەکەو دیارخەرەکە ڕێکدەخات، بەمەش فرێزێکی ناویی خاوەنێتی دروستدەبێت، دەتوانرێت ئەم دیارخەرە بە کلیتیکی سەر بە هەمان کـەسو ژمـارە پـاش گوێزانـەوە جێگیربکرێتو لە فۆرمی (یان)دا دەردەکەوێت، بۆیە ئەم جێناوە لکاوانە بـە خـاوەنێتی نـاودەبرێن، لەم بارەشدا مۆرفێمی خستنەپاڵی (ی) هیچ گۆکردنێکی فۆنەتیکی نابێت.

## ٤ـ٢ـ٢/٣ <u>کلیتیکی پێشناوی</u>:

فرێـزی پێشـناوی لـە سـەرەو تەواوکـەرێك پێکهـاتوە، ئـەم فرێـزە لـە جێکەوتـەکانی تەواوکـەرو سـەرباردا دەردەکـەوێت، دەتوانرێـت تەواوکـەر ئەگـەر چـی نـاو یـان جێنـاوی کەسـی بێـت، پـاش گوێزانەوە لە دروستەی ڕووکەشدا بە کلیتیك جێگیربکرێتو بە پێشناوەکەوە دەنووسێت، ئەمە بـە کلیتیکی پێشناوی ناومان بردوە، لـەجیاتی ئـەوەی بڵێین کلیتیکی تەواوکەری پێشـناویو کلیتیکی سەرباری پێشناوی، چونکە لە هەردوو جێکەوتەی تەواوکەرو سـەرباردا هـەمان دروسـتەی پێشـناوی سینتاکسیو مۆرفۆسینتاکسیان هەیە.

لـە دروسـتەی فرێـزی پێشـناویدا فۆرمـەکانی (لـە ، وە ، ئـەرا ، بـی ، تـا ، ە ، جـویر) پێشـناوی فەرهەنگینو لە  دروسـتەی قـووڵی ڕسـتەدا حـوکمی ئـەو نـاوە یـان جێنـاوە کەسـییە دەکـەن، کـە لـە

پێشـەوەیانەو لـە دروسـتەی ڕووکەشـدا دۆخـی ڕێزمـانی دەدەنـێ، دەتوانرێـت ئـەم تەواوکـەرە لـە دروسـتەی ڕووکەشـدا بـە کلیتیـك جێگیربکرێـتو بـە پێشـناوەکەوە دەنووسـێت، ئـەم کردەیـەش لـە هەندێ دروستەی فرێزی پێشناویدا ڕوودەدات، بە تایبەتی لەگـەڵ پێشـناوەکانی (لـە ، وە ، ئـەرا)دا، کە لە دروستەی ڕووکەشدا فۆرمەکانی (لە ، وە) دەبن بـە (لِ/لـەلِ ، پی/وەپـی)، واتـە پێشـناوەکانی (لِ/لەلِ ، پی/وەپی) فۆرمی ئەڵتەرناتیفی پێشناوە سەربەخۆکانی (لە ، وە)یە، هـەر بۆیـە پێشـناوە فەرهەنگییـە سـەربەخۆکان لەگـەڵ نـاو یـان جێنـاوی سـەربەخۆ لـە دروسـتەی قـووڵی ڕسـتەدا بەبەرهەمـدێن، بـەلاّم پێشـناوە مۆرفۆسینتاکسـییەکان لەگـەڵ کلیتیکـدا لـە دروسـتەی ڕووکەشـی ڕستەدا بەبەرهەمدێن، کە لە ئەنجامی بەکلیتیککردنو گوێزانەوەی نـاو یـان جێنـاوە سـەربەخۆکان لە دروستەی ڕووکەشدا دەردەبڕدرێنو بە پێشناوەکانەوە دەلکێن، بڕوانە (٨٧)و (٨٨).

(٨٧) ا- من کتاوەگە وە تو دام. (من کتێبەکەم بە تۆ دا)

ب- من کتاوەگە وەپیت دام/دامە پیت. (من کتێبەکەم پێت دا)

(٨٨) ا- من کتاوەگە وە تو فروشتم. (من کتێبەکەم بە تۆ فرۆشت)

ب- من کتاوەگە وەپیت فروشتم/فروشتمە پیت. (من کتێبەکەم پێت فرۆشت)

فرێـزی پێشـناوی (وەتـو) لـە نموونـەی (٨٧- ا)دا ئـەرکی تەواوکـەرو لـە (٨٨- ا)دا ئـەرکی سـەرباری بینیوە، بەلاّم هـەمان دروسـتەی سینتاکسی فرێزیـان هەیـە، کـە لـە پێشـناوی (وە) لەگـەڵ جێنـاوی سەربەخۆی کەسی دووەمی تاك (تو) پێکهاتوە، لـەم دروسـتانەدا جێنـاوی (تـو) لـە پـاش وەرگرتنـی دۆخـی ڕێزمـانی لەلایـەن پێشـناوەکەوە، دەتوانرێـت بـە کلیتیـك جێگیربکرێـتو بـە پێشـناوەکەوە دەنووسێت، بەمـەش پێشـناوەکە لـە فۆرمی (وە)وە دەبێت بـە (وەپی/پـی)، واتـە پـاش گوێزانـەوەو بەکلیتیککردنی جێناوە سەربەخۆکە بە جێناوی لکاوی سەر بە هەمان کەسو ژمـارە دەبێتـە (ت)و بـە پێشـناوە مۆرفۆسینتاکسـییەکەوە (وەپی/پـی) دەنووسـێتو لـە شـوێنی خۆیـدا دەمێنێتـەوەو جێگۆرکێ ناکـات، بڕوانـە (٨٧- ب)و (٨٨- ب). واتـە کلیتیکی پێشـناوی بەرهـەمی سینتاکسـییە، لـە ئەنجامی بەکلیتیککردنو گوێزانەوە لە دروستەی ڕووکەشی ڕستەدا بەبەرهەمـدێت[٤٠١] . دەتوانرێـت دروستەی مۆرفۆسینتاکسـی فرێـزی پێشـناویو کلیتیکـی پێشـناوی لـە دروسـتەی قـووڵو دروسـتەی ڕووکەشی ڕستەدا بخەینە ڕوو، بڕوانە (٨٩).

---

(٨٣) سەرچاوەی پێشوو (٨٦).

(٨٩)

فەرهەنگ

↓

Ds

پارەگە له <u>ئەوان</u> سەندم (پارەکەم له ئەوان/بۆ ئەوان وەرگرت)

<u>ئەرا ئەوان</u>

↓

α بجوڵێنه (بەکلیتیککردن)

↓

Ss

پارەگە <u>لەلییان</u> سەندم (پارەکەم لێ/بۆ وەرگرتن)

<u>ئەرایان</u>

### ٢/٣ ـ ٣ <u>سەرەوڕیزبوونو دابەشبوونی کلیتیکەکان له ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیدا</u> :

دروستەی ڕستەی سینتاکسی له زمانی کوردیدا لە شەش قاڵبی بنجی بەپێی سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان خرایە ڕوو، هەندێ لەم قاڵبانە لە کاتی گوێزانەوەیان لە دروستەی قووڵەوە بۆ دروستەی ڕووکەشو جێبەجێکردنی یاساکانی گوێزانەوە، لە چەند سەرەوڕیزبوونو قاڵبی جیاوازدا دەردەکەون، کە جیاوازی لەگەڵ ڕیزبوونی دروستەی قووڵیاندا هەیە، واتە هەموو ئەو ڕیزبوونانەی کە له دروستەی ڕووکەشدا بەرهەمدێن، خاوەنی ڕیزبوونێکی بنجین لە دروستەی قووڵدا، بڕوانە (٩٠).

(٩٠) ا- ئیمە ئەوان گریمن. (ئێمە ئەوان دەگرین)

ب- pro ئەوان گریمن. (ئەوان دەگرین)

پ- pro t گریمنەیان. (دەیانگرین)

قاڵبی بنجیی دروستەی ڕستەی زمانی کوردی (بکەر + بەرکار + کردار)، کە هەریەکە لەم جێکەوتانە لە دروستەی قووڵدا بە وشەی سەربەخۆ دەربڕاون، بڕوانە (٩٠- ا)، دەتوانرێت ئەم ڕستەیە لە دروستەی ڕووکەشدا بە چەند قاڵبێکی جیاواز دەربڕدرێت، لە (٩٠- ب)دا دەتوانرێت فرێزی بکەری بە یاسای بکەرلادان دەرنەبڕدرێت، هەروەها لە (٩٠- پ)دا فرێزی بەرکاری بە جێناوی لکاوی سەر بە هەمان کەسو ژمارە بە یاسای بەکلیتیککردن لە ناو دروستەی کردارەکەدا

جێگیربکرێت، بەمەش ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی بەرهەمهاتوە، کە لە قاڵبی (کردار + بکەر + بەرکار)دا دەردەکەوێت، بۆیە سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیدا بەزۆری بە کردار دەستپێدەکات.

چۆنێتی سەرەوڕیزبوونو دابەشبوونی کلیتیکی بکەریو بەرکاریو پێشناویو خاوەنێتی لە دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیدا لەم خاڵانەدا باسیان دەکەین:

١- فرێزی بکەری لە دروستەی هەموو ڕستەیەکدا جێکەوتەیەکی چەسپاوی هەیە، ئەگەر چی کردارەکە تێپەڕ یان تێنەپەڕ، بکەردیار یان بکەرنادیار بێت، لە ڕستەی زمانی کوردیدا هەمیشە سەرەتای ڕستەکەی گرتوە، ئەم جێکەوتەیە لە دروستەی قووڵدا بە کەرەستەیەکی فەرهەنگی پڕدەکرێتەوە، کە لەلایەن کردارەوە ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت، دەشێت ئەم جێکەوتەیە لە دروستەی ڕووکەشدا دەرببڕدرێت، یان کەتیگۆرییەکی بەتاڵ لە شوێنی دابنرێتو دەرنەبڕدرێت، چونکە کرداری زمانی کوردی لە ڕەگو کاتو ڕێژەو کەس پێکهاتوە، کەس واتە کلیتیکی بکەری[٤٠٢] وەك فۆرمێکی فەرهەنگی ناو کردارەکە لە دروستەی قووڵدا هەمان کەسو ژمارەی فرێزە بکەرییەکە دەنوێنێت، هەر بۆیە لەم شێوەزارەدا هەمیشە فرێزی بکەریو کردار لە ڕووی کەسو ژمارەوە ڕێکدەکەون[٤٠٣]، بڕوانە (٩١).

(٩١) ئەوان نامەگە ڕەسانن (ئەوان نامەکەیان گەیاند)




---

(٨٤) کلیتیکی بکەری هەمیشە لە دەستەی یەکەمی جێناوە لکاوەکانە (م ، ی/یت/ید ، Ø - د ، یمن ، ن ، ن)و بە کۆتایی ڕەگی کردارەکەوە دەنووسێت، بڕوانە: [ئومێد بەرزان برزو (٢٠٠٦: ٥٢)].

(٨٥) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕێککەوتن لەم شێوەزارەدا، بڕوانە: [سەرچاوەی پێشوو (٧٤-٩٧)].

٢- ئەگەر فرێزی بەرکاری بە کلیتیك جێگیربکرێت[٤٠٤]، ئەو کاتە جێناوە لکاوەکە لە دەستەی دووەم (م ، ت/د ، ی ، مان ، تان/دان ، یان) دەبێتو دەچێتە کۆتایی کردارەکەوەو بە دوای کلیتیکی بکەریدا دێت، بە مەرجێ دروستەی کردارەکە بنەڕەتی بێت، بڕوانە (٩٢).

(٩٢)　ئەوان ئیمە دین　(ئەوان ئێمەیان بینی)




Pro t دینەمان　(Pro t بینییانین)

بەلآم بە گۆڕینی دروستەی کردارەکە لە کرداری بنەڕەتییەوە بۆ کرداری داڕێژراو یان لێکدراو، ئەوا کلیتیکی بەرکاری جێگۆرکێ دەکات، کە لە کۆتایی کردارە بنەڕەتییەکەوە دەچێتە سەر پێشگری کردارە داڕێژراوەکە یان بەشی یەکەمی کردارە لێکدراوەکە، بڕوانە (٩٣).

(٩٣)　ئیمە پارەگە کلکردیمن　(ئێمە پارەکەمان نارد)




Pro t کلی کردیمن　(Pro t ناردمان)

---

(٨٦) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی جێگیرکردنی فرێزی بەرکاری بە جێناوی لکاوو دەستنیشانکردنی شوێنو جێگۆرکێکردنی بەپێی دروستەی کردارەکە، بڕوانە:[سەرچاوەی پێشوو (٥٠-٥٧)].

٣- ئەگەر فرێزی پێشناوی لە ئەرکی تەواوکەر یان سەرباردا بە کلیتیك جێگیربکرێت، ئـەوا جێنـاوە لکاوەکـە هەمیشـە لـە دەسـتەی دووەم (م ، ت/د ، ی ، مـان ، تـان/دان ، یـان) دەبێـتو بـە پێشـناوە مۆرفۆسینتاکسییەکەوە دەنووسێت، بڕوانە (٩٤)و (٩٥).

(٩٤) منالّەگە کوچگیگ لـە ئـەوان وەشان (منالّەکە بەردێکی لە ئەوان گرت)

لەلی B

یان

منالّەگە کوچگیگ لەلییان وەشان (منالّەکە بەردێکی تێیان گرت)

کلیتیکی پێشناوی
لە ئەرکی تەواوکەردا

(٩٥) دوێتەگە باوگی ئـەرا ئیمـە چڕی (کچەکە باوکی بۆ ئێمە بانگکرد)

ئەرا B

مان

دوێتەگە باوگی ئـەرامان چڕی (کچەکە باوکی بۆمان بانگکرد)

کلیتیکی پێشناوی
لە ئەرکی سەرباردا

٤- ئەگەر فرێزی دیارخەری خاوەنێتی بە کلیتیك جێگیربکرێت، ئەوا جێناوە لکاوەکە هەمیشە لە دەستەی دووەم (م ، ت/د ، ی ، مان ، تان/دان ، یان) دەبێت‌و بە ناوە دیارخراوەکەوە دەنووسێت، بڕوانە (٩٦).

(٩٦) پیاوەگە دارەگەی ئیمە بڕیە (پیاوەکە دارەکەی ئێمەی بڕیوە)




پیاوەگە دارەگەمان بڕیە (پیاوەکە دارەکەمانی بڕیوە)

کلیتیکی خاوەنێتی

٥- هەروەها فرێزی بەرکاری‌و فرێزی پێشناوی بە کلیتیك جێگیردەکرێن، ئەگەرچی کردارەکە کردارێکی بنەڕەتی یان داڕێژراو یان لێکدراو بێت، بڕوانە (٩٧)و (٩٨).

(٩٧) خانییەگە ئەرا من سەندن (خانووەکەیان بۆ من کڕی)




Pro t ئەرام سەندنەی (Pro t بۆمیان کڕی Ø)

کلیتیکی کلیتیکی کلیتیکی

پێشناوی بکەری بەرکاری

(٩٨)       کارەباگە ئەرا ئیمە خاس کـردید   (کارەباکەت بۆ ئێمە چاککرد)




Pro t ئـەرامان خـاسی کـردید  (Pro t بۆمانت چاککرد)

کلیتیکی کلیتیکی کلیتیکی

پێشناوی بەرکاری بکەری

٦- ئەگەر فرێزی بەرکاری‌و فرێزی پێشناوی‌و فرێزی خاوەنێتی بە کلیتیك جێگیربکرێن، ئـەو کاتـە کلیتیکی خاوەنێتی لە ناو دروستەی ڕستەکەدا دەرناکـەوێت، ئەمـەش بـەهۆی بـەکلیتیککردنی نـاوە دیارخراوەکەوە دەبێت، بڕوانە (٩٩).

(٩٩)       کوڕەگەی ئیمە ئەرا تو کلـکەن   (کوڕەکەی ئێمە بۆ تۆ دەنێرن)




Pro t ئـەرات کلی کــەن  (Pro t بۆتی دەنێرن)

کلیتیکی کلیتیکی کلیتیکی

پێشناوی بەرکاری بکەری

## ٢/٣ ـ ٤ ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی و لێڵی:

ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی ڕۆژانە لەلایەن قسەپێکەرانی ئەم شێوەزارەوە بەکاردەهێنرێت، مرۆڤیش هەمیشە هەوڵدەدات، کە بە کەمترین کەرەستەی زمان، ئەو بیرەی لە مێشکیدایە دەری بېڕێتو بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێت. بەلاّم هەموو ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی پەیوەندییەکی تەواوی بەو دەوروبەرە زمانییەوە هەیە، کە تێیدا بەکارهاتوەو بەپێی کورتکردنەوەو لابردن (لابردنی چەند بەشێکی ڕستەکە) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت[٤٠٥]. هەندێ لەم جۆرە ڕستانە لێڵی لە زماندا دروستدەکەن، بەوەی دوو واتا یان زیاتری دەبێت. واتە لێڵی لە زماندا ئەوەیە کە دەربڕینێك زیاتر لە واتایەك ببەخشێت[٤٠٦]. هەروەك لێڵی مۆرفۆسینتاکسی کە بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەو بەکلیتیککردنی هەندێ کەرەستەی ناو ڕستەوە دروستدەبێت، بەمەش لە دروستەی ڕووکەشدا هەمان دروستەیان دەبێت، بەلاّم واتای جیاواز دەگەیەنن. چونکە هەندێك ڕستە لە ئەنجامی بەکارهێنانی یاساکانی گوێزانەوە دروستەی هاوشێوە دروستدەکەنو هەمان دروستەیان دەبێت، بەلاّم لە دروستەی ژێرەوەدا جیاوازن[٤٠٧]. واتە ئەم جۆرە لێڵییە لە ئەنجامی ئەوەوە دێت، کە دروستەکە لە بنچینەدا لە دوو دروستەی جیاوازەوە گوێزراونەتەوەو بە لێڵی گوێزانەوە (Transformational ambiguity) ناودەبرێت[٤٠٨]. بڕوانە (١٠٠)و (١٠١).

(١٠٠) پای خوریەد. (پێی دەخورێت)

ڕستەیەکی لێڵە، چونکە لە دروستەی قووڵدا دوو دروستەو واتای جیاوازیان هەیە:

١- پای پیاوەگە خوریەد.(خوریان) (پێی پیاوەکە دەخورێت)

٢- پای مامرەگە خوریەد.(خواردن) (پێی مریشکەکە دەخورێت)

(١٠١) pro چین. (pro چوون)

ڕستەیەکی لێڵە، چونکە لێڵی لە جێناودا بەهۆی جێناوی لکاوی کەسی دووەمو سێیەمی کۆ (ن)ەوە دروستدەبێت:

١- ئیوە چین. (ئێوە چوون)

٢- ئەوان چین. (ئەوان چوون)

---

(٨٧) تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨: ٧٧).

(٨٨) وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٢٩٣).

(٨٩) نەزیرە سابیر مستەفا (٢٠٠٨: ١٢٩).

(٩٠) سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٠: ٣٥).


پای ئەو خوریەد (خوریان)
بەشەکردار
بکەر
کردار
ف.ن
ف.ک (ڕانەبردووی بکەردیار)
پا ی پیاوەگە
ڕەگ کات کەس
خوریە Ø د
Ds:
یاسای گوێزانەوە:
بەکلیتیککردن
خوریەد
پا Ø ی
Ss:


پای مامرەگە خوریەد (خواردن)
بەشەکردار
بکەر
کردار
ف.ن
ف.ک (ڕانەبردووی بکەرنادیار)
پا ی مامرەگە
ڕەگ نادیاری کات کەس
خو ری ـە د
Ds:
یاسای گوێزانەوە:
بەکلیتیککردن
خوریەد
پا Ø ی
Ss:


ئیوه چین
بکەر
بەشەکردار
ف.ج
کردار
ئیوه
ف.ك
Ds:
چین
یاسای گوێزانەوە:
بکەرلادان
Ss:
pro
چین


ئەوان چین
بکەر
بەشەکردار
ف.ج
کردار
ئەوان
ف.ك
Ds:
چین
یاسای گوێزانەوە:
بکەرلادان
Ss:
pro
چین

## ٢/٣ ـ ٥ ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی و ڕستەی باسمەند:

ڕستەی ئاسایی خاوەن دروستەیەکی سینتاکسیو سیمانتیکی تایبەت بە خۆیەتی، دروستەی ئەم ڕستەیە لە دروستەی قووڵدا بە چەند قاڵبێکی جیاواز دەنوێنرێت، کە بەپێی جۆری کردارەکەو پڕکردنەوەی جێکەوتەکان بە کەرەستەی فەرهەنگیو سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان دەگۆڕێت، پاش بەرهەمهێنانی ئەم دروستەیە، دەگوێزرێتەوە بۆ دروستەی ڕووکەش، لە ئەنجامی ئەم گوێزانەوەیەدا کۆمەڵێك پرۆسە بەهۆی یاساکانی گوێزانەوە (Transformational rules) جێبەجێدەکرێن، وەك پرۆسەی بەکلیتیککردن (Cliticization)و پرۆسەی بەلووتکەکردن (Topicalization)و ....تاد، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی چەند دروستەیەکی تر، کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەردەبڕدرێنو بەکاردەهێنرێن، وەکو ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیو ڕستەی باسمەندو .....هتد. بۆ خستنەڕووی دروستەی هەریەك لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیو ڕستەی باسمەند لەم شێوەزارەداو لایەنی ناوکۆو جیاوازییان، بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێدەکەین:

١- لە دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیدا کاتێ فرێزی بەرکاری بە کلیتیك لە ناو دروستەی کردارەکەدا جێگیردەکرێت، بەمەش شوێنپێیەك بەجێدەهێڵێت، کە لە ڕووی کەسو ژمارەوە لەگەڵ کلیتیکەکەدا هاونیشانە دەبێت، بۆیە فرێزی بەرکاری یان لە فۆرمی کەرەستەیەکی فەرهەنگی یان لە فۆرمی کلیتیکدا دەردەکەویت، واتە فرێزی بکەریو بەرکاری لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیدا لە فۆرمی کلیتیکدا دەردەکەون، بڕوانە (١٠٢- ا ب)، بەلاَم لە دروستەی ڕستەی باسمەنددا، فرێزی بەرکاری کە سەرتۆپی لاوەکییەو بە مەبەستی بەلووتکەکردنو جەختکردن دەهێنرێتە پێشەوەی ڕستەکە، دەبێتە سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە. واتە سووربوونی یان دووپاتکردنەوەی قسەکەر لە سەر کەرەستەیەکی ڕستەکە، بۆ ئەو مەبەستەی کە دەیەوێت، بە گوێگری بگەیەنێت، بێ ئەوەی کار لە واتای گشتی ڕستەکە بکات[٤٠٩]. بەمەش شوێنپێیەك بەجێدەهێڵێتو لە هەمان کاتدا بەپێی کەسو ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاو لە ناو دروستەی کردارەکەدا جێگیردەکاتو هاونیشانە دەبن، واتە جێکەوتەی هێنراوە پێشەوە لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتیو کلیتیکی باسمەنددا هاونیشانە دەبن، بەلاَم فرێزی بکەری کە سەرتۆپی سەرەکییە دەبێتە سەرتۆپی لاوەکی، واتە فرێزی بکەریو بەرکاری لە ڕستەی باسمەندی زمانی کوردیدا لە فۆرمی کەرەستەی سەربەخۆی فەرهەنگیو کلیتیکدا دەردەبڕێن، بڕوانە (١٠٣- ا ب)

(١٠٢) ا- ئاراس ئەوان بەد.   ڕستەی سینتاکسی   (ئاراس ئەوان دەبات)

ب- $Pro_j$ $t_i$ بەدەیان. ($i$ $j$)   ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی   ($Pro$ $t$ دەیانبات)

→

---

(٩١) تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨: ١٢).

(١٠٣) ا- ئـاراس ئـەوان بـەد.          ڕستەی سینتاکسی   (ئاراس ئەوان دەبات)

ب- ئەوان، ئاراس t بەدەیان. ڕستەی باسـمەند   (ئەوان، ئاراس t دەیانبات)

i j   i   j   i

٢- ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیو ڕستەی باسمەند لە دروستەی ڕووکەشی ڕستەدا بەبەرهەمدێن، چونکە هەردووکیان بەرهەمی دروستەی ڕستەیەکی سینتاکسینو خاوەنی قاڵبی یاسایەکی ڕێزمانینن، بڕوانە (١٠٤)و (١٠٥).

(١٠٤)

فەرهەنگ

↓

Ds

مـن ئـەوان گــرم   (من ئەوان دەگرم)

↓

α بجوڵێنە   (بەکلیتیککردن)

↓

Ss

Pro t گــرمەیان   (Pro t دەیانگرم)

(١٠٥)

فەرهەنگ

↓

Ds

مـن ئـەوان گــرم   (من ئەوان دەگرم)

↓

α بجوڵێنە   (بەلووتکەکردنو بەکلیتیککردن)

↓

Ss

ئەوان، من t گــرمەیان (ئەوان، من t دەیانگرم)

بە بەراوردکردنی نموونەی (١٠٤) لەگەڵ (١٠٥)دا ئەوە دەردەخەن. کە بکەرو بەرکار لە دروستەی قووڵی ڕستەدا وشەی سەربەخۆن[٤١٠]. ڕستەکەش لە قاڵبی (بکەر + بەرکار + کردار)دا دەرکەوتوە، پاش گوێزانەوەی ئەم ڕستەیە لە دروستەی قووڵەوە بۆ دروستەی ڕووکەش، دەشێت لە فۆرمی چەند قاڵبێکی جیاوازدا دەربکەوێتو دەربڕدرێت، بۆ نموونە لە (١٠٤)دا فرێزی بکەریو بەرکاری بە کلیتیك جێگیرکراون، بەمەش ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی بەبەرهەمهاتوە، هەروەها لە (١٠٥)دا فرێزی بەرکاری لە جێکەوتەی بنەڕەتییەوە بە مەبەستی جەختکردنو دووپاتکردنەوە دەهێنێتە دەرەوەو دەگوێزرێتەوە بۆ سەرەتای ڕستەکە بۆ جێکەوتەی هێنراوە پێشەوە لە پرۆسەی بەلووتکەکردندا، بەمەش شوێنپێیەك بەجێدەهێڵێتو بەپێی کەسو ژمارەش جێناوێکی لکاو لە ناو کردارەکەدا دەردەکەوێت، بەم ڕستەیەش دەوترێت ڕستەی باسمەند. هەر بۆیە ڕستەی باسمەند ڕستەیەکی ئاستی ڕووکەشەو ئاستی قووڵیشی ڕستەی سەرتۆپییە[٤١١].

٣- لە دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیدا تەنها یەك پرۆسە جێبەجێدەکرێت، ئەویش پرۆسەی بەکلییتیککردنی بەخورتییە، بڕوانە (١٠٤). بەلاّم لە دروستەی ڕستەی باسمەنددا لە یەك کاتدا دوو پرۆسە جێبەجێدەکرێن، ئەویش پرۆسەی بەلووتکەکردنی سەرپشکی لەگەڵ پرۆسەی بەکلییتیککردنی بەخورتییە[٤١٢]. بڕوانە (١٠٥).

٤- بە گشتی بەکارهێنانی دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانداو بە تایبەتی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا زیاترە وەك لە بەکارهێنانی دروستەی ڕستەی باسمەنددا، چونکە ئەم جۆرە دروستانە لە هەندێ باری تایبەتدا بەکاردێت، ئەمەیش زیاتر بە مەبەستی دووپاتکردنەوەو جەختکردن لە سەر ئەو کەرەستەیەی (کەسێك یان شتێك)، کە قسەکەر مەبەستێتی، دەیهێنێتە پێشەوەی ڕستەکە بە مەبەستی سەرتۆپکردن.

٥- لە بواری ئابوورییکردندا، ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی ڕۆڵێکی چالاك دەبینێت، چونکە قسەکەر هەمیشە هەوڵدەدات، بە کەمترین کەرەستەی زمان زۆرترین واتا بگەیەنێت، بەوەی جێکەوتەکانی (بەرکار، تەواوکەر، سەربار، دیارخەر) بە کلیتیك لە ناو ڕستەکەدا جێگیردەکرێن، واتە لە فۆرمی سەربەخۆوە بۆ کلیتیك جێگیردەکرێن، ئەمەش بە پێچەوانەی ڕستەی باسمەندەوەیە، چونکە ئەم جێکەوتانە جگە لەوەی بە کلیتیك لە ناو ڕستەکەدا جێگیردەکرێن، لە هەمان کاتدا لە فۆرمی کەرەستەی سەربەخۆدا دەردەبڕێن، بڕوانە (١٠٦)و (١٠٧).

---

(٩٢) تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨: ١٣).

(٩٣) کاروان عومەر قادر (٢٠٠٦: ٦٢).

(٩٤) تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٦٦).

(١٠٦) ا- ئـەوان كتـاوەگان هـاوردن.            (ئەوان كتێبەكانیان هێنا)

ب- كتاوەگان، ئەوان t هاوردنەیان. (كتێبەكان، ئەوان t هێنایانن)

فرێزی بەركاری            كلیتیكی بەركاری

(١٠٧) ا- كوڕەگەی ئەوان زرنگە.      (كوڕەكەی ئەوان وریایە)

ب- ئەوان، كوڕەگەیان زرنگە.   (ئەوان، كوڕەكەیان وریایە)

فرێزی دیارخەری خاوەنێتی        كلیتیكی خاوەنێتی

لە نموونەكانی (١٠٦)دا فرێزی بەركاری (كتاوەگان) لە جێكەوتەی بنەڕەتی خۆیەوە هێنراوەتە پێشەوەو شوێنپێیەكی بەجێهێشتوە، هەروەها بەپێی كەس و ژمارەی خۆی جێناوێكی لكاو لە ناو دروستەی كردارەكەدا جێگیركردوە، بەمەش سەرتۆپی هێنراوە پێشەوەو جێكەوتەی بنەڕەتی و كلیتیكەكە هاونیشانە دەبن، هەروەها لە نموونەكانی (١٠٧)دا فرێزی دیارخەری خاوەنێتی (ئەوان) هێنراوەتە پێشەوەو لە جێكەوتەی بنەڕەتی خۆی جێناوێكی لكاوی سەر بە هەمان كەس و ژمارە بەجێهێشتوەو بە ناوە دیارخراوەكەوە نووساوەو هاونیشانەن، بەڵام لە هەندێ ڕستەی باسمەندا مەرج نییە، هەر فرێزێك لە جێكەوتەی بنەڕەتییەوە بگوێزرێتەوە بۆ جێكەوتەی هێنراوە پێشەوە، كلیتیكێك لە جێكەوتەی بنەڕەتی یان لە ناو كردارەكەدا دابنێت، وەك باسمەندی فرێزە پێشناوی و ئاوەڵكرداریيەكان[٤١٣]، بڕوانە (١٠٨)، (١٠٩)، (١١٠).

(١٠٨) ا- ئەو كتاوەگە وە تو دا.         (ئەو كتێبەكەی بە تۆ دا)

ب- وە تو، ئەو كتاوەگە t دا.   (بە تۆ، ئەو كتێبەكەی t دا)

فرێزی تەواوكەری پێشناوی

(١٠٩) ا- ئەو كتاوەگە ئەرا ئیمە هاوردیە.      (ئەو كتێبەكەی بۆ ئێمە هێناوە)

ب- ئەرا ئیمە، ئەو كتاوەگە t هاوردیە.  (بۆ ئێمە، ئەو كتێبەكەی t هێناوە)

فرێزی سەرباری پێشناوی

(١١٠) ا- ئەو دوێكە هات.       (ئەو دوێنێ هات)

ب- دوێكە، ئەو t هات.   (دوێنی، ئەو t هات)

فرێزی ئاوەڵكرداری

لە نموونەكانی (١٠٨)و (١٠٩)دا فرێزی پێشناوی (وە تو) لە جێكەوتەی تەواوكەرو فرێزی پێشناوی (ئەرا ئیمە) لە جێكەوتەی سەرباردا، هەروەها لە نموونەكانی (١١٠)دا فرێزی ئاوەڵكرداری (دوێكە) لە جێكەوتەی سەرباردا، لە جێكەوتەی بنەڕەتییانەوە كە جێكەوتەی لاوەكیین، هێنراونەتە سەرەتایی ڕستەكانەوەو شوێنپێیان بەجێهێشتوە، بەمەش فرێزە هێنراوە پێشەوەكان لەگەڵ

---

(٩٥) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی یاسای باسمەندی فرێزی پێشناوی و فرێزی ئاوەڵكرداری، بڕوانە:

[كاروان عومەر قادر (٢٠٠٦: ٨٠-٨٨)].

جێکەوتەی بنەڕەتیاندا هاونیشانە دەبن. بەڵام ئەم فرێزانە خۆیان سەری ڕێزمانیان لەگەڵدایەو ڕاستەوخۆ دۆخی ڕێزمانی داتیڤ دەبەخشنە تەواوکەرەکانیان، جا لە جێکەوتەی بنەڕەتییاندا بن، یان لە جێکەوتەی هێنراوە پێشەوەی پێشنیارکراودا بن، هەر بۆیە هیچ کلیتیکێك لە پێکهاتەی پرۆسەی کۆمێنتی ڕستەی باسمەنددا نایەتە کایەوە[٤١٤].

٦- ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیو ڕستەی باسمەند هەردووکیان لە ئاستی سینتاکسدان، هەرچەندە لە ڕووی واتاوە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی لە ئاستی سیمانتیکدا لێکدەدرێتەوە. بەڵام ڕستەی باسمەند لە ئاستی پراگماتیکدا لێکدەدرێتەوە، باسو خواس دانەی ئاستی پراگماتیکی زمانو پەیوەندییان لەگەڵ توانستدا نییە، چونکە بەندن بە چالاکی گوتنەوەو لە ژێر کاری باری دەروونی قسەکەردا پەیدادەبن[٤١٥].

٧- گوێزانەوەی بەکلیتیککردنو گوێزانەوەی بەلووتکەکردن هەردووکیان لە جۆری گوێزانەوەی پیاهەڵواسین (Adjunction) دادەنرێن، چونکە بەپێی تیۆری شوێنپێ وەچەپێکهاتەی جووڵاو لە دوای خۆی شوێنپێیەك بەجێدەهێڵێت لە هەر شوێنێکدا بێت[٤١٦].

---

(٩٦) سەرچاوەی پێشوو (٨٠).

(٩٧) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٢: ٣٣-٤٤).

(٩٨) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

١. تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٦٤).

٢. حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٦: ١٥٠).

# ئەنجامەکان

گرنگترین ئەنجامەکانی باسەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:

١- دەستنیشانکردنی کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی وەك (فرێزی ناوی، فرێزی جێناوی، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی ئاوەڵکرداری، فرێزی پێشناوی، فرێزی ڕادە، فرێزی کرداری) لە سەر ئەو بنەمایەیە، کە هەموو فرێزێك دەبێت لە سەرەیەك پێکهاتبێت، کە وشەیەکی فەرهەنگی، واتە کەتیگۆرییەکی فەرهەنگی وەك (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، پێشناو، ڕادە، کردار) بێت، بۆیە کەتیگۆرییەکانی جێناوی‌و ڕادە بە فرێز ناودەبرێن.

٢- سەرەی فرێزی ناوی بەهۆی ناوێکەوە دەنوێنرێت، ئەم ناوەش لە پێشەوە بە کەرەستەکانی (مۆرفێمی دەرهاویشتن، وشەی نیشانە، ژمارە، مۆرفێمی پرس، فرێزی ڕادە، فرێزی ئاوەڵناوی، بریناو، ناوی ئاوەڵکرداری، فرێزی ناوی)و لە پاشەوە بە کەرەستەکانی (فرێزی ناوی، فرێزی جێناوی، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی ڕادە، ژمارە، فرێزی پێشناوی، فرێزی ئاوەڵکرداری، نازناو، مۆرفێمی پرس، وشەی (لێوا)، وشەی (تر)، ڕستەی شوێنکەوتوو) فراواندەکرێت، هەروەها هەندێ لە دیارخەرەکانی پێش‌و پاش سەرە پێکەوە دروستەی فرێزی ناویی فراوان دروستدەکەن.

٣- فرێزی جێناوی لە سەرەیەك پێکدێت، کە بەهۆی جێناوێکەوە دەنوێنرێت، ئەم جێناوە لە پێشەوە بە کەرەستەکانی (فرێزی ڕادە، مۆرفێمی دەرهاویشتن، ناوی ئاوەڵکرداری)و لە پاشەوە بە کەرەستەکانی (فرێزی ناوی، فرێزی ئاوەڵناوی، ژمارە، نازناو، ڕستەی شوێنکەوتوو) فراواندەکرێت، هەروەها هەندێ لە دیارخەرەکانی پێش‌و پاش سەرە پێکەوە دروستەی فرێزێکی جێناویی فراوان دروستدەکەن.

٤- سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی بەهۆی ئاوەڵناوێکەوە دەنوێنرێت، ئەم ئاوەڵناوەش لە پێشەوە بە دیارخەرەکانی (مۆرفێمی دەرهاویشتن، مۆرفێمی پرس، فرێزی ڕادە، فرێزی ناوی، فرێزی پێشناوی)و لە پاشەوە بە چەند ئاوەڵناوێکی تر فراواندەکرێت، هەروەها دەشێت چەند دیارخەرێك لە پێشەوەو پاشەوەی سەرەی فرێزەکەوە دەربکەون.

٥- سەرەی دروستەی فرێزی ئاوەڵکرداری بەهۆی ئاوەڵکردارێکەوە دەنوێنرێت، دەشێت ئاوەڵکردارەکە دانەیەکی فەرهەنگی بێت، یان بەهۆی چەند فرێزو ڕستەیەکەوە دروستببێت، وەك (فرێزی ناوی، فرێزی پێشناوی، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی ڕادە، ژمارە، ڕستەی شوێنکەوتوو).

٦- فرێزی پێشناوی لە پێشناوو تەواوکەرێك پێکدێت، پێشناوەکە دەبێتە سەرەی فرێزەکە، هەروەها تەواوکەرەکەش بەهۆی کۆمەڵێك کەرەستەی ڕێزمانییەوە دەنوێنرێت، وەك (فرێزی ناوی، فرێزی جێناوی، فرێزی ئاوەڵکرداری، مۆرفێمی پرس، مۆرفێمی دەرهاویشتن)، دروستەی

ئـەم فرێـزە لـە پێشـەوە بـە دیارخـەرەکانی (فرێـزی ڕادە، فرێـزی ئـاوەڵکرداری، مـۆرفێمی دەرهاویشتن)و لە پاشەوە بەهۆی ڕستەی شوێنکەوتووە فراواندەکرێت.

٧- سـەرەی فرێـزی ڕادە بـەهۆی ڕادەیەکـەوە دەنوێنرێـت، یـان دانەیـەکی فەرهەنگییـەو سـەر بـە کەتیگۆریی ڕادەیە، یان بەهۆی بۆتەیەکی سینتاکسییەوە دروستدەبێت، دەتوانرێت سـەرەی ئـەم فرێـزە لـە پێشـەوە بـە ڕادەیـەکی فەرهـەنگی فراوانبکرێـت، هـەروەها دروسـتەی فرێـزی ڕادە بەشداری لە فراوانکردنی دروستەی دەرەوەی فرێزی ناویو فرێزی جێناویو فرێزی ئاوەڵنـاویو فرێزی ئاوەڵکرداریو فرێـزی پێشناویو فرێـزی کـرداری دەکـاتو ئـەرکی دیارخـەرو تەواوکـەرو سەربار دەبینێت.

٨- سـەرەی فرێـزی کـرداری بـەهۆی کردارێکـەوە دەنوێنرێـت، دروسـتەی فرێزەکـە بـەهۆی چـەند کەرەستەیەکەوە، وەك (مۆرفێمی پرس، فرێزی ناوی، فرێزی جێناوی، فرێزی پێشـناوی، فرێـزی نـاویو فرێـزی پێشـناوی، فرێـزی جێنـاویو فرێـزی پێشـناوی، فرێـزی ئاوەڵنـاوی، فرێـزی ئاوەڵکرداری، فرێزی ڕادە، ڕستەی شوێنکەوتوو) فراواندەکرێت.

٩- دروسـتەی ڕسـتەی سـادە بـۆ دوو کـەتیگۆریی ئـەرکی دابەشـدەبێت، کـە بکـەرو بەشـەکردارە، بەشەکرداریش جێکەوتەکانی بەرکارو تەواوکەرو سەربارو کردار دەگرێتەوە، ئەم جێکەوتانە بە سـەر جێکەوتـە بەخورتییـەکان (بکـەر، بـەرکار، تەواوکـەر، کـردار)و جێکەوتـە سەرپشـکییەکان (سـەربار) دابەشـدەبن، هەریەکـە لـەم جێکەوتانـەش بـە جۆرێـك یـان زیـاتر لـە کەتیگۆرییـە سینتاکسییەکان پڕدەکرێنەوە، بۆ نموونە جێکەوتەی بکەر بـە فرێـزی نـاویو فرێـزی جێنـاویو ڕسـتەی شـوێنکەوتوو پڕدەکرێتـەوە، جێکەوتـەی بـەرکار بـە فرێـزی نـاویو فرێـزی جێنـاویو ڕستەی شوێنکەوتوو پڕدەکرێتەوە، جێکەوتـەی تەواوکـەر ئەگـەر کردارەکـە تـەواوبێت، ئـەوا بـە فرێزی پێشناویو فرێزی ئاوەڵکرداری، ئەگەر کردارەکەش ناتەواوبێت، بە فرێزی ناویو فرێـزی جێناویو فرێزی ئاوەڵناویو فرێزی ئاوەڵکرداریو فرێزی پێشناویو فرێزی ڕادە پڕدەکرێتـەوە، جێکەوتـەی سـەرباریش بـە فرێـزی پێشـناویو ئـاوەڵکرداریو فرێـزی ڕادە پڕدەکرێتـەوە، بـەڵام جێکەوتـەی کـردار هەمیشـە بـە فرێـزی کـرداری پڕدەکرێتـەوەو پەیوەندییـەکی یەکبەیـەك لـە نێوانیاندا هەیە.

١٠- پێشناوە سینتاکسییەکانی (وە ، لـە ، ئـەرا ، بـی ، تـا ، ە ، جویر) لـە دروسـتەی قـووڵی ڕسـتەدا بەبەرهەمـدێنو لـە دروسـتەی ڕووکەشیشـدا دەردەکـەون، بـەڵام پێشـناوەکانی (پی/وەپـی ، لی/لەلی) بەرهەمی دروستەی ڕووکەشن، کە لە ئەنجامی بەکلیتیککردنی فرێزە تەواوکەرەکە بە جێناوی لکاو دەردەکەون، واتـە کـاتێ تەواوکـەری فرێـزی پێشـناوی لـە دروسـتەی ڕووکەشـدا بـە جێنـاوی لکـاو جێگیردەکرێـتو نزمدەکرێتـەوە بـۆ دروسـتەیەکی مۆرفۆسینتاکسـی، ئـەو کاتـە

پێشناوی (لە) بە (ڵ/لەڵ)، (وە) بە (پی/وەپی) جێگیردەکرێن، هەندێ جاریش مەرج نییە، ئەم نزمکردنەوەیە ڕوودات.

١١- لەم شێوەزارەدا کۆمەڵێك کەرەستەی مۆرفۆسینتاکسی هەن، کە پێیان دەوترێت کەتیگۆرییە مۆرفۆسینتاکسییەکانو تایبەتن بە جۆرێك یان زیاتر لە دروستەی فرێزەکان، کە ئەمانەن:

أ- مۆرفۆسینتاکسەکانی فرێزی ناوی بریتین لە: مۆرفێمەکانی ناسراوی (- ەگە ، - ە)و ئەلۆمۆرفۆکانی، مۆرفێمی نەناسراوی (- یگ)و ئەلۆمۆرفەکانی، مۆرفێمەکانی کۆ (- ان، - ەیل، - ات)و ئەلۆمۆرفۆکانی، مۆرفێمەکانی خستنەپاڵ (- ی ، - ە)، مۆرفێمەکانی خاوەنێتی (م ، ت/د ، ی ، مان ، تان/دان ، یان)، مۆرفێمەکانی بانگکردن (- ە ، - و ، - ەیلە).

ب- مۆرفۆسینتاکسەکانی فرێزی جێناوی بریتین لە: مۆرفێمی نەناسراوی (- یگ)و ئەلۆمۆرفەکانی، مۆرفێمی کۆی (- ان)، مۆرفێمی خستنەپاڵی (- ی).

ت- مۆرفۆسینتاکسەکانی فرێزی ئاوەڵناوی بریتییە لە پاشگری ڕێزمانی (- تر ، - ترین).

پ- مۆرفۆسینتاکسەکانی فرێزی پێشناوی بریتین لە پێشناوەکانی (لە - ، وە - ، ئەرا - ، بی - ، تا - ، ە - ، جویر-) لەگەڵ پاشناوەکانی (- ا ، - ەو)و ئەلۆمۆرفەکانیاندا.

ج- مۆرفۆسینتاکسەکانی فرێزی کرداری بریتین لە: مۆرفێمەکانی کات، مۆرفێمەکانی ئەسپێکتو ڕێژە، مۆرفێمەکانی کەسو ژمارە، مۆرفێمی تێپەڕاندن، مۆرفێمی نادیاری.

١٢- هەندێ دروستەی ڕستە لە ئەنجامی بەکارهێنانی یاساکانی گوێزانەوەو بەکلیتیککردنی هەندێ کەرەستەی ناو ڕستەکە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکسی، دروستەی هاوشێوە دروستدەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی لێڵی، چونکە لە دروستەی قووڵدا دوو یان زیاتر دروستەی جیاواز دەنوێنن.

١٣- دروستەی ڕستەی سینتاکسی بەرهەمی دروستەی قووڵەو هەموو جێکەوتەکانی بە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان پڕدەکرێنەوەو ڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێن، بەڵام دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیو ڕستەی باسمەند بەرهەمی دروستەی ڕووکەشن، چونکە هەردووکیان لە دروستەی قووڵی ڕستەیەکی سینتاکسییەوە بەبەرهەمدێن، بەوەی ڕستەکە لە دروستەی قووڵەوە دەگوێزرێتەوە بۆ دروستەی ڕووکەشو بەکارهێنانی یاساکانی گوێزانەوەو جێبەجێکردنی پرۆسەی بەکلیتیککردن، بەمەش ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی، یان جێبەجێکردنی پرۆسەی بەلووتکەکردنو بەکلیتیککردن، دروستەی ڕستەی باسمەند بەبەرهەمدێن.

# پاشــکۆ

ئـەم توێژینـەوەیـە توێژینـەوەیـەکی کارەکییـە، بۆیـە لەگـەڵ کۆمـەڵێك قسـەپێکەری شـێوەزارەکە چاوپێکەوتنم ئەنجامداوە، پاش ڕێزو سوپاسی تایبەتیم بۆ ئـەو بەرێزانـەی، کـە لـە بەدەستخستنی کەرەستەکانی ئەم شـێوەزارەو تاقیکردنـەوەی نموونەکانـدا یارمەتییانـداوم، لێـرەدا ئامـاژە بـە نـاوی سیانیو ساڵی لەدایکبوونو شوێنی نیشتەجێبوونو پیشەو ڕێکەوتی چاوپێکەوتنیان دەکەین:

| ژ | ناوی سیانی | ساڵی لەدایکبوون | شوێنی نیشتەجێبوون | پیشە | ڕێکەوتی چاوپێکەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مستەفا محەمەد شامحەمەد | ١٩٤١ | خانەقی/ دارەکونارە | مامۆستای خانەنشین | ٢٠٠٩/٣/٢٦ |
| ٢ | لەتیف عەزیز عەلی بەگ | ١٩٤٥ | خانەقی/ کرێکاران | فەرمانبەر | ٢٠١٠/٤/٧ |
| ٣ | خانم مەحمود ئەحمەد | ١٩٥٠ | خانەقی/ بانمیل | ژنی ماڵەوە | ٢٠١٠/٣/٥ |
| ٤ | ئەکرەم یاوەر حەسەن | ١٩٥٠ | خانەقی/ ئەرکەوازی | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ٢٠٠٩/١٢/١١ |
| ٥ | حەسەن هەیاس محەمەد | ١٩٦٥ | خانەقی/ ئاوبارە | ڕۆژنامەنووس و گۆرانی بێژ | ٢٠١٠/٤/٧ |
| ٦ | شەهاب ئەحمەد شمس الله | ١٩٧٢ | خانەقی/ ئەرکەوازی | مامۆستای ئامادەیی | ٢٠٠٩/١١/١٨ ٢٠١٠/٤/٥ |

# سەرچاوەکان

## ١- بە زمانی کوردی:

### ا- کتێب:


١- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧)، وشەرۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢- ............ (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی یەکەم - ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٣- ............ (١٩٨٧)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم - جێناو، دار الحرية للطباعة، بەغدا.

٤- ............ (١٩٩٨)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم - ژمارەو ئاوەڵکردار، بەغدا.

٥- ............ (٢٠٠٠)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم - کردار، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٦- ............ (٢٠٠٢)، بەرهەمە زمانەوانییەکانم، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٧- ڕەفیق محەمەد محێدین (٢٠٠٣)، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٨- ............ (٢٠٠٨)، زمانی کوردیو شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، چاپخانەی خانی، هەولێر.

٩- سەلام ناوخۆش بەکر (٢٠٠٤)، زمانناسیو هەندێ بابەتی زمانناسیی کوردی، چاپخانەی ژین، هەولێر.

١٠- ............ (٢٠٠٥)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

١١- سەلام ناوخۆشو نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٢- عەبدولقادر جەلیلو ئەحمەد شەفیق (٢٠٠٨)، قوتابخانە زمانەوانییەکان، وەرگێڕانی/ نەریمان خۆشناوو کامەران محەمەد، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٣- مەسعود محەمەد (١٩٧٦)، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٤- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠)، زمانەوانی، دار الحكمة للطباعة والنشر، هەولێر.

١٥- محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

١٦- محەمەدی مەحویی (٢٠٠١)، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.
١٧- محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی، چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی ژێر، سلێمانی.
١٨- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

## ب- نامەی زانکۆیی:

١٩- ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١)، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.
٢٠- ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان (٢٠٠٣)، پێشبەندو پاشبەند لە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی خواروو و ژووروی زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد ـ زانکۆی بەغدا.
٢١- ئاواز حمەصدیق بەگیخانی (١٩٩٦)، ڕیزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.
٢٢- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.
٢٣- ئەحمەد حەسەن فەتحوڵلا (١٩٩٠)، بکەر وەك بەشێکی سەرەکیی ڕستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.
٢٤- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٠٦)، ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە ـ زانکۆی کۆیە.
٢٥- بابا ڕەسول نوری ڕەسول (٢٠٠٩)، پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سەلاحەدین.
٢٦- بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجیو سینتاکس، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سەلاحەدین.
٢٧- تارا عەبدوڵلا سەعید (١٩٩٨)، هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.
٢٨- تارا موحسن قادر (٢٠٠٤)، جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.
٢٩- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجیی ژووروودا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٣٠- ................ (٢٠٠٦)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سەلاحەدین.

٣١- خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (٢٠٠٧)، بەرکار لە زمانی کوردیدا بە پێی ڕێبازی فۆڕمی (شەکلی)، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سەلاحەدین.

٣٢- دیار عەلی کەمال کریم (٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی: ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە ـ زانکۆی سەلاحەدین.

٣٣- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (١٩٩٤)، ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.

٣٤- سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٣٥- ................ (٢٠٠٧)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلاتو بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٣٦- شێرکۆ حمەئەمین قادر (٢٠٠٢)، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٣٧- چیا عەلی مستەفا (٢٠٠٨)، ڕادەو ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی کۆیە.

٣٨- تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.

٣٩- ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی (٢٠٠١)، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.

٤٠- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٤١- ................ (٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٤٢- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول (١٩٩٥)، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد ـ زانکۆی بەغدا.

٤٣- عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان (٢٠٠٩)، فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سەلاحەدین.

٤٤- عومەر مەحمود کەریم (٢٠٠٤)، کاری تێپەڕو تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد ـ زانکۆی بەغدا.

٤٥- قەیس کاکل تۆفیق (٢٠٠٢)، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.

٤٦- کاروان عومەر قادر (٢٠٠٦)، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٤٧- کەوسەر عەزیز ئەحمەد (١٩٩٠)، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.

٤٨- مەحمود فەتحوڵڵا ئەحمەد (١٩٨٨)، کار تەواوکردن لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.

٤٩- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی داڕشتن و ئەرکەوە لە کرمانجیی خوارووەدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٥٠- ......................... (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٥١- نەزیرە سابیر مستەفا (٢٠٠٨)، ڕێزمانی هەیی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی کۆیە.

٥٢- هۆگر مەحمود فەرەج (١٩٨٩)، بوارە واتاییەکان، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.

٥٣- هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران (١٩٩٣)، پێشپرتک و پاشپرتک لە زمانی کوریدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.

٥٤- یارا قادر حمد (٢٠٠٨)، مۆرفۆسینتاکس لە زاری کۆیە، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی کۆیە.

## پ- گۆڤار:

٥٥- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی و شلێر ڕەسوڵ محەمەد (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی بانگکردن لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ (١٢)، هەولێر.

٥٦- عەبدولموحسن بەنی وەیس (١٩٨٥)، بەراووردکردنێکی سەرپێی نێوان زاری کرمانجیی خواروو و زاری خانەقی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٠٥)، بەغدا.

٥٧- غازی فاتح وەیس (١٩٨٢)، دەنگەکانی (ڵ)، (ل) و (ڕ)، (ر) لەژێر تیشکی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیدا، گۆڤاری زانکۆ، بەرگی هەشتەم، ژ (٢)، هەولێر.

٥٨- قەیس کاکڵ تۆفیق (٢٠٠٣)، ڕادە لە گرێی ناویدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ـ زانستە مرۆڤاتییەکان، ژمارە (١١).

٥٩- محەمەد فاروق عومەر صديق (١٩٩٠)، دەستووری پێوەلکاندنی مرۆڤناو بەناوی باوکو باپیرو لەقەبەوە لە زمانی کوردیو چەند زمانێکی تردا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ (١٢٦)، بەغدا.
٦٠- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠)، خۆیەتی لە زاری سلێمانیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی حەوتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
٦١- .................... (١٩٨٩)، کار پۆلینکردن بە پێی ڕۆنان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٢١)، بەغدا.
٦٢- .................... (١٩٩٠)، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٢٥)، بەغدا.
٦٣- .................... (١٩٩٢)، باس لە جۆرێك لە ڕستەی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٢٨)، بەغدا.
٦٤- وریا عومەر ئەمین (١٩٨١)، زانستی زمان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (٨٨)، بەغدا.
٦٥- .................... (١٩٨٣)، لایەنێکی جیاوازی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی دەیەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
٦٦- .................... (١٩٨٤)، ئامرازەکانی بەستن، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژ (٦٧)، بەغدا.
٦٧- .................... (١٩٨٥)، تێنەپەڕ فرمانێکی بکەرنادیارە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٠٧)، بەغدا.
٦٨- .................... (١٩٨٦)، بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١١)، بەغدا.
٦٩- .................... (١٩٨٧)، بیرکاری لە زمانا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١٣)، بەغدا.
٧٠- .................... (١٩٨٨)، لێکدانی وشەکان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١٨)، بەغدا.
٧١- .................... (١٩٩٥)، لێڵی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٣٦)، بەغدا.
٧٢- .................... (٢٠٠٧)، بواری زمانەوانیو ئاستەکانی شیکردنەوە، ئەکادیمی کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان، ژ (٥)، هەولێر.
٧٣- .................... (٢٠٠٧)، تایپۆلۆجیای زمانی کوردی، ئەکادیمی کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان، ژ (٦)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٧٤- یوسف شەریف (١٩٩٩)، ڕادەو هەندێ تێبینی دەربارەی ڕادە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین ـ زانستە مرۆڤاتییەکان، ژ (٤).

### ت- چاوپێکەوتن:


٧٥- محەمەد مەعروف فەتاح، زانكۆى سلێمانى ـ كۆلێجى زمان، (٢٠٠٩/٧/٢٩).

٧٦- بەكر عومەر عەلى، زانكۆى سلێمانى ـ كۆلێجى زمان،(٢٠٠٩/١٠/٨)، (٢٠٠٩/١٢/١٤).

٧٧- فاروق عومەر صديق، زانكۆى سلێمانى ـ كۆلێجى زمان، (٢٠٠٩/١٢/١٤).

٧٨- محەمەدى مەحويى، زانكۆى سلێمانى ـ كۆلێجى زمان، (٢٠٠٩/١/٩).


## ٢- بە زمانى عەرەبى:


٧٩- جون لـوينز (٢٠٠٩)، اللغـةو اللغويـات، ت: أ.د. محمـد اسـحق العنـاني، الطبعـة الأولى، عمـان ـ الأردن.

٨٠- حليمى خليل (١٩٨٩)، مقدمة لدراسة اللغة، الطبعة الأولى، دبي ـ الامارات.

٨١- ديتر بونتج (٢٠٠٣)، المدخل الى علم اللغة، ت: سعيد حسن بحيري، القاهرة.

٨٢- روبير مارتان (٢٠٠٧)، مدخل لفهم اللسانيات، ت: د.عبدالقادر المهيري، الطبعة الاولى، بيروت.

٨٣- عبدالقادر الفاسي الفهري (١٩٨٢)، اللسانيات واللغة العربية (نماذج تركيبية ودلالية)، مطبعة دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

٨٤- علي عبدالواحد وافي (١٩٧١)، علم اللغة، القاهرة.

٨٥- محمد حسن عبدالعزيز (١٩٨٣)، مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة، القاهرة.

٨٦- محمد علي الخولي (١٩٨٢)، معجم علم اللغة النظري، أنكليزي ـ عربي، مكتبة لبنان، بيروت ـ لبنان.

٨٧- ميشال زكريا (١٩٨٠)، الألسنية (علم اللغة الحديث): المبادى والأعلام، الطبعـة الأولى، المؤسسـة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت ـ لبنان.

٨٨- نايف خرما (١٩٧٩)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، الطبعـة الثانيـة، عـالم المعرفـة، سلسلة (٩)، مطابع دار القبس، الكويت.

٨٩- يحيى عبابنـة وأمنـة الـزغبي (٢٠٠٥)، علـم اللغـة المعاصـر (مقـدمات وتطبيقـات)، دار الكتـاب الثقافي، أربد ـ الاردن.


## ٣- بە زمانى ئینگلیزى:


90- Aarts, B. (2001), English syntax and Argumentation, second edition, University College London.

91- Amin, w.o. (1979), Aspects of the verbal construction in Kurdish, Unpublished ph.D disseration, University of London.

92- Bloomfield, D. (1933), Language, Henry Holt, Newyork.

93- Bussman, H. (1996), Routledge Dictionary of Language and linguistics, London and Newyork.

94- Crystal, D. (1991), A dictionary of Linguistics and phonetics, 3rd edition, Black Well: Oxford.
95- ………….. (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Black Well: Oxford.
96- Fattah, M.M. (1997), A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished doctoral disseration, university of Amsterdam.
97- ………………. (1999), Cliticization Vs Inflection:A Re-analysis of some Linguistic forms in kurdish, Zanko, The scientific journal of salahaddin university - Arbil, No (7).
98- Finich, G. (2000), Linguistic terms and concepts, Macmillan press: London.
99- Fromkin, V., Rodman, R. and Hymas, N. (2003), An Introduction to Languages, Thomson, Heinle. U.S.A.
100- Honorary, p. (2007), Morphosyntax and Its generation in functional discourse grammar: what can be learned from role and reference grammar? http//www.alfa.ibilce.unesp.br/download/v51-2/12-Butler.pdf.
101- Huddleston, R. (1984), Introduction to the grammar of English, Cambridge university press.
102- Katamba, F. (1993), Morphology, Macmillian: London.
103- Leech, G and Svartvik, J. (1994), A Communicative Grammar of English, Longman: London and NewYork.
104- Leech, G. (2006), A Glossary of English Grammar, Edinburgh University press.
105- Lyons, J. (1968), Introduction to Theoretical Linguistics, Cambridge University press.
106- Quirk, R. and Greenbaum, S. (1973), A university grammar of English, Hong Kong.
107- Quirk, R., Greenbaum, S., Leech, G. and Svartvik, J. (1973), A university English grammar, university of Wisconsin, London.
108- Radford, A. (1997), Syntax: A minimalist introduction, Cambridge university press.
109- ………….. (2004), English Syntax, Cambridge university press.
110- ………….. (2004), Minimalist Syntax, Cambridge university press.
111- Richards, Jack C. John Platt - Heidi Platt. (1992), Longman dictionary of Language teaching and applied linguistic, 2rd edition, UK.

112- Salim, N.H. (2006), An Introduction to English grammar syntax, Amman: Dar Al-Mutaz.
113- Scalise, s. (1986), Generative Morphology, Foris publication, Dordrecht: Holand.
114- Tallerman, M. (1998), understanding syntax, London.
115- Trask, R.L. (1993), A Dictionary of grammatical terms in linguistics, Routledge: London.
116- Van valin, JR. Robert, D. (2001), An Introduction to syntax, Cambridge University presses.

# الخلاصة

الغرض الرئيس من هذه الدراسة ( مورفوسينتاكس ومكوناتها في لهجة خانقين )، هو تحديد الأصناف السينتاكسية والمورفوسينتاكسية في تكوين الجملة والعبارة في لهجة خانقين وتحليلها وتفسيرها. وقد بُنيَتِ الرسالة على مقدمة وثلاثة فصول وخاتمة.

**الفصل الأول:**

في المحور الأول تمَّ تصنيف اللغات العالمية بحسب الأسس الصَّرفية ( المورفولوجية ) ، مع ذكر خصائص كلِّ لغة، فضلاً عن ذلك تمَّ عرض أقوال اللغويين الأجانب والكرد عن وجود خصائص هذه اللغات على نحو عام وخصائص اللغة الكردية على نحو خاص مع عرض الأمثلة.

وفي المحور الثاني دار الحديث عن المستويات اللغوية والمستوى المورفوسينتاكسي، إذ تمَّ في هذا المحور الحديث على نحو مختصر عن اللغة ومستوياتها ووحداتها بحسب المدارس اللغوية، ودار الحديث أيضاً عن درجة مستويات اللغة والعلاقة بين مستويات اللغة والمستوى المورفوسينتاكسي واندماجهما.

**الفصل الثاني:**

في المحور الأول تطرق البحث عن تكوين العبارة، إذ عرض مخططاً على شكل شجرة لبيان مكونات العبارة وقوانين تكوينها، على هذا الأساس تمَّ تحديد سبعة أصناف نحوية ( سينتاكسية ) لتكوين العبارة، وكيفية تسلسلها وترتيبها وتوسيعها.

وفي المحور الثاني تناول الباحث عن تكوين الجملة، بوصفه أبسط صورة لتكوينها يُقسَّم على صنفين وظيفيين اثنين أو أكثر، بحيث يتمُّ ملء المواقع في الجملة بنوع أو أكثر من الأصناف النحوية ( السينتاكسية )، ومِنْ ثمَّ كانت العلاقات النحوية بين الأدوات وترتيبها وتسلسلها، والقوالب الأساسية لتسلسل الأدوات، ونوعية تسلسل الأدوات في تكوين الجملة النحوية من مباحث هذا المحور.

**الفصل الثالث:**

خُصِّص المحور الأول للأصناف المورفوسينتاكسية لتكوين العبارة، باعتبار أنَّ المورفيمات النحوية التي لها أشكال مورفولوجية ( صرفية ) تمثل العلاقة بين أدوات الجملة، وتشارك في تكوين المورفوسينتاكس. وقد تمَّت الإشارة أيضاً إلى كيفية تسلسل المورفوسينتاكس وتقسيمها.

والمحور الثاني خُصِّص لبيان تكوين الجملة المورفوسينتاكسية، إذ عرض فيه الضمير المنفصل الدَّال على الفاعل والمفعول به والتملك والواقع بعد حروف الجر، وتسلسل الضمائر المنفصلة وتقسيمها، والغموض المورفوسينتاكسي، والعلاقة بين الجملة السينتاكسية والجملة المورفوسينتاكسية والجملة التوكيدية.

وفي الخاتمة عرضنا أهم النتائج التي توصلنا إليها، لتأتي بعدها قائمة المصادر والمراجع.

# Abstract

This dissertation which entitled "***Morphosyntax and Its Structures in Khanaqi Subdialect***" mainly aims at distinguishing, analyzing and identifying the syntactic and morphosyntactic categories of both sentence and phrase Structures in Khanaqi subdialect.This dissertation consists of an introduction, three chapters (each one contains two sections) and conclusions.

**Chapter one:** contains two sections. The first section tackles the typology of languages according to their morphological structures with illustrating the characteristics of each type. Then this section tackles some views of foreign and Kurdish linguists concerning the characteristics of each type of language especially Kurdish supplied with various examples. The second section deals with the language levels and units according to the schools of linguistics. It also tackles the relationship and interference between the morphosyntax level and the other language levels.

**Chapter two:** contains two sections. Section one deals with phrase structure rules which are shown in form of tree-diagrams. In this section, seven syntactic categories of phrase structure have been identified. Section two deals with sentence structure rules in which its simplest one consists of two or more functional categories. Each one of these arguments can be fulfilled with one or more syntactic category. Then this section deals with the relationship between syntax and word classes with their arrangements in the structure of sentences.

**Chapter three**: contains two sections. The first section is devoted to those morhposyntactic categories existing phrase structure rules. According to this, functional morphemes which have phonological forms show relationship with word classes within sentences and they participate in the morphosyntactic structures of those sentences. This section also tackles the arrangement and classification of those functional morphemes. The second section is devoted to morphsyntactic sentence structure. This section identifies subject clitic, object clitic, possessive clitic and prepositional clitic. It tackles the arrangement, classification, morphosyntactic ambiguity and the relation among syntactic, morphosyntactic and topicalized sentences.

**Finally**: conclusions and bibliographies have been listed.